# ٢٨ ڕۆژ
# تا ئاراس

ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی

دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان

٢٠٢٦

# ٢٨ ڕۆژ تا ئاراس

**نووسینی**
ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی

**ساڵی چاپ و شوێن**
٢٠٢٦ - هەولێر

**چاپخانە**

**تیراژ**
١٠٠٠

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان**
**ژمارەی سپاردنی (١٠٠٠) ساڵی ٢٠٢٥ پێدراوە.**

بۆ

گیانی دایکم

کە تاکە پاوانی ئازادم بوو ...

کە بەدیار دوا ساتەکانی تەمەنیەوە ئەمەم

نووسی ...

بۆ

تێکۆشەرانی ڕێگای ئازادی ...

ئەم نووسینەی بەردەستتان، چیرۆك و بەسەرهاتی ڕاستەقینەی پێنجسەد جەنگاوەری قارەمانە کە بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، حەفتا و نۆ ساڵ لەمەوبەر، ڕێگای سەخت و ئەفسووناوی سنووری سێ وڵاتیان گرتەبەر. بە پیادە و بەنێو هێرشی سوپای، تورك، عەرەب و عەجەم دا تێپەڕین و دەنگی گەلە بەشمەینەتە زوڵم لێکراوەکەی خۆیان گەیاندە یەکێتی سۆڤیەت و جیهانی دەرەوە.

زانیاریی ڕووداوەکانی نێو ئەم گێڕانەوەیە، تەواو ڕاستەقینەن و لە زار، یاخود بیرەوەری ئەو هەڤاڵانە وەرگیراون کە بەشدارییان لە ڕێڕۆیشتنەکەدا کردووە. بەشی هەرەزۆری زانیارییەکان لە بەڵگەنامە جەنگییەکانی سوپای ئێران و لەو یاوەرانە وەرگیراوە کە بیرەوەرییەکانیان لەچاپدراون، یاخود لەشێوەی تۆماری دەنگی ئەرشیف کراون.

# پێشەکی

خوێنـدنەوەی ئەم دەقە کە تـایبەتە بە ڕووداوێکـی مێژوویـی گرنگـی نەتەوەکەمـان و لە ئەدەبیـاتی سیاسـی کـورددا بە (ڕێڕۆیشـتنی لەشـکری بـارزان بە فەرمانـدەیی جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت) بەناوبـانگە، بـۆ تێگەیشـتن لە ئیـرادە و خـۆڕاگری بەرانـبەر زەبروزەنگـی داگیرکارانی کوردستان، پێویستییە.

خوێندنەوەی ئەم پەرتوکە وێڕای ئەوەی چێژێکی زۆرت پێ دەبەخشێ، هاوکات بێجگە لە ڕووداوەکـانی سـات بە سـات و ڕۆژ بە ڕۆژی ڕووداوەکە، زانیارییەکی باشمان لەسەر بەشێکی زۆری هۆزە کوردییەکـانی سـەر ڕێگـا و ئەتلەســێکی گـــرد بە گـــرد و دۆڵ بە دۆڵ و ترۆپـــک بە ترۆپکـــی ئەو ناوچەیەشمان پێدەدات کە لەشکری بـارزان پێیـدا ڕۆیشـتوونە و بەتەواوی بە مرۆڤدۆسـتی، یەکسـانی، دادپەروەری، پەیوەنـدیی هاوخەبـاتی نێـوان فەرمانـدە و جەنگـاوەر، پاراسـتی ژیـنگە و گیـانی ئـاژەڵ پـارێزی بـارزانی و یاوەرانی ئاشنامان دەکات.

ئەگەرچی لەم دەقەدا نووسەر، پێڕەوی لە بنەماکانی ڕۆمـان نەکـردووە، بەڵام تـــامی ڕۆمـــانێکی مێژوویـــی قۆناغێـــک لە قۆناغەکـــانی خەبـــاتی ڕزگاریخوازی گەلێکمان دەداتێ کە لەوەتەی دابەشـکراوە، بـێ پسـانەوە لە پێنـاو بەدەسـتهێنانی مافەکـانی لە خەبـات بەردەوامە و لەم ڕێـیەدا بە هەزاران ڕۆڵەی خێر لەخۆنەدیوی پێشکەشی (داری ئازادی) کـردووە و لەم دەقەدا بە هەندێکیان ئاشنا دەبین.

وەک گـوتم، لەبەرئەوەی بنەوانـی ئەم دەقە لە ڕووداوێکـی ڕاسـتەقینە

سەرچاوەی گرتووە و زانیارییەکانی ڕاستەوخۆ لە شایەتحاڵەکان چ دۆست چ دوژمــن و بەشــدارانی ڕێڕۆیشــتنەکە وەرگیــراوە، لە هەنــدێ بڕگەیــدا گێڕانەوەکە زیاتر لە ئەفسانە دەچێت، تا ڕاستی، بەتایبەتی کاتێک لەبارەی ئایندەی ئەو ژمارە جەنگاوەرە لە خۆبردووە، قسەی پیرەپیاوێکی نابینای دنیادیتەمان گوێ لێدەبێت.

ئەمە چیرۆکی ژمارەیەک نوێنەری گەلی کوردن کە وێڕای سەختی و دژواری سروشــتی نــاوچەی ڕێڕۆیشــتنەکە و هەوڵ و تەقەڵا لە بــن نەهاتووەکانی هەرسێ سوپای عێراق، ئێران و تورکیا، داواکاریی گەلێک، بە پایتەختی یەکێک لە زلهێزە گەورەکانی ئەو سەردەمە دەگەیەنن و دواتر لە قۆنــاغێکی دیــکەدا ســەربەرزانە دەگەڕێــنەوە و لەلایەن گشــت چینوتوێژەکانی عێراقی ئەو سەردەم، وەک پاڵەوانی نیشتمان لە باوەش دەگیرێن.

ئەگەر متمانە و باوەڕبوونی ئەو ژمارە جەنگاوەرە بە ڕێباز و هێزی جەنەڕاڵ مســتەفا بــارزانی نەبــا، هەرگیــز مــن و تــۆ ئەم چیرۆکەمــان نەدەبیســــتەوە، چــــونکە لەم ڕووداوەدا، لەڕووی پێداویســــتییە ســەربازییەکانەوە بەراوردی نێــوان هێــزی لەشــکری بــارزان و وڵاتــانی داگیرکــاری کوردســتان هەر گونجــاو و جێــی بــاس نیــیە. بێجگە لەوە، لە بندێڕەکانی ئەم دەقە، ئاشنای ئەو پلانە سەربازیانە دەبین کە بۆ گەیشتن بە ئامانج لەلایەن جەنەڕاڵ مستەفا بارزانییەوە دژ بە سوپای ڕێگر و بۆ پاراستنی جەنگاوەرانی داڕێژراون. ئاخر کام پلانی سەربازی دەتوانێ ٥٢٠ جەنگاوەر بە سنووری سێ سوپای پڕ چەکی تینوو بە خوێنی گەلی کورد بە قوربانییەکی کەم بگەیەنێتە خاڵی بڕیار لێدراو.

بـا دیـقەت لە ڕووداوەکـان بـدەین و بـاش بیـانخوێنینەوە، ئەوکـاتە تێـدەگەین؛ شـارەزایی، هەڵخەڵەتـان و دەسـتخەڕۆکردنی دوژمـن، پـلانی سەربازیی و گیانی قوربانیـدان، لەلای جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی لە چەکـی سوپا داگیرکەرەکانی کوردستان چەند بەهێزتـر و چـالاکتر بـووە. دەنـا چۆن دەکرێ، هێزێکی بچوک بتوانێ بەسەلامەتی بە دەشـتێکدا تێبپەڕێـت کە لە زەوی و ئاسـمانەوە بە فـڕۆکە، تۆپخـانە، زرێپـۆش و هەزاران سـەرباز تەنرابێت و ڕێگەی لێگیـرا بێـت و گشـت ئەرکـانی سـوپای شاهەنشـای بە شای ئێرانیشەوە بۆ لەناوبردنیان لە ژووری ئۆپەراسیۆن بن، ئەوە بێجگە لە نـۆکەر و سـیخوڕەکان. ئەگەر ئیـرادە نەبێـت و بـڕوا و مـتمانە لەوپەڕیـدا نەبێت.

ئەگەر کـاریگەریی ئەو پێکەوەژیـانە ڕەگـداکوتاوەی دەڤەری بـارزان نەبایێ، چۆن جووێک ئامادە بوو لەپێناو پێـدانی ژەمێـک بە جەنگـاوەرانی لەشـکری بـارزان نـان لە زاری منـداڵەکانی بگـرێتەوە و بـاکی بە تۆڵەسەندنەوەکانی دوژمن نەبێت، یـان پیرەژنێکـی بێکەسـی دامـاو، چـۆن ئەم جەنگـاوەرانە دەبـاتەوە مـاڵەکەی و نانیـان دەداتـێ و بەو تەمەنە هەڵکشـاوەی هەمـوو هەوڵێکـیش دەدات وەک ڕۆڵەی خـۆی لەباوەشـیان بگرێت و جلوبەرگە دڕوونەکانیان بۆ بشوات.

ئەو نیشـــتمان جێهێشـــتنە، نە یەکەم دەربەدرکـــردن و نە دوا دەربەدەربـوونی بارزانیـان بـوو، بەڵام لە دوای هەر دەربەدەرکردنێـک لە جاران بە گـوڕتر گەڕاونەتەوە کـۆڕی خەبـات. لە شۆڕشـی یەکەمـی بـارزان دوای ئەوەی بە پشـتیوانی هێـزی زەمینـی و ئاسـمانی بەریتانیـا، شـۆڕش دامرکێندرایەوە، ئەو جەنگاوەرە ورە پۆڵایینانە ئاوارەی تورکیا بـوون، دواتـر بە پیلان ڕادەستی عێراق کرانەوە و ناوچە و شار لە عێراق نەما بۆی نەفـی

نەکرێن، وێڕای ئەوەی جیاوازی ئاووهەوای ئەو ناوچانە لەچاو ئاووهەوای کوردستان ئاسمان ڕێسمان بوو، بەڵام بەرگەیان گرت و ساڵی ١٩٤٣ و جارێکی دیکە لەپێناو ئازادی کوردستان شۆڕشیان دەست پێکردەوە. ئەمجارەش وەک جاری پێشوو بە هاوکاری ئینگلیز و جاش و ئەڵقە لەگوێکانی داگیرکاران، شۆڕشگێران بەناچاری ڕوویان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کرد و لەوێ بوونە هێزی سەرەکی پاراستن و بەرگری کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مەهاباد، دوای جوانەمەرگکردنی کۆمار و گۆڕینەوەی بە نەوت، جارێکی دیکە بڕیار و دروشمی خۆ بەدەستەوە نەدانیان بەرزکردەوە و بەناچاری ڕوویان لە یەکێتی سۆڤیەت کرد و ئەم شاکارە سەربازی و ئەفسانەیان خوڵقاند کە تا کورد مابێت شانازی پێوەدەکات، بەڵام ئەمجارەش دوای ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی لە جارێ پێشوو بە گورتر گەڕانەوە کۆڕی خەبات. هەر بەرەنجامی ئەم خەباتە نەپساوەیە و کۆڵنەدانە، کوردی لە باشووری کوردستان گەیاند بەو ژیانە ئاسوودەیەی ئەمڕۆ و لە ئامانجی کۆتایی نزیکی کردووەتەوە. واتە ئەم هێزە تا بە ئامانجە گەورەکە نەگات هەرگیز کۆڵ نادات...

**کەریم قادر**

**١٧ی ئایاری ٢٠٢٥**

# ٦ی ئایاری ١٩٤٧

گەلان بۆ گەیشتن بە ئازادی، چ قوربانییەک کە نەیان دابێ، کامە ڕێگای سـەختە نەیـان بڕیبێـت و چ خوێنێـک کە نەیـان ڕشـتبێ! لەوانەیە زیـاتر لەمەش بهێنێ، بۆیە وەک مـرۆڤ، وەک نەتەوە، زۆرمـان قوربـانی لەپێنـاوی دا، ڕێگای سەختمان زۆر بڕی و خوێنی زۆرمـان بـۆی ڕشـت، بەڵام هەرگیـز پێی نەگەیشتین و هەسـتی ئـازادیمان هەر نەچێشـت، لەوانەیە شایسـتەی نەبووبین! لەوانەیە نەزانین لەگەڵیدا بژین! یانیش هەر بە ڕاستی، لەوانەیە بۆ ئێمە، ئەمـانە ڕێگـای ئـازادبوون نەبـن!. لەگەڵ ئەوەشـدا ئـاواتێکە و لە سنگماندا پەنـگ دەخـواتەوە و دڵنیـاین بـۆ ئـێمەش ڕێگـایەک هەردەبـێ، ئەویش تاقی دەکەینەوە...

هەڵهاتنی خۆری بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی کـانوونی یەکەمـی سـاڵی ١٩٤٦، ئاوابوونی خۆری بەختی نیشتیمانپەروەرانی کوردی تینووی ئـازادی بـوو، لەم ڕۆژەدا و دوای پشـتتێکردنی پشـتیوانە نێوخـۆیی و دەرەکییەکـان، کۆمـاری دیموکراتی کوردسـتان لە مهابـاد ڕووخـا. لەشـکری شاهەنشـایی گەڕایەوە و دەسـتی بەسـەر تەواوی خـاکی کۆمـاردا گـرت، ئاغـا و سـەرۆک هـۆزە کوردەکان، ئەوانەی بەڵێنی دڵسۆزیان بە کۆمار دابوو، لە ترسی توڕەیی شـا، پشتیان لە کۆمار کرد و چەکی خیانەتیان کردەوە شان. سەرکردەکانی کۆمـار

بە پێشەوا قازی محەمەدەوە، لەپێناو پاراستنی خەڵکی مهاباد، خۆیان بەدەست حکومەتەوەدا و بە بڕیاری شا، نامەردانە لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارەدران.

بارزانییەکان مابوونەوە و ئاواتی بەدی نەهاتووی نەتەوەیەک. خەڵکانێکی ئاوارەی دوور لە زێد، ماندوو و شەکەتی سنوور بەڕوودا داخراو. لەبەرامبەر لەشکری شاهەنشا و یاخی بوونی سەرۆک هۆزەکان، دەبوایە دوا بڕیاری خۆیان بدەن.

سوپای شاهەنشای ئێران لە تەواوی ڕۆژئاوای ئێران، بە کوردستان و ئازربایجانەوە، تەنیا بارزانییەکانی لەبەردەم خۆیدا دەبینییەوە. دەبێت ئەم لەمپەرەش هەڵبگرێت و ئەم کێشەیەش لەکۆڵە خۆی بکاتەوە.

هێشتنەوەی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی لە تاران، هیچی لە هەڵوێستی شێخ ئەحمەدی بارزان نەگۆڕی، هەڵوێستێک کە خۆبەدەستەوەدانی تێدا نەبوو.

دوای بێ هیوابوونی حکومەت لە هەڵوێستی شێخ ئەحمەد، ڕێگە بە گەڕانەوەی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی درا، لەنێوان دوو بژاردەی خۆبەدەستەوەدان و شەڕکردن، بارزانییەکان بژاردەی شەڕیان هەڵبژارد، بژاردەیەک کە بەلای شاوە کەس بوێری ئەنجامدانی نەبوو.

بارزانییەکان وەک ئەوەی دوا دەرفەتی مانەوەیان بێت، بە زیاتر لە پێنجسەد جەنگاوەرەوە، بەرامبەر سوپای وڵاتێک و ئاغا خۆفرۆشەکان جەنگان و مەیدان بە مەیدان بەسەر کەلاخی کوژراوانی سوپا و تانکە تێکشکاوەکانیان بەرەو سنووری عێراق قارەمانانە هەڵکشان.

شا و سوپاسالاری ئێران ئەم شکستەیان بە شەرمەزاری و پەڵەیەکی

ڕەش بەڕووی مێـژووی خۆیـان و وڵاتەکەیـانەوە بینـی، بـۆیە لە چـاوەڕوانی دەرفەتێک بۆ تۆڵەسەندنەوە مانەوە.



ڕۆژی ١٥ی نیسـانی ١٩٤٧، بەفـر و کڕێـوە گـادەری سـپی داپۆشـیبوو و ڕووبار بواری پەڕینەوەی نەدەدا، بە دەستی بەتاڵ و هیلاکییەکی زۆر، شڕە پردێک لەسەر ڕووبـار دروسـتکرا، تەواوی خێـزانە بارزانییەکـان بە یـاوەری شێخ ئەحمەد بارزانی، بەسەریدا پەڕیـنەوە، چـوونە نێـو سـنووری عێـراق و پۆلیسـی سنوور، هەموویانی بە سواری زیلی سەربازی ڕاپێچی سـیمی دیانـا کرد. چارەنووسی ئەو خێزانانە بۆخۆی تراژیدیا و چیرۆکێکی جیاوازە.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و لەشکرە پێنجسەد کەسییەکەی لەوبەری سنوور مانەوە و دوای وەرگرتنی شیرەت و ماڵئاوایی لە شێخ ئەحمەد بارزانی، بەرەو نازدارداغی سێکوچکەی سنوور کەوتنەڕێ:

- براکانم، ئەوەی ویستی خوای لەسەر بێ هەر ئەو دەبێ، ئەوە تەواوی خێزانەکان لە سنوور پەڕینەوە، منیش لەگەڵ شێخ ئەحمەد ڕێککەوتووم خۆمان نەدەین بەدەستەوە، هەر ئەوەندەیە ئاشکرابین و فڕۆکەکانی عێراق و ئێران بێنە سەرمان، دەبێت هەرچی زووە بکەوینەڕێ و خۆمان بگەیێنینەوە بارزان...

برایان، بزانن زەحمەتی زۆرمان دێتەڕێ، لەوانەیە لە برسان بمرین یان لە سەرمان ڕەق ببینەوە، یانیش هەرساتێکە و گوللەی دوژمن بمانپێکێ، جلوبەرگی بەرمان لەم سەرمایە نامانپارێزێ، چەک و تەقەمەنی کەممان لەبەردەستە و شوێنێک نابێ برینداره‌کانمانی لێ چارەسەر بکەین، بەڵام ئەو ڕێگایەی بۆی دەچین، حەقە و ڕێبازێکە بەری نادەین، بۆیە هەر لێرەوە هەرکەسێک لەخۆیڕا نابینێت درێژە بەم سەفەرە بدات، هێشتا لە سنوور دوور نەکەوتووینەتەوە، با بگەڕێتەوە و تا ماوم سوپاسی دەکەم. ئەوەی دەمێنێتەوە، دەبێ بزانێت چارەنووسی نادیارە و بەرگەی هەموو سەختییەکان بگرێت، لە دژوارترین بارودۆخدا یاساکانی لەشکر نەبەزێنێت و نەریتی بارزانییتی بپارێزێت، تەواو گوێڕایەڵی فەرماندەکەی بێت، بەدەم ڕێگاوە تەعەدا لەکەس نەکات و لە برسان بمرێت خواردن بە زۆر لەکەس وەرنەگرێت. گوندەکانی سەر ڕێگامان موڵکی ئێمە نین، ئەگەر ڕێگایان پێداین بۆیان دەچین، ئەگەر نە بەلایاندا تێدەپەڕین. هەمووتان دەزانن وەک برا خۆشم دەوێن، بەڵام ئەوەی لە ڕێنمایی و یاساکانی لەشکر لابدات، بەپێی تاوانەکەی سزا دەدرێت، جا هەرکەسێک بێت...

دوای ئەم قسـانەی بـارزانی، تەنـانەت یەک جەنگـاوەریش ڕیزەکـانی لەشکری جێ نەهێشت و هەموویان پێکەوە بڕیاری ڕۆیشتنیان دا.

عەلی حیجـازی بەڕێـوەبەری گشـتی پـۆلیس و پۆلیسـە عێراقییەکـان لە خۆبەدەسـتەوەدانی بـارزانی و جەنگاوەرەکـانی تەواو شاگەشـکە ببـوون، لە گادەری سەر سنوور ڕیزیان بەستبوو و چـاوەڕێی بینینـی دیمەنێـک بـوون پـێش ئەوان کەس نەیبینـی بـوو، "خۆبەدەسـتەوەدانی جەنگـاوەرە بارزانییەکان!". دواجار ئەمیش ئەو شەڕەفەی پـێ نەبـڕا، مسـتەفا بـارزانی و جەنگاوەرەکـانی بە نـاوچەی نازدارداغـدا سـووڕانەوە، بەنێـو سـەرمای کوێسـتانەکاندا بەرەو دۆڵـی خواکـوڕک دابەزیـن و دوور لەچـاوی سـوپا و پۆلیس، هاتنەوە نێو سنووری عێراق.

کامە سنوور!؟ ئەمە ئەو پارچە داگیرکـراوەی کوردسـتانە کە ئێسـتا پێـی دەگوترێت عێراق.

مانگی نیسانی سێکوچکەی سنوور، لە زستانەکەی ساردترە، کێو و شـاخە بەرزەکان بە بەفر داپۆشراون و دۆڵە قووڵەکان تێـپەڕگەی سـووە سـاردێکی جەستە بڕن. دوای تێپەڕاندنی ئەم دۆڵ و شاخانە، دەگەیت بە نـاوچەی پـڕ بەرز و نزمی خواکوڕک، لێرەش هێشتا بەهـار سـاوایە، ئەگەرچـی دارەکـان گەڵایان نەگرتووە، بەڵام گیـای بەهـارە وردە وردە لەژێـر کەڤـیە بەفرەکـان سەردەردێنن و ڕەنگی سپی و سەوز ئاوێتەی یەکتری دەبن. کوارک، کەنگر، ڕێـواس، کەلی، هنـدرش، بەلپێـنە، لـوش، چـۆرین و هتـد... بەدوای یەکـدا دەڕوێن و بۆ چەند مانگێک دەبـنە خـۆراک و سـەرچاوەی بژێـوی خەڵکـی ناوچەکە.



جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بە لەشکرە پێنجسەد کەسییەکەیەوە، لە گادەرەوە کەوتەڕێ. بریندارەکان بەسەر پشتی هاوڕێیەکانیانەوە دەگوازرانەوە و چەند ڕۆژێکە کەس خواردنێکی نەخواردووە، سوپای ئێران بەدوایانەوەیە و زۆر ناخایەنێت عێراقییەکانیش لێیان بەئاگا دێن، بە ڕۆژ دەرفەتێک نەبوو قۆناغێک یان پشوویەک وەرگرن، گوند و ئاواییەکیش نەدەکەوتە سەر ڕێگایان، چەند ڕەشماڵێکی هەرکییەکان نەبێت کە ئەوانیش لەترسی حکومەتی ئێران ڕایانکردبوو و حاڵیان لە بارزانییەکان باشتر نەبوو. شەوان لە ترسی فڕۆکەکانی ئێران بەدەم ڕێگاوە ئاگر نەدەکرایەوە، هەر جەنگاوەرێک لەشوێنێک خۆی لەخۆی پێچابوو و لەسەر بەفر ڕاکشابوو، ئەوەی خەوی لێکەوتبا، ئەستەم بوو بۆ بەیانییەکەی هەڵبستێتەوە و لە سەرما ڕەق دەبووەوە، بارزانی و سەرقۆڵەکانی تا بەیانی یەک بەیەک بەسەریاندا دەسوڕانەوە و نەیاندەهێشت کەس خەوی لێبکەوێت. بۆ بەیانی، بەم حاڵەوە درێژە بە ڕێگا دەدرا، مەگەر بەدەم ڕێگاوە جار جار خواردنی گیایەکی بەهارە وزەیەکی پێدابان.

ڕۆژی ١٩ی نیسان، دوای تێپەڕاندنی بەرزاییەکانی نازدارداغی سێکوچکەی سنوور، لەشکر گەیشتە دۆڵی خواکوڕکی ناوچەی عەشیرەتی برادۆست، زۆربەی گوندەکان لە کەلاوە خانوو بەولاوە شتێکیان لێ نەمابوو، بۆیە درێژەیان بە ڕێگاکەیاندا تا گەیشتنە گوندی موسلۆک. ئەوێش تەنیا یەک خانووی ئاوەدانی لێبوو، چەند خێزانێک لە خانووەکەدا دەژیان و خەریکی ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بوون، ئەوەی لە توانایاندابوو بۆ لەشکر کردیان، بۆ ئێوارە نانی نوێ لە تەنوور درا، چەند سەر ئاژەڵێک

سـەربڕان و خـواردن ئامـادەکرا. لە گـادەرەوە تـا ئێـرە ئەمە یەکەمـین نـان خواردنی لەشکر بووا!.

دەبووایە شوێنێکی لەبار بۆ مانەوەیەکی کاتی، تا باشتربوونی بارودۆخیان هەڵبژێـرن. بەهـۆی نزیکییـان لە خواکـوڕک، پێشـنیاری گونـدەکانی پیـران، مەڕان، مەسەن و سەروکانی کرا، بەڵام بارزانی بەهۆی نزیکییان لە مێرگەسۆر کە بنکەی پۆلیسـی حکومەتی لێبوو، ئەو گوندانەی ڕەتکـردەوە و سـەرباری هیلاکی و خراپـی بارودۆخیـان و بـۆ خۆپاراسـتنیان لە ڕووبەڕووبـوونەوەی حکومەت، بڕیاری دا تا نێو مزوورییەکان نەوەستن.

ڕێکردن لە خواکـوڕکەوە تـا نـاوچەی مزوورییەکـان نەک هەر سـەخت، بەڵکو بیرلێکردنەوەشی ئەسـتەمە، دەبێـت ئەم زنجیـرە شـاخانە ببینیـت تـا بڕوابکەیـت، دەڵێـی لەکـاتی خڵـقەتی زەویـدا خـوا تووڕەبـوونی خـۆی بەو ناوچەیەدا ڕشتووە، وەها سەخت و تۆقێنەر خەڵقی کردوون، بەتـایبەت کە بە بەفریش داپۆشرابن.

ئەگەرچی بیرۆکەکەی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ئەستەم بـوو، بەڵام تـاکە چـارەش بـوو. لێـرەوە دەبێـت شـێوازی ڕۆیشـتنی لەشـکر بگۆڕدرێـت و شێوازێکی ڕێکوپێکی پـێ بـدرێت، هەر کەسـێکیش ئەرکـی خـۆی بزانێـت. لەلایەن بارزانییەوە لەشکرە پێنجسەد کەسییەکە دابەشی سـەر پێـنج قـۆڵی یەکسـان کـرا و هەریەک لە شـێخ سـلێمان، ئەسـعەد خۆشـەوی، مامەنـد مەسـیح، محەمەدەمـین میرخـان و مسـتەفا مێـرۆزی کـرانە سـەرقۆڵە. جەنگاوەرەکان بە ئارەزووی خۆیان و بەپێی خزم و ئاوایی، یـان عەشـیرەت لە یەک قۆڵـدا کۆدەبـوونەوە و لەنێـو خۆشـیاندا هەر قـۆڵەو دابەشی سـەر چەند دەستەیەکی بچووکتر دەبوون. جووڵەی لەشـکر وا ڕێکخـرا کە قـۆڵی

مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی لەپێشەوە بڕۆن و قۆڵەکەی ئەسعەد خۆشەویش لەدوای هەموویان جووڵەبکات، بۆ ئەوەی ئاگای لە دواوەی لەشکر بێت و کەسیش لەدواوە جێ نەمێنێت، چونکە زۆرجار چەکدارەکان بەهۆی برسێتی و بێ خەوی هێزیان بەبەردا نەدەما و بەدەم ڕێکردندا دەکەوتن و هەڵنەدەستانەوە، بارزانی خۆیشی لەوسەر بۆ ئەوسەری لەشکر لە هاتوچۆدابوو و لە شوێنێک نەدەگیرسایەوە. بۆئەوەی ڕێگای نێو برادۆستەکان بەسەلامەتی ببڕن، ڕێنیشاندەرێکی ئەو عەشیرەتە بە دوو چەکدارەوە پێش لەشکر کەوت و تا گوندی دەریاسۆر لەگەڵیان مایەوە.

ئەرمۆش دووەم گوندی سەر ڕێگابوو، گوندەکە شەش ماڵی تێدابوو، ڕێنیشاندەر پێش لەشکر چووە نێو گوند و داوای ڕێگەپێدانی کرد، ئەوانیش بەوپەڕی سنگ فراوانییەوە چوونی لەشکریان بۆ نێو گوندەکەیان پەسەندکرد، سەرباری هەژاری و نەداری خۆیان، ئەوەندەی بۆیانکرا لەو کێو و کەژە گیای بەهارەیان کۆکردەوە، شۆربایەکی لوش و چۆرینیان بۆ لەشکر ئامادەکرد و لەگەڵ نان پێیاندان. وەرگرتنی مۆڵەت لە گوندەکان، پێش چوونە ژوورەوەیان لەلایەن لەشکرەوە بۆ پاراستنی گوندییەکان بوو، نەوەک حکومەت پێی بزانێت و دواتر بۆ تەمبێ کردنیان فڕۆکەیان بنێرێتە سەر.

دوای ئەرمۆش، لەشکر بەنێو دارستانە چڕەکانی سەر ڕێگادا تێپەڕی، دارەکان تازە گەڵایان دەگرت، بەفر توابووەوە و گوڵی ڕەنگاوڕەنگ و چیمەنی سەوز، دەتگوت فەرشێکە و بەنێو دارستانەکەدا ڕاخراوە، بینینی ئەم دیمەنانە بۆ ساتێکیش بێت، چاوەکانی ماتی خۆی دەکرد و ماندوویەتی ڕێگای دەڕەواندەوە. دوای تێپەڕین بە دارستانەکان، بۆ ئێوارە لەشکر گەیشتە گوندی بەنێ لە دەشتی بەرازگر، ئەو گوندەش ئەوەندەی بۆیانکرا

خزمەتی لەشکریان کرد و خواردنیان پێدان. دەبووایە تا تاریک داهاتن لێرە بمێننەوە و دواتر بە هێمنی بەلای گوندی کانی ڕەشدا تێپەڕن، بەهۆی نزیکی لە سنووری تورکیا حکومەت بنکەی پۆلیسی لێ دانابوو. دوای تاریکداهاتن، لەشکر بە دۆڵێکدا و بەنێو دارستانێکی چڕدا کەوتەڕێ. شەو ئەوەندە تاریک و ئەنگوستەچاو بوو، کەس کەسی نەدەبینی، هەرکەسە و بەڕێگەی خۆیدا بە بێ دەنگی دەڕۆیشت، تا لە دۆڵەکە دەربازبوون و بۆ بەرەبەیان تەواو لە کانی ڕەش دوورکەوتنەوە و بێ ئەوەی پشوو بدەن تا گوندی دەریاسۆر نەوەستان. بە تەواوبوونی ڕێکردن بەنێو عەشیرەتی برادۆستەکان، ڕێنیشاندەرەکەش گەڕایەوە.

لە دەریاسۆرەوە تا ئەرگۆش بە سنووری عێراقدا ڕێگایەکی دوورە و کاتێکی زۆر دەخایەنێت، بەتایبەت بۆ لەشکرێکی ماندوو بە کۆڵێک برینداروە، بۆیە بڕیاردرا لە ڕێگای خۆیان لانەدەن و ئەو ماوەیە بۆ کورتکردنەوەی ڕێگا، بە سنووری تورکیادا ڕێبکەن. قۆڵەکانی لەشکر جیا جیا دەگەیشتنە گوندی دەریاسۆر و دەگیرسانەوە، چەند سەر ئاژەڵێک لەلایەن خەڵکی گوندەوە هێنران و چەندێکیش بە پارە کڕدران، بەڵام هەر بەشی تەواوی لەشکری نەکرد، بەقاڵێک لە گوند هەبوو، چەند کیلۆ قەسپێکیشیان لەو بەقاڵە کڕی و بەسەر لەشکردا دابەش کرا، هەر کەسە و دوو یان سێ دەنکە قەسپی بەرکەوت.

بە درێژایی ڕۆژی ٢٤ی نیسان، لەشکر بە گوندی دەریا سۆردا لە ڕووبار پەڕییەوە و چووە نێو سنووری تورکیا.

ڕووباری حاجی بەگ لە کانی خاسکێی چیای داڵانپەڕی سێکوچکەی سنوورەوە سەرچاوە دەگرێت و بە درێژایی سنووری عێراق و تورکیا لە

یەکتری جیادەکاتەوە، تـا دەگـاتە ڕووبـاری چەمـێ و دواتـر دەڕژێـتە زێـی گەورە، بەهـۆی سـەختی و لێـژی نـاوچەکە لە وەرزی بەهـاردا ڕووبـارێکی بەخوڕە و تێپەڕین پێیـدا ئەسـتەمە. دەربـازبوون لە ڕووبـار، بەرەبەیـان تـا ڕۆژئـاوابوونی خایەنـد، ئەوانەی مەلەوانیـان دەزانی بە مەولەوانی پەڕیـنەوە، ئەوانی دیکە کەلەکیان بۆ هێنرا و کۆمەڵ کۆمەڵ بە کەلەک پەڕینەوە. دوای دەربـازبوون، لە تاریکـایی شـەودا مـلی ڕێگایـان گـرت و بەنێـو هـۆزی گەردییەکاندا کەوتنەڕێ. کەمێک لە گوندی کەلێت حەسانەوە و بەسەختی چیای گۆڤەندیان تێپەڕاند، دوای ڕۆژێک ڕێکـردنی بـێ وەسـتان، ڕۆژی ٢٥ی نیسان بە ناوچەی زێتدا گەڕانەوە دیوی عێراق.

یەکەم ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ حکومەت لێـرە ڕوویـدا، مەفرەزەیەکـی پۆلیس لە بۆسەدابوون و بە دەرکەوتنـی یەکەم جەنگـاوەری بـارزانی، شـەڕ دەستی پێکرد، پۆلیسەکان زۆر خۆیان بۆ نەگیرا و ڕایانکرد، تەرمێـک و دوو دیلیشیان لەدوای خۆ جێهێشت، لە جەنگاوەرەکانیش تێلی کەلێتی شـەهید بوو. ئەو لەکاتی تێپەڕینـی لەشـکر بە گونـدی کەلێتـی گەردییەکـان، لەگەڵ باب و برایەکی پەیوەندیی بە لەشـکرەوە کردبـوو، تـێلی گـولله بەر سـنگی کەوتبوو و خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆیشت، بـارزانی و میرحـاج بەسـەرییەوە وەستابوون و ئەوەندەی هەوڵیانـدا نەیـانتوانی ڕێـگە لە خوێنبەربـوونەکەی بگرن، هیچ پێداویستییەکی سەرەتایی پزیشکیش لەبەردەستیان نەبـوو، بەم شێوەیە و وردە وردە لەپێش چاوی هەمووان گیانی سپارد.

دوای ڕێکردنێکی سەخت و بەردەوام، سەرەنجام بارزانییەکان گەیشـتنە زەوییەکـانی هـۆزی مـزووری. لەشـکر ژمـارەیەکی زۆری جەنگـاوەری ئەم هۆزەی تێدابوو، ئەسعەد خۆشەویش یەکێـک لە سـەرقۆڵەکان و لەوانەشـە نزیکترینیـان لە جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی، خـۆی یەکێـک لە گەورە پیـاوانی

هــۆزەکە بــوو. بــۆیە بە گەیشــتن بەو نــاوچەیە، هەســت بە دڵنیــایی و ئارامییەکی زیاتر دەکرا. بەهۆی سەختی ناوچەکە، سوپا بە فڕۆکە نەبێت لە سەر زەوی بە سەختی پێـی دەگەیشـت و گەیشـتنەکەش کـاتێکی زۆری دەخایەند، بەتایبەت کە ئەو ناوچەیە جادەی ئەوتۆی تێپەڕینی ئۆتـۆمبێلی بۆ چانەکرابوو.

نـاوچەی هـۆزی مـزووری ڕووبەرێکـی فـراوانە، بەڵام تـا بڵێـی سـارد، سـەخت و عاسـێیە، دوای چوونیـان بـۆ نێـو فدراسـیۆنی بـارزان، هەر لە دەسـتپێکی شـۆڕشی یەکەمـی بـارزان، لەگەڵ شـێروانییەکان بەشی هەرە گەورەی لەشـــکری بارزانیـــان پێکـــدەهێنا، بەڵام گونـــدەکانی نـــاوچەکە ژمارەیەکی کەمی ماڵ و خێزانی لـێ مـابوو، زۆربەی هەرەزۆری خێزانەکـان وەک زۆربەی بارزانییەکـانی دیـکە، سـاڵی ١٩٤٥ دوای نسـکۆی شـۆڕشی دووەمـی بـارزان، ئـاوارەی وڵاتی ئێـران و ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان ببـوون، ئێستاش کە گەڕاونەتەوە لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە سـیمی دیانـا قـایم کراون و چارەنووسیان نادیارە.

دوای گرتنی پۆلیسخانەی زێت، لەشـکر ئەو ئێـوارەیە لەوێ پشـووی دا، سەرخەوێکیان شـکاند و کەمێـک مانـدووبوونی ڕێگایـان ڕەوانـدەوە. دوای حەسانەوە، لە زێتەوە کەوتنەڕێ و قۆناغی داهاتوویان کانیاوێکی سـازگاری بناری چیای گۆڤەند بوو، پێش ڕۆژئاوابوون تەواوی لەشکر گەیشتنە گوندی ئەرگـۆش کە بڕیـاربوو لێـی دابەزرێـن. هـیچ گونـدێک توانـای ژیانـدنی پێنجسەد پیاوی چەکداری نەبـوو، بەتـایبەت کە گونـدەکان چـۆل ببـوون و هیچ کامیان لە چەند خێزانێک و چەنـد کەلاوە خـانوویەک زیـاتر هیچیـان لێ نەمابوو، هەژاری و نەداری خەڵکەکەش لەشوێنی خۆی.

هەر پێـنج قـۆڵی لەشـكر، هەر قـۆڵە نێـردرایە گونـدێک. گونـدەكانی، سێلکێ، مێرۆز، پێندرۆ، شیڤێ، شنگێڵ و چەند ئاوایيەکی دیکە، لەشـكريان بەسەردا دابەش کرا، بەپێی ئەو ئەرکەی پێیان سپێردرابوو و ئەو نـاوچەیەی بۆیـان دەستنیشـانکرابوو، هەر چەنـد کەسـێک بەپێـی ناسـیاوی یـان بە هەڵبــژاردن بەر ماڵێــک دەکەوتــن، ماڵەکــانیش ئەوەی هەیـانبوو لەگەڵ مێـوانە مانـدووەکانیان بەش دەکـرد، زۆرجـاریش نە مـاڵ و نە مێوانەکـانی شتێکیان بۆ خواردن دەست نەدەکەوت و دەبووا ڕۆژەکە بگوزەرێنن.

بۆ ئەوەی شیرازەی لەشكر تێکنەچێت و ئامـادەی هەمـوو پێشـهاتەکان بن، جارێکی دیکە تەواوی هێزەکان ڕێکخرانەوە، قۆڵەکـانی لەشـكر ئەرکـی تازەیان پێ سپێردرا و بەشێوازی سـەربازی ڕێکوپێـک دابەشـكران، بارەگـای سەرکردایەتی کە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی خۆی بوو، شێخ سلێمان و میرحاج ئەحمەد و چەند کەسێکی دیکەی لەگەڵ بوو، لە گونـدی ئەرگـۆش دانـرا و قــۆڵی ولی بەگ بــۆ پارێزگــاریکردن لێــی لەو گونــدە جێگیرکــرا کە محەمەدەمین میرخان و ساڵح کانیەلنجی سەرپەرشتی هێزەکەیـان دەکـرد. قۆڵێکی لەشكر نێـردرایە مێـرۆز و دێـزۆ، قـۆڵەکەی ئەسـعەد خۆشـەوی بە یارمەتی هێزەکەی مەل لێڕی ئەرکی پاراستنی درێژایی هێڵی گەیشتن بەنێـو مزوورییەکانیان پێ سپێردرا، پـردی باسـیان کە گرینگییەکـی زۆری هەبـوو، پاراســتنەکەی بە قـۆڵی مامەنـد مەسـیح سـپێردرا و لە گونـدی ماوەتـان دامەزران، هێزەکانی عارس بێدارونی و میرزا ئاغا پاراستنی بەرەی زێتیان پـێ سپێردرا و لە چیای سەرخێل دامەزران.

جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی تـا ئەنـدازەیەک هێشـتا گەشـبین بـوو بەوەی حکومەت لێبووردنێکی گشتی دەربکـات و لەشـكريش بگـرێتەوە، ئەگەرنـا دەبێت بە پێنجسەد جەنگاوەرەوە ڕووبەڕووی سوپای وڵاتێک بوەستێتەوە.

کـات بەخێرایـی تێـدەپەڕی و لێبـووردن هەر دەرنەکـرا، لەوانەشـە دەرفەتێک بۆ ڕێککەوتن لەگەڵ حکومەت مابێت، ئەگەر لاوازیش بێـت لە شـەڕێکی بـێ هـودە باشـترە. بـارزانی ئەمەشی تـاقی کـردەوە و داوای دانووستانی لە حکومەت کـرد، عەلی قـامچی ڕەش بە یـاوەری دوو ئـاوارەی گەڕاوەی قۆڵبەسـتکراو کە زیـاتر وەک وەرگێـڕ سـودیان لـێ وەردەگیـرا لەلایەن عەلی حیجازییەوە نێردرانە لای بارزانی. عەلی پیاوێکی دەست ڕەش، بێ بەزەیی و بابەکوشتەی بارزانییەکان بوو و بارزانییەکان زۆریان سـەختی بەدەستیەوە چەشتبوو. کاتی سەرهەڵدانی جووڵانەوەکەی خەلیل خۆشـەوی، ڕاسـپێردراوی حکـومەت بـوو بـۆ دامرکانـدنەوەی جـووڵانەوەکە و لەو مـاوەیەدا چەنـدین بـارزانی، لەوانە؛ عـومەر ئیسـۆمەری، مەلازادە بیەیـی و عومەر هۆستانی کوشت و فەرمـانی لەسـێدارەدانی بـۆ دەیـان بـارزانی دیـکە دەرکـرد. دوای گەڕانەوەی جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی لە شـاری سـلێمانی و هەڵگیرساندنی شـۆڕشی دووەمـی بـارزان سـاڵی ١٩٤٣ و دوای سـەندنەوەی پۆلیسخانەی ڕێزان، بە برینداری و بە دەستی خۆی قۆڵبەستی کـرد، لەگەڵ ئەوەشـدا بەزەیـی پێـداهاتەوە، خـۆی لە کوشـتنی بـوارد و ڕێگـای پێـدا بگەڕێتەوە ناو حکـومەت، ئێسـتاش بـۆ گفتوگـۆ لەگەڵ بـارزانی گەڕاوەتەوە ئەرگۆش!!...

دانوسـتانەکان هـیچ ئەنجامێکیـان نەبـوو، حکـومەت لە زمـانی خـۆ بەدەسـتەوەدانی بـێ مەرج زیـاتر زمـانێکی دیـکەی نەدەزانی، بـۆیە ئەم هەلەش لەبار برا.

ئاغاکـانیش کە لەلایەن حکـومەتەوە ڕاسـپێردرابوون، ئەوانـیش لەلای خۆیانەوە هەوڵیان دەدا بارزانی ڕازیبکەن چەک دابنێت و لەنێو یەکێـک لە عەشـیرەتەکان نیشـتەجێ ببێـت، بەڵام بەمەش ڕازی نەبـوو، دیـارنەبوو

چارەنووسی ئەویش وەک هی خەلیل خۆشەوی هاوڕێی لێ نەیەت، کاتێک ساڵی ١٩٣٦ متمانەی بە ئاغای ڕێکانییەکان کرد و چارەنووسی خۆیی و هاوسەنگەرەکانی دایە دەستی، ئەویش پۆلیسی عێراقی هێنایە سەر و سەری براوی بۆ دایکی ڕەوانە کرایەوە.

حکومەت بۆ لەنێوبردنی لەشکرە پێنجسەد کەسییەکەی بارزانییەکان زۆر هەڵپەی بوو، بۆیە دوای ئەوەی ڕەتیانکردەوە بێ مەرج خۆیان بەدەستەوە بدەن، هەرزوو خۆی کۆکردەوە و لە هەرسێ بەرەی ڕێکان، ئاکرێ و بارزان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بارزانییەکان کەوتەڕێ. پەیوەندیش بە هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێرانەوە کرا، بۆئەوەی سنوورەکانیان دابخەن و ڕێگا بە دەربازبوونی بارزانییەکان نەدەن، چونکە گەیشتنی سوپا، کاتی زۆری دەبرد، جاشی عەشیرەتەکانی ناوچەکەش پڕچەک کران.

چاوەڕوانی لێبووردنی گشتی و دانوستان لەگەڵ حکومەت تا ڕێکەوتی ٥ی ئایاری خایەند، دوای بێهیوابوون، ڕۆژی ٦ی ئایاری ١٩٤٧، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی تەواوی هێزەکەی لە ئەرگۆش کۆکردەوە و دوا بڕیاری خۆی پێیان ڕاگەیاندن:

- خۆتان ئامادەبکەن، بەرەو یەکێتی سۆڤیەت بەڕێ دەکەوین!...

* * *

۲۸

## ڕۆژی یەکەم ...

# ٢٢ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٢ی ئایاری ١٩٤٧، لەشکری بارزان بەرەو سەر سنووری تورکیا و نێو عەشیرەتی هەرکی بنەجێ کەوتەڕێ.

ئامادەکاریی بارزانییەکان بۆ ڕۆیشتن، ٦ تا ٢٢ی ئایاری خایاند. لەو ماوەیەدا، حکومەت جووڵەی هێزەکانی خێرا و چڕترکردەوە و لە بەرەی شێروانەوە زۆری نەمابوو بگاتە ئەرگۆش، فڕۆکەکان بە ئاسمانی ناوچەکەدا دەسووڕانەوە و بڵاوکراوەیان هەڵدەدایە خوارەوە، خەڵکیان دەترساند، ئەگەر لەشکری بارزانییەکان لەنێو خۆیان دەرنەکەن، ئەوا بۆردومان دەست پێدەکات. جاشەکانیش، بەتایبەت لەنێو مزوورییەکان، بۆ ڕێگریکردن لە بارزانییەکان کەوتنەخۆ و چەکەکانیان کردەوە شان.

لەشکر بۆئەوەی بگاتە سەر سنوور، دەبووایە بەسەر پردی باسیادا لە ڕووبار بپەڕێتەوە. پردەکە دەکەوتە سەر لقە ڕووبارێکی ڕووباری شین کە لە سەردەمی پاشای گەورەی ڕەواندزەوە دروست کرابوو و بەهاران ئاوێکی بۆشی بەبندا دەڕۆیشت. لەناکاو هەواڵی سوتاندنی پردی باسیا لەلایەن جاشەکانی حەسۆ ئاغای هەرکییەوە گەیێنرایە بارزانی و چەند جاشێکیش بەسەریەوە دانرابوون، بۆئەوەی کەس چاکی نەکاتەوە.

ڕۆژی ١٧ی ئایار، لەلایەن بارزانییەوە، هێزەکانی مامەند مەسیح، مستەفا مێرۆزی و مەلا شنی قورتاس بۆ چاککردنەوەی پرد و خاوێنکردنەوەی ڕێگای سەر سنوور لە جاشەکان نێردران. پێش ئەوەی دەست بە ڕۆیشتن بکەن، پێداویستییەکانی چاککردنەوەی پرد لە گوندەکان کۆکرایەوە و دواتر

لە تاریکـــایی شـــەودا بەرەو باســـیا کەوتـــنەڕێ، پـــاش گەیشـــتنیان، دوو جەنگاوەری مەلەزان جلەکانیان داکەنی و بە هێواشی لە ڕووبـار پەڕینـەوە، گوریسێکیان لە دارێـک قـایمکرد و سـەرەکەی دیکەیـان هێنـایەوە، چەنـد جەنگـاوەرێکی دیـکەش بەیـارمەتی گوریســەکە پەڕیــنەوە، بە نهێنــی لە جاشەکان سوڕانەوە و چەند گوللەیەکیان پێوەنان، بە بیستنی دەنگـی تەقە جاشەکان ڕایانکرد و پردەکەیان جێهێشت، حسـۆ ئاغـای هەرکـی خۆیشـی بەرەو ئامێدی ڕایکرد.

دەسـتکرا بە چـاککردنەوەی پـرد و بـۆ بەرەبەیـان وایـان لێکـرد لەشـکر بەسەریدا بپەڕێـتەوە، هەواڵـی چـاککردنەوەی پـرد نێـردرایەوە ئەرگـۆش و بارزانی لێ ئاگادارکرایەوە، ئەویش هەواڵی بـۆ مامەنـد نـارد نەگەڕێـتەوە و لەوێوە ڕاسـتەوخۆ بچێـتە نـاوچەی هەرکـی بنەجـێ. فەرمانیشـــی دەرکـرد هێزەکانی دیکەش خۆیان کۆبکەنەوە و ئامادەی ڕۆیشتن بن.

هێزێکـــی حکـــومەت لە بەرەی ڕەوانـــدزەوە گەیشـــت و لە چیـــای سەرخنگێل، هێزەکەی میرزا ئاغا لەڕوویان وەستایەوە، شـەڕ دەسـتیپێکرد و نزیکەی ڕۆژێکی خایەند، سوپا بەدەست بارزانییەکانەوە گیری خواردبـوو و زۆری نەمـابوو لە هێرشـەکەیان پەشـیمان ببـنەوە، بە گەیشـتنی فەرمـانی بارزانی، میرزا ئاغا و هێزەکەی دەستیان لە شەڕ هەڵگرت و بەرەو ئەرگـۆش پاشەکشەیان کرد.

تـا ڕۆژی ٢٢ی ئایـار، تەواوی لەشـکر لە ئەرگـۆش کۆببـوونەوە و دوای خۆڕێکخســتنەوە، قـۆڵ قـۆڵ بەرەو سـەر سـنووری تورکیـا کەوتـنەڕێ. بـۆ ئێوارەی هەمان ڕۆژ بەشی هەرە زۆری لەشکر گەیشتە نێـو هـۆزی هەرکـی بنەجێ و بەسەر گوندەکانی هۆزەکەدا دابەشبوون.



لە سەرەتای ڕێکردن لە گادەرەوە و ئەو شەوەی لەشکر لای ڕەشماڵەکانی زێڕۆ هەرکی مابوونەوە، لەکاتی بەسەرکردنەوەی جەنگاوەرەکان، بارزانی بەسەر کۆمەڵێک جەنگاوەرەوە هەڵبوو کە دەوری سەگێکیان دابوو! سەگەکە دەنووزایەوە و پەلی زەوی نەدەگرت، پێدەچوو دەستی شکابێت و وەک بەزەیی پێداهاتنەوە جەنگاوەرەکان دەیانەویست یارمەتی بدەن و یەکێکیان وەک شارەزا پەلە شەلەکەی بۆ دەشێلا، کاتێک بارزانییان بینی دەوری سەگەکەیان چۆڵکرد، ئەویش دانیشت و سەیرێکی بنی پەنجی سەگەکەی کرد، بە جەنگاوەرێکی گوت، بە خەنجەرەکەی کەمێک لە ڕەشایەتییەکەی بن پەنجی هەلبکۆڵێ، جەنگاوەرەکەش وایکرد، تەنێکی ڕەقی تا ئەندازەیەک گەورەی لێ دەرهێنا و خیزاو لە برینەکەی

چۆڕا. دواتر بارزانی پێی گوت:

- مەجید، بەردێکی ڕەش بێنە، باش بیهاڕە و لەسەر برینەکەی دابنێ، باشیشی بۆ بپێچەوە...

بارزانی جەنگاورەکانی جێهێشت، مەجید بەردێکی ڕەشی دۆزییەوە و باشی هاڕی، لەسەر برینەکەی دانا و توند پێچایەوە، لەبەر ئاگر پاڵی خست و کەمێک ورتکە نان و ئاوی لەپێش دانا، سەگەکە، بەرزە سەگێکی سپی کوڵکنی ڕەسەنی کوردی ڕێک بوو و پێدەچوو تەمەنیشی هێشتا بچووک بێت، بەهۆی برینەکەیەوە تەواوی شەوەکە لەبەردەم ئاگر مایەوە، بۆ بەیانی هەستایەوە سەر پێ و ئیتر لە لەشکر جیا نەبوویەوە.

## ڕۆژی دووەم ...

# ٢٣ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٣ی ئایــاری ١٩٤٧، فڕۆکەکــانی حکــومەت هــاتنە ســەر هــۆزی هەرکی بنەجێ و لەشکری بارزانیان لە گوندی درێ بۆردومان کرد.

هــۆزی هەرکــی، دووەم هــۆزی گەورەی کــوردن و بەســەر هەرســێ پارچەکانی کوردستانی ئێران، عێراق و تورکیـادا دابەش بـوونە، ئەم هـۆزە لە بنەڕەتدا کۆچەرن و بەپێی بەرژەوەندیی هۆز لە ناوچەیەک بۆ ناوچەیەکی دیکە دەگوازنەوە. بەشێکی ئەم هۆزە کە دەکەونە نـاوچەی بـارزان و سـەر سنووری عێراق و تورکیـا، خـاوەن گونـد و زەوی خۆیـانن، ئەمـانە هەرکـی بنەجێیان پێ دەگوترێـت و یەکـێکن لە حەوت عەشـیرەتەکەی فدراسـیۆنی بارزان.

دوای ئەوەی بڕیــاردرا نــاوچەی هــۆزی مــزووری جێبهــێڵن، تەواوی قۆڵەکانی لەشکر لەچەند کاتێکی جیاوازدا گەیشتنە ناوچەی هۆزی هەرکـی بنەجێی، بەشێکی لەشکر دوای پەڕینەوە لە پـردی باسـیا، لەوبەری ڕووبـار بۆ پاراستنی دواوەی لەشکر بەشێوەیەکی کاتی وەستان و ئەوانی دیکە دوای گەیشـتنیان بەسـەر گونـدەکانی هـۆزەکەدا دابەشـکران. قـۆڵەکەی مامەنـد مەسیح لە گونـدی درێ جێگیـر بـوون و جەنگاوەرەکـان بەسـەر ماڵەکانـدا دابەشبوون، گوند ماڵی جوویێکیشـی لێبوو، ئەویـش چەنـد جەنگـاوەرێکی بردە ماڵەوە و تا ئەوکاتەی لە گوندەکە مانەوە خزمەتی کـردن. هێـزی مـراد ئاغـای بیـری نێـردرایە گونـدی سـتونێ و قـۆڵ و هێزەکـانی دیـکەش لە دەوروپشتی ئاواییەکان جێگیرکران و پشوویان دا.

ڕۆژی ٢٢ی ئایار، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بە بەشە هێزەکەیەوە گەیشتە گوندی درێ و لە خانووی حسۆ ئاغای ڕاکردوو دابەزی و خەڵکی گوند بۆ پێشوازی و یارمەتیدانیان بە پیر هێزەکەیەوە هاتن.

دەرفەتی وەستان نەمابوو، سوپای حکومەت تەواو نزیک کەوتبووەوە و فڕۆکەکان ئاسمانی ناوچەکەیان جێنەدەهێشت. لەوبەری سنوور، تورکەکانیش ئاگادارکرابوونەوە و پەیتا پەیتا جەندرمە دەگەیەنرانە سەر سنوور و پرد و شاڕێگەکان دادەخران. حکومەتی عێراقیش وەک دوا هەوڵ سینۆ تۆڤی نارده لای بارزانی، بۆئەوەی لە مەبەستی کۆتایی بگات، دوای بینینی بارزانی، سینۆ گەڕایەوە و فڕۆکەکان هاتن.

بەمەبەستی چارەسەر و بڕیار کۆتایی، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بانگی گەورە و شارەزاکانی نێو لەشکرەکەی کرد و هەریەک لە شێخ سلێمان بارزانی، میرحاج ئاکرەیی، سلێمان بەگ، عەلی محەمەد سدیق بارزانی، عەبدولڕەحمان مفتی ئامێدی و محەمەد نەجیب بەرواری، گەیشتنە لای. ئەمانە دواتر وەک ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتن و ڕاوێژکار بە درێژایی ڕێکردنەکەیان لە دەوری بارزانی مانەوە و زۆربەی کۆبوونەوەکان بە ئامادەبوونی ئەم ئەنجومەنە و سەرقۆڵەکانی لەشکر ئەنجام دران. بۆ کاتژمێر ١٠ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٣ی مانگ، لەبن دار قەزوانەکانی دەرەوەی گوندی درێ کۆبوونەوە، کۆبوونەوە ماوەیەکی زۆری خایاند، لەشکر چاوەڕێی بڕیار و ڕێنمایی نوێ بوو و هێشتا شتێکی ئەوتۆیان لە چارەنووسی خۆیان نەدەزانی. سەرەنجام بڕیاری کۆتایی درا:

- هەر ئەمڕۆ سنووری عێراق بەرەو یەکێتی سۆڤیەت جێدەهێڵین و ئامادەی ڕۆیشتن بن...

لەشکر لە پێنج قۆڵی سەد کەسی ڕێکخرایەوە، مامەنـد مەسـیح، سـەعید ولی بەگ، محەمەدەمـین میرخـان، ئەسـعەد خۆشـەوی و مسـتەفا مێـرۆزی کرانە سەرقۆڵ.



هێزەکان لە ڕێگادابوون و پەیتا پەیتا دەگەیشـتنە گونـدی دری، سـەعید ولی بەگ بە هێزەکەیەوە، ئێوارەی هەمـان ڕۆژ گەیشـت. تەنیا بەشـێک لە هێـزەکەی محەمەدەمـین میرخـان لەسـەر پـردی باسـیان مـابوونەوە و ئەوانیش خەریکی کۆکردنەوەی خۆیـانبوون، لەناکـاو زیـاتر لە دە فـڕۆکەی جەنگیـان بە بـانی ئاسـمانەوە بینـی. فڕۆکەکـان بـێ ئەوەی بـوار بـدەن بۆردومانیان دەستپێکرد و دەوروبەری پردەکەیـان کـردە یەک پـارچە ئـاگر. مـرۆڤ، ئـاگر، ئـاو و خـاک تێکەڵـی یەکـتری ببـوون، مەگەر ڕۆژی حەشر ئەوەنـدە سـامناک بێـت! تـۆز و خـۆڵ ئەوەنـدە بەرز ببـووەوە، چیـدیکە

فڕۆکەکان بەئاسمانەوە نەدەبینران. دوای بۆردومانێکی چڕ، بێ دەنگییەکی تەواو نـاوچەکەی تەنی، تەنـانەت ڕووبـار و باڵنـدەکانی نێـو دارسـتانیش دەنگیان لێوە نەدەهات، وردە وردە تـۆز و خـۆڵ دەنیشـتەوە، جەنگـاوەرە لەسـەر زک ڕاکشـاوەکان هەر یەکەیـان وای هەسـت دەکـرد تەنیـا خـۆی زیندووە، کاتێک بینیان هەموویان هەستاونەتەوە سەر پێ، تەنـانەت کەس لوتیشـی بەخوێندا نەهاتبوو!!

فڕۆکەکـان پـردی باسـییان بەرەو گونـدی درێ جێهێشـت، ئەسـعەد خۆشـەوی بە هێـزەکەیەوە ئەوکـات دەگەیشـتن و لەسـەر کانیـاوی گونـد قۆناغیان دانابوو، فڕۆکەکان بە گەیشتنیان هەر لەوێوە بۆردومـانی گونـدیان دەستپێکرد، هێزەکە پەرشوبڵاو بـوو، هەریەکە لە سـوچێک، لە بـن دارێـک یـان تەڕاشـێک پەنایـان گـرت، فڕۆکەکـان ئەوەی پێیـانبوو هەڵیانڕشـت و گەڕانەوە، دەوروپشتی گوندی درێ ببووە پارچەیەک ئـاگر و دوکەڵـی ڕەش ئاسمانی گوندی داگرتبوو.

قۆڵەکـانی دیـکەی لەشـکر، ئەوانەی زووتـر گەیشـتبوون، توانـای خۆحەشاردانیان هەبوو، هێزەکەی ئەسعەد خۆشـەوی و سـەعید ولی بەگ نەبـێ، ئەوان تـازە گەیشـتبوون و کەمـتر بـواری پەناگرتنیـان هەبـوو. جەنگاوەرێکی زۆر لەسەر زەوی کەوتبـوون، دەنگـی نـاڵەی هەنـدێکیان لە دوورەوە دەبیسترا و هەندێکیشیان نە دەنگیان هەبوو نە جـووڵە. نـووزەی بەرزی سەگ، سەرنجی جەنگاوەرەکانی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـا و بە ڕاکەڕاک بەپیری دەنگەکەوە چوون، سـەگە تیمارکـراوەکە بەدەم نـووزانەوە بەسـەر سەری مەجیدەوە دەسوڕایەوە و وەک ئەوەی داوای یـارمەتی بـۆ بکـات بە چاوەکانی دەپـاڕایەوە، مەجیـد دوو سـاچمەی تـۆپ بەر شـانی کەوتبـوون و خوێنێکی زۆری لێ دەڕۆیشت، برینەکەی توند بە پشـدێن پێچـرایەوە و بە

ڕادەیەکی باش ڕێگری لە خوێنبەربوونەکەی کرا. کەمێک لەولاتری مەجیدەوە، دوو جەنگاوەر لەسەر زەوی کەوتبوون و جووڵەیان لێ بڕابوو، کاتێک هاوڕێکانیان گەیشتنە سەریان، عەزیز و تەمەر گیانیان دەرچووبوو و شەهید ببوون.

بۆردومانی فڕۆکەکان زیانێکی زۆری لە لەشکر دا، بێجگە لە شەهیدەکان، حسێن جەرگیس، مەجید بژیانی، مەجید بۆسی، ساڵح گوزی، حەمۆ هیزانی و حەوت جەنگاوەری دیکەش برینداربوون و دوای کۆکردنەوەیان، لەلایەن هاوڕێکانیانەوە بەکۆڵ برانەوە نێو گوند.

دنیا تاریک داهاتبوو و ماتەم هەموو سوچێکی داگرتبوو، ئەگەرچی هیچ دەرفەتێک بۆ ماتەمگێڕان نەبوو. بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، لاشەی هەردوو شەهید لەخوێن پاککرانەوە، تەواوی جەنگاوەرانی لەشکر کۆبوونەوە و بە بێدەنگی بەسەر تەرمەکانەوە وەستان، بارزانی خۆی ڕێوڕەسمە ئاینییەکانی بەجێگەیاند و تەرمەکان بە نەریتی کوردانە لە گۆڕستانی گوند ئەسپەردەی خاک کران. بەڵام ئەمە سەرەتای ڕێگای هات و نەهاتە، جەنگاوەرەکان دەبێ خۆیان بۆ کارەساتی لەمە گەورەتر ئامادەبکەن و بەنێو دۆزەخی دوژمندا ڕێبکەن.

دوای بەخاکسپاردنی شەهیدەکان، بریندارەکانیش برانە ماڵی موختاری گوند و هەرچۆنێک بێت، برینەکانیان پێچرایەوە و تا بەیانی شەڕە چارەسەرێکیان بۆ کرا.

ئێستا کاتی بەڕێکەوتنە. بینینی جەستەی بێ گیانی هاوڕێکان و لەکۆڵکردنی برا بریندارەکانیان لە یەکەم هەنگاو بەرەو ڕێگا و چارەنووسی نادیار، هیچ جەنگاوەرێکی لە بڕیارەکەی پاشگەز نەکردەوە و بۆ

بەرەبەیانی ڕۆژی ٢٤ی ئایار، تەواوی لەشکر هاوشانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، ڕێگای سەرسنووری تورکیا و گوندی بێداویان گرتەبەر.

## ڕۆژی سێیەم ...

# ٢٤ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٤ی ئایاری ١٩٤٧، لەشکری بارزان گەیشتە گوندی بێداوی سەر سنووری تورکیا و عێراق.

بێداو دوا گوندی سنووری عێراق و تورکیایە، دەکەوێتە دۆڵێکەوە لە بناری چیای بێداو و ڕووباری حاجی بەگ لەنێوان دوو وڵاتی عێراق و تورکیا گوندەکە بەش دەکات. بۆ لەشکر گیشتن بە بێداو، لە درێ و ستونێ-وە، کاتێکی زۆری نەخایەند. دوای بەڕێکەوتن، دەمەو نیوەڕۆ تەواوی لەشکر لە باشووری چیای بێداو یەکیانگرتەوە و ئامادەکاری چوونە نێو دوا گوندی سەر سنووریان کرد.

لەشکر قۆڵ قۆڵ لە خوار گوندی بێداو و لە دوورەوە بەدیار سنوورەوە وەستابوون و بە سەرسوڕمانەوە سەیری قەڵا بەفرینەکەی بەردمی خۆیان دەکرد! جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە پێشەوەی جەنگاوەرەکانی بە دووربینەکەی وەک ئەوەی لەو قەڵا بەفرینە بەدوای کەلێنێکدا بگەڕێت لە شاخەکەی بەردەمی خۆی دەڕوانی، دواتر دووربینەکەی دانا، جگەرەیەکی توتنی پێچایەوە و دارجگەرەکەی دەرهێنا، لەسەر قورمە دارێک دانیشت و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا:

- دووربینەکە بگرە و سەیرێکی ئەم شاخانە بکە..

شێخۆمەر، دووربینەکەی لە دەستی بارزانی وەرگرت و دەمێک لەبەردەمی خۆی ڕووانی:

- قوربان هیچ ئاژەڵێکی کێوی نابینم..

بارزانی سەری بەرزکردەوە و بە سەرسوڕمانەوە پێی گوت:

- کـێ داوایکـردووە بەدوای ئـاژەڵی کێویـدا بگەڕێـی! هـیچ کەلێنێـک دەبینیت؟ تـۆ بڵێـی مـرۆڤ توانـای ئەوەی هەبێـت بەسـەر ئەم شـاخانەدا سەرکەوێت؟

شێخۆمەر بڕوای نەدەکـرد مـاوەیەکی دیـکە دەبێـت خـۆی بەسـەر ئەم شاخانەوە هەڵزنێت، بۆیە بە سەرسوڕمانەوە لە شوێنی خۆی وشـک وەسـتا و لە دووربینەکەوە تەنیا سەیری کرد.



چیای چارچەل وەک ئەوەی چوار سـتوونی بەردیـن بە تەنیشـت یەکەوە بەزەوی داکوترابن وایە، قەڵایەکی ڕکـی بەردیـن، بە بەرزی سـەرووی سـێ

هەزار مەتر! مشتا و مشت لە بەفر. چیای بێداویش بە تەنیشتییەوە وەک ئەوەی پارێزگاری لە چارچەل بکات بەسەریەوە دەڕوانێت. بەیانی دەبێت، لەشکرێک ئەم قەڵا دژوارە بەفرینە تێپەڕێنێت! لەوبەری سنووریش کەس نازانێ چی چاوەڕێیان دەکات!!

ڕێگای گەڕانەوە نییە و لەژێر هەر بارودۆخێکدا دەبێت بەرەو پێشەوە بڕۆن. سەروبەری ڕۆیشتن کرا، بە سوی بەفر جەستەی هەمووان داهێزرابوو. برا، برا بریندارەکەی لەکۆڵ کردبوو و هاوڕێ هاوڕێ بریندارەکەی، بەهەر زەحمەتییەک بێت، ڕێگا سەخت و پڕ بەرزیی و نزمییەکەی بەردەمی خۆیان بڕی و بۆ دەمەو ئێوارە، گەیشتنە نێو گوندی بێداوی هەرکییەکان کە نزیکەی پەنجا ماڵێکی لێ بوو.

۲۸ روز

## ڕۆژی چوارەم ...

# ٢٥ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٥ی ئایاری ١٩٤٧، لەشکری بارزان بە چیای بێـداودا سـەرکەوت، لە سنووری تورکیا پەڕییەوە و گەیشتە گوندی بای.

دوای ئەوەی تەواوی قۆڵەکـانی لەشـکر لە گونـدی بێـداو کۆبـوونەوە، لەلایەن خەڵکی گوندەوە پێشوازییان لـێ کـرا و بڕیـاردرا ئەو شـەوە لەوێ بمێننەوە.

بیری هەڵگەڕان بەسەر شاخی سـەهۆڵگرتووی بێـداو، بـارزانی و تەواوی لەشکری پەرێشـان کردبـوو، هـیچ ڕێگـایەکی دیـکەی شـوێنگرەوەش شـک نەدەبرا، دوای ماوەیەک بیرکردنەوە، بارزانی گوتی:

- سەهۆڵەکە دەشکێنین و بەدرێژایی شاخەکە بۆ سەرەوە پلیکانەی بەفـری دروست دەکەین، کێ لەخۆی ڕادەبینێت ئەم کارە بکات با بێتە پێشەوە...

نزیکەی حەفتا جەنگـاوەر، ئەوانەی جەسـتەیەکی بەهێزتریـان هەبـوو، هــاتنە پێشـــەوە و ئامــادەیی خۆیــان نیشــان دا. کــارێکی ســەخت و مەترسیداربوو، بەڵام چارەیەکی دیـکەش نەبـوو، دەبـووایە هەر ئەوکـاتیش دەستی پێبکەن.

لە گونـد ئەوەنـدەی تەور و بێــڵ هەبــوو کــۆکرایەوە و جەنگــاوەرە خۆبەخشەکان پـێش خۆرئـاوابوون بە ژێـر بـاران و شـڵێوەدا بەرەو شـاخی بێـداو کەوتـنەڕێ، بەو کەرەسـتانەی لە گونـد کۆکرابـوونەوە و بە یـارمەتی خەنجەر و لـولەی چەکەکانیـان لە قەدپـاڵی شـاخ بـۆ سـەرەوە دەسـت بە

هەڵکۆڵینی سەهۆڵ کرا و بە درێژایی زیاتر لە پێنجسەد مەتر، بەسەر شاخەکەوە پلیکانەی بەفرین دروستکرا. ئەگەرچی کارەکە سەخت و مەترسیداربوو، بەڵام باش بەڕێوە دەچوو.

ئاسمان تاریک دادەهات، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە دەرەوە وەستابوو و پێدەچوو مەبەستی نەبێت بچێتە ژوورەوە:

- قوربان ئەوان درەنگ دەگەڕێنەوە، دەرەوەش زۆر ساردە، ئەگەر نەهێیتە ژووروە لەبەر ئەم سەرمایە و لەژێر ئەم شڵێوە و بارانە نەخۆش دەکەویت...

بارزانی دەمێک بێدەنگ بوو، دواتر بێ ئەوەی چاوەکانی لەسەر چیای بێداو هەڵبگێڕێتەوە گوتی:

- ئەوان لەپێناو ئێمە ڕۆیشتوون و خوا بزانێت چەندیان لێ دەگەڕێنەوە. سەیرکە، من لەسەر زەوییەکی توند و تەخت وەستاوم، بەڵام ئەوان بەسەر ئەو شاخەوەن، هەرساتێکە و کەسێکیان بخلیسکێت، ئیتر تەرمەکەشی نادۆزرێتەوە، تا دڵنیانەبم لە گەڕانەوەی یەک بە یەکیان، لێرە چاوەڕێ دەکەم...

جەنەڕاڵ ئەوەندە بە پەرۆشەوە بەدیار شاخی بێداو و گەڕانەوەی جەنگاوەرەکانییەوە وەستابوو، تەنانەت پێدەچوو بیری چووبێت جگەرەکەی دابگیرسێنێت، هەر بە فەرمانی ئەویش لە ترسی هێرشی فڕۆکەکان لە دەرەوە ئاگر نەدەکرایەوە، محەمەدەمین میرخان کاتێک زانی بارزانی لەشوێنی خۆی ناجووڵێت، ناچار خۆشی بەدیار شاخەکەوە، بە بێدەنگی لە تەکی وەستا و جێی نەهێشت.

گەڕانەوەی جەنگاوەرە سەهۆڵ شکێنەکان تا درەنگانی شەوی پێ چوو، خۆشبەختانە کەسیان نە هەنگاوتبوو و هەموویان بە سەلامەتی گەڕانەوە، تەنیا بەشێکیان بەهۆی خراپیی پێڵاوەکانیان، پاژنە و پەنجەی پێیەکانیان بە تینی بەفر سووابوو و ڕەش هەڵگەڕابوون.



تەواوی لەشکر و جەنگاوەرە گەڕاوەکان، هەرچۆنێک بێت ئەو شەوەیان لە گوندی بێداو بەسەر برد. بۆ بەیانی ڕۆژی ٢٥ی ئایار، ساق و گۆرە هەڵکران، ڕەخت و فیشەک بەستران، تفەنگ هاوڕێی هەمیشەیی خرایەوە شان و قۆڵ قۆڵ بۆ ڕێکردن ئامادەکران.

دوو لە بریندارەکان، ساڵح و حەمۆ حاڵیان شڕ بوو و توانای لەسەر پێ وەستانیان نەبوو، نەشدەکرا بەسەر ئەو شاخە بەرزانەدا بە کۆڵ

هەڵبگیرێن. بارزانی داوای لە موختاری گوند کرد، تا بارودۆخیان خراپتر نەبووە و بە تەواوەتی پەکیان نەکەوتووە، برینـدارەکان هەڵبگرێـت و بیانباتە گوندی شێروان، بەڵکو لەوێ چارەسەربکرێن.

کاتی ماڵئاوایی هاتبوو. ساڵحی بریندار توند دەستی سەلیمی برای گرتبوو و نەیدەویست باوەشی لێبکاتەوە، هەمووان بەدیار دیمەنەکەوە وەستابوون و کەس دەنگی لێوە نەدەهات، تەنیا فرمێسک دەیتوانی گوزارشت لە ناخیان بکات:

- با بکەوینەڕێ..

سەلیم بەدەم گریانەوە سەری بەرزکردەوە:

- ئاخر من چۆن براکەم جێ بهێڵم، ئێمە بەڵێنمان دابوو لە یەکتری جیانەبینەوە، دەزانم ئەو بەو حاڵەیەوە دەکەوێتە دەست دوژمن و مردنی هەزارجار پێ لە دیلی خۆشترە، تکایە با ئەم ڕەزالەتە نەبینێت و ڕێگام بدەن خۆم تەواوی بکەم!...

- تۆ مافی ئەو کارەت نییە، چارەنووس چی بۆ نووسیبێ، هەر ئەو دەبێت، ئەمانەش هەموویان برای تۆن، چ جیاوازییەکمان هەیە؟

دوای قسەکانی ئەسعەد خۆشەوی، دەستی براکان لەیەکتری بەربوون و ڕێگایان لە یەکتری جیابووەوە. هەر واشی لێهات، دوای چەند ڕۆژێک ساڵح بەهۆی سەختی برینەکەیەوە لە شاری موسڵ کۆچی دوایی کرد.

ئێستا کاتی سەرکەوتن بەسەر شاخە سەهۆڵ گرتووەکەی بێداوە. دەبێت ئەم هەنگاوەش مکوم بهاوێژرێت. جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی جارێکی دیکە هێزەکانی ڕێکخستەوە، قۆڵەکانی مستەفا مێرۆزی و مامەند مەسیح کرانە پێشڕۆ و ڕێشکێنی لەشکر، قۆڵەکەی محەمەدئەمین میرخان لەدوای ئەوان

و سـەعید ولی بەگ دوای هەرسـێ قـۆڵەکەی دیـکە بکەوێـتەڕێ، ئەسـعەد خۆشەویش بۆئەوەی باش ئاگاداری دواوەی لەشـکر بێـت، بە قـۆڵەکەیەوە لە دواوە ڕێبکات. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن، تەواوی لەشکر لە قەدپـاڵی چیـا کۆبوونەوە.

تەواوی جەنگاوەرانی لەشـکر وەک ڕسـکی تەزبـێح بە ڕیـزی یەک کەسی ئامــادەی هەڵــگەڕان بە شــاخەکە کــران، هەر جەنگاوەرێــک پشــتێنی هاوڕێیەکەی پێشەخۆی گرت و بێ ئەوەی سەیری خـوارەوە بکـات بەسـەر پلیکانە بەفرینەکاندا سەرکەوت، بریندارەکان لە یەکـتری وەرگیـران و پـێش خــران، کەوتنــی یەک کەس، واتــا تێچــوونی بەشـێکی زۆری لەشـکر، هەر ســاتێکیش ئەگەری ڕوودانی لــێ دەکـرا. هەوڵــی بێوچـان، بیـروڕای پـتە و پشـتیوانی خـوا، لەشـکری بـێ زیـان لەو شـاخە سـەخت و ڕێگـا ئەسـتەمە، سەرخست.

تەواوی لەشــکر بــێ زیــان لە شــاخی بێــداو ســەرکەوت و خۆیــان لە هەنــداوی تەشــتی بێــداو بینیــیەوە و یەکەم ســنووری دەســتکردیان جــێ هێشــت، دوای پەڕیــنەوەش هەر نەوەســتان و بەشی هەرە زۆری لێــژاتی بەردەمی خۆیان بەخۆ گلۆرکردنەوە بەنێو بەفردا بڕی:

- مەجیــد ســەیری پشــتەخۆت بــکە، ئەم ســەگە وازناهێنێــت، هەر بەدوامــانەوەیە و وەک ئــێمە خــۆی بەنێــو بەفــرەکەدا گلۆردەکــاتەوە، پێــدەچێت وا تێگەیشــتبێت بــۆ خلیســکانێ هــاتووین، بــۆ گــوللەیەکی پێوەنەنێم بۆ خۆی بگەڕێتەوە؟

- گوللەی چی!! بارزانی گوتوویەتی کەس ئازاری نەدات و تا ئەوکاتەی خـۆی بیەوێت لەگەڵ لەشکر بمێنێتەوە، فەرمانیشی کردووە لەو خواردنەی لەسـەر

ڕێگا دەستمان دەکەوێت بەشی ئەویشــی لــێ بــدەین، هەر بــۆ زانیاریــت، ناوم ناوە (چستۆ) چیتر بە سەگ بانگی مەکە...

چستۆ لە ناوچەی بارزان بە مـرۆڤ یـان زینـدەوەرێک دەگوترێـت زۆر گورج و گۆڵ بێت، ئێستاش بەشی زۆری ئەو خاوەن ئاژەڵانەی لەو نـاوچەیە سەگ بەخێودەکەن، ناوی سەگەکانیان (چستۆ، زیخۆ یان گورگۆ)یە.

تەواوی لەشکر دوای تێپەڕاندنی لێژایەتییەکەی بەردەمیـان، بـۆ ئێـوارەی ڕۆژی ٢٥ی ئایار گەیشتنە بای، یەکەم گوندی نێو سنووری تورکیا.

ئێرەش هەر کوردستانە...

بــای گونــدێکی بچــووکی عەشــیرەتی دۆســکی ژۆری بــوو، دەکەوتە دۆڵێکەوە و نـزیکەی بیسـت مـاڵی لـێ دەبـوو، کاتێـک لە هـاتنی لەشـکر ئاگـاداربوونەوە، موختـاری گونـد و چەنـد ڕیـش سـپییەک بەپیـر جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی و لەشـکرەکەیەوە هـاتن و بەگەرمـی بەخێرهاتنیـان کـرد. لەگوند وەک ئەوەی فیسـتیڤاڵێکی گەورە بێـت، ماڵەکـان ئەوەی هەیـانبوو پێکیانەوەنا و خواردنیـان بـۆ لەشـکر ئامـادەکرد، ئەگەرچـی خـواردن بەشی تەواوی لەشکری نەکرد، بەڵام چاوتێری خەڵکی گوندەکە و سنگ فراوانییان جێگای پەسن و ستایش بوو. ئەو شەوە لەشکر لەو گوندە ڕۆژی کـردەوە و بۆ بەیانی خۆیان ئامادەکرد، تا بەرەو زینیا ئاسنگەرا بکەونەڕێ.

کاتێک لەشکر لە گوندی بـای بـوو، بـۆئەوەی پشـوو بـدەن بەشـێک لە لەشکر بەسەر ماڵەکاندا دابەش کـران، بەیـانی کاتێـک گونـدیان جێهێشـت، جەنگاوەرێــک دارجــگەرەکەی لە ماڵێــک جێهێشــتبوو، خەڵکــی گونــد دارجگەرەکەیان هەڵگرت و دوای یازدە ساڵ کاتێک بارزانییەکان لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕانەوە، دارجگەرەکەیان بۆیان ناردەوە.

## ڕۆژی پێنجەم ...

# ٢٦ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٦ی ئایاری ١٩٤٧، لەشکری بارزان لە نێو سنووری تورکیا، بە دزا گەڤەڕێدا بەرەو کوێستانەکانی چیای سپیڕێز کەوتەڕێ.

ئەو شەوەی لەشکر لە گوندی بای بوو، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتن کۆبوونەوە و باس لە چۆنیەتی دەربازبوون لە سنووری تورکیا و چوونەوە نێو سنووری وڵاتی ئێران کرا.

هەواڵ گەیشتبوو کە جەندرمەی تورک بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە و پەیتا پەیتا هێزی زیاتریش بەرەو ناوچەکە دێت، ناوە ناوەش دەنگی فڕۆکە دەهات. بۆئەوەی بەکەمترین زیان ڕێگاکە ببڕن، بانگی موختاری گوند کرا، بۆئەوەی پێشنیاری باشترین خاڵی ڕۆیشتن بکات. موختار پێشنیاری ناوچەی زینیا ئاسنگەرای کرد، ئەو ڕێگایەی دەکەوێتە نێوان گەڤەڕ و شەمزینان.

هێشتا تیشکی خۆر زەوی تەواو ڕووناک نەکردبووەوە، کاتێک لەشکر لە گوندی بایێ-وە کەوتەڕێ. موختار و سێ شارەزای خەڵکی گوندیش پێش لەشکر کەوتن، بۆئەوەی لەم سەفەرەیاندا تووشی سەرلێشێوان نەبن.

وەک ئەوەی لە درێ بڕیاری لێوەدرابوو، قۆڵەکانی مستەفا مێرۆزی و مامەند مەسیح سەرەتا کەوتنەڕێ. بەدوای ئەوانیشدا محەمەدەمین میرخان، سەعید ولی بەگ و ئەسعەد خۆشەوی بە قۆڵەکانیانەوە جووڵەیان کرد. جەنەڕاڵ مستەفا بارزانیش لەگەڵ شێخ سلێمان، میرحاج و

ڕێنیشاندەرەکان پێش لەشکر کەوتن و دوای ماوەیەک ڕێکردن گەیشتنە بەرزاییەکانی نێوان گەڤەڕ و شەمزینان، ناوچەکە هیچ ئاواییەکی لێ نەبوو و ئارام دەهاتە پێش چاو، فەرمان دەرکرا لەشکر چەند کاتژمێرێک لەوێ پشوو بدات. هەر جەنگاوەرێک لە شوێنی خۆی لەسەر زەوی، تاشە بەرد، یان پارچە دارێک پاڵکەوت، تا کەمێک ماندوویەتی ڕێگای لە جەستە دەربچێت. دەمەو ئێوارە بوو و خۆر تینێکی ئەوتۆی تێنەمابوو:

- تەیمەز، مەلا مستەفا بەتەنیا کەمێک لە لەشکر دوور کەوتۆتەوە، بچۆ و لە دوورەوە ئاگاداری بە...

- بۆ کام لا چوو؟

کەمێک دوورتر و لەولاوە هەندێک تاشەبەردی گەورە دیاربوون، ئەسعەد خۆشەوی بە دەست ئاماژەی بۆکرد و تەیمەز ڕۆیشت.

بارزانی لەسەر تاشەبەردێک، بەبێ دەنگی ڕووەو بارزان و چیای شیرین دانیشتبوو، ناوچەکە هێندە بەرز بوو، لووتکەی چیاکانی هۆرێ و بۆتین لەوێوە دیاربوون. دوای ماوەیەک تێڕامان، هەستایەوە سەر پێ، ویستی بۆلای جەنگاوەرانی بگەڕێتەوە، تەیمەزی لەبەردەم خۆی بینی:

- تەیمەز ئەوە لێرەی؟

- بەڵێ قوربان، ئەوە چەند خولەکێکە لێرەم...

- سەرکەوە و وەرەلام..

چاوەکانی سوور هەڵگەڕابوون، دوای ئەوەی نوێژی عەسری کردبوو، پێدەچوو لە خلوەی خۆی فرمێسکی ڕشتبێت! بەڵام بەسەرەخۆیەوە نەدەهێنا:

- دڵ لە دڵ مەدە، شـــتێک ڕوویـــنەداوە، فرمێســـکەکانم بەهـــۆی ئەو موناجاتەوەبوو کە لەگەڵ خوای خۆم دەمکـرد، کەمێـک گەڕامەوە دواوە و بیری هاوڕێکانم کـردەوە، ئەوانەی ڕۆژگارێـک لە تەنیشـتمەوە بـوون، بـێ ئەوەی گازندەیەک لە چارەنووسیان بکەن لەپێناو بیروباوەڕەکەیـان خۆیـان کــردە قوربــانی، ئەو شــاخ و چیایــانەی دوور بە دوور لــێمانەوە دیــارن، ڕۆژگارێـک پەنـاگەی خەلیـل خۆشـەوی و ئەحـمەد نـادر و ئـارەبی باوکـت بوون، لەبن هەر دار و بەردێکی ئەو شـاخانە زیـاتر لە گیانێـک بـۆ ئـازادی دراوە، ئەو قارەمانانەی بە هەموو هێـزی تورکیـا، عێـراق و هێـزی ئاسـمانی بەریتانیا نەیانتوانی زەفەریان پـێ بـبەن، خیـانەتی کـوردی سـوێند خـواردوو لەپێی خستن و لێمانی جیاکردنەوە. مخابن! دەبینی؟ کوردی خائین بـوونەتە چاوساخی دوژمن و نیشتمان پەرەوەرەکان لەسەر خاکی خۆیان شوێنێکیان بۆ نەماوەتەوە و دەبێت وەها لە دوورەوە ئەفسووسی بۆ بکێشن...

دەزانم هەمووتان ماندوون، برسـیتانە و سـەرما تینـی بـۆ هێنـاون، دەزانـم خەمی زێد و کەسوکارتانە، بەڵام بڕوا بـکە خەمـی مـن لە هـی هەمووتـان گەورەتـرە، خەمـی مـن خەمـی میلەتـێکە، خەمـی هەمـوو ئەو خێـزان و منداڵانەیە کە خۆیان ڕادەستی حکومەت کردووەتەوە و کەسـیش نازانێـت چیان بەسەر دێت، قورسایی ئەم بارە بەسەر شـانەکانمەوە هەسـت دەکەم، بەڵام قەدەر وایە، ئەرکێکە و شانم داواتە بەر، بەڵێنێکە بە گەلی کورد، شێخ ئەحمەد و قازی محەمەدم داوە. دەزانی؟ چارەنووسی هەموومان بەندە بەو ڕۆیشـتنەوە، ئەگەر سـەرکەوتین، ئەوا دەرگـا بەڕوومانـدا دەکـرێتەوە، تـا کێشەی گەلەکەمان بە هەموو جیهان بگەینـین، ئەگەریـش سـەرنەکەوتین، ئەوا ویژدانمان ئاسوودەیە، بەوەی هەموو هەوڵێکـی خۆمـان داوە، هەمـوو ڕێگایەکمان تاقی کردووەتەوە و بەڵێنەکەمان گەیانـدووەتە سـەر، ئەوکـات

دەتوانین بە ئاسوودەیی سەربنێینەوە...

وا خۆر ئاوا دەبێ، تا درەنگ نەبووە، با بگەڕێینەوە لای هاوڕێکانمان...



لەو ئان و ساتەدابوو، کاتێک جەنەڕاڵ لەبوونی جەندرمە لەسەر ڕێگای بەردەمیان ئاگادارکرایەوە، لێرە ڕوودانی شەڕ واتا خۆکوژی و لەنێوچوون، دەبێت بۆ دەربازبوونی بێ شەڕ، بۆ ڕێگایەکی دیکە بگەڕێن.

لەشکر چارەی نەبوو، بۆ خۆ پاراستن و دووربوونی لە شەڕ، دەبوایە بە دزا گەڤەڕێ دا تێپەڕێت، ئەمە تاکە ڕێگابوو سەربازی تورکی لێ دانەنرابێت، کەرخە ڕێگایەکی وابوو کەس بڕوای نەدەکرد خەڵکانێک هەبن بوێری ئەوەیان هەبێ تاقی بکەنەوە. لەگەڵ ئەوەشدا لە دەستپێکی ڕێگاکەوە بنکەیەکی جەندرمەی بەسەرەوە دانرابوو، جەنەڕاڵ مستەفا

بـارزانی، ئەنجـومەنی ڕێڕۆیشـتن و شـارەزاکانی ڕێگـا، لە زینیـا ئاسـنگەرا کۆبـوونەوە و بـۆ چارەسـەرێک دەگەڕان. لەناکـاو کەسـێک بەدەرکەوت، پێدەچوو ڕاوچی بێت و هاتبێت یارمەتی پەڕینەوەی لەشکر بدات!:

- من دەتوانم دەربازتان بکەم، بە مەرجێک کەس لە قسەم دەرنەچێت...

هەموویـان سـەیرێکی کابرایـان کـرد و بـارزانی بە سەرسـوڕمانەوە پێـی گوت:

- مەبەستت چییە! دەبێت چی بکەین؟

ڕاوچی هاتە نێزیکتر و درێژەی بە قسەکانی دا:

- هەمووتان بەدوای یەکدا ڕیـزبن، بـێ ئەوەی ئاوڕبـدەنەوە یـان ئەمـلا و ئەولا بکەن لەدوای مـنەوە وەرن، چـۆن هەنگـاو دەنـێم وا هەنگـاو بنـێن، هەرچییەک ڕوویدات کەس دەنگی لێوە نەیەت...

جەنگاوەرەکان بە بێـدەنگی دانیشـتبوون و بە وردی گوێیـان لە قسـەی ڕاوچـــی دەگـــرت، وەک ئەوەی بلێـــی قوتـــابی بەدەم وانەگـــوتنەوەی مامۆستاکەیەوە دانیشتبێت. ئەو درێژەی بە قسەکانی دا:

- ئێمە دەبێت بە بەردەم سەربازگەیەکدا تێبپەڕین ، لە یەک ڕێگـا زیـاتر لە بەردەمماندا نییە، ئەویش بە دزا گەڤەڕێ دا دەڕوات، ڕێگـایەکی باریـک و تەسـکە، کەمێـک لادان، واتـا بێسـەر و شـوێن بـوون و کەسـمان نـاتوانین بەدوایدا بچین و نادۆزرێتەوە!

- مەبەستت چییە نادۆزرێتەوە؟!!

- دزا گەڤەڕێ، دەشـــتە پـــانێکە، ســـەرچاوەی ڕووبـــاری بادینـــانی لـــێ هەڵدەقوڵێت، کاتێـک سـەیری دەکەیـت دەشـتێکی پـان و بەریـنە و وەک

مێرگێکی پان دێتە بەرچاو، بەڵام لە ڕاستیدا دەریایەکی ئـاوە، تـا ئێسـتا زۆر نەشـارەزای هەڵگلۆفیـوە و کەس نەگەڕاوەتەوە، زۆر ڕاوچـی بە خۆیـان و ئەسپەکانیانەوە تێیدا ون بوونە، ئێرە گۆڕستانێکی میهرەبـانە بۆخـۆی، بـۆیە ئەگەر دەتـانەوێ ڕزگارتـان ببێـت، مـن لەپێشـتانەوە دەڕۆم و ئێـوەش بە هێمنی لەدوامەوە وەرن...

پێشنیاری ڕاوچی، سەرەڕای هەموو مەترسییەکانی پەسـەندکرا و لەشـکر وەک ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبوون بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرا.

ئێـــوارەیەکی درەنـــگ بـــوو، وردە وردە دنیـــا تاریـــک دادەهـــات و ڕەشەبایەکی سارد هەڵیدەکرد، بڵێسە ئاگرێک نەبوو جەنگاوەرەکان خۆیانی پـێ گەرم بـکەنەوە و سـەرما و برسـێتی تینـی بـۆ هێنـابوون، هەر چەنـد جەنگـاوەرە و بەو شـڕە جلـوبەرگەی لەبەریانـدابوو لەبـن دارێـک یـان تەڕاشێک لێک خڕببوونەوە و سـەریان خسـتبووە نێـو ئەژنۆکانیـان، بەڵکـو تینێکیـان بێـتەوە بەر. لەو بارودۆخەشـدا بـارزانی هەر دانەدەنیشـت، لەم سـەر بـۆ ئەو سـەری لەشـکر بەنێـو جەنگاوەرەکانیـدا دەگەڕا و قسـەی بـۆدەکردن، بـۆئەوەی ورەیـان پێبـدات. ئەویـش حـاڵی لەوانی دیـکە باشـتر نەبوو، بەڵام بەسەرخۆیەوە نەدەهێنا، جەنگاوەرەکـانیش کاتێـک بارزانییـان بەم شێوەیە دەبینی خۆیان کۆدەکردەوە و هەڵدەستانەوە سەر پێیەکانیـان و درێژەیان بە ڕێگا دەدا. مانگەشەو کەمێک ڕێگاکەی بەردەمیـانی ڕوونـاک کردبووەوە، ئەمەیان باشبوو، هیچ نەبێـت دەیـانتوانی ئەوانەی پێشـەخۆیان بناسنەوە و ڕێگای بەردەمیان ببینن.

لەشکر لەپشت سەری ڕاوچی ڕیزی بەست، نهێنی شەو بە سـەرقۆڵەکان درا، هەر قسە یان ڕێنماییەکی نوێ هەبـا، هەر جەنگاوەرێـک دەیگەیانـدە

ئەوەی دوای خـــۆی، تـــا دەگەیشـــتە دوا جەنگـــاوەری لەشـــکر، هەر جەنگاوەرێک دەبووایە جەنگاوەری پێشەخۆی بناسێتەوە، بۆئەوەی ئاگایان لەیەکـتری بێـت، نەوەک کەسـێک لە ڕێگـا لابـدات، یـان لە بـێ خەوی و لەبرسان بکەوێت. وەک ئەوەی ماوەیەکی درێژبێت مەشقیان بۆ ئەم سـاتە کردبێـت، تەواوی فەرمـان و ڕێنماییەکـان لەلایەن لەشـکرەوە وەک خـۆی جێبەجێ دەکرا. ئەو شەوە بۆ چەند کاتژمێرێک تەواوی لەشـکر بە وریـایی تەواوەوە، بە وشـکانی و زۆنگاوەکـانی دزا گەڤەڕێـدا ڕێیـانکرد و بەرەبەری بەیانی، کاتێک هێشتا تیشکی خۆر لە نێوچاوانی نەدابوون، لە زینیا ئاسنگەرا دەربازیـان بـوو و گەیشـتنە سـەر چیـای سـپیرێز کە دەیـڕوانیە هەنـداوی ناوچەی جۆلەمێرگ و دزا گەڤەڕێ.

۲۸ روز تا ارس

## ڕۆژی شەشەم ...

# ٢٧ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٧ی ئایاری ١٩٤٧، لەشکری بارزان سەربازی تورکیـان تێپەڕانـد و لە چیای سپیرێزەوە چوونە نێو سنووری ئێران.

دوای تێپەڕاندنی دزا گەڤەڕی، لەشکر گەیشتە سـەر بەرزاییەکـانی چیـای سپیرێزی نێوان سنووری هەردوو و ڵاتی ئێران و تورکیا.

بەرەبەیـانێکی زووی وەرزی بەهـار، تـازە تیشـکی خـۆر کوێسـتانەکانی دەگـرتە بـاوەش، کەڤـیە بەفرەکـان وەک مـرواری بە سـنگی شـاخەکانەوە دەدرەوشـانەوە، گیـا و گـوڵی هەمەڕەنـگ، ئەو ئاسـمانە شـین و پـاکەی بەسەریەوە، دیمەنێکی تـا بڵێـی جـوانی دەبەخشـییەوە و وەک پـارچەیەک لەو بەهەشـتە دەهـاتە پـێش چـاو کە لە ئاسـمانەوە بەڵێنـی لـێ دراوە. کۆچەرەکان هێشـتا ڕەشـماڵیان لـێ هەڵنەدابـوو. کـپ و بێـدەنگ، چـۆل و جوان، بەڵام لەم بەهەشتە جوانەشدا، بۆ لەشکری ماندووی بارزانییەکان نە مەفەڵێک بۆ حەسانەوە هەبوو نە لوقمە نانێک بۆ خواردن.

دەنگی فڕۆکەکان تا دەهات لە نزیکتر دەبیسـترا، لەناکـاو بە ئاسـمانەوە دەرکەوتن، بێ خۆ گیرۆکردن لەشکر بۆ بن تەڕاش و دارەکان بڵاوەیان کـرد و خۆیــان لە چــاوی فڕۆکەکــان شــاردەوە. دوای مــاوەیەک ســوڕانەوە، فڕۆکەکانیش دەنگیان نەما و گەڕانەوە.

بۆئەوەی سەختی و سەرمای سـپیرێز تێبپەڕێـنن، پێویسـت بـوو لەشـکر تەواوی ئەو ڕۆژە لە ڕۆیشـتن نەوەسـتێت. سـەرەڕای فڕۆکەکـان، مەترسـیی

هێرشی تورکەکانیش لە هەموو کاتێک زیاتر هەستی پێدەکرا.

لەشکر لە سپیرێز نەوەستا و هەنگاوەکان بۆ گەیشتن بە سنووری ئێران خێراتر کران. پێش ئەوەی بگەنە سنوور، بارزانی لەلایەن سەرقافڵەی لەشکرەوە لە بوونی هێزێکی تورک لەسەر ڕێگا ئاگادارکرایەوە.

هێزێکی جەندرمەی تورکیا لە دۆڵێکی نزیک سنووری ئێران جێگیرکرابوون، هێزەکە ئامادەی پەلاماربوون و خۆیان بۆ گەیشتنی بارزانییەکان ئامادەکردبوو، دوای ئاگاداربوونەوە لە پلانی تورکان، لەشکر لەوبەری دۆڵەکە وەستا، تەواوی قۆڵەکانی لەشکر لە یەک شوێن کۆبوونەوە و بۆ تەکبیرێک دەگەڕان، کات بۆ گۆڕینی ڕێگا نەمابوو، فڕۆکەکانی تورکیا دەهاتن و سوپای تورکیاش دوای گەیشتنیان پەیتا پەیتا بە ناوچەکەدا زیاتر بڵاوەیان پێدەکرا.



شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی تورکان بۆ لەشکر و ئامـانجی ڕێکردنەکەیـان بە زیانێکی گەورە دەشکایەوە و بۆ چەند ڕۆژێک لەسەر سـنوور لە شـەڕدا دەمانەوە، جگە لەو زیانە مرۆیی و سەربازییەی بەریان دەکەوت، فڕۆکە و هێزی زیاتری تورکییان دەهاتە سـەر و ئێرانییەکـانیش ئەو دەرفەتەیـان بـۆ دەڕەخسـا هێزەکانیـان بگەیـنـە سـەر سـنوور، بـۆیە بـارزانی بە هەمـوو شێوەیەک خۆی لەو ڕووبەڕووبوونەوەیە پاراست و بۆ چارەسـەرێکی دیـکە گەڕا.

جەنەڕاڵ مستەفا بـارزانی پـلانەکەی وەهـا دانـا؛ وەک ئەوەی مەبەسـتی ڕووبەڕووبوونەوەیان هەبێت، لەشکر لە بەرامبەر سـوپای تـورک دامەزرا و هەردوو لا چاوەڕێی یەکەم چریسکی ئاگریان دەکـرد. دەمەو ڕۆژئـاوابوون بوو و هێدی هێدی تاریکـایی بەسـەر مەیـدانی شـەڕدا زاڵ دەبـوو، لەناکـاو بـارزانی بە چەنـد جەنگـاوەرێکەوە بەبەر چـاوی تورکـان شـوێنی خۆیـان گواستەوە و بەرەو باکوور هەڵکشان، هاوکات ئەو بەشە زۆرەی لەشـکر کە لە دوایانەوە مابوونەوە، خۆیـان لەنێـو تەڕاش و داڵانەکانـدا شـاردەوە و لە چاوی تورکان بزر بوون، سـوپای تـورک کاتێـک کەسـیان لە بەردەم خۆیـان نەبینییەوە هەستیانکرد فێڵیان لێکـراوە، بـۆیە خێـرا و بە شـپرزەیی خۆیـان کۆکردەوە و بۆ ڕێگری کردن لە بارزانییەکـان دوایـان کەوتـن. بە ڕۆیشـتنی تورکەکان ڕێگای سنوور بۆ بەشە گەورەکەی لەشکر کرایەوە و ئەوانیش بێ خۆ درەنگ خستن ڕێگـاکەی بەردەمـی خۆیـان بـڕی. بـارزانیش لەگەڵ ئەو جەنگاوەرانەی لەگەڵی بـوون بەهـۆی ئەوەی توانـای خێـرا جووڵەکردنیـان هەبوو، بۆ شوێنی پێشووتریان گەڕانەوە و لەوێـوە ڕێگـای سـەر سـنووریان گرتەبەر. کاتێک تورکەکـان هەسـتیان بەخـۆکرد، بارزانییەکـان ناوچەکەیـان بەرەو نـزیکترین خـاڵی سـنووری ئێـران جێهێشـتبوو و گەیشـتبوونە خـاڵی

سـنووری بەردەسـوورچای، بـۆیە گەڕانەوە و لە دوورەوە دەسـتیان بە تەقەکـردن کـرد، بەڵام تەقەکـان هـیچ زیانێکیـان نەبـوو و ناچـار تەنیـا سەیرکردنی پەڕینەوەی بارزانییەکان لە سنووریان بۆ مایەوە.

لەشـکر بەرەبەیـانی ڕۆژی ٢٧ی ئایـار، سـنووری تورکیـای جێهێشـت و گەیشتە نێو خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەوەی پێی دەگوترێت ئێران.

موختاری گوندی بای، بەوپەڕی دڵسۆزییەوە بەڵێنەکەی بەجێ گەیاند و دەیویسـت بـۆ گونـدەکەی بگەڕێـتەوە، جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی شـتێکی ئەوتۆی پێنەبوو وەک ڕێزگرتن لە ماندووبوونەکەی پێشکەشی بکـات، بـۆیە خەنجەرەکەی بەر پشتی دەرهێنا و داوای لە موختار کرد وەک دیـاری لێـی وەربگرێت:

- دەزانم شتێکی ئەوتۆمان نییە پاداشتی مانـدووبوونەکەت پـێ بـدەینەوە، بۆیە ئەم خەنجەرەم بە دیاری لێ وەربگرە...

- قوربـان، ببـووره نـاتوانم دیـارییەکەت لـێ وەربگـرم، ئێـوە ئەم ڕێگـا سەختەتان لەپێناو ئـێمە و تەواوی گەلی کـورد گرتـۆتەبەر، ئەرکـی ئـێمەش ئەوەیە یارمەتیتـان بـدەین، منـیش تەنیـا ئەرکـی خـۆم بەجـێ گەیانـدووە، خۆزگە شانازی ئەوەم پێ دەبڕا تا کۆتایی لەگەڵتان بمێنمەوە، بەڵام بەهـۆی خەڵکەکەمەوە دەبێت بگەڕێمەوە، ئیتر لێـرە بەدواوە تەنیـا دەتـوانم نـزای سەرکەوتنتان بۆ بکەم...

موختار ماڵئـاوایی لە بـارزانی و لەشـکرەکەی کـرد و بەرەو گونـدی بـای گەڕایەوە.

لەوبەری سنوور، بەهۆی بـێ خەوی و بـێ خـۆراکی، بەشـێکی گەورەی لەشکر توانای ڕێکردن تا نێو ئاواییەکـانی نەمـابوو. تەنـانەت (چسـتۆ)ش لە

برسـان بەدەم ڕۆیشـتنەوە لمـووزی لە زەوی دەخشـا، زۆربەی ئەوانەی تەمەنیـان کەمتربـوو، بەهـۆی زۆر خـواردنی ڕێـواس بە گەدەی بەتـاڵ و لە تاوی برسەوە، پەکیان کەوتبوو و پێویستیان بە پشـوو و چارەسـەر هەبـوو. ئەوانەشی توانـای ڕۆیشـتنیان هەبـوو، بەهەر حـاڵێکەوە بـێ، خۆیـان ئامادەکرد بچنە نێو گوندی جێرمێ، یەکەم گوندی نێو سنووری ئێران.

جێرمـێ گونـدێکی عەشـیرەتی هەرکییەکـانە، واری جـانگیر ئاغایـان پێدەگوت، وارەکە لە دوو گوندی بێدکار و جێرمێ پێکهـاتبوو، بێـدکار هـیچ ماڵێکی لێ نەبوو، بەڵام جێرمێ ئاوەدان بوو. بە فەرمـانی جەنەڕاڵ مسـتەفا بارزانی دوو کەس بۆ وەرگرتنی ڕوخسەتی چوونە ژوورەوەی لەشکر ڕەوانەی جێرمێ کران، خەڵکی گوندیش بەوپەڕی سـنگ فـراوانییەوە ڕازیبـوون و بە پیریانەوە هاتن، بارزانی پێش لەشکر کەوت و لە دەروازەی گوند، موختار و ژمارەیەک ڕیش سپی ئاواییەکە لە پێشوازی وەستابوون، چەنـد گەنجێکـیش لەولاوە هەندێک نان و خواردنیان بە دەستەوەبوو، بە دەرکەوتنـی لەشـکر لێیانەوە، گەنجەکان خۆیان بۆ نەگیرا و بۆ لای یەکەم کەس ڕایانکرد:

- ئەو نانەم پێبدەن، با بۆ ئەوانەی دواوەی لەشکری بنێـرم، زۆر کەس لەوێ پەکی کەوتووە و برینداریشیان لەناوە.

- ئەو نانەمان بۆ مەلا مستەفا هێناوە، دەمانەوێ بیدەینە دەستی خۆی، تـا ئەو نەیخوات بە کەسی نادەین.

- من مەلا مستەفام!!

گەنجەکـان بڕوایـان نەکـرد، وایانـدەزانی بـۆ ئەوەی لە خەڵکـی گونـد دڵنیابن، ژمارەیەک چەکدار لە پێشەوە هاتوون و پشکنین و ئامادەکاری بـۆ هاتنە نێو گوندی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی دەکەن.

- دڵنیابن خەڵکی گوندەکەمان ڕاستگۆن و نیازی خراپیان نییە بەرامبەرتان، تەنیا دەمانەوێ بارزانی ببینین...

- بڕوابکەن من مستەفا بارزانیم!!

- چۆن دەبێت تۆ مەلا مستەفا بیت!؟ خۆ دەزانین دوای کەمێکی دیکە، کەسێک بە جلوبەرگی خاوێنەوە و بە سواری ئەسپێک بە بەردەمماندا تێدەپەڕێت و ئێمەش تەنیا دەتوانیین لە دوورەوە سەیری بکەین، ئەو نانەمان خێرا ئامادەکردووە بۆئەوەی هیچ نەبێ بە بیانوی نانەکەوە لێی نزیک بکەوینەوە و ڕوخساری لە نزیکەوە ببینیین...!!

گەنجەکان بڕوایان نەدەکرد ئەوەی لە بەرامبەریان وەستاوە، ئەو کەسەیە کە تەنیا لە چیرۆکەکانی بەر ئاگردانی ناو ماڵە کوردان ناویان بیستووە و هەرکەسە و لە خەیاڵی خۆیدا وەک پاڵەوانی ئاواتەکانی بە شێوازی خۆی دای تاشیوە... بینەساتێکی سەیربوو! ئەگەرچی بڕوای پێنەدەکرا، بەڵام ڕاستی بوو، ئەوە خودی بارزانی بوو لە بەرامبەریان وەستابوو و وەک مرۆڤێکی ئاسایی قسەی لەگەڵ دەکردن. هەرچۆنێک بێت لاوەکان بڕوایان کرد و بە بێدەنگی نانەکەیان دایە دەستی، لە شوێنی خۆیان وشک وەستان و تەنیا سەیری تێپەڕینی بارزانییەکانیان کرد.

بەشێکی لەشکر چوونە نێو گوند، ئەسعەد و میرزا خۆیان بۆ نەگیرابوو، بۆ ئەوەی خواردنێک بۆ ئەوانەی سەر سنوور بهێنن، چووبوونە نێو ئاوایی و دوای ماوەیەک گەڕانەوە. شتێکی ئەوتۆیان دەستنەکەوتبوو، پارەشیان پێنەبوو خواردنێکی پێ بکڕن، ناچار لای بەقالی گوند بەشێک لەو گوللانەی پێیانبوو دایان بوو بە هەندێک پەنیر و دەیانویست بۆ سەر سنوور بگەڕێنەوە:

- ئەم پەنیرەتان لەکوێ هێناوە؟

- ئەسعەد و میرزا بەرامبەر بە فیشەک کڕیویانە و دەیانەوێ بۆ لەشکری بنێرن، ئەوان ئەگەر شتێک نەخۆن ناگەنە ئێرە...

تووڕەیی لە ڕوخساری بارزانی پەنگی دەخواردەوە:

- وادەزانن بۆ شایی و هەڵپەڕکێ هاتووین!! بۆ بڕواناکەن، ئەوەی ئەمڕۆ دەتانپارێزێ ئەم گولله و تفەنگەیە، دەنا دوژمن هەموومان بەدەست دەگرێت، ئەم چەکە شەڕەفمانە، ڕوودەکەینە هەر وڵاتێک، ئێران، عێراق، تورکیا هەمووی هەر دوژمنە، تەنیا ئەم گوللانە لە بەرامبەریان دەمانپارێزن، بەرگەی زۆر ڕۆژی لەمە سەختترمان گرتووە و تا ئێستاش لە برسان نەمردووین، ئێستاش دەتوانین بەرگە بگرین، تا ئەو گوللانە هەبن ئێمەش هەین، دڵنیابن کە نەمان، ئێمەش نامێنین، لەجیاتی بیان فرۆشن، حەق وایە توند لە ئامێزیان بگرن، تا ئەوانمان پێبێ باکمان بە کەس نییە، یان دەمانکوژن، یان دەیانکوژین، بەڵام لە برسان نامرین...

بارزانی دوای ئەم قسانە کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر شوێنەکەی جێهێشت. ئەسعەد و میرزا ئاغاش وەک سزا لەبەرامبەر لادانیان لە ڕێنماییە سەربازییەکان، دوو ڕۆژ چەکەکانیان لێ وەرگیرایەوە.


لەشکری بارزان، لە هەر بارودۆخێکدا پەیڕەوی نەریت و پرەنسیپە سەربازییەکانی خۆی دەکرد، بۆ هەر گوند و ئاواییەک دەچوون، ئەگەر تەواو بڕواشیان پێیان هەبا، بەڵام پاسەوان بە دەوری ئاواییەکەوە هەر دادەنرا و چاودێری چوونە ژوورەوە و هاتنە دەرەوەی خەڵکی ئاواییەکان دەکرا، لە جێرمێش هەمان شت کرا.

ڕێکەوتی ٢٧ی ئایار، لەشکری بارزان بەدەم پێشوازی خەڵکەوە چوونە

نێو گوندی جێرمێ و مێوانداری کران، ئەو بەشەی لەشکریش کە لەسەر سنوور مابوونەوە، دوای ڕۆژێک حاڵیان باشتر بوو و ئەوانیش گەیشتنە نێو گوندەکە، لەوێ حەسێندرانەوە و خواردنیان پێدرا.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە ماڵی موختاری گوند بێنی دا و خەڵکی گوند پۆل پۆل بۆ بینینی دەهاتن. ئاخر چەند مانگێک لەمەوبەر، ڕاپێشی لەشکرێکی شەشسەد کەسی کەوتبوو، لە ناوچەکانیان ڕووبەڕووی سوپای ئێران وەستابووەوە و سەرکەوتنەکانی زار بە زار لەنێو خەڵکی ئاوابیەکان وەک ئەفسانە دەگێڕدرایەوە.

دوای دیدار لەگەڵ خەڵکی ئاوایی، ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتن لە جێرمێ کۆبووەوە، قۆڵەکانی لەشکر ڕێکخرانەوە، دەستنیشانی ئاراستەی ڕێڕۆیشتن کرا و بڕیاردرا خۆیان گیرۆ نەکەن و هەر لەو ڕۆژەدا بەڕێ بکەون.


تورکیا
ئێران
عێراق
بای
جێرمێ
بەردەسورچای
شەمزینان
بێداو
ستونێ
درێ
ماواتا
باسیا
ئەرگۆش
مێرۆز
دێزۆ
سێلکێ
چیای گۆڤەند
چیای سەرخنگێل
زێت
گەردی
کەلێت
شێروان
بارزان
دەریا سۆر
کانی ڕەش
بەنێ
ئەرمۆش
موسلۆك
خواکورك
برادۆستی
نازداراداغ
خێوەتەکانی
زێڕۆ هەرکی
گەلی گادەر
پیران
مێرگەسۆر
سیدەکا
سۆران
هێلی سنوری
ڕوبار
ڕێڕۆیشتنی هەڤاڵان
گەڕانەوەی ئاوارەکان
شەو مانەوەی هەڤاڵان
بنکەی سەربازی حکومەت
ناوەندی نیشتەجێبوون
گوندەکانی سەر ڕێ
پردی پەڕینەوە
بۆردومانی فڕۆکە
شەڕی ڕوبەڕوو

۲۸ ڕۆژ
تا ئاراس

# ٢٨ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٨ی ئایاری ١٩٤٧، لەشکری بارزان گوندی جێرمێی بەرەو ئاوایی بەگزادەکان جێهێشت و حکومەت لە بوونی بارزانییەکان لەنێو سنووری ئێران ئاگادار کرایەوە.

لەشکری بارزان دوای پەڕینەوەیان بۆ نێو سنووری ئێران، لە واری جانگیر ئاغا پشوویەکی کورتیان دا و دواتر وارەکەیان بەرەو ناوچەی بەگزادەکانی عەشیرەتی هەرکی لە تەرگەڤەڕ جێهێشت.

دوای حەسانەوەیەکی کورت لە گوندی جێرمێ، بڕیاری جێهێشتنی گوندەکە درا، قۆڵەکەی مامەند مەسیح، وەک هەرجار، پێش لەشکر بەڕێکران. کاتێک گەیشتنە دەرەوەی گوند، دوو سوار لە چەکداری هۆزەکانی ناوچەکەیان لە دوورەوە بینی. سوارەکان کاتێک چاویان بە جەنگاوەرە بارزانییەکان کەوت، لەشوێنی خۆیان سوڕانەوە و ڕێگای گوندەکانی بەگزادەکانیان گرتەبەر، بارزانییەکان هەوڵی گرتنی سوارەکانیان دا، بەڵام بۆیان نەگیران و لەچنگیان دەربازیان بوو.

هەواڵی گەیشتنی لەشکری بارزان بۆ نێو سنووری ئێران گەیشتە ئاغاکان، ئەوانیش بێ خۆ درەنگ خستن، خۆیان گەیاندە شاری ورمێ و هەواڵەکەیان بە حکومەت گەیاند. حکومەتی ئێران پێشتریش لەلایەن عێراقەوە لە جووڵەی لەشکری بارزان بە سنووری تورکیادا ئاگادار کرابووەوە و پێیان ڕاگەیەندرابوو، پێدەچێت ئامانجەکەیان پەڕینەوەبێت بۆ نێو سنووری ئێران.

ئاغاكانی ناوچەی بەگزادە ترسێكی زۆریان لە بارزانییەكان هەبوو، تـرسی ئەوەی، نەوەک تۆڵەی خیانەتەكەی گوندی گۆجاڕیان لێبكەنەوە.

دوو مانگ لەمەوبەر و لە ئـاداری سـاڵی ١٩٤٧، كاتێـک بارزانییەكـان لە هەموو لایەكەوە لەلایەن سوپای شاهەنشاییەوە پەلامـار دەدران، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی خۆی گەیانـدە نێـو بەگزادەكـان و لە گونـدی ئەنبـێ لەگەڵ ئاغاكانیان كۆبووەوە، داوای لێكردن یارمەتی لەشـكر و خێـزانە بارزانییەكـان بدەن تا بەنێویاندا بەرەو سەر سنووری یەكێتی سۆڤیەت بپەڕنەوە. هەر لە سەین و بەینی كۆبوونەوەكـان، یەكێـک لە ئاغاكـان بە نـاوی هەویركـۆ، بە نهێنی خۆی گەیاندە ورمێ و حكـومەتی لە بـوونی جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی بە ژمارەیەكی كەمی چەكدارەوە لە گوندی ئەمبێ ئاگاداركردەوە، بۆ بەیـانی ڕۆژی دواتـر، جەنەڕاڵ مســتەفا بــارزانی لە گونــدی گۆجــاڕ خــۆی لەنێــو گەمارۆی سوپای ئێرانـدا بینیـیەوە، هەویركـۆش بە سـواری ئەسـپەوە پـێش ئێرانییەكان كەوتبوو و هاواری دەكرد "تەواو كەسـتان ڕزگـاری نابێـت". بـۆ شكاندنی ئابڵۆقەكە، شەڕ تاكە ڕێگا بوو، هەر واش كـرا، ئـابڵوقەكە بە شـەڕ شكێندرا و هەوێركۆش كوژرا.

محەمەدەمین میرخان، مسـتەفا ڕەشـۆ، محەمەدئەمـین حەسـەن، حـالی محەمەد، ساڵح خانۆ و چەندین جەنگـاوەری دیـكەی بـارزانی بە برینەكـانی شەڕی گۆجاڕەوە گەڕاونەتەوە و جارێكی دیـكە ڕێگـای نێـو بەگزادەكانیـان گرتۆتەوە بەر، بەڵام مەبەستی تـۆڵە سـەندنەوەیان نیـیە. جەنەڕاڵ مسـتەفا بارزانی فەرمانی بە لەشكر كـرد، بـێ ڕێگەپێـدان نەچـنە نێـو ئاواییەكـانەوە، ئازاری خەڵكی نەدەن و بەزۆر هیچیان لـێ وەرنەگـرن، هەر جەنگاوەرێـک ئەوە بكات، بەرپرسەكەی سزا دەدرێت.

ناوچەی بەگزادەکانی تەرگەڤەڕ، نزیکەی پەنجا گوندی بچـووک دەبـوون و دەکەوتـنە ناوەڕاسـتی هـۆزی هەرکـی، خۆشـکێ لە باشـوورەوە یەکەم گوندی بەگزادەکانە و دەکەوێتە دووری شەش کیلۆمەتری باشووری گوندی ئەنبێ، هێشتا لەشکری بارزان نەگەیشتبووە ئەو گونـدە، ئاغاکـانی بەگـزادە خۆیان گەیاندبووە شاری ورمـێ، کـوڕانی نـووری بەگ و هەویرکـۆ بـێ خـۆ گیرۆکردن چوونە بارەگای ڕوکنی دووی ئەرکانی هێـزی کوردسـتان و هەواڵ و چـــۆنیەتی ڕێکـــردنی لەشـــکری بارزانیـــان بە حکـــومەت دا و فـــڕۆکە شەڕکەرەکان ڕاستەوخۆ بۆ کۆکردنەوەی زانیاری زیاتر، دەستیان بە فڕین بە ئاسمانی ناوچەکەدا کرد.

نەقیب عەدل زەرابی، ڕەشید بەگ و کوڕانی نووری بەگ، بـانگی بارەگـای ئەرکان کران. بـۆئەوەی هەرچـی زووە ڕێـگە لە جـووڵەی لەشـکری بـارزان بگیرێت، فەرمانی نـاردنی سـەد سـەرباز بـۆ گونـدی موانـا دەرکـرا، هێـزەکە ڕاستەوخۆ جووڵەی پێکرا و لە گوندی لەرنێ و گەرووی گردەپێچ جێگیرکـرا. هاوکات، فەوجی پیادەی ئەسـفەهان و فەوجـی دووی ئازەرپـاد، هێزێکـی تــۆپ هــاوێژ، چــوار نەفەر هڵگــر و دەزگــایەکی بێــتەل لەگەڵ هەژدە بارهەڵگری سەربازی، ئامـادەکران، بـۆئەوەی ڕۆژی دواتـر لە گونـدی موانـا جێگیر بکرێن.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، کاتێک ڕێگای نێو بەگزادەکانی گرتەبەر، نووری بەگــی بە نــامەیەک لە هــاتنی ئاگــادار کــردەوە و داوای لێکــرد لەنێــوان بارزانییەکـان و حکومەتـدا بـێلایەن بوەسـتێت. نـووری بەگـیش نـامەکەی ڕاستەوخۆ بردە بارەگای ئەرکانی سوپا.

جەنەڕاڵ هومایونی، بە گەڕانەوەی بارزانییەکان بـۆ نێـو سـنووری ئێـران هەستی دەکرد دەرفەتێکی باشی بۆ هاتۆتە پێش، تا بە بەر چاوی محەمەد ڕەزا شاوە، تـۆڵەی شکسـتەکانی سـەردەمی کۆمـار و مـانگی ئـاداری سـاڵی ١٩٤٧ یان لێبکاتەوە.

بە ڕێـکەوت، کاتێـک لەشـکری بـارزان گەڕایەوە نێـو سـنووری ئێـران، محەمەد ڕەزا شا بە مەبەستی ئاگاداربوون لە بـارودۆخی نـاوچە ئـازەری و کوردییەکان، سەردانی پارێزگـای ئازەربایجـانی ڕۆژئـاوای کردبـوو و لە شـاری ورمـێ گیرسـابووەوە. دوای ئاگـادارکردنەوەی لە گەڕانەوەی بارزانییەکـان، بۆئەوەی لە نزیکەوە ئاگای لە ڕووداوەکان بێت، لە شاری ورمـێ مـایەوە و نەگەڕایەوە تاران.

حکــومەتی ئێــران بــۆ ڕێگــری کــردن لە لەشــکری بــارزان، خێــرا ئامادەکارییەکـانی دەسـت پێکـرد و بـۆ ئەوەی تـۆڵەی شـەڕەکانی کۆماریـان لێبکاتەوە، هەموو پێداویستییەکی جەنگی فەراهەم کـرد. لەبەرامبەریشـدا لەشـکری بـارزان بە ئامـانجی بڕینـی ڕێگـای بەردەمیـان و گەیشـتنیان بە سنووری یەکێتی سۆڤیەت، هەوڵیان دا، بە باشترین شێوە سـوود لە کـات و دەرفەتەکـــانی بەردەمیـــان وەربگـــرن و نەکەونە داوی حکـــومەتەوە. هەر بۆیەش، بەبێ گوێـدانە مەتـرسی و سـەختییەکانی بەردەمیـان، ڕێگـای سـەر سنووریان گرتەبەر.

لەشکری بـارزان تـا ئێـوارەی ڕۆژی ٢٨ی ئایـار بە تەواوی قۆڵەکـانییەوە واری جـانگیر ئاغایـان جێهێشـت و ڕێگـای نێـو ئاواییەکـانی بەگزادەکانیـان گرتەبەر.

## ٢٩ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٢٩ی ئایـاری سـاڵی ١٩٤٧، لەشـکری بـارزان گەیشـتە نـاوچەی بەگزادەکان لە هۆزی هەرکی و بەسەر گوندەکانی ناوچەکەدا دابەش بوون.

ئاگـادار بـوونەوەی حکـومەت و مەتـرسی ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵیـان، جووڵەی لەشکری خێراتر کرد، بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی قۆڵەکانی لەشکر جارێکی دیکە ڕێکخرانەوە و ئێـوارەی ڕۆژی ٢٨ی ئایـار بە خێرایـی واری جانگیر ئاغایان جێهێشت.

بـۆ بەرەبەیـانی ڕۆژی دواتـر، واتـا ٢٩ی ئایـار، تەواوی قۆڵەکـانی لەشـکر گەیشتنە ناوچەی بەگزادەکان و بەسەر هاوینەهەواری گوند و ئاواییەکانـدا دابەش بوون.

بە پێچەوانەی ئاغا ڕاکردووەکانیان، خەڵکی ئاسایی گوندەکان، سەرەڕای هەژاری و مەترسی سزادانیان لەلایەن حکومەت و ئاغاکانیـانەوە، پێشـوازی و خزمەتێکی بێ وێنەی لەشکری بارزانیـان کـرد. دایکـی هەوێرکـۆ، ئەوەی دوای خیانەتەکەی گوندی گۆجار بەدەستی لەشکری بـارزان کـوژرا، لەگەڵ خەڵکی بۆ پێشوازی و بەخێرهێنانی لەشـکر هـاتبووە سـەر ڕێگـا، سـەرەڕای ڕاکردنـی ئاغاکەیـان، دەرگـای گونـدی خانەقـا و دیوەخـانی ڕەشـید بەگـی هەرکـی لەو گونـدە بەڕووی لەشـکردا کـرایەوە و بەشـێکی لەشـکری لـێ حەسێندرایەوە، دیوەخانی نووری بەگـیش لە گونـدی ئەمبـێ بـووە شـوێنی مانەوەی ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتن، ئەمە بۆ گونـد و ئاواییەکـانی دیـکەش هەر ڕاست بوو.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتن، بە قۆڵێکی لەشکرەوە چوونە گوندی ئەمبێ. خەڵکی بۆ بینین و پێشوازی لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەرەوە و هەرکەسە هەوڵی دەدا ژمارەیەکی زیاتری جەنگاوەر بباتە ماڵەکەی و خزمەتی بکات. قۆڵەکانی دیکەی لەشکریش چوونە گوندەکانی خۆشکێ، تێلوێ و دەربەند و لەنێو گوند و لە هاوینە هەوارەکانیان گیرسانەوە.

کاتێک فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران بەدیار کەوتن، لەشکر گەیشتبووە نێو بەگزادەکان، بە بیستنی دەنگی فڕۆکە، ئەوانەی لە دەوروپشتی ئاوابیەکان وەک پاسەوان و نۆبەتدار جێگیر کرابوون، خۆیان لەنێو تەڕاش و بن بەرد و دارەکان شاردەوە، فڕۆکەکان وەک ئەوەی مەبەستی پەلاماریان نەبێت یان شتێکی گوماناوییان نەبینیبێت، کەمێک بەسەر ئاسمانی ناوچەکەدا سووڕانەوە و دواتر دەنگیان نەما.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و ژمارەیەک لە هەڤاڵانی لە ماڵی نووری بەگی ڕاکردوو دابەزین، خەڵکێکی زۆر بۆ بەخێرهێنانی بارزانی و یاوەرانی دەوری ماڵەکەیان دا و ئەوەی بۆی ڕەخسا بۆ بینینی بارزانی خۆی کرد بە ژوورەوە.

ئاغا و ڕەشەکەکانیان گوندەکانیان جێ هێشتبوو، بۆیە لەشکر و تەنانەت خەڵکی ئاسایی ناوچەکەش هەستییان بە مەترسییەکی ئەوتۆ نەدەکرد، حکومەتیش هێشتا بەتەواوی بەخۆ نەکەوتبوو، ئامانجی گەڕانەوەی لەشکری بارزانیشیان بۆ ڕوون نەبوو، بۆیە خۆیان لە ڕووبەڕووبوونەوە دەپاراست. لەلایەن حکومەتەوە تا ئەوکات تەنیا ژمارەیەک چەکدار نێردرابوونە گوندی موانا، ئەوانیش زیاتر بۆ ئەوە بوون لەشکر چاوترسێن بکەن و لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە بکەن.

ئێرانییەکان لە گەڕانەوەی بارزانییەکان بەگومان بوون، بۆیە بە ڕێگەی ڕەشید بەگی بەگزادەی سەرۆک هۆزی هەرکی، نامەیەکیان بۆ بارزانی نارد و داوایان لێکرد ئامانج لەو گەڕانەوەیەیان بۆ ڕوون بکاتەوە و دەست بەجێ سنووری ئێران جێبهێڵێت.

ڕەشید بەگ بە نامەی حکومەتەوە هاتە گوندی ئەمبێ و داوای بینینی بارزانی کرد، لەلایەن نۆبەتدارانی لەشکرەوە برایە شوێنی حەوانەوەی بارزانی لە ماڵی نووری بەگ و لەوێ لەگەڵ یەکتری دانیشتن، ڕەشید بەگ نامەکەی حکومەتی ئێرانی دایە دەست بارزانی و لە مەبەستی ئێرانییەکانیش ئاگاداری کردەوە:

- کاربەدەستانی ئێران سەریان لەو گەڕانەوەیەتان شێواوە، ئاغاکانیش لە ترسی ئەوەی تۆڵەی جاری پێشوویان لێبکەنەوە گوندەکانیان جێهێشتووە و ئامادەن لە دژی ئێوە یارمەتی حکومەت بدەن، ئەوەشیان بەلاوە ئاساییە، چونکە ئێوە هاتوونەتە سەر گوندەکانیان. هەمووی نابێتە دوو مانگ ئێرەتان جێهێشتووە، بۆ گەڕاونەتەوە؟ ئەو پرسیارەت لێ دەکەم، چونکە بەڕاستی خۆشم نایزانم، بەڵام هەر مەبەستێکتان هەبێت، دەبێ پێت بڵێم، باشتر وایە هەرچی زووە ئەم سنوورە جێ بهێڵیت، حکومەت خەریکە بە باشی خۆی ساز دەدات، بەم ئاسانییە وازتان لێ ناهێنێت و تا ئەوکاتەی لەنێو سنووری ئێرانن هەوڵی لەنێوبردنتان دەدات، ئەگەر مەبەستی مانەوەشتان هەیە، چارەیەک بۆ خۆتان بدۆزنەوە و بە نامەیەک حکومەت لە ئامانجەکەتان ئاگادار بکەنەوە...

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بە درێژایی ڕێڕۆیشتن، خۆی و لەشکرەکەی لە ڕووبەڕووبوونەوە تەواوی ئەو هێزانە پاراستبوو کە هاتبوونە سەر ڕێگایان

و مەبەسـتی بـوو ئەم قۆنـاغەش بەبـێ شـەڕ تێبپەڕێنێـت، ئەگەرچـی ئەمجارەیان سەخت و جیاواز بوو:

- ڕەشـید بەگ سوپاسـت دەکەم کە هـاتوویەتە ئێـرە، بـا بە نـوێنەرایەتی حکومەتیش بێت، ئێمە مەبەستی مانەوەمان نییە و تەنیا گوزەرمـان بێـرەدا کەوتووە، ئاغاکـان دڵنییـا بـکەرەوە کە نامـانەوێ تۆڵەیـان لـێ بکەیـنەوە و پێویست ناکـات لە بەرامبەرمـان چەک بـۆ ئێرانییەکـان هەڵبگـرن، زۆرجـار ئەوەیان تاقی کردۆتەوە و ئەنجامەکەشیان بینیوە.

زۆر مانـدووین، دوو مـانگە پێڵاوەکانمـان لە پـێ نەکـردووەتەوە، ڕەخـت و فیشـەکمان لە خـۆ نەکـردۆتەوە و چەکـمان لە شـان نەهێنـاوەتە خـوار، پشـــوویەکمان نەداوە و هەر خەریکـــی ئەوبەر و ئەمـــبەر کـــردنی سـنوورەکانین. دەوڵەتـانی دەوروپشـتمان مەرجەکانمـان قبـووڵ نـاکەن، ئەگەرچی زۆر سادەن، ئـێمەش بـا ژمارەشـمان کەم بێـت، بەڵام ئامـادەنین سەر بۆ داواکارییەکانیان دانوێنین و بە خۆبەدەستەوەدان، خەباتی چەندین ساڵەی گەلەکەمان بە قوربانی حەسانەوەیەکی کـورتی دونیـایی بکەیـن، ئەم ژمـارە جەنگـاوەرە کەمەی دەوروپشـتت دەبینـی؟ ئەمـانە خەبـات بـۆ سـەربەرزی نەتەوەیەکـی گەورە دەکەن و ئامـادەن لەپێناویـدا هەمـوو قوربـانییەک بـدەن، بەڵام نایـانەوێ شـەڕی براکانیـان بـکەن، ئەگەر لە بەرامبەریان چەکی خیانەت هەڵنەگرن.


دڵنیابە بە زووترین کات ئێرە جـێ دەهێڵـین، بەڵام دەمـانەوێ پشـوویەکی کورت بدەین، مەبەستمانە تا سنووری سۆڤیەت نەوەستین. بگەڕێوە ورمـێ و بە ئێرانییەکان بڵێ، دوو سێ ڕۆژی دیکە مەلا مستەفا بە نـامە وەڵامتـان دەداتەوە، تـا ئەوکـات دڵنیـابە، هەم پشـوویەکی کورتمـان داوە، هەم

ناوچەکەتانمان جێ هێشتووە.

ڕەشـید بەگ وەڵامەکەی خـۆی لە بـارزانی دەسـتکەوت و بـۆ ئێـوارەی هەمان ڕۆژ، گوندی ئەمبێی بەرەو شاری ورمێ جێهێشت.

لەشـکر بەهـۆی چەنـدین ڕۆژ ڕێکـردنی بەردەوام، تەواو هـیلاک ببـوو. زۆرێک لە جەنگاوەرەکان بەتایبەت ئەوانەی برینی کۆنیان هەبـوو بەهـۆی برسـێتی و هیلاکـی بە یەکجـاری پەکیـان کەوتبـوو و بەسـەر پشـتی هاوڕێکانیانەوە دەگواسترانەوە. ئێرە ناوچەیەکی بـاش بـوو بـۆ حەسـانەوە. بەتایبەت کە حکومەتی لێ نەبوو و جاشەکانیش ڕایانکردبوو. دڵنیاش بـوون لەوەی تـا بـارزانی وەڵامـی نامەکەیـان نەداتەوە، حکـومەت لەبەرامبەریـان جووڵە ناکات.

بەگەیشتن بۆ نێو بەگزادەکان، بارودۆخی جەنگاوەرە بارزانییەکان باشـتر بوو، لەلایەن خەڵکییەوە دەرگای ماڵەکانیان بەڕوودا ئاوەڵاکرا، ئامـادەکردنی خواردن بەشێوەی هەرەوەزی بوو، هەر خێزانە و ئەوەی لەماڵەوە هەیبـوو دەیهێنا و لە مەیدانی گوند کۆدەکرایەوە، خواردن بۆ تەواوی لەشکر ئامـادە دەکرا، هێز و قۆڵەکـانی لەشـکر نـوێنەری خۆیـان دەنـارد و بەپێـی ژمـارەی جەنگـاوەرانی هێــزەکەی بەشـــە خـــواردنی خۆیـــان وەردەگـــرت. دوای گەڕانەوەشیان خواردن بە یەکسانی بەسـەر جەنگاوەرەکانـدا دابەش دەکـرا. چستۆش دەهات و بۆخـۆی بەتەنیـا لە سـەرەی خـواردن دەوەسـتا و بەشـە خواردنەکەی پێدەدرا.



جەنگاوەرەکان ماوەیەک بـوو خـواردنی چەور و گۆشـتیان نەخواردبـوو، ئەویش لێرە بە ڕادەیەکی باش دەست دەکەوت. ئەمجارەیـان بـارودۆخەکە پـێچەوانە ببــووەوە، بەشـێک لە جەنگاوەرەکـان بەتـایبەت ئەوانەی کەم ئەزموونتر بوون، بەهۆی خواردنی چەوری و گۆشـت کە مـاوەیەکی زۆربـوو نەیـانخواردبوو، تــووشی زکچــوون و ڕشـانەوە بــوون، شــەو درەنــگ هەر لایەکت سەیر دەکرد چەند کەسێک سەری بە جۆگەلەیەکی ئـاودا کردبـوو. ئەمانە خواردنی خۆشیان لێ نـایەت، لەوانەیە نـان و ئـاوەکە سـازگارتر بـێ بۆیان.

بەیـانی ڕۆژی دواتـر، ئەوکـاتەی زۆربەی خەڵکـی گونـدی ئەمبـێ ئاواییەکەیان بە مەبەستی کـێڵان و پەرژینکـردنی بێستانەکان و لەوەڕانـدنی ماڵات جێهێشتبوو، ژمارەیەک جەنگاوەری لەشکر کە کاری نۆبەتداریی نێـو گونـدیان پـێ سـپێردرابوو لە دوورەوە چاویـان بە پیاوێـک کەوت بە جـلی جەنەڕاڵییەوە وەستاوە، زۆریان پێ سەیر بوو!! ڕۆژی پێشتر هـیچ پیـاوێکی شـەڕکەر لە گونـد نەمـابوو و بە ئاغاکانیـانەوە ڕایـانکردبوو، لە پڕێـک جەنەڕاڵێـک لە کـوێ دەرکەوت!؟ جەنەڕاڵەکە بـێ ئەوەی خـۆی تێکبـدات لەپێش دەرگای مـاڵی نـووری بەگ زۆر بە بێبـاکی سـەیری ئەولا و ئەمـلای دەکرد، نۆبەتدارەکان بە پارێزەوە خۆیان لێ نزیـک کـردەوە، کاتێـک تەواو نزیـک کەوتـنەوە بینییـان، فەرزی بـارزانییە و جـلی جەنەڕاڵێتـی کۆمـاری نـووری بەگـی لەبەر کـردووە. نـووری بەگ ئەوەنـدە بە پەلە مـاڵی خـۆی جێهێشـتبوو، بـۆی نەکرابـوو جلەکـانی خـۆی کە هێشـتا تەواوی نیشـانە سەربازییەکانی کۆماری بەسەر شانەوە بوو لە دیوەخان کۆبکـاتەوە. کاتێـک نۆبەتدارەکان بینیان ئەمە فەرزییە، جەنگـاوەری دیـکەش هـاتن و هەر بـۆ خۆشی لەدەوری کۆبوونەوە، ئەویـش بـۆ مـاوەیەک وەک جەنەڕاڵ فەرمـانی بەسەردا دەکردن...

لەکـاتی مـانەوە لە نێـو هەرکییەکـان، سـێ جەنگـاوەری ئەم هـۆزە بەناوەکـانی محـیەدین بابـازادە، داود یوحەنـا (لاوکـۆ) و ڕەزاخـان حەسـەن (خودێدا) هاتنە ڕیـزی لەشـکر و بـوونە بەشـێک لە لەشـکری شۆڕشـگێڕی بـارزان. ئەم سـێ جەنگـاوەرە بەهـۆی شـارەزاییان لە ڕێگاکـانی سـنووری ڕۆژهەڵاتی کوردسـتان، بە درێژایـی ڕێگـا سـوودێکی گەورەیـان بە لەشـکر گەیاند. هەریەک لە داوید یوحەنا و ڕەزاخـان، بـێجگە لەوەی جەنگـاوەری شارەزابوون، زمانی ڕووسیشیان دەزانی. داود یوحەنـا لە سـەردەمی کۆمـاری

مهابـاد لە کونسـوڵخانەی ڕووسـیا لە ورمـێ پاسـەوان بـوو و لەو مـاوەیەدا کەمێـک فێـرە زمـانی ڕووسی ببـوو. ڕەزاخـانیش لەسـەردەمی داگیرکـاری ڕووســەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردســتان، هــاتوچۆی بنکەیەکــی ســەربازی ڕووسەکانی لە گوندی تلوو دەکرد و لەو ماوەیەدا فێـری زمانەکەیـان ببـوو، لە کاتی تێپەڕینی لەشکر بەنێو بەگزادەکاندا خۆی گەیانـدە لایـان و کاتێـک بە بارزانییان گوت زمانی ڕووسی دەزانێت، بەوپێـیەی لەشـکر زۆر پێویسـتی بە کەسێک بوو زمانی ڕووسی بزانێت، گوتی (خودێ دا) واتا خوا ناردی، ئیـتر لەو کاتەوە ناویشی لەنێو هەڤاڵانی بووە (خودێدا).

ڕۆژی نۆیەم ...

## ٣٠ی ئایاری ١٩٤٧

ڕۆژی ٣٠ی ئایــاری ١٩٤٧، لەشــکری بــارزان بە پەڕیــنەوە لە چــۆمی بێلەچوک، گوندەواری بەگزادەکانی بەرەو هۆزی شکاک جێهێشت.

جەنەڕاڵ مســتەفا بــارزانی وەک ئەوەی بەڵێنــی بە ڕەشــید بەگ دابــوو، دوای حەسانەوەیەکی کورتی لەشکر لە ئاوابیەکانیان، نــاوچەی بەگزادەکــانی جێهێشت و بە تەواوی قۆڵەکانی لەشکرەوە بەرەو باکوور هەڵکشا.

جــگە لە چەکــداری هۆزەکــان، حکــومەت هێزێکــی زۆری ســەربازی بە تەواوی پێداویســتی جەنگیــیەوە نــاردبوو، هێزەکــان ڕۆژی ٢٩ی ئایــار، لە گوندی لەرنێ و گەرووی گردەپێچی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەمبێ جێگیرکـران و چاوەڕوانی فەرمانی حکومەتیان دەکرد.

جەنەڕاڵ مستەفا بــارزانیش کە تەنیـا مەبەسـتی خافڵانـدنی ئێرانییەکـان بوو، سوودی لە چاوەڕوانی ئێرانییەکـان وەرگـرت و بـۆ ئێـوارەی ڕۆژی ٣٠ی ئایــار، تەواوی قۆڵەکــانی لەشــکری لە نێــوان گونــدەکانی ئەمبــێ و خانەقـا کۆکردەوە و دوای تاریک داهاتن، بە هێمنی و بە نهێنی نــاوچەکەی بەرەو هۆزی شکاک جێهێشت.

لەلایەن گونــدییەکانەوە هەنــدێک نــان و پێخــۆری ڕێگــا بــۆ لەشــکر ئامادەکرا، ئەو جەنگاوەرانەی شەوی پێشتر نەخۆش کەوتبــوون، بەشــێکیان هێشتا چاک نەببونەوە و نەیاندەتوانی بەپێ بڕۆن، بۆیە بە ئەمـانەت چەنـد وڵاخێکیان بۆ گواســتنەوەیان لە خەڵکــی وەرگــرت. لەشــکر بــێ وەســتان بە

خێرایی بەرزی و نزمییەکانی بەردەمی خۆیان تێپەڕاند و بـۆ درەنگـانی شـەو گەیشتنە چۆمی بێلەچوک.

تێپەڕاندنی چۆمەکە کارێکی زەحمەت بـوو، نەک لەبەر زۆری ئـاوەکەی، بەڵکــو بەهــۆی هەڵــکەوتەکەیەوە کە دەکەوتە دۆڵێکــی قــووڵەوە و شۆڕبوونەوە و سەرکەوتن پێیدا ماندووبوونێکی زۆری دەویست. لەشکر بە تاریکـایی شـەو و بە زەحمەتێکـی زۆر بە دۆڵەکەدا چـووە خـوارەوە و لەو ناوە هیچ پردێک بـۆ پەڕیـنەوە نەدۆزرایەوە، بـۆیە ناچـار خۆیـان لە ئـاوی ڕووبـارەکە دا و یەک یەک و کـۆمەڵ کـۆمەڵ لە ڕووبـار پەڕیـنەوە، دوای پەڕینەوەش دەرفەت بۆ خـۆ گەرمکـردنەوە و خـۆ وشـک کـردنەوە نەبـوو، بەوحـــاڵەوە ژێـــرهەڵەکەی بەردەمـــی خۆیـــان بـــڕی و بە دۆڵەکەدا سەرکەوتنەوە.



دوای سەرکەوتن، جەنگاوەرەکان لە قۆڵەکانیاندا خۆیان ڕێکخستەوە و بێ وەستان درێژەیان بە ڕێگا دا، ڕێگاکە تا بڵێی بەردەڵان و پڕ بەرزی و نزمی بوو، دار و شیناتییەکی ئەوتۆشی لێ نەبوو. دوای ڕێکردنێکی بەردەوام بەو زەوییە سەختەدا، دەمەو ڕۆژهەڵات یەکەم قۆڵی لەشکر گەیشتە گوندی گلێشخانە، یەکەم گوندی هۆزی شکاک لە دەشتی سۆمای برادۆست.

کزە تیشکی بەرەبەیانی خۆر، لە پشتی شاخە بەرزەکانەوە هێواش هێواش زەوی نەوازش دەکرد و پێ دەشت و نەهالەکانی ڕووناک دەکردەوە، گوندەکان یەک بەسەر یەکەوە، لە چەشنی باخچەی هەڵواسراو، وەک مێرگی ئیرەم سەوز و زەرد دەدرەوشانەوە. لەوانەیە ئێرە جوانترین شوێن بووبێ کە تا ئێستا بینیویانە. بۆ ساتێک هەر جەنگاوەرەو لە جێگەی خۆی بەدەم خەیاڵی خۆیەوە، بەدیار جوانی دیمەنی گوندەکان وەستا، دواتر بە هێمنی بەلای گلێشخاندا تێپەڕین و تا گوندی سێرۆ نەوەستان.

لێرەوە سنووری هۆزی هەرکی ڕۆژهەڵات تەواو دەبێت و دەچیتە نێو زەوییەکانی هۆزی شکاک.

۲۸
ڕۆژ
تائاراس

رۆژی دەیەم ...

## ۱۳ی ئایاری ۱۹٤۷

ڕۆژی ۳۱ ئایاری ۱۹٤۷، لەشکری بارزان گەیشتە نێو هۆزی شکاک و لە گوندی سێرۆ گیرسانەوە.

هۆزی شکاک، یەکێکن لە گەورە هۆزە کوردییەکان و بە هەردوو دیوی سنووری ئێران و تورکیا، لە ناوچەی مەرگەوەر و تەرگەوەر بڵاوبوونەتەوە. لە دیوی ئێران سنووری هۆزی شکاک بە گوندەواری سۆمای برادۆست دەستپێدەکات و ناوچەکە زیاتر لە پەنجا گوند دەبێت.

دوای گەیشتنیان بەنێو سنووری شکاکەکان، بەرەبەیانی ڕۆژی ۳۱ی ئایار لەشکری بارزان گەیشتە دەروازەی گوندی سێرۆ، گوندەکە لە تەواوی گوندەکانی دەوروپشتی گەورەتر بوو، دەکەوتە سێ کیلۆمەتری ڕۆژهەڵاتی سنووری تورکیا و دەشیا بەشێکی زۆری لەشکری لێ جێگیر بکرێ و بحەوێندرێتەوە.

بە بیستنی هەواڵی هاتنی لەشکری بارزان، ئاغای گوند حەسەن تێلۆ، گوندەکەی جێهێشت و بەرەو شاری ورمێ ڕایکرد، بە ڕاکردنی ئاغای پیر، دەرگای گوند بەڕووی لەشکردا کرایەوە. دەمەو نیوەڕۆ، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و بەشێکی زۆری لەشکری بارزان گەیشتنە نێو گوندی سێرۆ و بەشێکی لەشکریش لە دەوروپشتی گوند مۆڵگەیان دانا.

خێزانی حەسەن تێلۆ، سەرەڕای گەنجی، نموونەی ئافرەتێکی کوردی خانەدان بوو، خۆی بۆ پێشوازی بارزانی و هەڤاڵانی هات و هەمووانی

داوەتی دیوەخانەکەی کرد، بۆ خـوانی نیـوەڕۆ، خـواردنی بـۆ تەواوی لەشـکر ئامادەکرد و مێواندارییەکی کوردانەی کردن.

بـاشی و جـوامێری خەڵکـی سـێرۆ هاوشـێوەی نەبـوو، جەنگاوەرەکـانی لەشکر بەنێو گونددا بڵاوەیان کردبوو و لە هەموو لایەک بە خەڵکـی گونـد دەورەدرابـــوون، کاتێـــک ڕوخســـار و جلـــوبەرگە چڵکنەکـــانی بەر جەنگاوەرەکانیـان دەبینـی، داوایـان دەکـرد دایـانکەنن تـا بۆیـان بشـۆن، منـداڵەکان دەهـاتن و خۆیـان نزیکـی چەکەکـان دەکـرد، ئەوەی بۆیکرابـا دەستێکی پێدادەهێنا و داوایان دەکرد فێرە تەقەکردنیـان بـکەن. ئـاخر ئەم خەڵـکە شۆڕشـگێڕی کوردیـان کەم لە نـزیکەوە بینـی بـوو، لەوەتەی هەن سەربازی ئێرانی و جەندرمەی تورک هاتوونەتە گوندەکەیان.



بەڕاستی سۆز و تامەزرۆیی ئەم خەڵکە بۆ ئازادی و کوردبوون، ئەوەندە دەهێنێ خۆیانی بۆ بەکوشت بدەی و لەپێناویاندا ببی بە قوربانی.

ئەو ڕێنیشاندەرانەی لە گوندی بایێ-وە لەگەڵ لەشکر هاتبوون، جگە لە موختاری گوند، ئەوانی دیکە تا ئێرە لەگەڵ لەشکر مابوونەوە، لە گوندی سێرۆ و بە نزیک کەوتنەوە لە سنووری تورکیا، ڕێنیشاندەرەکان ڕوخسەتی خۆیان لە بارزانی و هاوڕێکانیان وەرگرت و بەرەو گوندەکەیان گەڕانەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٣٠ی ئایار، حکومەت لە جووڵەی لەشکری بارزان ئاگاداربووەوە، بەڵام تا ئەوان بەخۆ کەوتن، لەشکر هۆزی هەرکی جێ هێشتبوو و گەیشتبووە نێو شکاکەکان.

لە ورمێ و لەنێو بارەگای ئەرکانی کوردستان، کەشێکی ئاڵۆز هەبوو. جەنەڕاڵ هومایونی بەوەی بارزانییەکان وا بە ئاسانی لەژێر چنگی دەربازیان بووە، بارودۆخی تەواو تێک چووبوو، هاواری بەسەر ئەفسەر و سەربازە ژێردەستەکانی دەکرد و بارەگاکەی لەسەر سەری خۆی دانابوو.

گواستنەوەی هێز و کەلوپەلی سەربازی کاتی زۆری دەویست و ڕەدوو کەوتنی هێزێکی پیادە بەم شێوەیە کارێکی ئەستەم بوو، بەتایبەت کە مەبەستت بێت دوای بارزانییەکان بکەویت! ئەمانە بە کوڕی شاخەکان ناسراون و سەختترین شاخ وەک لەپی دەستە بۆیان.

جەنەڕاڵ هومایونی دوای ئەوەی کەمێک هێور بووەوە، هەستی بە هەڵەکەی خۆی کرد و بڕیاریدا چیتر دوای لەشکر نەکەوێت. هەواڵی بۆ عەقید سەردادوەر نارد، هێزەکەی کە پێکهاتبوو لە دوو کەتیبەی پیادە، چوار تانک، سریەیەکی هاوەن و سرییەیەکی تۆپ هاوێژ، لە موانا کۆبکاتەوە و بیانبات، لەسەر ڕێگای ماکۆ-شووت جێگیریان بکات. هاوکات

کاروانێکی دیکە کە پێکهاتبوو لە چوار کەتیبەی پیـادە، کەتیبەیەکـی سـوار، چوار تانک، کەتیبەیەکی هـاون و تـۆپێکی ٧٥ملـم بە فەرمانـدەیی عەقیـد نەسـاری بنێـرێتە هێڵـی قتـوور، تـا لەوێ ڕێـگە لە لەشـکری بارزانییەکـان بگرێت. بەم شێوەیە هێزی سەربازی ئێرانی نەنێـردرایە نێـو شـکاکان، تەنیـا چەنـد ئاغـایەکی شـکاک ڕاسـپێردران بە گەیشـتنی بارزانییەکـان هێرشـیان بکەنە سەر و تەقەیان لێبکەن.


سیرۆ
گلێشخان
(بێلەچوک)
چۆمی نازلوچای
تورکیا
هەرکی بەگزادە
خانەقا
موانا
لەرنێ
ئەنبێ
ورمێ
گۆجار
جێرمێ
خۆشکان
بەردەسورچای
ڕاژان
ئێران
گەلی گادەر
عێراق
هێلی سنوری
ڕوبار
ڕێڕۆیشتنی هەڤاڵان
شەو مانەوەی هەڤاڵان
ناوەندی نیشتەجێبوون
گوندەکانی سەر ڕێگا
سەربازی حکومەت
چەکداری هۆزەکان
شەڕی ڕوبەڕوو

۲۸ رۆژ
تائاراس

## ڕۆژی یازدەیەم ...

## ای حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١ی حـوزەیرانی ١٩٤٧، لەشـکری بـارزان بەرەو قـووڵایی هـۆزی شـکاک هەڵکشـا و یەکەم ڕووبەڕووبـوونەوە لەگەڵ چەکـداری هۆزەکـان ڕوویدا.

خـاڵێکی سـنووری دەوڵەتی تورکیـا دەکەوتە نێزیـک گونـدی سـێرۆ، تورکەکـان هەسـتیان بە بـوونی ژمـارەیەکی زۆری چەکـدار لە نزیکـی سـنوورەکەیان کردبـوو، بـۆیە درەنگـانی شـەو، بـۆ دەستخسـتنی زانیـاری و تێگەیشتن لە بابەتەکە، ژمارەیەک جەندرمەی تـورک لە سـنوور پەڕینـەوە و لە گوندی سێرۆ نزیک کەوتنەوە، دەوروپشـتی گونـد نۆبەتـداری لەشـکری لێ دانرابوو. چستۆ وەک ئەوەی هەست بە شتێکی نامۆبکات، گوێچکەکانی مووز کردبوو و مۆڕەی لە شتێک گرتبوو!! لەناکاو بەدەنگی بەرزەوە وەڕی، لەگەڵ وەڕینـی، جـووڵەی جەنـدرمەکان بیـنرا و نۆبەتـدارانی لەشـکر لە دوورەوە چەنـد گوللەیەکیـان بە ڕووی جەندرمەکانـدا تەقانـد و ئەوانـیش وەڵامیـان دایەوە، شـەڕ درێـژەی نەکێشـا و دوای مـاوەیەک تەقەکـردن، جەنـدرمەکان گەڕانەوە. ئەمە بـۆ لەشـکر ئامـاژەیەکی بـاش نەبـوو، بـۆیە هەرچی زووبوو دەبووایە ناوچەکە جێبهێڵن.


هێشتا بـانگی بەیـانی نەدابـوو، جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی و ئەنجـومەنی ڕێڕۆیشتن کۆبوونەوە و بڕیاریان دا، بـێ خـۆگیرۆکردن نـاوچەکە جێبهـێڵن. هەر بەو نیوە شەوە قۆڵەکانی لەشـکر کـۆکرانەوە و دوای ڕێکخسـتنەوەیان بەمەبەسـتی دوورکەوتـنەوە لە سـنووری تورکیـا، بەرەو قـووڵایی هـۆزی

شكاك و ناوچەی سۆمایا بنی کەوتنەڕێ.

گوندەواری سۆمایا بنی، دەکەوێتە ناوەڕاستی هۆزی شکاک و زیاتر لە بیست گوند و ئاوایی بچووکی لەخۆ دەگرت، سەرەڕای هەڵکەوتەی جوگرافی سەخت و عاسێی ناوچەکە، بەڵام بەهۆی نزیکی ئاواییەکان لە یەکترییەوە، هاتوچۆ کردن لەنێوانیان ئاسان بوو.

بۆ گەیشتن بە گوندەواری سۆمایا بنی، لەشکر دەبووایە بەلای گوندی گەنگەچین لە باکووری سۆمای برادۆستدا تێپەڕێت، بارزانییەکان بیرەوەری باشیان لەو گوندە نەبوو. ساڵی ١٩١٣ سلێمان نەزیفی والی مووسڵ، بۆ گرتنی شێخ عەبدولسەلام، براگەورەی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی هێزی ناردە سەر بارزان، شێخ توانی لە پەلامارەکە ڕزگاری بێت و خۆی گەیاندە کوردستانی ئێران و لە گوندی ڕاژان بووە مێوانی سەید تەهای محەمەد سەدیقی نەهری. لە بەرامبەردا، بابی عالی خەڵاتێکی گەورەی بۆ هێنانی سەری شێخ عەبدولسەلام بارزانی دانا. لەو ماوەیەدا شێخ خۆی گەیاندە نێو هۆزی شکاک و بووە مێوانی سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ)، لەوێوە هەردووکیان چوون بۆ تفلیس و چاویان بە نێردراوی قەیسەر کەوت، ئەویش بەڵێنی پێدان بۆ ڕزگاربوون لە دەستی عوسمانییەکان یارمەتی کورد بدات. دوای گەڕانەوەیان، شێخ ماڵئاوایی لە سمایل ئاغا کرد و بەرەو ڕاژان کەوتەوەڕێ، لە ڕێگای گەڕانەوەدا لە گوندی گەنگەچین، سۆفی عەبدوڵای خاوەنی گوندەکە بە پاڕانەوە شێخ عەبدولسەلامی ناچار بە داوەتی خوانی نیوەڕۆ کرد، هەر لە ئان و ساتی مێوانداریيەکەش خیانەتی کرد. شێخ عەبدولسەلامی بە هەرسێ هاوڕێکەیەوە گرت و لە گوندی سێرۆ ڕادەستی تورکانی کرد، خەڵاتەکەشی هەر لەوێ وەرگرت. دوای ڕادەستکردنەوەیان، شێخ و هاوڕێیەکانی برانە شاری موسڵ و لەوێ لە مانگی کانوونی یەکەمی

ساڵی ١٩١٤ لەسێدارەدران. جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی تەمەنی ١١ساڵان بوو کاتێک لاشەی بێگیانی برا هەڵواسراوەکەی بە دەروازەی شاری موسڵەوە دەبینی. تێپەڕین بەو گوندە، بەیادهێنانەوەی ئەو بیرەوەریە تاڵە بۆ بارزانی و بارزانییەکان بوو، هەرچۆنێک بێت لەشکر بەلای گوندەکەدا تێپەڕی و کەسیان ئاوڕی نەدایەوە...



دوای تێپەڕاندنی گوندی گەنگەچین، لەشکر چووە نێو سنووری گوندەواری سۆمایا بنی، عومەر ئاغای شکاک، گەورەی گوندەوارەکە، سوێندخواردووی شا بوو، ئەگەرچی لە سەردەمی دامەزرانی کۆماری کوردستان چووبووە ڕیزی لەشکری کۆمارەوە، بەڵام پێش ڕووخانی کۆمار، مهابادی جێهێشت و بە پیاوەکانییەوە چەکی بۆ حکومەت هەڵگرت.

بە بیستنی هەواڵی گەیشتنی بارزانییەکان بۆ نێو هۆزی شکاک، لەلایەن جەنەڕاڵ هومـــایونییەوە پەیوەنـــدیی بە عـــومەر ئاغـــاوە کـــرا، تـــا بە چەکـدارەکانیەوە لە بەرامـبەر لەشـکری بـارزان بوەسـتێتەوە و شـەڕیان لەگەڵدا بکات.

عومەر ئاغا هیچ هەلێکی سەرکەوتنی لەبەرامبەر بارزانییەکـان بۆخـۆی نەدەبینـــی و دەیـــزانی ئەمە واتـــا لەنێوچـــوونی یەکجـــارەکی خـــۆی و چەکدارەکانی، بوێری ئەوەشی نەبوو لە بڕیـارەکەی حکـومەت دەربچێـت و بێ فەرمانی هومایونی بکات، بۆیە چەکدارەکانی لە دەوروپشـتی ئاواییەکـان کۆکردەوە و لە چاوەڕوانی گەیشتنی لەشکری بارزان وەستا.

بەیـانی ڕۆژی ١ی حـوزەیران، لەشـکری بـارزان گەیشـتە چـۆلەواری ئاواییەکانی سۆمایا بنی و لەوێ قۆناغیان دانا. لەدوورەوە سـوارێک بیـنرا بە خێرایـی بەرەو لای لەشـکر دەهـات! ئەسـپێکی ڕەسـەنی کـوردی لەبەردەم جەنگاوەرەکان وەستا و سوارچاکێک خۆی هەڵدایە خوارەوە:

- پەیامێکم بۆ بارزانی پێیە...

پێنەدەچوو سوارەکە مەبەستی خراپەی هەبێت، بـۆیە لەلایەن ئەسعەد خۆشەوییەوە برایە لای بارزانی:

- عومەر ئاغا داوای ڕێککەوتن دەکات، لەلایەن حکومەتەوە ڕاسـپێردراوین بە شەڕ ڕێگاتان لێ بگرین و نەهێڵین بێرەدا تێپەڕن، دەزانـین شـەڕەکە بـۆ ئێمە و بـۆ ئێـوەش زیـانی زۆری دەبێـت، بـۆیە نامـانەوێ شـەڕتان لەگەڵـدا بکەین، بەڵام فەرمانی حکومەتەوە و ناتوانین بێ فەرمانیش بکەین، عـومەر ئاغا داوادەکات ڕووبەڕووبوونەوەیەکی بچووک لەنێوانمانـدا ڕووبـدات، بـۆ ماوەیەک هەردوولا گوللە بە ئاسمانەوە بتەقێنین، دواتر ئـێمە ڕادەکەیـن و

ئێوەش بەخێرایی ناوچەکە جێ بهێڵن...

بارزانی پێشنیارەکەی عومەر ئاغای لا پەسەند بوو، بۆیە بە داواکارییەکەی ڕازی بوو و یەک بەیەک قۆڵەکانی لەشکری لە جێبەجێ کردنی پلانەکە ئاگادار کردەوە.

دەمەو ئێوارە چەکدارەکانی عومەر ئاغای شکاک هێرشیان هێنا، جەنگاوەرە بارزانییەکانیش بە هات و هاوار و هۆیها هۆیها، لێیان بە جواب هاتن و بۆ ماوەیەک شەڕێکی گەرم دامەزرا، هەردوو لا تەقەیان بە ئاسمانەوە دەکرد و دەنگی تەقە بە گوێچکەکاندا دەزرینگایەوە، پێش ئەوەی دنیا تاریک دابێ، تەقەکردن لەلایەن چەکدارەکانی عومەر ئاغاوە وەستا و بە ڕاکە ڕاک، وەک لەشکرێکی شکست خواردوو مەیدانی شەڕیان جێهێشت. چەکدارەکانی عومەر ئاغا ڕایانکرد و قۆڵەکەی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی بۆ ماوەیەک دوایان کەوتن، دوای ئەوەی تەواو لە ناوچەکە دوورکەوتنەوە ئەوانیش گەڕانەوە.

دوای گەڕانەوەی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی، قۆڵەکانی لەشکر ڕێکخرانەوە، بۆ نێو گوندەکانی سیناڤا، بەردوک، هۆرسین و ئاغچەگوڵ بەڕێکران و بەسەریاندا دابەش بوون. خەڵکی ئەو گوندانە بۆ بینین و پێشوازی لەشکر لە ماڵەکانیان هاتبوونە دەرەوە و دوای جێگیر بوونیان، خزمەتێکی باشی لەشکریان کرد و خواردنی ئێوارەیان پێدان، دوای کەمێک حەسانەوە، بارزانی فەرمانی کرد لەشکر هەرچی زووە گوندەواری سۆمایا بنی جێبهێڵێت و درێژە بە ڕێڕۆیشتنەکەی بدات.

۲۸
ڕۆژ
تا ئاراس

# ڕۆژی دوازدەیەم ...

## ٢ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٢ی حـوزەیرانی ١٩٤٧، لەشـکری بـارزان بەرەو بـاکووری هـۆزی شکاک هەڵکشا و گەیشتە نێو ئاواییەکانی سمکۆ ئاغای شکاک.

دوای کەمێک حەسانەوە لە گوندەواری سـۆمایا بنـی، لەشـکر ئامـادەی ڕۆیشتن کـرا و دوای تاریـک داهـاتن بە فەرمـانی جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی بەرەو باکوور کە ناوچەی سۆمایا سەرییان پێدەگوت و گونـدەواری کەس و کاری سەرکردەی کوردی ڕۆژهەڵات، سمکۆی شکاک بوو، کەوتنەڕێ.



لەشـكر بە درێژایـی ئەو شـەوە، بە نـاوچەیەكی پـڕ هەوراز و نشـێوی نزیک سنووری ئێران و تورکیـا و لە کەشـێکی سـارددا ڕێیـانکرد، ئەگەرچـی وەرزی بەهـار بـوو، بەڵام هێشـتا كوێسـتانەكان بە بەفـر داپۆشرابـوون، ڕەشاتییەكان تازە گیای بەهارەیان لێ سەوز ببوو و خونچە و گوڵی ساوایان دابوو. دوای ماوەیەک ڕۆیشتن بەسەر بەفردا، لەشكر لەو شـوێنانە كەمێـك پشووی دەدا و دواتر دەكەوتەوەڕێ. زۆرێـک لە جەنگاوەرەكـان بەتـایبەت بەتەمەنەكان، بەهۆی خراپی پێڵاوەكانیان، پێیەكانیان بە تینی بەفر سـوابوو و هێزیـان تێـدا نەمـابوو، ناچـار لەلایەن خـزم یـان هاوڕێكانیـان بەكـۆڵ هەڵدەگیران، ئەمەش ناوەناوە لەشكری ناچاردەكرد بوەستن.

بارزانی هەرگیز بەدەم ڕۆیشـتنەوە جـگەرەی نەدەكێشـا، لەو شـوێنانەی لەشكر دەوەستا، ئەویش جار جار لەسەر تاشەبەردێک یـان قـورمە دارێـک دادەنیشت و جگەرەیەكی دەپێچایەوە:

- دەڕۆم جگەرەیەكی لێ وەردەگرم، چنەبووە با ببی...

حەسەن جگەرەكێشـێكی بەحێـل بـوو، دەمێـک بـوو جگەرەكـانی تەواو ببوون و بـێ جگەرەیـی تینـی بـۆ هێنـابوو، هاوڕێكـانی و تەنـانەت تەواوی جەنگاوەرە جگارەكێشەكانی دیكەی نێو لەشكریش حاڵیان لەو باشتر نەبوو، ئەوەی پێیانبوو بەدەم سـەرما و ئەو ڕێگـا درێـژەوە كێشـابوویان، حەسـەن كاتێک بینی بارزانی دانیشتووە، كیسە توتنەكەی لەپێشەخۆ دانایە و جگەرە دەپێچێـتەوە، خـۆی پـێ نەگیـرا، چـوو لەبەردەم بـارزانی وەسـتا و داوای جگەرەیەكی لێكرد:

- قوربان دەكرێ كیسە توتنەكەتم پێبدەی جگەرەیەک بۆخۆم بپێچمەوە؟

- حەسەن خۆ ناڵێی جگەرەم پێ نەماوە!!

- قوربان دەمێکە نەک من، کەسمان پێمان نەماوە...

بارزانی کەمێک ڕەنگی گۆڕا، وەک ئەوەی لە ناخی خۆیدا شەرمێک دایبگرێت، بەهێمنی جگەرەکەی بە بردێکدا گوشی و کوژاندییەوە:

- کیسە توتنەکە بگرە و دانیشە، ئەوەندەی پەڕە و توتنی تێدایە هەمووی بپێچەوە و بەسەر جگەرەکێشەکاندا دابەشی بکە، ببوورە، من دەبووایا زووتر هەستم بەوە کردبا و جگەرەکانم لەگەڵتان بەش کردبا، بەڵام بڕوابکە بەهۆی سەرقاڵییەوە بیرم بۆی نەچوو...

حەسەن بە شەرمەوە، کیسە توتنەکەی لە دەست بارزانی وەرگرت، دانیشت و خێرا دەستی بە پێچانەوەی جگەرە کرد و هەر زوو دانەیەکیشی داگیرساند، دوو سێ هاوڕێی دیکەش هاتن و لە پێچانەوە یارمەتییان دا، دوای ئەوەی تەواوی توتنەکەیان پێچایەوە، جگەرەکانیان بەنێو جەنگاوەراندا گێڕا و بارزانی خۆیشی دانەیەکی بەرکەوت، ئەمە دوا جگەرەی لەشکر بوو.

دوای پشوویەکی کورت، لەشکر بە ڕێگاکەیدا کەوتەوەڕێ و بۆ بەرەبەیانی ڕۆژی ٢ی حوزەیران گەیشتە گوندی باڵەکانی سەر سنووری هەردوو گوندەواری سۆمایا بنی و سەری. پێش ئەوەی لەشکر بگاتە باڵەکان، تاهیر خانی ئاغای گوند کە پیاوی حکومەت بوو، ڕایکردبووە شاری ورمێ و ئاواییەکەی جێهێشتبوو.

بەپێچەوانەی ئاغاکەیان، خەڵکی گوند وەک ئەوەی پێشتر ئاگاداری هاتنی لەشکر بن، هاتبوون و لەسەر ڕێگا لە پێشوازی وەستابوون، سەیر لەوەدابوو، کەس بە دەستی بەتاڵەوە نەهاتبوو، ئەوەی هیچیشی دەست نەکەوتبوو، جامە ئاو یان ماستاوێکی بەدەستەوەبوو. خەڵکەکە ئەوەندە

تامەزرۆی بینینی بارزانییەکان بوون، تا گەیشتنی لەشکر، خۆیان لەنێو گوند پێ نەگیرابوو.

تەواوی لەشکر گەیشتە نێو گوندی باڵەکان، تا نیوەڕۆ شۆربایەکی نیسک و کەمێکیش ساوار ئامادەکرا، ئەگەر کەمیش بووبێت، بەڵام بەشی تەواوی جەنگاوەرەکانی لێ درا، دوای نیوەڕۆ بەشێکی لەشکر لە باڵەکان مایەوە، بەشێکیشیان لەگەڵ جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی چوونە گوندی دۆستان کە کەمێک لە سەرووتری باڵەکان بوو و قۆڵەکەی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزیش چوونە گوندی دێڵەزێی، نزیک گوندی دۆستان و بەسەر ماڵەکاندا دابەش بوون.

دۆستان گوندی خالێ میرزێ، خاڵی سمکۆی ئاغای شکاک بوو. بارزانی و شکاکەکان بەبۆنەی زێبارییەکانەوە خزمایەتییەکی نەهێندە کۆنیان لەنێواندا پەیدابوو، پێش ئەوەی ساڵی ١٩١٩ محموود ئاغای زێباری و فارس ئاغای برای بۆ یارمەتیدانی شۆڕشی سمکۆی شکاک بچنە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەندییەکی خزمایەتییان لەگەڵی دروست کردبوو و (زەهرا)ی خوشکی خۆیان دابووە سمکۆی شکاک، دواتریش مەحموود ئاغای زێباری، کچی خۆی دایە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، بەم شێوەیە پەیوەندییەکی پتەوی خزمایەتی بەڕێگەی زێبارییەکانەوە لەنێوان شکاک و بارزانییەکان دروستبو. بۆیە کاتێک لەشکری بارزان گەیشتە ناوچەی سۆمایا سەری کە گوندەواری سمکۆ ئاغای شکاک و کەسوکاری بوو، هەستیان بە خۆیەتییەکی زیاتر دەکرد و مەترسییەکی ئەوتۆیان بەسەر خۆوە نەدەبینی، لەلایەن هۆزەکەشەوە پێشوازییەکی باشتریان لێ کرا. حکومەتی ئێرانیش هەوڵینەدا لەو ناوچەیە دوای بارزانییەکان بکەوێت و شەڕیان لەگەڵدا بکات.

خالێ میرزێ، پیاوێکی دنیادیدەی بە ئەزموون بوو، ئەگەرچی بەنێو ساڵدا چووبوو، بەڵام هێشتا لەسەرخۆ بوو و کارەکانی خۆی و ئاواییەکەی باش ڕایی دەکرد، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ئەو شەوە لە دۆستان، مێوانی خالێ میرزێ بوو، تا درەنگانی شەو پێکەوە دانیشتن و گفتوگۆیان کرد، ئەم گفتوگۆیە سوودێکی زۆری بۆ داهاتووی لەشکر و ڕێکردنەکەیان هەبوو. خالێ میرزێ زۆر بە هێمنی و بە وردی، ورد و درشتی ڕێگا و ئەو گوندانەی دەکەونە سەر ڕێگا و خوو و ڕەوشتی ئاغاکانی ناوچەکەی بۆ بارزانی باش شیکردەوە و لە زۆرێک لەو مەترسییانەی لەوانەیە لەمەودوا بێنە ڕێگای، ئاگاداری کردەوە. جەنگاوەرەکانیش لە دەرەوە، دەوری پیرە پیاوێکیان دابوو کە لەسەر بانی کوخێکی نەهێندە بەرز وەستابوو و بەچاوی پڕ فرمێسکەوە قسەی بۆ دەکردن و ئامۆژگاری دەکردن.

لە گوندی دێڵزێ، بەیانی هێشتا ئاسمان باش ڕووناک نەببووەوە، چەند جەنگاوەرێک لەبرسان خۆیان پێنەگیرا و لەدەرگای ماڵێکیاندابوو، بەڵکو نانێکیان پێ بدەن. دوای لەدەرگەدان، بە یاڵا یاڵا چووبوونە ژوورەوە، ئافرەتی ماڵ و پیاوەکەی بە دەنگی دەرگا و گاڵەگاڵی جەنگاوەرەکان خەبەریان ببووەوە و هێشتا چاویان خەواڵۆبوو:

خاوەن ماڵ هێشتا سڵاوی لێ نەگێرابوونەوە، ئەحمەد بەقسەهات:

- خوشکێ ببوورە لە خەومان کردن، بەخوا زۆرمان برسییە، نان و هەنگوینێک دەبێت بمان دەنێ؟ با بەڵاگێڕی ماڵ و منداڵتان بێت...

هاوڕێیەکانی بە سەرسوڕمانەوە سەیرێکی ئەحمەدیان کرد:

- ئەحمەد، ئەوە باسی چی دەکەی؟ کا بەو سەرەتای بەهارە هەنگوین دەست دەکەوێت!!

- خۆتان بێدەنگکەن، خۆم دەزانم چی دەکەم...

ئەحمەد شانەدەری پیاوێکی دنیا دیدە و لەوانی دیکە کەمێـک بەتەمەن تـر بـوو، ئـافرەتەکە بە ڕوویەکـی خۆشـەوە و بەوپەڕی سـنگ فـراوانییەوە وڵامی ئەحمەدی دایەوە:

- یاخوا بەخێر بێن، ببـوورن هەنگـوینمان نیـیە، بەڵام شـیر و ماسـت و دۆ زۆرە، ئەوەندەی بتانەوێ بۆتانی دەهێنم لەگەڵ نان و چا بیخۆن...

ئافرەتەکە ماوەیەک ڕۆیشت و دوای کەمێک بە سـینییەکی گەورەی پـڕ لە نان و ماست گەڕایەوە و لەپێش مێوانەکانی دانا:

- جەماعەت بینیتان؟ ئەگەر سەرەتا داوای نان و هەنگوینم نەکردبا، ئێسـتا ئەو هەموو نان و ماستەتان لەپێش نەدەبوو، دەی ئێستا تێری لێ بخـۆن و چ دەنگان مەکەن...

دڵگەرمی و ڕووخۆشی خەڵکی ئەو گونـدانە، سـەرەڕای سـەختیی بـار و گـوزەرانی خۆیـان، بەڕاسـتی جـێگەی پەسـن و سـتایش بـوو، هەر کەسـەی ڕووت تێدەکرد ژن و پیاو، پیر و جوان لە خودی جەنگاوەرەکان بۆ داهاتوو و چارەنووسیان بە پەرۆشتربوون، بۆیە لەهـیچ خزمەتێـک، تەنـانەت ئەگەر قسەیەکی خۆشیش بووایە، درێغیان نەدەکرد.

دوای شەوێک مانەوە و پشوودان، تەواوی قۆڵەکـانی لەشـکر، بـۆ بەیـانی ڕۆژی ٣ی حوزەیران، لە چۆلەواری دەرەوەی گوندی دێـڵەزێ کـۆکرانەوە و ئامادەی ڕۆیشتن کران.

## ڕۆژی سێزدەیەم ...

# ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان گوندی دۆستان و دێڵەزێیان جێهێشت و درێژەیان بە ڕۆیشتەنەکەیان دا.

دوای ئەوەی گوندەکانی دۆستان و دێڵەزێیان جێهێشت، پێش نیوەڕۆی ڕۆژی ٣ی حوزەیران، تەواوی لەشکر گەیشتە چۆلەواری گوندی حاجی جڤان لە گوندەواری سۆمایا سەری. لێرەش پێشتر خەڵکی ئاگاداری هاتنی لەشکری بارزانییەکان بوون، بۆیە پێش گەیشتنیان، ئامادەکارییەکانیان دەستپێکردبوو و گەورە و بچووک لە پێشوازی لەشکر لەسەر ڕێگاکان وەستابوون، خەڵکی گوند ئەوەی دەستیان کەوتبوو بۆ یارمەتی لەشکر لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، لە گۆریە، پێڵاو، پۆشاک و توتن و پەڕەجگەرەوە بگرە تا گەنم و ساوار و بڕووشی وشک و هەر کامەت دەبینی دەستی بۆ ئاسمان بەرزکردبووەوە و بەدەم نزاکردنەوە هیوای سەرکەوتنی بۆ بارزانییەکان دەخواست.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و لەشکرەکەی بەدەم پێشوازی خەڵکییەوە چوونە نێو گوندی حاجی جڤان. پێش گەیشتنی لەشکر، قورتاس، ئاغای گوند ڕایکردبووە شاری سەلماس و لەجێگای ئەو گەنجێک بە ناوی سەید کەمال ئەرکی خزمەتکردنی لەشکری لەنێو گوند گرتبووە ئەستۆ، ئافرەتەکان لە بەیانییەوە کاروباری ئامادەکردنی خواردنیان دەستپێکردبوو و بۆ پێش نیوەڕۆ شۆربایەکی گەرمی تەماتەی وشککراو و دانەکوتایان ئامادەکرد.

کەشـــەکە لە دەرەوە زۆر ســـاردبوو، بـــۆیە هەر مـــاڵەو ژمـــارەیەک جەنگاوەری بردەوە لای خۆی، بـۆئەوەی لە ژوورەوە خواردنیـان پێبـدەن و بیانحەسێننەوە:

- بە حەوشەی تەکیەی بـارزان جەمـاعەتێکیش دەبێـت بێـنە مـاڵی مـن و نابێت لە بیست کەسیش کەمتربن!!

ئـافرەتێکی بەسـاڵاچوو لەنێـو خەڵکـی وەسـتابوو و چەنـد جارێـک سوێندەکەی دووبارەکردەوە.

- پیرێ، تۆ لەکوێ دەزانی بارزان تەکیەی هەیە، تا سوێندی پێ بخۆی!!؟

- کو نازانم کـوڕم! خـۆ بـارزان بەس هـی ئێـوە نیـیە، بـارزان حەقـیقەتە و قیبلەی هەمـوو کـوردانە، مەلا مسـتەفاش سـەرۆکی هەموومـانە، ئێسـتاش ژمارەیەکتان لەگەڵم وەرن، دەمەوێ پێش ئەوەی بمرم ئـارەزووم بێـتە دی و جەنگاوەری بارزانی لە ماڵەکەم ببینم...

جەنگاوەرەکان بە تامەزرۆییەوە گوێیان لە قسەکانی پیرێ گرتبوو و هەر بۆ ڕازی کردنی دڵی، ژمارەیەکیان ڕێگای ماڵەکەیان گرتەبەر و بوونە مێوانی.

دوای دامەزرانی لەشـکر لەنێـو ماڵەکـان، خـواردنێکی گەرم بەسـەریاندا دابش کرا و لەو سەرمایەدا تینێکی باشی پێدان.

نیـوەڕۆ، خـۆر بەناوەڕاسـتی ئاسـمانەوە بـوو، دەنگـی فـڕۆکە لەدەرەوە بیسـترا، دوو فـڕۆکەی ئێـرانی هـاتن و زۆر بە نزمـی بەسـەر گونـدەکەدا دەسـووڕانەوە، خەڵکـی لە نزمـی فڕۆکەکـان حەپەسـابوون و هەرکەسـە و لەلای خـۆی پرسـیاری دەکـرد ئەمـانە لەکوێـوە هـاتوون بـۆ بەو نـزمییە

بەسەرمانەوە دەفڕن!؟. چەند جەنگاوەرێک هەستیانکردبوو خەڵکەکە خەریکە دەترسێن، بۆیە پێیان گوتبوون: ئەمانە فڕۆکەی خۆمانن و بۆ پارێزگاری ئێمە هاتوون!! خەڵکی گوندیش بڕوایانکردبوو. لە بەختی لەشکر، ئەوکات بۆ نانخواردن و حەسانەوە هەموویان لەنێو خانوو و ڕەشماڵەکان بوون، بۆیەش فڕۆکەکان دوای ماوەیەک گەڕان بەسەر گوندەکەدا شتێکی نامۆیان نەبینی و بێ ئەوەی کارێک بکەن گەڕانەوە.

دوای هاتنی فڕۆکەکان ئیتر مانەوە لەو گوندە مەترسیداربوو و بە گەڕانەوەیان، لەشکر ئامادەی ڕۆیشتن کرا، قۆڵەکانی لەشکر کۆکرانەوە و دوای نیوەڕۆ ملی ڕێگایان گرتەوەبەر و دەمەو ئێوارە گەیشتنە گوندی گۆزەڕەش. لێرەش هاوشێوەی گوندی پێشوو؛ خەڵکی بەیارمەتییەکانیانەوە بۆ پێشوازی هاتبوون و خواردنی ئێوارەش پێشوەختە ئامادەکرابوو، ڕاستەوخۆش دوای گەیشتنیان جەنگاوەرەکان بەمەبەستی خواردن و حەسانەوە بەسەر ماڵەکاندا دابەشکران.

لە ئانوساتی پارڤەکردنی جەنگاوەران بەسەر نهانییەکاندا، دەنگی مێردمنداڵێک لە دوورە بیسترا، داوای بینینی بارزانی دەکرد:

- ئەمە دەنگی کێیە؟ وازی لێبێنن با بێتە لام...

جەنگاوەرەکان دەوری بارزانییان چۆڵکرد و مێردمنداڵێک بە دەنگێکی لەرزۆکەوە هات و لەبەردەم بارزانی وەستا:

- دەمێک پێش ئێستا دوو لە پیاوەکانت هاتنە دووکانەکەم، سێ پاکەتی خورمایان بەزۆر لێوەرگرتم و پارەشیان پێ نەدام، هاتووم هەقەکەم بدەیتەوە...

بارزانی ڕەنگی تێکچوو و نێوچاوانی گرژ هەڵگەڕا، بێ ئەوەی دەنگ بکات دەستی بردە گیرفانی ناوەوەی چۆخکەکەی، ئەوەندەی پارەی تێدابوو دەری هێنا و دای بە مێرد منداڵەکە، ئەگەرچی لە حەقی خۆرماکە زیاتربوو، بەڵام هیچی لێ نەگێڕایەوە، داوای لێبووردنیشی لێکرد. مێرد منداڵەکەش دوای ئەوەی حەقی خۆرماکەی وەرگرت، ڕۆیشت...

بارزانی بۆئەوەی لەپێش جەنگاوەرەکانی دیکە نەیانشکێنێتەوە، داواینەکرد بزانێت کێ ئەم کارەی کردووە، بەڵام دڵمانەکەی خۆی نەشاردەوە و بە تووڕەییەوە ڕووی لە جەنگاوەرەکان کرد و پێی گوتن، ئەگەر جارێکی دیکە ئەمە دووبارەببێتەوە، بە توندترین شێوە سزایان دەدات...

دوای حەسانەوە لە کۆزەڕەش، دەمەو ڕۆژ ئاوابوون لەشکر گوندەکەی جێهێشت و درێژەی بە ڕۆیشتن دا، بەنێو ساردی و سەختی ڕێگادا ڕێیانکرد و دوای ماوەیەک ڕۆیشتن گەیشتنە گوندی هەڤلەران. لەوێش هاوشێوەی گوندەکانی پێش خۆیان، خەڵکی لە دڵسۆزی و یارمەتییدانی بارزانییەکان درێغییان نەکرد، بەتایبەت تەیموور شەش تێلی گەورەی گوند و سادقی کوڕی.

وردە وردە قەڵەمڕۆی هۆزی شکاک کۆتایی دەهات، جەنگاوەرەکان لەو چەند ڕۆژەی لەنێو شکاکەکان بوون، تا ئەندازەیەک حەسانەوە و وزەیەکیان هاتەوە بەر. بەدرێژایی ڕێکردنی لەشکر بەنێو شکاکەکاندا چەند ئەندامێکی ئەو هۆزە بە ناوەکانی بێجان جوندی، تەیموور مووسا، کامل زوڵمات، عومەر حوسێن و برایم جەلال پەیوەندییان بە لەشکری بارزانەوە کرد و لەپێناو سەربەرزی و ئازادی نیشتمانەکەیان چارەنووسی خۆیان دایە

پاڵ چارەنووسی بارزانییەکان، ئەم پیاوانە سەرەڕای ئەوەی جەنگاوەری باش و بەئەزموون بوون، شارەزای باشی ڕێگاش بوون.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و بەشێکی لەشکر بڕیاریاندا شەو لە گوندی هەڤلەران بمێننەوە و بۆ دڵنیابوونەوەش لە ڕێگای بەردەمیان هەردوو قۆڵی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی هەر ئەو شەو بەڕێکرانە گوندی بڕوشخۆران.

هەڤلەران گوندێکی کوێستانی شکاکانە و جگە لە چەند خانوویەک، بەشی زۆری خێزانەکانی ئاوایی، لەنێو خێوەت و ڕەشماڵەکاندا دەژیان. ئەو بەشە لەشکرەی شەو لەو گوندە مابوونەوە، بۆ خەوتن بەسەر خانوو و خێوەتەکاندا دابەشکران، شەوێکی ساماڵ بوو، نیلاڤی درەوشانەوەی مانگ و ئەستێرەکان، بەسەر بەفر و گۆماوە بەستووەکانەوە دەبینرا. درەنگانی شەو بوو، مەجید سەری بەخێمەکاندا دەکرد و بەدوای دەرزی و داودا دەگەڕا، دوای کەمێک گەڕان، دەرزی و داوی لای هەندێک لە هاوڕێیەکانی دەستکەوت و تا بەیانی نەبینرایەوە.

خۆری بەرەبەیان بە کزە تینێکەوە هەڵهات و خەڵکی و جەنگاوەرەکان وردە وردە لە نهانییەکانیان هاتنە دەرەوە:

- کێ ئەم پۆشاکەی بەبەر چستۆدا کردووە؟

مەجید بە شەرمەوە هاتە پێشەوە:

- قوربان ئەوە ئیشی منە... دوێنێ شەو لە خێمەکەمەوە سەیری دەرەوەم کرد، ئەو بەستەزمانە لە دەرەوە لە سەرما هەڵدەلەرزی، دڵم پێی سوتا و

چـوومە ڕەشـماڵی یەکێـک لە گونـدییەکان، داوای پـارچە پەڕۆ یـان کـۆنە جلێکی دڕاوم کرد، ئەوانیش لە بەرامبەر چەقۆیەکەم ئەو بەتـانییە خـورییە دڕاوەیان پێدام، منیش بە دەرزی و داو لێکم دوورییەوە و بەبەر چستۆمدا کرد، ببوورە لەوانەیە کارێکی هەڵەم کردبێت، بەڵام خۆم بۆ نەگیرا...

چستۆ وەک ئەوەی هەستبکات باسەکە لەسەر ئەوە، قیت دانیشـتبوو و سەیری ئاسمانی دەکرد، ناوە ناوەش لاچاوێکی دەگێـڕایەوە. بـارزانی سـەرەتا هـیچ دەنگـی نەکـرد، بەهێمنـی دەسـتی بـۆ گیرفـانی بـرد و چەقـۆیەکەی دەرهێنا:

- ئەم چەقۆیەم لێ وەربگرە، سوێند بەخـوا تـۆ قارەمـانی شـەوی ڕابـردووی لەشـــکری، لەکاتێکـــدا هەمووهـــان بەهـــۆی هیلاکیـــیەوە ســـەرقاڵی حەساندنەوەی جەستەی خۆمان بووین، تۆ خەمی گەرم داهێنانی جەسـتەی ئەم سەگە بەستەزمانەت بوو، ئەوەی ئێستا لەدەستم دێـت ئەم چەقـۆیەیە پێتـی بـدەم، دڵنیـابە لەبەرامـبەر ئەوکـارەت خـواش قەرەبـوی گەورەتـرت دەکاتەوە و لە بەڵای گەورە دەتپارێزێت...

بە بەرزتربوونەوەی خـۆر، جەنگاوەرەکـان بەیەکجـاری لەخـانوو و ژێـر ڕەشـــماڵەکان دەهـــاتنە دەرەوە و لەو شـــوێنەی بـــانگی لـــێ هەڵـــدرابوو کۆبوونەوە، دواتر لەگەڵ جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی هەڤلەرانیان جێهێشـت و بـۆ گەیشـتنەوە بە قۆڵەکـانی دیـکەی لەشـکر بەرەو گونـدی بڕوشـخۆران کەوتنەڕێ.



۲۸ روز

## ڕۆژی چواردەیەم ...

## ٤ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٤ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان گەیشتە گوندی بڕوشخۆران، کۆتایی سنووری هۆزی شکاک لە باکوورەوە.

هەردوو قۆڵەکەی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی درەنگانی شەوی پێشتر گەیشتبوونە گوندی بڕوشخۆران. دوای گەیشتنیان، بەشێکیان وەک نۆبەتدار لە دەوری گوند مۆڵگەیان دانا و بەشەکەی دیکەش لەنێو گوند ڕێزێکی زۆریان لێ گیرا و حەوێندرانەوە.

نیوەڕۆی ڕۆژی ٤ی حوزەیران، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و قۆڵەکانی دیکەی لەشکریش گەیشتنە گوندەکە و تەواوی لەشکر لەوێ یەکی گرتەوە. خەلیفە سادقی قازی گوند لەگەڵ چەند ڕدێن سپییەک لە پێشوازی لەشکر وەستابوون و دوای گەیشتنیان، بارزانی بۆ خواردنی نانی نیوەڕۆ داوەتی ماڵی قازی کرا. خەلیفە سادق چەند ڕۆژێکبوو لە نێو ئاوایی نەدەبینرا و لای گوندییەکان وا بڵاوببووەوە چووەتە شاری خوی:

- یاخوا بەخێربێن، چ شەڕەفێکی گەورەیە جەنابتان لە دیوەخانەکەم ببینم. لەو بارودۆخە سەختەی گەلەکەمانی تێ کەوتووە، تاکە سەرکردەیەک کە ئامادەبێت بەرگریمان لێبکات و خۆی نەدات بەدەستەوە و بەرامبەر هەموو مەترسی و ئالنگارییەکان بوەستێتەوە ئەمڕۆ مێوانی ئێمەیە. ئەو سەربەرزی و شەڕەفەی خوا بە ئێوەی بەخشیوە بەقسمەتی هەموو کەسێکی ناکات، یاخوا پیرۆزتان بێت. ئێستا میلەتێک چاوی لە هیمەت و

سەرکەوتنی ئێوەیە، خۆزگە ئەم شەڕەفە بە ئێمەش بڕابا، بەڵام هەر ئەوەی بتوانین لێرە خزمەتتان بکەین گەورەییە بۆمان...

هەواڵی گەڕانەوەی جەنابتان بە لەشکرەوە بۆ خاکی ئێرانم لە تەتەرەکانەوە بیست، ئاگاداریش کرامەوە کە سوپای ئێران بەهەموو شێوەیەک هەوڵی گرتن و وەستاندنتان دەدات و تا دێت بارودۆختان لێرە بەرەو سەختی دەچێت، بۆیە خۆم بۆ نەگیرا و ئەو چەند ڕۆژە چوومە شاری خوی، بەڵکو بتوانم نێوانگیری ئێوە و حکومەت بکەم. خۆشبەختانە دوای بینینی بەرپرسە ئێرانییەکان و هەوڵی هەندێک لە هاوڕێکانمان لەو شارە، توانیم قەناعەت بە کاربەدەستانی دەوڵەت بێنم پرسی گەڕانەوەکەتان بەبێ شەڕ چارەسەربکەن. لەوانەیە جەنابیشت ئاگادار بیت، حکومەت لەو چەند ڕۆژەی ڕابردوو هێزێکی زۆری هێناوەتە ناوچەکەمان و تەواوی ڕێگاکانی داخستووە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەزامەندی نیشانداوە، ئەگەر شەڕیان لەگەڵ نەکەن، نەک هەر هێرشتان نەکەنە سەر، بەڵکو بریندارەکانیشتان بۆ چارەسەر بکەن و ئازووقە و پێداویستی ژیانیشتان بۆ دابین بکەن، تەنانەت ڕەزامەندیی نیشاندراوە ناوچەیەک بۆ مانەوەتان هەڵبژێرن، بەمەرجێک چالاکیی سەربازیتان نەبێت.

بارزانی لەکاتێکدا هێشتا پیاڵە چایەکەی بەدەستەوەبوو و هێدی هێدی دەیسووڕاندەوە و سەیری دەکرد، چاوەکانی لەسەر پیاڵەکە هەڵگرت و وەڵامی خەلیفەی دایەوە:

- خەلیفە سادق سوپاس بۆ ئەو مێواندارییەت. گومانمان نییە لەو داخەی بۆ ئێمە و گەلەکەت هەڵی دەڕێژی و لەو دڵسۆزییەی بۆمانی دەنوێنی، بەڕاستی مرۆڤی وەک تۆ هەر ئەوەی لێ چاوەڕوان دەکرێ. لەژێر هەر

بارودۆخێکدا بین، لە هەر ناوچەیەک بژین و سەر بە هەر دەوڵەتێک بـین، لە کۆتاییـــدا هەموومـــان کـــوردین و چارەنووســـمان بەیەکتریـــیەوە بەستراوەتەوە، بۆیە ڕاستەکەی ئەوەیە بۆ یەکتری هەوڵ بدەین و ئاگـاداری یەکتری بین...

بەڕاســتی پێشــنیاری ئێرانییەکــانم لا ســەیرە! ئــێمە لە بــارودۆخێکی باشتردابووین، ئەوان ئامادەنەبوون بەم شێوەیە مامەڵەمان لەگەڵـدا بـکەن، ئێسـتا چ شـتێک گـۆڕاوە کە ئامـادەن بەم شـێوەیە نەرمـیمان لە بەرامـبەر بنـوێنن!؟ هەرچۆنێـک بێـت مـرۆڤ دەبێـت گەشـبینبێت، لەوانەیە لەو قۆنـاغەدا بەرژەوەنـدیی ئێرانییەکـان ئەوە بخـوازێ، بەڵام بـۆ پرسـێکی وا چارەنووسســاز مــن نــاتوانم بە تەنیــا بڕیــار بــدەم، لەگەڵ هاوڕێیەکـانم کۆدەبمەوە و بڕیاری کۆتایت پێ ڕادەگەیەنم...

- شا هاتۆتە ورمێ و خۆی لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە دەکات، سوپا ترسی لەوە هەیە نەتوانێـت بە ئاسـانی بەسـەرتاندا سـەرکەوێت و لەبەردەم چـاوی شـا تـووشی شـەرمەزاری ببێـت، بـۆیە ئامـادەیە هەمـوو نەرمیـیەک بنوێنێت، تەنیا بۆئەوەی کێشەکە خێـرا چارەسـەربکات و لای شـا خـۆی بە سەرکەوتوو نیشان بدات...

هەریەک لە شێخ سلێمان، میرحاج، ئەسعەد خۆشەوی و محەمەدەمـین میرخان لەگەڵ بارزانی لەو مێواندارییە دانیشـتبوون، پیـاو مـاقوڵێکی گونـد بەناوی مام عەلی وردە وردە خۆی لە محەمەدەمین میرخان نزیک کـردەوە و بەدەنگێکی نزم لەبن گوێی چرپاندی:

- بە بــارزانی بڵــێ بــڕوای پێنەکــات، خەلــیفە ســیخوڕی ئێــرانە و ئەوان

ڕایانسپاردووە تا سوپاکەیان دەگاتە ئێرە، لێرە بتانهێڵێتەوە، هیچ هێزێکی ئەوتۆشیان لەسەر ڕێگا نییە، بۆیە تا درەنگ نەکەوتووە باشتر وایە خۆتان کۆبکەنەوە و ئێرە جێبهێڵن...

دوای قسەکانی مام عەلی، محەمەدەمین میرخان هەر زوو لەشوێنی خۆی هەستا، چوو لای بارزانی دانیشت و بە هێمنی پێی گوت:

- قوربان دەکرێ لە دەرەوە دوو قسە بکەین...

دوای چوونە دەرەوەیان، محەمەدەمین میرخان ئەوەی لە مام عەلی گوێی لێ ببوو، هەمووی بۆ بارزانی گێڕایەوە و بارزانیش کە خۆی گومانی لە قسەکانی خەلیفە هەبوو، ئیتر ڕاستییەکەی لا ڕوونتر بووەوە:

- محەمەدەمین هیچ بەسەرخۆتەوە مەهێنە، با خەلیفە گومانمان لێ نەکات. دەچین لە دیوەخان دادەنیشین تا مێواندارییەکە تەواوەبێت، دواتر کە پێکەوە دانیشتین تەگبیرێکی لێ دەکەین...

دوای ماوەیەکی کورت، بارزانی و محەمەدەمین میرخان گەڕانەوە ژوورەوە و وەک ئەوەی شتێک ڕووی نەدابێت لە دیوەخان دانیشتن و درێژەیان بە گفتوگۆکەیان دا، چایەکەش خورایەوە و کاتی هەستان هات:

- خەلیفە سوپاس بۆ ئەو مێواندارییە و ئەو هەوڵەی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکەمان لەگەڵ حکومەت دات، بەڕاستی ئەو هەڵوێستەت بەرز دەنرخێنین و خۆمان بە منەتبارت دەزانین، تا درەنگ نەبووە دەبێت لەگەڵ هاوڕێکانم کۆببمەوە، بۆئەوەی دوا هەڵوێستی خۆمت پێ ڕابگەینم و دواتر بیگەینیت بە حکومەت...

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و هاوڕێکانی دوای ئەوەی لە دیوەخانی خەلیفە هــاتنە دەرەوە، ڕاســتەوخۆ چــوونە لای ئەو خێــوەتەی بــۆ مانەوەیــان دەستنیشــانکرابوو، لەوێ بــانگی ســەر قۆڵەکــانی دیــکەش کــرا و کۆبوونەوەیەکی خێرا ئەنجامدرا. دوای گفتوگۆیەکی کورت و ئاشکرابوونی نیــازی خەلــیفە و حکــومەت، بڕیــاردرا هەر ئەو شــەوە لەشــکر گونــدی بڕوشخۆران جێبهێڵێت. دوای کۆبوونەوە، بۆئەوەی هەست بە هیچ نەکات و وابزانێت پلانەکەی سەری گرتووە، میرحاج بـۆ گەیانـدنی پەیامی بـارزانی نێردرایە لای خەلیفە:

- بارزانی بە پێشنیارەکەی حکومەت ڕازییە و ئامادەی هەموو هاوکارییەکە، بڕیاریشــی داوە لەگەڵ لەشــکرەکەی هەر لە دەوروپشــتی ئاواییەکانتــان مۆڵگە دابنێت و لێرە بمێنینەوە...

خەلیفە سادق هەستیکرد پلانەکەی سەری گرتووە، دەمەو مەغریب، بە پەلە پەل ئەســپەکەی لغــاوکردەوە و لەگەڵ دوو لە ڕەشــەکەکانی ڕێگــای شاری خوی گرتەوەبەر.

دوای دڵنیابوون لە ڕۆیشتنی خەلیفە سادق، بارزانی فەرمانیکرد قۆڵەکانی لەشــکر هەرچــی زووە خۆیــان کــۆبکەنەوە، پێویســتییەکانیان هەڵبگــرن و ئامادەی ڕۆیشتن بن.

خەڵکی دوای ئەوەی زانییان لەشکر ئەو شەوە گونـدەکەیان جێـدێڵێت، خێرا لەنێو خۆیان ئەوەندەی پێیانکرا نان و پێخۆری وشککراویان کۆکردەوە و لە چەند جۆرکێکدا پێشکەشی لەشکریان کـرد و بـۆئەوەی خێراتـریش بە ڕێگادابڕۆن و بار و برینداره‌کانی لێ باربکەن، بە ئەمـانەت دوو گوێـدرێژ و

ئێستریێکیان پێدان.

دوای تاریـک داهـاتن و لە درەنگـانی شـەو، لەشـکر بەخێرایـی گونـدی بڕوشخۆرانی جێهێشت و بەڕۆیشتن بەسەر سنووری ئێران و تورکیـادا، بەرەو باکوور هەڵکشا.

## ڕۆژی پازدەیەم ...

# ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان بە سنووری تورکیادا خۆیان گەیاندە گوندی ڕاڤیان لە دیوی ئێران.

بۆ گەیشتن بە ڕاڤیان دوو ڕێگا هەبوو، ڕێگایەک بەسەر سنووردا دەڕۆیشت و گەیشتن پێی کاتێکی زۆری دەخایەند، ڕێگای دووەم بەنێو سنووری تورکیادا دەڕۆیشت و کاتێکی کەمتری دەخایەند. بۆئەوەی خێراتر ناوچەکە جێبهێڵن، لەشکر ڕێگا کورتەکەی هەڵبژارد. بڕیاردرا سنووری تورکیا جارێکی دیکە ببەزێنن و ماوەیەک بەوێدا ڕێبکەن.

درەنگانی شەو، لەشکر لەژێر کزە ڕووناکی ئەستێرە و مانگە شەو، ڕێگای پڕ هەوراز و نشێوی کوێستانەکانی سەر سنووری گرتەوەبەر، دەنگی هەڵکردنی ڕەشەبای کوێستانەکان بە دۆڵەکاندا، لە گوێچکەدا دەزرینگایەوە و بۆنی گوڵ و گیای بەهارەی بە دنیادا دەگێڕا، جوانی و دڵڕفێنی دیمەنی ئەم چەرتە لە نیشتیمانە داگیرکراوەکەم، بەو ترینگە تاری شەوە، وەک ڕۆژی ڕووناک هەستی پێدەکرا. پێخوستی مێگەلی ئاژەڵ و چوارپێیەکان، ڕێگای لە بەفر ڕەشی کردبووەوە و ئامادەی پێداهەڵگەڕانی لەشکرێکی ماندوو و پیادەی کردبوو.

دوای چەند کاتژمێرێک ڕێکردن، لەشکر گەیشتە سەر سنووری تورکیا، زنجیرە بەرزاییەک لە گرد و تەپۆڵکەی بەرز سنووری هەردوو وڵاتیان لە یەکتری جیادەکردەوە، لەشکر لەبەردەم بەرزاییەکان وەستا و تەکبیری

سەرکەوتن بەسەر بەرزاییەکان کرا، بێ ئەوەی بزانرێت ئەوبەری بەرزاییەکان و لەو دیوی سنوور، چی چاوەڕێیان دەکات.

بەپێی ڕێکخستنی لەشکر، دەبوایە قۆڵەکانی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی سەرەتا لە سنوور بپەڕنەوە، ئەوانیش لەنێو خۆیان چەند جەنگاوەرێکی چەلەنگتریان هەڵبژارد، بۆئەوەی پێش قۆڵەکانیان بکەون و ئەودیوی بەرزاییەکان بپشکنن.

چستۆ چەند مەترێک لە دووری بارزانی و گفتوگۆی سەرۆک قۆڵەکان وەستابوو و چاودێری بارودۆخەکەی دەکرد، پێدەچوو لە دەرفەتێک بگەڕێت یارمەتی هاوڕێکانی بدات. ئێستا کاتیەتی! مامەند و مستەفا خەریکی هەڵبژاردنی جەنگاوەرەکان بوون، لەناکاو چستۆ بەخێرایی بەلایاندا تێپەڕی و تا لوتکەی یەکەم بەرزایی نەوەستا! جەنگاوەرەکان بە سەرسوڕمانەوە سەیری ڕاکردنی چستۆیان دەکرد، کاتێک گەیشتە سەر بەرزاییەکە، ماوەیەک سەر و گوێی بەهەموو لایەکدا گێڕا، دواتر قیت دانیشت و کلکە کوڵکنە سپییەکەی بادا، وەک ئەوەی ئاماژەیان پێ بدات؛ لەودیو مەترسییەک لە ئارادانییە. مامەند و مستەفا کەمێک ڕامان، دواتر وەک ئەوەی بڕوای تەواویان پێبێت، چارەنووسی خۆیان دایە دەستی و وازیان لە هەڵبژاردنی جەنگاوەرەکان هێنا، خۆیان پێش لەشکر کەوتن و تا لای چستۆ نەوەستان. ئەو ڕاستی دەکرد، لەوبەری گردەکە شتێک لەگۆڕێ نەبوو، تا چاو حوکمی دەکرد بەرزی و نزمی بەبەفر داپۆشراو دەبینرا. دوای سەرکەوتن، جەنگاوەرەکان نەوەستان و یەک یەکە و بە ڕیز، بە بەردەمی چستۆدا، لە گردەکە شۆڕ دەبوونە خوارەوە، ئەویش وەک ئەوەی ڕۆستەمی بە گوێیان گرتبێت، لەو شوێنەی دانیشتبوو خۆی تێکنەدا، لموزی خۆی بەرز کردبووەوە و بە تێپەڕبوونی هەر

جەنگاوەرێـک بەدەم کلـک بـادانەوە سـەرێکی بـۆ دەهەژانـد و تـا تەواوی لەشـکر بەپێشـیدا تێـنەپەڕی لەشـوێنی خـۆی هەڵنەسـتا. بەم شـێوەیە و تـا تەواوکردنی ڕۆیشتن بە سنووری تورکیادا چستۆ بەرزایی لەدوای بەرزایی پێش لەشکر کەوت و ئەم قۆناغەیان بە سەلامەتی تێپەڕاند.



بەرەبەیان، کاتێک تازە گزنگی خۆر کوێستانەکانی ڕۆشن دەکردەوە، دوا جەنگاوەری لەشکر سنووری تورکیای تێپەڕاند و گەڕانەوە دیوی ئێران، لە لەوەڕگاکانی گوندی ڕاڤیان پشوویەکی کورتیان دا و دواتر کەوتنەوەڕێ.

شوانی گوند بە مێگەلی مەڕ و ماڵاتەکەیەوە بۆ لەوەڕگاکان هەڵکشابوو، ئاژەڵەکان بەسەر ئەو زەویە سەوزە پڕ خێروبێرەوە بڵاوەیان کردبوو و بۆخۆیان دەچەران، شوانیش لەسەر تاشەبەردێک دانیشتبوو و خەریکی ئامادەکردنی چایە و نانی بەیانی بوو.

کاتێک بینی جەنگاوەرانی لەشکر بەرەو ڕووی دێن و بەشەکەتییەوە بەلای خۆیی و مێگەلەکەیدا تێدەپەڕن، گۆچانەکەی دا بەزەویدا و بە دەنگە خۆشەکەی قیری کردە لاوک و گۆرانییەک:

دەلۆلۆ دەلۆلۆ، بەرێ ژاژووکێ داکەتم داببەرە.

داروبارێ پیرەخانێ خۆ لێکدایە، فارسانێ ب خۆ و سەد مێرا لسەر دەراڤا ڕێزانێ ڕاوەستایە.

شێخ مەلا مستەفا گەلێ عوبەیدولڵا ب سێ دەنگا دکەت گازی سدیق برا دەست هەلینە وەعدە لمن کەفتی هەر ڕۆژەکێ دەستێ خۆ دهاڤێمە سە دارێ جامبێزانێ، هنگی دێ شەڕی بەتاڵکەم هەتا حەفت ساڵا گورگ بخۆن گۆشتێ مێرا...

جەنگاوەرەکان وەستان و گوێیان لە دەنگە خۆشەکەی کاکی شوان گرت. کاتێک وەستا هەناسەیەک هەڵمژێ، لەناو جەنگاوەرەکان یەکەکیان هەر بە لاوک وەڵامی شوانی دایەوە:

مەلیکۆ بەلاخۆ لمە ڤەکە وەڵاتێ مە چیایە...

مەلیکۆ بەلاخۆ لمە ڤەکە وەڵاتێ مە چیایە...

ل سەر داسا برا، لسەر چیاێ پێرەفاتێ دار و بارێ وی چیایی خۆ لێکدایە.

دلێ مە بخینە، شێخ ڕەشید دگەمە شەڕە، هـزار مێـرد ممەڕە بەردایە، دگەل توركا مە شەڕە، ئالێ عەجەما لمە گیرایە. بابۆ هەوارە قرانا مە كوردایە. لێ لێ نایە، لێ لێ نایە.

هۆ برا شەڕەکێ قەومی ل چیایێ مێرگەسۆرێ، برا دنیا سارە.

شەڕەکێ قەومی ل چیایێ مێرگەسۆرێ، نەمایێ کەس نەمایە.

قوماندار و ئەفسەر داکەتینە خوارێ ب تۆپان و تەیارایە.

مەلا مستەفا ب سێ دەنگا دکەت گازی سدیق برا دەست هەلینە عیلاجەکێ بکە، ئەز دێ هنگی دەستا ل چیایێ ژاژووکێ بەردەم هەتا سێ ساڵا گورگ بخۆن گۆشتێ مێرا...

کاکی شوان لاوکەکەی وەرگرتەوە و ماوەیەکی باش تا دوا کۆپلە هەمووی بە ئاوازە خۆشەکەی چڕییەوە...

خـوایە ئەم لاوکە چـۆن گەیشـتۆتە ئێـرە!! ئـاخر ئینگلیـز بەو عەزەمەتەی خـۆی هەرکەسێک لاوکەکەی بگوتبـایە، یـان قەوانەکەی لابـایە، بـێ سـەر و شوێنی دەکرد!!!

سـاڵی ١٩٣٢ لەکـاتی هەڵگیرسـانی شـۆڕشی یەکەمـی بـارزان، مەلا مسـتەفا

بارزانی بە خۆی و ژمارەیەکی کەمی جەنگاوەری بارزانییەوە لە دۆڵا ڤاژێی نێوان پیران و مێرگەسۆر، هێزی دای ئینگلیز و سوپای مەلەکی عێراقی گیرخست و بە پلانێکی ژیرانە، لە نەبەردییەکی کەم وێنەدا، هێزەکەی هەردوو وڵاتی تەفر و تونا کرد، زیاتر لە دووسەد و پەنجا سەرباز لە سوپای هەردوو وڵات کوژران و هەر بەڕاستیش دوای تێپەڕینی دوو ساڵ بەسەر شەڕەکە، بۆنی کەلەشی مردار لە دۆڵەکە هەر نەبڕابوویەوە و ئیتر ئاژەڵی دڕندەش لە گۆشتەکەیانی نەدەخوارد.

کاوێس ئاغای گەورە لاوک بێژ، بۆئەوەی ئەم قارەمانەتییەی مەلا مستەفا و بارزانییەکان بە گوێی هەموو کوردێک بگەینێت، بۆ ساڵی دواتر داستانەکەی لەشێوەی لاوک بە نهێنی لە شاری بەغدا لەسەر قەوان تۆمارکرد و بڵاوی کردەوە، لەبەرامبەردا ئینگلیزەکان کە لە هەوڵی شاردنەوەی ئاسەواری شکستەکەیان بوون، دەستیانکرد بە کۆکردنەوەی قەوانەکانی لاوکەکە و سزادانی بێ بەزەییانەی ئەو کەسانەی لاوکەکەیان دەگوتەوە.

بەڵام پێدەچێت هەوڵەکانیان بێ سوود بووبێت و کاوێس ئاغاش ئامانجەکەی پێکابێت، ئەوەتا لەو پەڕی سنووری سێ وڵات، دوای تێپەڕینی چەندین ساڵ، شوانێک بە دەنگە خۆشەکەی لاوکەکە وەک خۆی دەلاوێنێتەوە.

دوای ئەوەی لە لاوک گوتنەوە بوونەوە، کاکی شوان بە چایدانە چایەک و تورەکە نانێک، فەرمووی لە لەشکرێک کرد، جەنگاوەرەکانیش سوپاسیانکرد و دوای کەمێک حەسانەوە، درێژەیان بە ڕێگاکەیان دا.

دەمەو نیوەڕۆ تەواوی لەشکر گەیشتە دەوروپشتی ڕەشماڵەکانی گوندی ڕاقیان، ئێرە هەوارگەی عەشیرەتی شکاک و لەوەڕگای کۆچەرەکانە،

ڕەشماڵەکان تازە هەڵدرابوون و پەیتا پەیتا ڕەشماڵی دیکەش هەڵدەدران، کۆچەرەکان هێشتا باش دانەمەزرابوون، جەنگاوەرەکانیش نەیانویست بەسەریانەوە ببنە بار، بۆیە لای ڕەشماڵەکان نەوەستان و بەرەو گوندی ڕاڤیان شۆڕ بوونەوە.

گوندی ڕاڤیان دەکەوتە دۆڵێکی قووڵەوە و ئاوێکی خۆش و سازگار بەناوەندی گوندەکەدا دەڕۆیشت، سەرەڕای خۆشی و دڵگیری گوندەکە بەهۆی بەرزاییەکانی دەوروپشتییەوە، بۆ لەشکر شوێنێکی لەبار و پارێزراوبوو. فەرمان گەیشتە تەواوی قۆڵەکان لەو گوندە بوەستن و پشوویێک بدەن، خەڵکی گوندیش بەپیر لەشکرەوە هاتن و بەپێی توانا بۆ نیوەڕۆ شتێکیان بۆ خواردنی لەشکر ئامادەکرد.

هێشتا لەشکر بەتەواوەتی لەنێو گوند دانەمەزرابوو و جەنگاوەرەکان پشوویەکی ئەوتۆیان نەدابوو، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لەلایەن نۆبەتدارانی لەشکرەوە لەبوونی ژمارەیەکی زۆر سەربازی سوپای ئێران لەسەر ڕێگای بەردەمیان ئاگادار کرایەوە.

۲۸

## ڕۆژی شازدەیەم ...

# ٦ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٦ی حـوزەیرانی ١٩٤٧، لەشـکری بـارزان لە یەکەم بەریەککەوتنـدا، سوپای ئێرانی لە دۆڵی قتوور تێپەڕاند و گەیشتە گوندی کەلێتێ.

قتوور، ناوچە یان دۆڵێکـی دوور و درێـژی عاسێیە و زەوییەکـانی هەردوو هـۆزی شـکاک و مـیللی یـاخود (مـلان)ی لەیەکـتری جیادەکـاتەوە، لە ڕۆژهەڵاتەوە لە نزیک شـاری خـویەوە دەسـت پێـدەکات و تـا نێـو سـنووری تورکیا بەبێ پچڕان درێژ دەبێتەوە. هاوکات، چەند دۆڵێکـی دیـکە وەک بـڕگە لە باشوورەوە بۆ باکوور بەنێویدا درێژدەبنەوە و دۆڵەکە لەتدەکەن. ناوچەکە بەهـۆی سـەختی و عاسێییەکەیەوە نـاوی (کۆتـۆل) یـان (قتـوور)ی لێـنراوە، بەواتـای (کەلە ڕەق) کە پێـدەچێ لە مەغۆڵەکـانەوە مـابێتەوە. وەک ئەوەی خەڵکـی نـاوچەکە دەیگێـڕنەوە، لە سـەردەمی مەغۆڵەکـان، نەوەیەکـی چەنگیزخان بە ناوی محەمەد پاشا، وەزیرێکی دەبێت زۆر کەلە ڕەق بە ناوی (قتـوور)، پاشـا فەرمـان بەو وەزیـرە دەکـات قەڵایەک لەو نـاوچە عاسێیە دروست بکات، وەزیریش فەرمانەکەی جێبەجێ دەکات و دواتـر نـاوچەکە و قەڵاکەش هەر بەنـاوی وەزیـرەکەوە دەنـاسرێنەوە و لەوکـاتەوە نـاوچەکە قتووری پێدەگوترێت.

ئەم دۆڵە لە سەردەمی شۆڕشی سمکۆ ئاغای شـکاک دژی فارسـەکان، قەڵا و پەناگەیەکی پۆڵاینی شۆڕش بووە و چەندین سەرکەوتنی گەورە لێرە بەسەر سوپای فارسدا تۆمارکراون.

جەنەڕاڵ هومایوونی بەپێی ئەو پلانەی دایناوبوو، فەرمانی کرد سوپا لەنێو شکاکەکان دوای لەشکری بارزان نەکەوێت و لەو ناوچەیەی خۆیان دەستنیشانی دەکەن و بە لەباری دەزانن، ڕێگایان لێبگرن. بێگومان شوێنێک لە ناوچەی قتوور لەبارتر بۆ سوپا شک نەدەبرا. ئەوێ هەڵکەوتەی جوگرافی و سەربازی وایە، لە شەڕدا هەر هێزێک زووتر پێی بگات، سەرکەوتنی هێزی دووەم زۆر ئەستەم دەبێت.

ڕاپۆرتی جووڵەی لەشکری بارزانییەکان، بەڕێگەی سیخوڕەکانەوە بەردەوام دەگەیشتە بارەگای ئەرکانی سوپا، بە فەرمانی ڕەزمارای سەرۆک ئەرکان و لەسەر داوای هومایونی، بەشی هەرە زۆری سوپا لە ناوچە کوردیەکان نێردرایە شاری ورمێ و ژوورێکی ئۆپەراسیۆن بە فەرماندەیی خودی هومایونی دامەزرێنرا.

لە ورمێ-وە، کاروانێکی گەورەی سوپا بە چەکی قورس و سوکەوە، بە سەرکردایەتی عەقید نیساری و عەقید بێگلەری، نێردرایە ناوچەی قتوور و لە نزیک خویێ-وە تا سەر سنووری تورکیا لە ناوچە ستراتیجییەکان جێگیرکران. کاروانەکە پێکهاتبوو لە: ٤ کەتیبەی پیادە کە بریتیبوون لە، کەتیبەکانی ٣ی فەوجی ١٠، فەوجی ١ی بەهادور، کەتیبەی ٢ی فەوجی ٢٢، کەتیبەی ١ی فەوجی ئازەرپاد. سریەکی هاوەن وەشێن. ٤ نەفەر هەڵگری جەنگی، ٤ تانک، کەتیبەی تۆپی ٧٥ملم-ی چیایی. سریەیەک سوار لە فەوجی سواری کوردستان و دەزگایەکی بێتەل.

دوای ئەوەی هێزەکە گەیشتە شاری خوی، جارێکی دیکە دابەشی سەر چوار هێزی بچووکتر کران و لە چوار خاڵی ستراتیجی جێگیرکران، هێزێک بە فەرماندەیی ڕائید زرێپۆش نێردرایە بانی ئەستەران، هێزێک بە فەرماندەیی

موقەدەم نەفیسی لە بانی زرێ جێگیرکرا، هێزەکەی ڕائید نەوابی نێردرایە بانی قتوور و هێزی عەقید فولادوەندیش پاراستنی بانی ڕازی پێ سپێردرا.

هاوکات کاروانێکی دیکەی سوپا بە فەرماندەیی عەقید سەردادوەر کە پێکهاتبوو لە: سێ کەتیبەی فەوج، سریەیەکی هاوەن وەشێن، ٢ نەفەر هەڵگری جەنگی، سریەیەکی تۆپی ٧٥ملم، سریەیەکی ڕەشاش، بە ١٢٥ سواری شکاک و ١٠٠ سواری هەرکی و بەگزادەوە، لە مەرگەوەڕەوە نێردرانە ناوچەی قتوور، بۆئەوەی دواوەی لەشکری بارزانییەکانی پێ بگرن.

دوای دامەزراندنی هێز لە ناوچەی قتوور، کاروانێکی دیکەی سوپا بە ناوی (قەرەزیائەدین) و بە فەرماندەیی عەمید زەنگەنەی فەرماندەی لیوای ورمێ کە پێکهاتبوو لە: دوو سریەی فەوجی کرماشان، کەتیبەکانی سواری کوردستان، دوو نەفەر هەڵگری جەنگی، سریەیەکی تۆپی ٧٥ملم، کەتیبەی تۆپی ١٠٥ملم، لە ناوچەکانی سیاچەشمە، ماکۆ و قەرەزیائەدین جێگیرکران. ئەرکی ئەم هێزە ئەوەبوو ئەگەر لەهەر بارودۆخێکدا لەشکری بارزان توانی هێزەکانی حکومەت لە قتوور تێپەڕێنێت، ئەوانە لە ناوچەکانی باکوور ڕووبەڕوویان ببنەوە. هاوکات هێزی ئاسمانی خرایە ئامادەباشەوە و وەک ئەرکی ڕۆژانە لە بەیانییەوە تا تاریک داهاتن، کاری گەڕان و پشکنین بە ناوچەکەیان پێ سپێردرا و فەرمانیان پێکرا لەشکر لەهەر ناوچەیەک ببینن بۆردومانیان بکەن.

ئێرانییەکان دەبێت بە تەمای چی بن!؟ ئەو هەموو هێزە بۆ شکاندنی پێنجسەد جەنگاوەری پیادەی ماندوو، بە کۆڵێک بریندار و نەخۆشەوە!؟ پێدەچێت شکستەکانی سەرەتای بەهار زۆر تینی بۆ هێنابن و نەیانەوێت شەرمەزارییەکەیان بەرامبەر بە شا دوو هێندەی لێبێتەوە.

دەمەو نیوەڕۆی ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لە

گونـدی ڕاڤیـان، لە جێگیربـوونی سـوپا لە دۆڵـی قتـوور ئاگـادارکرایەوە. بـۆ درێژەدان بە ڕێگا و گەیشتن بە سنووری یەکێتی سـۆڤیەت، جـگە لە تێـپەڕین بەو دۆڵە، ڕێگایەکی دیکە نەبوو. چوونیش بۆ نێو سـنووری تورکیـا ڕێگـاکەی دووهێندە دوورتر دەکرد و بەپێی قسەی خەڵکی نـاوچەکە لە دیـوی تورکـان ئاوەدانی و خـاڵی سـەربازی زۆری لێبـوو، بـۆیە بـژاردەیەک نەبـوو، تەنـانەت بیریشی لێبکرێتەوە.

بارزانی چارەیەکی نەبوو جگە لەوەی بیر لە پلانێک بـۆ تێـپەڕین بە دۆڵـی قتووردا بکاتەوە، ئەنجـومەنی ڕێڕۆیشـتن و سـەرقۆڵەکان کـۆکرانەوە و بـانگی چەنـد شـارەزایەکی نـاوچەکەش کـرا. هەمـوو هەوڵێـک بـۆ ئەوەبـوو شـەڕ ڕوونەدات، چـونکە بەزیـانێکی گەورە بـۆ لەشـکر دەشـکایەوە و چـارەنووسی تەواوی ڕێکردنەکەیان دەکەوتە مەترسییەوە، بەتایبەت کە هیچ دەرفەتێکیش بۆ گەڕانەوە نەدەما. بارزانی بیـری لەوەدەکـردەوە ڕێگـایەک بەنێـو دۆڵەکەدا بدۆزرێتەوە و بەنهێنی بەنێویـدا لە قتـوور بپەڕێـتەوە، شـارەزاکان پێشـنیاری چەند ڕێگایەکیان کرد، بارزانیش هەڵیسەنگاندن و دواتر بڕیاری کۆتایی دا:

- پشـــتیوان بەخـــوا هەر ئەم شـــەو بەرەو دۆڵـــی قتـــوور دەکەویـــنەڕێ، هەوڵـدەدەین شـەڕ ڕوونەدات و بەسـەلامەتی لێـی دەربچـین، بەڵام ئەگەر ڕووشبدات، بەهەر نرخێک بێت، دەبێت بەربەستەکانی پێشمان هەڵبگـرین و بەهـیچ شـێوەیەک بـۆ دواوە نەگەڕێیـنەوە، بـاش بـزانن گەڕانەوە، واتـا لەنێوچـوونی یەکجـارەکی هەموومـان. ئـێمە کۆمەڵێـک نەشـارەزا نـین تـازە چەکمان بەدەستەوە گرتبێت و لە شەڕ بترسین، ئێسـتاش کە ناومـان دەهێـنن دوژمنەکانمان چۆکیان دەلەرزێت، بارودۆخی زۆر لەوە سەختترمان تووشـبووە و قۆنـاغی زۆر لەوە دژوارترمـان تێپەڕانـدووە، دڵنیـام بە پشـتیوانی خـوا و

قارەمانەتی ئێوە، ئەم قۆناغەش بە سەرکەوتوویی تێدەپەڕێنین...

بارزانی دەمێک بۆ جەنگاوەرانی و ئەو شارەزایانەی لەوێبوون دوا، بەبێ ئەوەی ناوی ئەو خاڵە بهێنێت کە مەبەستی بوو پێیدا بڕوات.

نزیک ڕۆژئاوابوون، قۆڵەکانی لەشکر کۆکرانەوە، ئامادەی ڕۆیشتن کران و لە تەرینگە تاری شەو، ڕێگای دۆڵی قتووریان گرتەبەر. سوێکی سارد هەڵیدەکرد، بەهۆی پەڵەهەورە چڕەکانەوە مانگ و ئەستێرە بە ئاسمانەوە نەدەبینران، تەم و مژێکی چڕیش ڕێگا و دۆڵەکانی تەنیبوو، وەک ئەوەی سروشتیش بیەوێت یارمەتی پەڕینەوەی لەشکری ماندووی بارزانییەکان بدات. کات بۆ گەڕان بەدوای ڕێگای لەبار بۆ پێدا ڕۆیشتن نەبوو، لەشکر دوای بارزانی کەوت و هەر بەرزی و نزمییەکیان هاتبایە پێش، بێ وەستان تێیاندەپەڕاند، تا گەیشتن بە دۆڵی مخین، ئێرە ئەو شوێنەیە کە بارزانی مەبەستی بوو.

بڕگەی مخین دۆڵێکی قووڵە، ناوچەی قتوور لە باشوورەوە بۆ باکوور دەبڕێت، ڕووبارێکی بچووکی پێدا دێتە خوارەوە و ڕێگایەکی بەردەڵانی زۆر سەخت بەنێو دۆڵەکەدا دەڕوات کە بە ئەستەم بە کەڵکی پێدا ڕۆیشتن دێت، لەلایەن حکومەتیشەوە هەردوو کەتیبەی زرێ و قتوور بۆ پاسەوانی بەسەر هەردوو لای دۆڵەکەوە دانرابوون.

بارزانی ڕێنماییەکانی پەڕینەوەی بە ڕێگەی سەرقۆڵەکانەوە گەیاندە تەواوی لەشکر و ئەوانیش خۆیان بۆ ڕۆیشتن ئامادە کرد. درەنگانی شەو، بە هێواشی و بێدەنگییەکی تەواو، جووڵەی لەشکر دەستی پێکرد و جەنگاوەرە بارزانییەکان بەژێری هەردوو بنکەی چاودێری حکومەتەوە، بێ ئەوەی هەستیان پێبکەن، بە دۆڵەکەدا هەڵگەڕان. پلانەکە باش دەچوو بەڕێوە، تا

ئەوکاتەی گوێدرێژەکەی کاروان زەڕی!! ئەسعەد خۆشەوی خێرا دەمی تووند گرت، بەڵام توانای وەستاندنی نەبوو، بۆیە بە قۆنداغە تفەنگێک پاڵی خست، بۆ ساتێک ترس تەواوی لەشکری داگرت و بۆ ماوەیەک بە بێدەنگی لەشوێنی خۆیان دانیشتن، دوای ئەوەی زانیان مەترسییەکە بەسەریاندا تێپەڕیوە، هەستانەوە سەر پێ و بە بێدەنگی درێژەیان بە ڕێگاکەیاندا.



لەشکر تا دەهات، لەو دوو بنکە و کەتیبە سەربازییەی بەسەر دۆڵەکەوە دانرابوون دووردەکەوتەوە و پێش ئەوەی خۆری بەیانی هەڵبێت، بێ ئەوەی سوپای ئێران هەستیان پێبکات، ڕۆژی ٦ی حوزەیران خۆیان گەیاندە گوندی کەلێتـــێ کە دەکەوتە ئەوپەڕی بـــاکووری دۆڵەکە و تەواو لە بـــنکە سەربازییەکانەوە دووربوو.

کەلێت لە بنەڕەتدا دوو گوندن، کەلێتی سەروو و کەلێتی خواروو، لێرەوە سنووری هۆزی میللی دەستپێدەکات، ئەوانەش هۆزێکی گەورەی کوردن و دەکەونە ناوچەکانی باکووری کوردستانی ڕۆژهەڵات و زۆر بە فراوانی بە ناوچەکەدا بڵاوبوونەتەوە. لەڕووی کلتووری و مێژووییەوە خاوەن چەندین چیرۆک و کەسایەتی گەورەن، چیرۆکی بەناوبانگی عەدولێ و دەروێشێ عەڤدی لێرە سەریهەڵداوە و چەندین کەسایەتی وەک تەمەر پاشای میللی و ئیبراهیم پاشای میللی کە بنیاتنەری کۆنفدراسیۆنی هۆزەکانی ڕۆژهەڵاتە و لەلایەن خەلیفەی عوسمانییەوە نازناوی پاشای پێدراوە و چەندین کەسایەتی دیکە سەر بەو هۆزەن، هۆزەکە چەند ناوێکی دیکەشی لەسەرە، وەک (ملا) و (ملان)ی، ئێرانییەکان (میلان)ی و شکاکەکان (عەروسی)یان پێ دەڵێن.

هەردوو کەلێتەکە لە نزیکی یەکترییەوەن و ئەوکاتیش ئاوەدانییەکی باشیان تێدابوو. دوای گەیشتنیان، لەشکر بەسەر هەردوو گوندەکەدا دابەشکران، قۆڵەکانی مامەند مەیسح و مستەفا مێرۆزی وەک پێشڕەوی لەشکر چوونە کەلێتی سەروو و بارزانی و ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتنیش، بە قۆڵەکانی دیکەوە لە کەلێتی خواروو مانەوە. جگە لەو نۆبەتدارانەی بەدەوری هەردوو ئاواییەوە دانرابوون، جەنگاوەرەکانی دیکە پۆڵ پۆڵ بەسەر ماڵەکاندا دابەشکران و هەر ماڵەو لەلای خۆیەوە بەپێی توانا خواردنی بۆ میوانەکانی

ئامادەکرد.

لەو بەیانییەوە، فڕینی فڕۆکەی پشکێنەر بەسەر ناوچەکەوە زیادی کرد، بەڵام ئەمجارەش هیچیان بۆ نەدۆزرایەوە و دوای ماوەیەک فڕین، ئاسمانی هەردوو گوندیان جێهێشت. لەلایەن بارزانییەوە فەرمان بە نۆبەتداران درابوو تا ئەو ماوەیەی لەشکر لێرەیە، ڕێگەنەدرێت کەس لە ئاواییەکان بچێتە درەوە، بۆیە حکومەت تەواو لەشوێنی مانەوەی بارزانییەکان بێ ئاگابوو و نەیدەزانی بەرەو کوێ ڕۆیشتوون.

بۆ بەیانی ٦ی حوزەیران، بەپێی ئەو زانیارییەی لە گوندی ڕاقیان پێیان گەیشتبوو، سوپا زانیبووی کە شەوی ڕابردوو لەشکر بەرەو گەلی قتوور کەوتۆتەڕێ و گەلییەکەی تێپەڕاندووە، بەڵام لەشکریان لێ ون ببوو و نەیاندەزانی لەکوێ بۆیان بگەڕێن و دوایان بکەون.

جەنەڕاڵ هومایونی بەیانی زوو لە ورمێ-وە خۆی گەیاندە بنکەی سوپا لە شاری خوی، لە ڕقان سوور هەڵگەڕابوو و بەدوای ئەو بەرپرسانەدا دەگەڕا کە ئەرکی پاراستنی قتووریان پێ سپێردرابوو، هەرکە لێیان وەژۆرکەوت و چاوی پێیان کەوت، هاواریکرد:

- ئەمانە لێرە نەوەستێنرێن لەکوێ بوەستێنرێن؟ باشترین دەرفەتتان لەکیس داین، ئێستا چۆن وەڵامی ڕەزمارا و پایەبەرز شا بدەمەوە!!؟؟

بێگلەری لەکاتێکدا بۆ سڵاوی سەربازی قیت وەستابوو، سەری خۆی بەردایەوە و وەڵامی هومایونی دایەوە:

- گەورەم، بنچاوێخستنی دۆڵێک بەو دوور و درێژییە، بە چوار کەتیبەی سوپاوە، کارێک بوو لەکردە نەدەهات و نەمانتوانی هێز بەسەر تەواوی

بڕگەکانەوە دابنێین. ئەوەی هەبوو تەنیا بەشی بڕگەکانی ئەستەران، زرێ، قوتوور و ڕازێیانکرد، بڕوا بکە لەمە زیاتر کارێکمان لەدەست نەدەهات...

قسەکانی بێگلەری هیچی لە تووڕەیی هومایونی کەم نەکردەوە:

- بۆ ئەمرناکەی تەواوی لەشکری هومایونیت بۆ بانگ بکەمە ئێرە، تا ڕێگە لە پێنجسەد چەکداری پیادە بگری!! نیساری بۆ بێدەنگی؟ ئەوە تۆ نەبووی دەتگوت ئەوانە هیچ نین، دەڕۆم بێ ئەوەی کەس لووتی بەخوێندابێ هەموویانت لەپێش بارەگای ئەرکان بە قۆڵبەستراوی بۆ ڕیز دەکەم؟!!

- گەورەم، داوای لێبووردن دەکەم، دەزانم چوونمان بۆ قتوور بەو ژمارە هێزەوە پێشنیاری من بوو، بۆیە هیچ پاساوێکم نییە، بەڵام بڕوا بکە تا نەچوومە ئەوێ نەمزانی ناوچەکە هێندە بەرفراوان و ئاڵۆزە، ئەوەندەی لێکم دەدایەوە گرتنی ئەو دۆڵە بەم هێزەوە لەکردە نەدەهات، بۆیە هەر دوێنێ شەو داوای هێزی زیاترم لە ئەرکان کرد، بەڵام کاتەکە درەنگ بوو، تەنیا چوار کاتژمێر دوای گەیشتنی من بە قتوور، بارزانییەکان بە نێوان مخین و حەبەشدا بەبێ ئاگاداری ئێمە تێپەڕیبوون، سەرەڕای ئەوەش هیچ پاساوێکم نیە و بۆ هەموو سزایەک ئامادەم...

عەقید فولادواندیش کەمێک لەولاتر وشک وەستابوو، هەستی کرد نۆرەی ئەوە قسە بکات، بۆیە هەر زوو دەستی بە پاساوهێنانەوە کرد:

- گەورەم دڵنیابە کەمتەرخەمی لە ئێمە نەبووە، دوای گەیشتنمان بێ وەستان هێزەکانمان لە ناوچە ستراتیجییەکان جێگیرکرد، بەڵام گرتنی حەفتا و پێنج کیلۆمەتری دۆڵی قتوور بەڕاستی کارێکی ئەستەمە، ڕائید نەوابیمان ناردە سەر سنوور و لەگەڵ تورکەکان کۆبووەوە، ئەوانیش بۆ یارمەتی ئێمە


هێزەکانیان لەودیوی سنوور جێگیرکرد، هەندێک لە خەڵکی ناوچەکەشمان نارد بۆ ئەوەی زانیاریمان لەسەر جووڵەی بارزانییەکان بۆ کۆبکەنەوە، ئەوەی ڕاستی بێت خۆشم تێڕاماوم ئەوان چۆن بەنێوماندا تێپەڕیون!!

- نەفیسی تەنیا جەنابت ماویت، فەرموو جەنابیشت هەندێک پاساو بۆخۆت بهێنەوە:

- گەورەم کاتژمێر ٢ی نیوەشەو، یەکێک لە پیاوەکانی خەڵکی گوندی ڕاڤیان هاتە ئێرە و هەواڵی پێدایین کە کاتژمێر ١١ی شەو، لەشکری بارزانییەکان گوندی ناوبراویان جێهێشتووە، بەڵام ئامانجەکەیان ڕوون نییە، لە ڕاستیدا من بڕوام بە قسەی کابرا نەکرد، بۆیە ماوەیەک لای خۆم هێشتمەوە، دواتر بۆ دڵنیابوون لە ڕاستی قسەکانی، لەگەڵ دوو لە سەربازەکانم ناردمەوە بۆ گوندی ڕاڤیان، ئەو ڕاستی دەکرد، بەڵام تا ئەوان چوون و گەڕانەوە بارزانییەکان بەلاماندا تێپەڕیبوون و ئیتر کارێکمان لەدەست نەدەهات، دان بەوەدا دەنێم کارێکی هەڵەم کردووە، بۆیە داوای لێبوردن دەکەم...

- داوای لێبوردنی ئێوە هیچ لەبابەتەکە ناگۆڕێت و دەردی من چارە ناکات، بەهۆی ئێوە و ئەو بارزانییانەوە خەریکە پێگە و ئابڕووی چەندین ساڵەم لای ڕەزمارا و پایەبەرز شا لەدەست دەدەم، هەر ئێستا دادەنیشن و ڕێگەچارەیەک دەدۆزنەوە، بۆئەوەی لە کەتنەکەی دوێنێ شەوتان خۆشبم، چیتر بەبۆنەی ئێوەوە بەرگەی ئەو سوکایەتییە ناگرم...

دواتر بەتوڕەی کڵاوەکەی خستەوە سەر و ژورەکەی جێهێشت.



هومـایونی بەڕاسـتی پـێگەکەی کەوتبـووە مەترسـییەوە، ڕەزمـاراش پێـی ناخۆش نەبوو لای شا سەرشۆڕی بکات، بۆیەش بۆ جاری دووەم ئەرکی گرتنی بارزانییەکـانی پـێ سـپاردبوو، لە بەختـی ئەویـش شـا خـۆی هـاتبووە ورمـێ، ئەگەرچـی ئەو پێشـتر داوایکردبـوو بەهـۆی ئـاڵۆزی بـارودۆخی نـاوچەکە هـاتنەکەی دوابخـات. ئێسـتا شـا لێـرەیە و چاوەڕێیە ئەنجـامی کۆتـایی ئەم ئاڵنگارییە ببینێت و ٤٨ کاتژمێریش ماوەی بۆ داناوە!!

هەردوو کەلێـتەکە بـۆ مـانەوەی لەشـکر زۆر لەبـاربوون، گونـدەکان کەوتبـوونە نێـو دۆڵێکـی قـووڵەوە و داروبـاری زۆری لێبـوو، لەولاشـەوە ئـاوەدانییەکی بـاش لە هەردوو گونـد هەبـوو و خەڵـکەکەی زۆر تـامەزرۆی کوردایەتی و خزمەتی لەشکری بارزانییەکان بوون.

بارزانی و ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتن لە ماڵی موختاری گوند جێگایان بۆ کرایەوە و خەڵکی بۆ بەخێرهێنانیان پۆل پۆل سەردانی ماڵی موختاریان دەکرد، زۆر بەسەر دانیشتنەکەیانەوە نەڕۆیشتبوو، موختاری گوندی کەلێتی سەرووش هات و خۆی گەیاندە لای بارزانی، لە کەلێتی سەروو جەنگاوەرەکانی مستەفا مێرۆزی دوو پۆلیسیان لەو گوندە دەستگیرکردبوو، پۆلیسەکان ئێرانی بوون و هاتبوون پشویەک بدەن، موختار داوای لە بارزانی کرد فەرمان بکات پۆلیسەکان بەربدرێن، ئەگەر نا حکومەت پێی بزانێت، سزایەکی قورسی گوندییەکان دەدات:

- موختار خۆت ئاگاداریت سوپا لە هەموو شوێنێک بەدوامانەوەیە و نازانێت ئێستا لە کوێین، ئەگەر بەڕەڵایان بکەین لەوانەیە زمانمان لێبدەن و تووشی کێشەیەکی گەورەمان بکەن، بۆیە داوای لێبوردنت لێ دەکەم کە ناتوانم داواکارییەکەت جێبەجێ بکەم، وەک دەبینی نەک پۆلیسەکان تەنانەت داوامان لە تەواوی خەڵکی هەردوو ئاوایی کردووە، تا ئەوکاتەی ئێمە لێرەین کەس لە ئاواییەکانیان نەچێتە دەرەوە و نۆبەتدارەکانیشمان لەمە ئاگادار کردۆتەوە، ئەمە ڕێنمایی لەشکرە و منیش ئەو مافەم نییە پێشێلی بکەم، دڵنیاش بە ئێمە ماوەیەکی کورت لێرە دەمێنینەوە و دەبێت هەرچی زووە درێژە بە ڕێگاکەمان بدەین، پشت بەخوا لەو ماوە کورتەش هیچ ڕوونادات، ئێستاش دوو جەنگاوەرت لەگەڵ دەنێرم، بۆئەوەی هەڤاڵانمان لەوێ ئاگاداربکەنەوە، بەهیچ شێوەیەک ئازاری پۆلیسەکان نەدەن و ڕێزێکی باشیان بگرن، هەرکە ئێرەشمان جێهێشت، ئەوانیش بەڕەڵابکرێن...

دوای ماوەیەک مانەوە لەلای بارزانی و هەڤاڵانی، موختار لەگەڵ دوو جەنگاوەری بارزانی کەلێتی خواروی جێهێشت و گەڕایەوە ئاواییەکەی خۆی.

خەڵکی ئاوایی ئەوەندە تامەزرۆی خزمەتی لەشکربوون، تەنانەت بیریشیان لەوە نەدەکردەوە دوای ئەوەی لەشکر ئاواییەکەیان جێدەهێڵێت لەلایەن حکومەتەوە چۆن سزا دەدرێن، ئافرەتەکان داوایاندەکرد جەنگاوەرەکان پێڵاو و جلوبەرگیان داکەنن، بۆیان بشۆن و تا دەڕۆن وشکیان بکەنەوە، پیاوەکان کەلوپەلی ڕیشتاشین و سەرتاشینیان دەهێنا و داوایاندەکرد ئەوەی پێویستی پێیە گەرماوێک بگرێت، ئەگەرچی زۆربەیان پێویستیان پێ بوو، بەڵام هیچ کام لە جەنگاوەرەکان تەنانەت ڕێگای بەخۆی نەدەدا ڕەخت و فیشەکیش لەخۆی بکاتەوە، هەرساتێکە لەوانەیە باروودۆخ بگۆڕێت، بۆیە دەبوایە ئامادەبن.

لە یەکێک لە ماڵەکان ژمارەیەکی زۆر جەنگاوەری گەنج بە تامەزرۆییەوە دەوری پیرە پیاوێکی کوێریان دابوو، ئەویش قسەی بۆدەکردن:

- لێم نزیک کەونەوە، با بۆنی ئێوەم بۆبێت، ئەم خەڵاتەتان پیرۆزبێت، ئەو ڕێگایەی هەڵتانبژاردووە ڕێگای مەردایەتی و شەڕەفە، ڕێگای خودایە. خۆزگە منیش تەنیا چاوێکم هەبا لەگەڵتان هاتبام. گوێبگرن، باسی داهاتووتان بۆدەکەم، بەس کەس نەڵی محۆ شێتە... ئێوە لەگەڵ مەلا مستەفا بەنێو ئاگر و ئاسندا دەڕۆن و دەگەن بە دەوڵەتێکی بێگانە، ماوەیەکی زۆر لەوێ هیچ هەواڵێکتان لێ نامێنێ و لەیەکتریش ون دەبن، خەڵکی دەڵێن ئەمانە ڕۆیشتوون، لەنێوچوون و ناگەڕێنەوە، ڕاستە ماوەیەکی زۆرتان پێدەچێ، بەڵام باش بزانن ئێوە لەگەڵ مەلا مستەفادان، ئەو پارێزراوی ئاسمانەکانە، بۆیە هەرگیز نافەوتێن و ڕۆژێک دێ دەگەڕێنەوە، گەلەکەتان ئازاد دەکەن و دەبنە تاج بەسەری میللەتەکەتانەوە، مەلا مستەفاش دەبێت بە سەرۆک و ڕێبەری هەموو کوردان، کورد لەوباروودۆخەی تێیکەوتووە ڕزگاری دەبێت و

خەڵکی بیانیش زۆر ڕێزی دەگرێت... دواتر زەردەخەنەیەکی کردو گوتی: بەڵام ئەوکات مامی خۆتان لەبیر نەکەن و ئەورۆکە بێننەوە پێش چاوی خۆتان، ئەوکات بە بارزانیش بڵێن، ئەگەر لەژیان مابووم با چاوەکانم بۆ چارەسەر بکات...

لەشکر تا درەنگانی شەو لە هەردوو کەلێتەکە مایەوە و وچانێکی کورتیان دا. حکومەتی ئێران لە زەوی و ئاسمانەوە بۆ بارزانییەکان دەگەڕا، بۆیە نەدەکرا بە ڕۆژ بکەونەوەڕێ، کاتێک ئاسمان تەواو تاریکداهات، قۆڵەکانی لەشکر ئامادەی ڕۆیشتن کرانەوە و درەنگانی شەوی ٦ی حوزەیران، هەردوو گوندی کەلێتی سەروو و خواروویان بە بێدەنگی جێهشت.

## ڕۆژی حەڤدەیەم ...

# ٧ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٧ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان دوای پشوویەکی کورت لە گوندی کەلێتێ، بەرەو باکوور هەڵکشان و خۆیان گەیاندە گوندی ئەلەند.

درەنگانی شەوی ٦ی حوزەیران، فەرمانی ڕۆیشتن گەیشتە تەواوی قۆڵەکانی لەشکر، جەنگاوەرەکان لەو ماڵانەی لێیان دامەزرابوون خۆیان کۆکردەوە و لەلایەن خەڵکییەوە بەپێی توانا، پێخۆرێکی ڕێگایان بۆ ئامادەکرا و پێیاندرا. هەواڵ بۆ مامەند و مستەفا نێردرا چاوەڕێی گەیشتنی لەشکر نەکەن و لەو شوێنەی لێیبوون ڕاستەوخۆ بکەونەڕێ، ڕێگاکە بە وردی بپشکنن و تا گوندی تودان نەوەستن. مستەفا مێرۆزیش فەرمانەکەی جێبەجێکرد و دوای کۆکردنەوەی جەنگاوەرەکانی بەرەو گوندی تودان کەوتەڕێ. جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و قۆڵەکانی دیکەش دوای خۆ کۆکردنەوە، درەنگانی شەو ملی ڕێگایان گرت و گوندی کەلێتێیان جێهێشت.

ڕێگایەکی تا بڵێی سەخت و عاسێ بوو، زۆربەی کات دەبوایە بەسەر تاشەبەردەکانەوە بە دۆڵە قوڵەکاندا هەڵبگەڕێن، بەرزاییەکان بەفرێکی زۆریان بەسەرەوە بوو و ڕێگاکە هێشتا نەشکێنرابوو. ئەمە دووەم شەوی لەسەر یەک بوو کەس نەخەوتبوو، هەر کە وچانێکی کورت دەدرا، جەنگاوەرەکان لەسەر بەفر و تاشە بەردەکان خۆیان پاڵدەخست و هەوڵیان دەدا سەرخەوێک بشکێنن، بەڵام بەهۆی سەرماوە بۆیان نەدەکرا. پێڵاو و جلوبەرگی بەریان تەواو کەڵکیان بڕابوو و ئیتر پێ و جەستەیانی لە سەرما و

ڕێگا بەردەڵانەکان نەدەپاراست. حەڤدە ڕۆژە بەم حاڵەوە ڕێدەکەن و بۆ جارێکیش دەنگی ناڕەزایەتی لەکەس نەبیسترا، گەنجەکان تەنانەت ناوی ئەو شوێنەشیان نەبیستبوو کە بەو حاڵەوە بۆی دەچوون، لەگەڵ ئەوەشدا نە پرسیاریان دەکرد، نە لایان گرینگ بوو، ئەوەی کە ئێستا لەپشت سەری بارزانییەوەن، بۆ ئەوان تەواوی دنیای دەهێنا. بە درێژایی ڕێگا هەر کەسێک مەبەستی با بوەستێت یان بگەڕێتەوە کەس ڕێگری لێنەدەکرد، بەڵام ئەمە هەرگیز ڕوونەدا و بگرە خەڵکی زیاتریشیان هاتە ناو.

گوندی تودان زۆر لە کەلێتەوە دوور نەبوو، لەگەڵ ئەوەشدا بەهۆی ناهەمواری و سەختی ڕێگا گەیشتن پێی زۆری خایەند. یەکەم قۆڵی لەشکر دەمەو ڕۆژهەڵات، گەیشتە بەرزاییەکانی هەنداوی تودان، بەڵام نەچوونە نێو گوند. قۆڵەکانی دیکەی لەشکریش یەک بە دوای یەک، دۆڵا و دۆڵ سەردەکەوتن و لە بەرزاییەوە وەک زنجیرێکی نەپساوەی درێژ، بەنێو ئەو سروشتە سپی و سەوزەدا دیمەنێکی جوانیان دەنەخشاند.

بەرەبەیانی ڕۆژی ٧ی حوزەیران، تەواوی لەشکر لە دەرەوەی گوندی تودان یەکتریان گرتەوە، تودان گوندێکی بچووکی جوان بوو، دەکەوتە دۆڵێکی قوڵەوە و هەر چوار لای بە بەرزای دەورە درابوو. بە فەرمانی بارزانی لەشکر نەچووە نێو گوند و بڕیاری ڕۆیشتن درا. خەڵکی گوند لەلایەن خۆیانەوە ئەوەندەی لەتوانایان هەبوو، پێخۆری وەک کەشک، پەنیر و نانیان کۆکردبووەوە و هێنایان پێشکەشی لەشکریان کرد. بارزانی مەبەستی بوو هەرچی زووە جەنگاوەرەکانی بگەیەنێتە گوندی ئەلەند کە گەورەتر و شوێنەکەشی لەبارتر بوو، وەک پێشبینیش دەکرا زۆری نەمابوو فڕۆکەکانیش سەر و گوێیان بە ئاسمانەوە دەربکەوێتەوە.

بێ خۆ گیرۆکـردن، لەشـکر گونـدی تـودانی جێهێشـت و دۆڵا و دۆڵ یەک لەدوای یەک کەوتنەوەڕێ. ڕێگایەک بەنێو دۆڵێکی قووڵ و دارستانێکی چڕدا، تـودانی دەگەیانـدە گونـدی ئەلەنـد. لەشـکر بەو کەرخەدا ڕۆیشـت و هێشـتا نیوەی ڕێگایان نەبڕی بوو، دوو فـڕۆکە بە ئاسـمانەوە دەرکەوتـن، بە بیسـتنی دەنگی فڕۆکەکان لە دوورەوە، جەنگاوەرەکـان هەریەکە و خێـرا لەبـن تاشـە بەرد، دار و تەڕاشەکان پەنایانگرت و خۆیان شـاردەوە، فڕۆکەکـان مـاوەیەکی باش سوڕانەوە، دواتـر وەک ئەوەی شـتێکیان دەسـتنەکەوتبێت، ناوچەکەیـان جێهێشـــــت، دوای ئەوەی تەواو دوور کەوتـــــنەوە و دەنگیـــــان نەمـــــا، جەنگاوەرەکان لە حەشارگەکانیان هاتنە دەرەوە، خێراتر درێژەیان بە ڕێگـا دا و دوای نیوەڕۆ گەیشتنە گوندی ئەلەندێ.

ئەلەند گوندێکی تا ئەنـدازەیەک گەورەی هـۆزی میللییە، دەکەوێـتە نێـو دۆڵێکەوە و هەرچـوار لای بە بەرزایـی دەورەدراوە، لەنێـو دۆڵەکە بـێجگە لە خانووەکان، زەوییەکی زۆریش دەبینرا کە لەلایەن خەڵکی گونـدەوە دەکـرایە شـیناتی و ڕووبـارێکی بچـووکیش بەنێویـدا دەڕۆیشـت، خانووەکـانی ئێـرە لە گوندەکانی دیکە ڕێکوپێکتر بوون و بارودۆخی خەڵکی گوندیش باش دەهـاتە پێش چاو.

بە گەیشتنی لەشکر بە چۆلەواری گوند، هەریەک لە کۆچۆ ئاغا، بالی بەگ و بەحـــری بەگ گەورەکـــانی گونـــد بە خەڵکیـــیەوە بـــۆ پێشـــوازی هـــاتن و بەخێرهێنانێکی گەرمی بارزانی و لەشکریان کرد. سەرەتا بڕیـار نەبـوو لەشـکر شـەو لەو گونـدە بمێنێـتەوە، بـۆیە نەچـوونە نێـو ئـاوایی، بەهـۆی گەڕان و پشـکنینی بەیـانیش، تـرسی گەڕانەوەی فڕۆکەکـان کەم ببـووەوە، بـۆیە بەشی هەرە زۆری جەنگاوەرەکـان لە دەور و پشـتی گونـد جێگیربـوون و لەژێـر

تیشکی خۆر ڕاکشان، تا سەرخەوێک بشکێنن و پشوویەک بدەن.

بارزانییش بە ژمارەیەک جەنگاوەرەوە چوونە سەر تەپۆڵکەیەک و لەبەر تیشکی خۆر پشتی خۆیان لێکردەوە. ئەو جەنگاوەرانەی لەنێو شکاکەکان پەیوەندییان بە لەشکرەوە کردبوو، لە نزیک بارزانییەوە بوون و بەهۆی شارەزاییان لە ڕێگاوبانەکانی ناوچەکە زۆرجار ڕاوێژیان پێ دەکرا:

- بێجان، تەیموور، کامتان دەزانن ئەو زنجیرە چیایانەی لە دوورەوە لێمانەوە دیارن ناویان چییە؟

بێجان جوندی کەمێک زمانی دەگیرا، بەڵام خێرا وەڵامی دایەوە:

- ئەو چیایانە هەندێک پێی دەڵێن ئارارات، هەندێکیش پێی دەڵێن ئاگریداغ، ئەوەی بەرزترە دەکەوێتە نێو سنووری تورکیا، ئەوەی دیکەیان لەنێو سنووری ئێرانە، ئەوێ سێکوچکەی سنووری پێ دەگوترێت، باکووری چیاکانیش خاکی ڕووسیایە و ڕووباری ئاراس لەو زنجیرە چیایەوە سەرچاوە دەگرێت، خەڵکی دەوروپشتی چیاکان کوردی کۆچەرن، بەڵام بەهۆی بەردەڵانی و ڕکی شاخەکان پاوانیان کەمە...

بارزانی کەمێک وردتر سەیری چیاکانی کرد و دواتر پرسی:

- چەند لێمانەوە دوورن؟

- قوربان نێزیکەی حەوت قۆناغێک لێمانەوە دوورن...

حەوت قۆناغ واتا حەوت ڕۆژ، لەشکر ئەگەر هیچی نەیەتە ڕێگا، دەبێت بەلایەنی کەمەوە حەوت ڕۆژی دیکە بەپێ بڕوات، تا دەگاتە سەر سنووری یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام بێگومان حکومەتی ئێران دەستەوەستان ناوەستێت،

تەنیا سەیری پەڕینەوەیان بکات، بە دڵنیاییەوە ڕێگا و ڕۆژگارێکی سەختتر چاوەڕێی بارزانی و لەشکرەکەی دەکات.




چەند کاتژمێرێک بەسەر پشوودانی لەشکر لە دەرەوەی ئاوایی تێپەڕی کردبوو و پێش ئەوەی ڕۆژ ئاوا بێت، ڕیش سپییەکانی گوند هاتنەوە لای بارزانی و داوایان لێکرد بۆ چەند ڕۆژێک لە گوندەکەیان بمێننەوە، بارزانییش کاتێک سەیری بارودۆخی جەنگاوەرەکانی کرد، بەڕاستی پێویستییان بە پشوویەک هەبوو، بۆیە ڕازی بوو شەو لەوێ بمێننەوە. هەر چوار لای گوند نۆبەتداری بەسەرەوە دانرا و باقی لەشکر وردە وردە خزایە نێو گوند، هەر پۆلە جەنگاوەرێک نێردرایە ماڵێک و بەتەواوەتی دابەشکران، لەلایەن خانە خوێیەکانەوە بە سەربڕینی ئاژەڵ و پەلەوەر پێشوازی گەرم لە مێوانەکان کرا، ئەو جەنگاوەرەی پێویستی کرد، جلوبەرگەکەی شۆرا و وشککرایەوە، جەنگاوەرەکان ئەو شەوە پشوویەکی باشیان دا و کەمێک بووژانەوە.

لای کرمانجەکانی ئێرە، سنوور واتایەکی نەبوو و کوردبوون هەموو سنوورەکانی دەسڕیەوە، تەنیا ئەوەی ژمارەیەک شۆڕشگێڕی کورد هاتوونەتە ناوچەکەیان بەس بوو بۆئەوەی بەم شێوەیە خزمەتیان بکەن و ڕێزیان بگرن. لە سەردەمی شۆڕشی سمکۆی ئاغای شکاکیش خەڵکی ئێرە وەک چۆن ئێستا هیچ درێغییەک ناکەن، ئەوکاتیش لە یارمەتیدانی شۆڕشەکەی درێغیان نەکرد. بینینی ئەمە بەس بوو بۆئەوەی جەنگاوەرە بارزانییەکانیش وا هەست نەکەن لەپێناو ناوچەیەک یان پارچەیەکی کوردستان چەکیان هەڵگرتووە، بەڵکو خەباتەکەیان لە پێناو هەموو کوردە و کوردی ئێرەش بە ئەندازەی ئەوان شایستەی سەربەخۆیی و ئازادین.

بۆ نیوەڕۆی ڕۆژی ٨ی مانگ، فڕۆکەکان گەڕانەوە و سەراسۆکەیان دەستپێکردەوە و دەنگیان تا بەرە بەرەی ئێوارە نەبڕایەوە، بەڵام دیسان کاردانەوەیەکیان نەبوو و بێ ئەنجام گەڕانەوە.

ئێســـتا كــاتی ڕۆیشـــتنە، هەر زوو فەرمـــانی ڕۆیشـــتن گەیشـــتە تەواوی جەنگاوەرەكان و ئەوانیش لە مـاوەیەكی كورتـدا خۆیـان گەیانـدە چـۆڵەواری گوند، لەنێو قۆڵەكانیاندا خۆیان ڕێكخستەوە و تا تاریـک داهـاتن چاوەڕێیـان كرد. بارزانی لە بەرامـبەر مێوانـداری و خزمەتەكەیـان سـوپاسی ڕیـش سـپی و خەڵكی گوندی ئەلەندی كـرد و لە درەنگـانی شـەودا فەرمـانی بە لەشـكر كـرد قۆڵ قۆڵ ئاواییەكە جێبهێڵن.



تودان
کەلێتی سەروو
کەلێتی خواروو
خوی
ناوچەی دۆڵی قطور
ڕازی
قطور
مخین
زری
ئەستەران
ڕاڤیان
تورکیا
بروش خوران
هەڤلەران
کۆزە ڕەش
حاجی جڤان
هۆزی شکاک
ئێران
دێلزی
دۆستان
بالەکان
ئاخچە گول
هۆرسین
بەردوک
گەنگەچین
سیرۆ
شکاک
سنۆرهای برادۆست
هێلی سنوری
ڕوبار
ڕێڕۆیشتنی هەڤالان
شەو مانەوەی هەڤالان
ناوەندی نیشتەجێبوون
گوندەکانی سەر ڕێگا
سەربازی حکومەت
چەکداری هۆزەکان
شەڕی ڕوبەڕوو

۲۸ روژ
تا ئاراس

## ڕۆژی هەژدەیەم ...

# ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان گوندی ئەلەندی جێهێشت، گەیشتنە گوندەکانی بلەسۆر و بلەڕەش و بە کوێستانەکانی حاجی بەگدا ڕێیانکرد.

درەنگانی شەوی ٨ی حوزەیران، بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی لەشکری بارزان ئامادەی ڕۆیشتن کرا. وەک جارانی پێشوو جەنگاوەرەکان لەپشت سەری یەکترییەوە ڕیزیان بەست، چارەنووسی خۆیان دایەوە دەست قەدەر و ملی ڕێگایان گرتەوەبەر. ڕووبارە و ڕووبار و بەنێو دۆڵێکی سەختدا بێ وەستان سەرکەوتن و نزیکەی بەرەبەیان، گەیشتنە نزیک گوندێک پێیان دەگوت بلەسۆری خواروو. گوندەکە ڕێک دەکەوتە نێو دۆڵەکەوە و هێشتا لە ئارامی خەوێکی قوڵدابوو، بۆیە لە دوورەوە و لەنێو سەرما و تاریکایی شەودا لە چاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆری بەرەبەیان وەستان.

بە دەرکەوتنی گزنگی خۆر، جووڵە کەوتەوە نێو گوند و خەڵکی ئاوایی کاری دەستپێکی ڕۆژی نوێیان کرد. لەلایەن بارزانییەوە چەند جەنگاوەرێک نێردران بۆ ئەوێ خەڵکی ئاوایی لە هاتنی لەشکر ئاگادار بکەنەوە. بە گەیشتنی جەنگاوەرەکان، هەواڵی گەیشتنی بارزانییەکان زوو بەنێو گونددا بڵاوبووەوە و خەڵکی بە پەلە پەل لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە، مەلا مەعمێ گەورەی گوند و چەند ڕیشسپییەکیش بەپیر لەشکرەوە هاتن.

بەهۆی مەترسی هاتنەوەی فڕۆکەکان، جەنگاوەرەکان بە خێرایی لەنێو

گوند بڵاوەیان پێکرا، قۆڵەکانی مستەفا مێرۆزی و مامەند مەسیحیش فەرمانیان پێکرا بلەسۆر جێبهێڵن، بۆ ئەوەی لەنێو گوند قەلەباڵغی دروست نەبێت، درێژە بە ڕۆیشتنەکەیان بدەن و تا گوندی بلەڕەش نەوەستن کە دەکەوتە باکووری گوندی بلەسۆر و زۆر لە یەکتریەوە دوور نەبوون. ئەوانیش دوای ماوەیەکی کەم ڕێکردن بە دۆڵەکەی بەردەمیاندا، گەیشتنە گوندی بلەڕەش و لەوێ گیرسانەوە.

جەنگاوەرەکان لەنێو هەردوو گوند قۆناغیان دانا و وەک ئەوەی ڕۆژانە لەسەری ڕاهاتبوون، چاوەڕێی هاتنی فڕۆکە و خۆ حەشاردانەوەیان دەکرد. کاتەکە تێدەپەڕی و دەنگی هیچ فڕۆکەیەک نەبیسترا، پێدەچوو ئەمڕۆ مەبەستی گەڕانیان نەبێت، لەشکر تا نیوەڕۆ چاوەڕێی کرد، پاش ئەوەی تا ئەندازەیەک دڵنیابوونەوە لەوەی فڕۆکەکان نایەن، خۆیان کۆکردەوە و ئامادەکاری ڕۆیشتنیان کرد، دوو جەنگاوەریش نێردرانە گوندی بلەڕەش، بۆئەوەی فەرمانی خۆ ئامادەکردن بە دوو قۆڵەکەی ئەوێش بگەیەنن.

دوای ڕێکخستنەوەی قۆڵەکان، تەواوی لەشکر لە گوندی بلەڕەش یەکیان گرتەوە و بێ خۆ گیرۆکردن بەرەو کوێستانەکانی حاجی بەگی جەمیل کەوتنەڕێ. لەشکر تا دەهات لە ئاواییەکان دووردەکەوتەوە و ئاوێتەی چۆڵی سروشتی کوێستانەکان دەبوو، بینینی ئەم سروشتە بێ هاوتا و جوانە، سەختی هەڵگەڕان بە کوێستانەکانی لەبیری جەنگاوەرەکان بردبووەوە، لە یەکەم بینیندا دیمەنەکان وەک مێرگێکی چۆڵی بەهەشت دەهاتنە پێش چاو، ئەوەندەی چاو بڕی دەکرد بەرزی و نزمی داپۆشراو بە گیا و گوڵی ڕەنگاوڕەنگی بەهارە و کەڤیە بەفری وەک مێزەر سپی بەسەریانەوە، دەبینرا. ئەم کوێستانە ڕێک دەکەوێتە سەر سنووری ئێران و تورکیا، بەهۆی فێنکی و

زۆری لەوەڕگاوە لە وەرزی بەهار کۆچەرێکی زۆر ڕوویان تێدەکرد، بەڵام هێشتا ساڵ زووە و بەهار ساوا، کەڤیە بەفرەکان نەتواونەتەوە و ڕەشماڵی هیچ کۆچەرێک بەسەریەوە نەدەبینرا. دەمەو ئێوارە لەشکر لەم هەوارگەیە وەستا و لەسەر مێرگێک قۆناغیان دانا، خۆری پاش نیوەڕۆ تینێکی خۆشی دەدا، هەر جەنگاوەرێک لە ڕاستە خۆی لەنێو چیمەن و گوڵ و گیا بۆخۆی پاڵکەوت و پشویەکی دا. لاوک و دەنگە خۆشەکەی شاکر بەگی گەردیش ئەوەندەی دیکە ماندووبونی لە جەستەی جەنگاوەرەکان ڕەواندەوە.



دوای کەمێک حەسانەوە، جەنگاوەرەکان کەوتنەوەڕێ، هەواری حاجی بەگیان جێهێشت و ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتنە کوێستانەکانی مستەفا بەگ. ئێرەش لە جوانی و خۆشی هیچی لە هەواری حاجی بەگ کەمتر نەبوو،

ئەوەندەی چاو بڕی دەکرد گیا و گوڵی بەهارە بەژێر کەڤیە بەفرەکانەوە دەبینرا، بەهۆی ساردییەوە، کۆچەرەکان هێشتا خێوەتیان لەو بەرزاییانە هەڵنەدابوو، لە تەواوی ئەم کوێستانە پان و بەرینە تەنیا مرۆڤێک بینرا، کوڕە لاوێک بوو لە کۆچەرەکانی ئێلی مستەفا بەگ. پێدەچوو ئەویش هاتبێ چێژ لە سەیرکردنی دیمەنە جوانەکانی سروشت ببینێت، لەوانەشە بۆ ڕاو هاتبێت، کاتێک سەری بەرزکردەوە لەشکرێکی لەبەردەم خۆیدا بینی، سەرەتا ویستی ڕابکات، دواتر لەشوێنی خۆی ڕێک وەستا، کەمێک ڕاما و بەرەو لەشکر گەڕایەوە:

- ئێوە کێن؟ نەکا ئەو بارزانییانەبن کە بۆ تاڵان و بڕین هاتوونەتە ئێران؟

ئەو جەنگاوەرانەی لە بەردەمی وەستابوون، کەس وەڵامی نەدایەوە، لاوێکی ئازا دەهاتە پێشچاو و زۆر بێباکانە قسەی دەکرد، کەمێک بێدەنگ بوو، دواتر خۆی وەڵامی خۆی دایەوە:

- نەخێر، ئەوەی من دەیبینم شتێکی دیکەیە، ئێوە لە دز و جەردە ناچن، ئەوەتا لەبەردەمتان وەستاوم تەنانەت وەڵامیشم نادەنەوە، هەست دەکەم مرۆڤی باشن و لەوەی بۆ ئێمەیان گێڕاوەتەوە زۆر جیاوازن...

جەنگاوەرێکی گەنج لەنێو جەنگاوەران و لەپشت سەری هاوڕێکانییەوە وەڵامی دایەوە:

- کوڕی باش ئێمە بۆ دەبێ کارێکمان پێت هەبێ و ئازارت بدەین! نە پیاو کوژین و نەبۆ تاڵانی هاتووین، تەنیا ڕێگامان بێرەدا کەوتووە، ئەگەر پێویستیت بەشتێک هەبێت با یارمەتیشت بدەین...

لاوەکە ئەگەرچی کەمێک حەپەسابوو، بەڵام بە بیستنی ئەم قسانە، دێمی

گەش بووەوە، سوپاسی جەنگاوەرەکەی کرد و بە کەیفێکی سازەوە ڕۆیشت.

تاڵانچی و پیاو کوژ!؟ ئەمە حکومەتی ئێران و ئاغا خۆفرۆشەکان، بۆئەوەی خەڵکی ناوچەکە چاوترسێن بکەن و یارمەتی بارزانییەکان نەدەن ئەو دەنگۆیانەیان بڵاوکردبووەوە و خەڵکێکی نەشارەزاش بڕوای کردبوو.

کاتێک لەشکر گەیشتە سەر دوا بەرزایی، خۆری شێوان هێشتا ئاوا نەببوو، لەسەر پشتی پێدەشتەکانی خوار کوێستانەکە و لەنێو زەردەپەڕی خۆری ئێواران، ڕەشماڵەکانی ئیلی مستەفا بەگ وەگ سەرابێکی بێ کۆتا، زەوییان تەنی بوو و لە بەرزاییەوە وەک شارێکی گەورە دەهاتە پێش چاو. بەرە بەرە ئاسمان تاریک دادەهات. بارزانی مەبەستی بوو تا نێو ڕەشماڵەکان نەوەستێت، بەڵام گوندێکی نزیکتر لە ڕەشماڵەکان دەکەوتە سەر ڕێگا و بۆ پشووی ئەو شەوە لەبارتر دەهاتە پێش چاو، بۆیە ڕێگای خۆیان بەرەو ئەو گوندە گۆڕی، بە باکووری کوێستانەکەدا دابەزینە خوارەو و تا نێو گوندەکە نەوەستان.

مەلهەم گوندێکی دیکەی بچووکی هۆزی میللی بوو، کاتێک لە هاتنی لەشکر ئاگادارکرانەوە، بەوپەڕی خۆشحاڵییەوە باوەشی گوندەکەیان بۆ بارزانییەکان کردەوە. فەرمان و ڕێنماییەکان دەرکران و جەنگاوەرەکان لە دەوروپشتی ئاوایی قۆناغیان دانا، خەڵکی گوندیش ئەوەی لەدەستی دەهات شتێکی بۆ خواردن پێشکەشی جەنگاوەرکان کرد. ئەو شەوە لە گوندی مەلهەمێ بەڕێکرا و بەرەبەیانی ڕۆژی ٩ی حوزەیران، ڕێگای نێو ڕەشماڵەکانی مستەفا بەگ گیرایە بەر.

۲۸ روز

## ڕۆژی نۆزدەیەم ...

# ٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ٩ی حـوزەیرانی ١٩٤٧، لەشـکری بـارزان گەیشـتە نێـو ڕەشـماڵەکانی مستەفا بەگ و شەو لە گوندی عەمبارێ مانەوە.

بـۆ ڕۆژی دووەم لەسـەر یەک هـیچ فـڕۆکەیەک بە ئاسـمانەوە نەبیـنرا، تـا درەنگـی بەیـانی چاوەڕێیـان کـرد و هـیچ مەترسـییەک شـک نەبـرا. لەشـکر ئامـادەی ڕۆیشـتن کـرایەوە و دەمەو نیـوەڕۆ گونـدی مەلهەمێیـان بەرەو ڕەشماڵەکانی ئیلی مستەفا بەگ جێهێشت.

ئـیلی مسـتەفا بەگ دەکەوتە بـاکووری ڕۆژئـاوای مەلهەمـێ و مـاوەیەکی ئەوتۆیان نێـوان نەبـوو. لەشـکر وردە وردە نێزیـک دەکەوتەوە و لە دوورەوە جووڵەیەکی ئەوتۆ لەنێـو ڕەشـماڵەکان هەسـتی پێنەکـرا، کاتێـک گەیشـتن، نە مستەفا بەگ مابوو نە خەڵکـی ئـیلەکەی، وارێکـی بەتـاڵ، دنیـایەکی چـۆڵ!! دیـارنەبوو ڕایـانکردبوو، یـان لە تـرسی تەمبێکردنیـان لەلایەن حکـومەتەوە ڕۆیشـتوون. ئەوەی دیـاربوو ئەوەبـوو کە لەمێـژنییە هەواڵـی گەیشـتنی لەشکریان پێ گەیشتووە و ماوەیەکی زۆرنییە ئێرەیان جێهێشتووە، کوچـک و ئاگردانەکان هێشتا ئاگریان پێوەمابوو.

لەشـکر بە درێژایـی ڕێگـا، یەکەم جـاربوو ڕووبەڕووی دیـاردەیەکی لەم شێوەیە ببێتەوە، یارمەتی خەڵکی ئاواییەکانی سەر ڕێگا لەشکری بە زینـدوویی گەیانـدبووە ئێـرە، بـۆیە ئەمە ئامـاژەیەکی مەترسـیداربوو. قسـەکانی کـابرای دوێنێ ڕاست دەرچوون، لێرەوە کاریگەری پڕوپاگەندەکانی حکـومەت لە دژی

بارزانییەکان وەک دەبینرێت کاری خۆی کردووە، بەتایبەت کە وردە وردە ئاوایی کورد و تورکە ئازەرییەکان تێکەڵی یەکتری دەبن و حکومەت لەمێژەیە کاردەکات دوژمنایەتی و ناکۆکی بخاتە نێوانیان، ئێستاش بە نزیککەوتنەوەی لەشکرێکی کوردی بارزانی لە ئاوایی ئازەرییەکان، هەوڵ دەدات هەلەکە بقۆزێتەوە و ئەم دەرفەتە لەدەست خۆی نەدات.

حکومەت دەنگۆی ئەوەی بڵاوکردبووەوە کە ژمارەیەکی زۆری چەکداری کورد بۆ کوشتن و تاڵان و بڕی هاتوونەتە نێو تورکەکان و هەر شتێک بکەوێتە سەر ڕێگایان ڕایدەماڵن، دەوڵەت خەریکە چارەسەرێکیان بۆ بدۆزێتەوە و بە سزای کارەکانیانی بگەیێنێت، بەڵام بەو هۆیەی بەردەوام لەخۆ شاردنەوەدان، جارێ بۆیان ناگیرێن، بۆیە تا ئەوکاتەی سوپای حکومەت دەگاتە سەریان، خەڵکی ئاواییەکان خۆیان کۆبکەنەوە، یان بەشەڕ ڕێگریان لێبکەن، یانیش ئاواییەکانیان چۆڵبکەن، بۆئەوەی خواردن و پێداویستییەکانی ژیانیان لێببڕدرێت و خۆیان پەکیان بکەوێت.

بەڵام ئێرە خۆ هێشتا ئاوایی کوردانە، ئەمانە بۆ دەبێت بڕوا بکەن و ڕابکەن!؟ پێدەچوو نزیکی و تێکەڵاوی لەگەڵ ئازەرییەکانی قەرە پەپاغ کاریگەری کردبێتە سەریان. خۆ لێرەوە و بەدرێژایی سنوور، ئەوەندەی بەرەو باکوور هەڵبکشێی، ئاوایەکانی سەر ڕێگا دەبنە تورکی ئازەری و کەس نازانێت کاردانەوەیان بەرامبەر لەشکر چۆن دەبێت!!.

جەنگاوەرەکان بەوپەڕی بێهیوایییەوە بەدیار چۆڵی ڕەشماڵەکانەوە وەستابوون، بۆ ماوەیەک کەس لە ڕەشماڵەکان نزیک نەکەوتەوە و دەست بۆ هیچ شتێک نەبرا، تەنیا چستۆ خۆی پێنەگیرا و لەوسەر بۆ ئەمسەر بەنێو ڕەشماڵەکاندا بەدوای کەمێک خواردن دەگەڕا. دوای ماوەیەک، لەنێو ئاوایی

هەست بە جووڵەیەک کرا، لەملا و ئەولا چەند کەسێک لە چەند ڕەشماڵێک هاتنە دەرەوە و لە یەکتری کۆبوونەوە، تا دەهات ژمارەشیان زیادی دەکرد.

مامەند مەسیح و جەنگاوەرەکانی لەپێش لەشکرەوە لە نزیک ڕەشماڵەکان وەستابوون، ئەو خەڵکەی کۆببوونەوە بەرەو ڕوویان هاتن و ئەوەی سڵاوی کرد، ناسیاو دەهاتە پێش چاو:

- منتان بیرنایەتەوە!؟ من چیام، ئەوەی دوێنی ئێوارە لە کوێستانەکانی سەرەوە یەکترمان بینی و قسەمانکرد...

مامەند مەسیح کەمێک بیری کردەوە، دواتر بە سەرسوڕمانەوە گوتی:

- وەڵا ڕاست دەکەی، ئێستا تۆم بیرکەوتەوە، ئەوە لێرە چی ڕوویداوە، ئەی کوانێ گەورەکەتان، کوا خەڵکی ئاوایی؟

چیا کەمێکی دیکەش هاتە پێشەوە و وڵامی دایەوە:

- کاتێک دوێنی شەو گەڕامەوە، هەواڵی گەیشتنی ئێوەم بە خەڵکی ئاوایی گەیاند، لەپڕێک نەمزانی چی ڕوویدا، خەڵکی لەخۆیانەوە حەپەسان و ئاڵۆزییان کەوتە ناو، بۆئەوەی ئارام ببنەوە، دەمەویست ئەوەی بەچاوی خۆم لە ئێوەم بینی بوو، بۆیان بگێڕمەوە، بەڵام کەس گوێی بۆ قسەکانم نەگرت، مستەفا بەگ بێ ئەوەی پرسیار بکات، فەرمانیدا خەڵکی خۆیان کۆبکەنەوە و تا بەیانی ڕەشماڵەکان جێبهێڵن، خێزان و ژن و منداڵ بەو کێو و کەژانەدا بڵاوبوونەتەوە و خۆیان حەشارداوە، مستەفا بەگ و پیاوەکانیشی چوونەتە بنکەکانی سوپا، بۆئەوەی چەکیان لێ وەربگرن و بەقسەی خۆیان بەرگری پێ لەخۆیان بکەن!!

- ئەدی ئێوە بۆ نەڕۆیشتوون؟

- ئەمانە بەشێکیان خێزان و ناسیاوی منن و بڕوایـان بە قسـەکانم کـرد، بـۆیە هیچ ترسێکیان لێتان نەما و لێرە مانەوە، بەشێکیشیان خەڵکـی هەرە هەژار و بێدەسەڵاتی ئاواییەکەمانن، نە توانای ڕۆیشـتنیان هەیە نە لە ئەگەری مـانەوە شتێکیان هەیە لەدەستی بدەن، بـۆیە ئەمانەمـان لێـرە مـاوینەتەوە. ئێسـتاش ئەگەر گەورەمان بکەن دەمانەوێ خزمەتتان بکەین...

قسـەکانی چیـا ئەگەرچـی خـۆش و لە دڵەوەبـوون، بەڵام گوزارشـتیان لە ڕاستییەکی تاڵ دەکرد، ئەو ڕاستییەی بڕیارە لەشکر و بارزانییەکـان لەمەو دوا ڕووبەڕووی ببنەوە و خوا هەر خۆی بزانێت چۆن بەسەریدا زاڵ دەبن.

مامەند مەسیح سـوپاسی چیـا و ئەو خەڵـکەی کـرد کە لەوێ وەسـتابوون، دواتر بۆلای بارزانی گەڕایەوە و ئەوەی گوێی لێبووی هەموو بۆ گێڕایەوە. ئیتر وەستان لێرە جگە لە مەترسیداربوونی، تەنیـا بەفیـڕۆدانی کـات بـوو و لەلایەن بارزانیشەوە ئەمە باش هەسـتی پێـدەکرا، بـۆیە فەرمـانیکرد لەشـکر هەرچـی زووە ڕەشماڵەکانی مستەفا بەگ جێبهێڵێت و بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات تا نێو گوندی عەمبارێ نەوەستێت.

دوای چەند کاتژمێرێک ڕێکردن، دەمەو ڕۆژئاوابوونی ڕۆژی ٩ی حوزەیران، تەواوی قۆڵەکانی لەشکر گەیشتنە گوندی عەمبارێ. ئێرەش گونـدێکی دیـکەی بچـووکی کوردنشـینی هـۆزی میللیـیە و زۆریـش لە گونـدی هەلهەمـێ دوور نەبوو. لەشکر لە دەوروپشتی گوند قۆناغیان دانا و خەڵکیش بەپێی توانا نـان و پێخۆریان گەیاندە جەنگاوەرەکان. بارزانی و چەنـد یـاوەرێکی بـانگی مـاڵی موختار کران و پیاوماقووڵ و ڕیشسـپییەکانی گونـد لێیـان کۆبـوونەوە. بـارزانی بـاسی ئەو زانیارییـانەی دەکـرد کە لەسـەر ڕێگـای بەردەمـی لەشـکر

کۆیکردبوونەوە و داوای کرد کێ زانیاری زیادتری هەیە لەسەر ڕێگاکە قسەی بۆ بکات، لەنێو پیاوماقوڵانی گوند، یەکێکیان بەناوی میرزا کە جێگەی ڕێزێکی زۆری خەڵکی ئاواییەکەش بوو و پێشدەچوو لەڕووی شارەزایی ناوچەکە کەس پێی نەگات، دانیشتبوو. میرزا تەمەنی گەیشتبووە نزیک حەفتا ساڵ، بەڵام توند و بەند و لەسەرەخۆ دیاربوو، دوای ئەوەی باش گوێی لە قسەکانی بارزانی گرت، بێ ئەوەی بارزانی ئەو ڕێگایەی مەبەستی بوو لەشکری پێدا ببات بدرکێنێت، خۆی هەستی بە ئامانجەکەی کردبوو، بۆیە چاوەڕێی کرد تا بارزانی قسەکانی تەواو دەکات، دواتر ڕوخسەتی قسەکردنی وەرگرت:

- ئەوەی من لە قسەکانی جەنابت گەیشتبم، مەبەستتە لەشکرەکەت بەسەر سنووری تورکیا، بە گەلی بازرگاندا ببەی تا دەگەی بە چیای ئاگریداغ و لەوێ لە سنوور بپەڕییەوە، وایە؟

- بەڵێ وایە، دوای هەڵسەنگاندنی بارودۆخی خۆمان و گفتوگۆیەکی زۆر لەگەڵ هاوڕێکانم و ئەو شارەزایانەی لەگەڵمانن و لە ڕێگا تووشمان دەبوون، بڕیارەکەمان بەم شێوەیە داوە...

- ئەگەر ڕێگەم بدەی من پێشنیارێکی دیکەت بۆ دەکەم، دەزانم ئەو ڕێگایەی هەڵتانبژاردووە نێزیکترە و لەوانەیە زووتر بتانگەیەنێتە مەبەست، بەڵام دەبێ پێتان بڵێم کە ڕێگاکە لەوەی بیری لێدەکەنەوە زۆر مەترسیدارترە، لێرە بەدواوە ئەوەندەی بەرەو باکوور بڕۆن زیاتر ئاوایی ئازەرییەکانتان دەکەوێتە سەر ڕێگا، حکومەتی ئێران سوپای کۆکردۆتەوە و هەماهەنگی لەگەڵ تورکەکانیش دەکات، ئەگەر لەوێ تووشی شەڕ ببن، بێجگە لەوەی خەڵکی یارمەتیتان نادەن، لەلایەن هەردوو حکومەتیشەوە لێتان دەدرێت و ئەگەری دەربازبوونتان زۆر کەمە...

- پێدەچێ ڕێگایەکی باشتر شک ببەی؟

- بەڵێ قوربان، ئەگەرچی ڕێگاکە دوورتـرە، بەڵام مەترسـییەکەی کەمـترە و لە خـراپترین ئەگەردا، شـەڕی یەک وڵات دەکەن. مـن پێشـنیاری ڕێگـای مـاکۆ - هاسونت بۆ دەکەم، ڕێگاکە بەرزی و نزمی کەمترە و لە زۆر شوێن تەختـاییە، بـۆیە ڕێکـردن پێیـدا خێـرایە، بە دڵنییـاییەوە سـوپا ئێسـتا لەوێ جێگیرکـراوە، ئەگەر بتوانن بە شەڕ ڕێگاکە بکەنەوە و لە ڕووبـاری زەنگـی بـپەڕنەوە، ئەوە دەگەنە نێـو هـۆزی جەلالییەکـان و بەئەگەرێکـی زۆر یارمەتیتـان دەدەن بە خێرایی بگەنە سەر ڕووباری ئاراس...

پێشنیار و هەڵسەنگاندنەکانی میـرزا بـۆ ڕێگـاکە زۆر بەجێبـوون و تەواوی مەجلیسی بردە بێدەنگییەکی قـوڵەوە، بـارزانیش مـاوەیەکی بـاش بـێ ئەوەی قسەیەک بکات، تەنیا بیری کردەوە، دواتر گوتی:

- میرزا قسەکانت زۆر بەجێن و منـیش هـاوڕام لەگەڵـت، ئەگەرچـی تەواوی پلانەکانمان دەگۆڕێت، بەڵام ئـێمەش دەمـانەوێ بەسـەلامەتی لێـی دەربچـین، نەک هەمومان تێبچین. ئەگەر هەڤـاڵان ڕازیـبن، مـن لاریـم نیـیە ڕێگاکەمـان بگۆڕین..

- قوربـان بـۆئەوەی لە خـۆم و لە پێشنیارەکەشـم دڵنیابیـت و بـۆئەوەی لە ڕێگادا تووشی سەرلێشێوان نەبن، ڕێگەم پێبدەن خۆشم لەگەڵتان بێم، دڵنیـابە سوودێکی زۆرم بۆتان دەبێت...

- من سوپاسی ئەو هەڵوێست و دڵسۆزییەت دەکەم، بەڵام خۆت دەزانی ئێمە کۆمەڵێـک جەنگـاوەرین بەهـۆی ئەزمـوونی چەنـدین سـاڵەمان ڕاهـاتووین سـەختترین ڕێگاکـان لە دژوارتـرین بارودۆخـدا بە پیـادە و بە شـەڕ ببـڕین،

لەوانەیە ئەمە بۆ تۆ بەو تەمەنەوە سەخت بێت و خوانەخواستە شتێکت بەسەر بێت.

- قوربان تۆ خەمی من و تەمەنەکەمت نەبێت، دڵنیابە هیچم لە جەنگاوەرەکانت کەمتر نابێت، لەوەتەی بیرم دێتەوە خەریکی هەڵگەڕان بەو شاخ و داخە و بڕینی ئەو ڕێگا سەختانەم و بۆ ساتێکیش هەستم بە هەڵکشانی تەمەنم نەکردووە، هەمیشە بە ئاواتی ئەوەبووم ڕۆژێک بێت خزمەتی گەلەکەم بکەم و بە گەنجی ئەمەم بۆ نەڕەخسا، ئێستا کە ئەو دەرفەتەم بۆ هاتۆتە پێش، تکاتان لێدەکەم لێمی نەگرنەوە و ڕێگام پێبدەن لەگەڵتان بێم...



مرۆڤ لە دڵەوە بەئاواتی شتێکەوە بێت، ڕۆژێـک هەر دێـت پێـی بگـات، نـازانی چـۆن و لەکـوێ، بەڵام قەدەر چارەیەکـت بـۆ دەدۆزێـتەوە و خـوا دەرگایەکت بۆ دەکاتەوە، ئەمە ئەو دەرگـایەیە کە دوای حەفتـا سـاڵ قەدەر بەڕووی میـرزادا کـردییەوە و لەوسـەری دنیـاوە کـردییە هـاودەمی ڕێکـردنی بارزانییەکان و کردی بە بەشێک لە ئەفسانە و چیرۆکی نەتەوەیەک کە مێژوو شانازییان پێوەدەکات...

بارزانی هەم پێشنیاری ڕێـگە گـۆڕینەکەی پەسـند کـرد، هەم ئەوەی میـرزا ببێت بە یەکێک لە یاوەرانی ڕێڕۆیشتنەکەی، داواشی لە تەواوی لەشکر کرد، تا ئەوکاتەی میرزا لەگەڵیان دەمێنێتەوە، تەواو ڕێزی بگرن.

ئەو شـەوە لە عەمبـارێ ڕۆژکـرایەوە و بـۆ بەیـانی ڕۆژی ١٠ی حـوزەیران لەشکر بۆ ڕۆیشتن ئامادەکرا، بۆ گەیانـدنی هەواڵـی ڕێگـا گـۆڕین، تەیـمەز بە سـواری ئەسـپێکەوە نێـردرایە ڕیـزی پێشـەوەی لەشـکر و قۆڵەکـانی مسـتەفا مێرۆزی و مامەند مەسیحی لە گۆڕینی ڕێگـا ئاگـادار کـردەوە و جەنگـاوەرانی بارزان ڕێگای باکووری ڕۆژهەڵاتیان گرتەبەر...

## ڕۆژی بیستەم ...

# ١٠ ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان گوندی عەمبارێیان جێهێشت و ڕێگای خۆیان بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات گۆڕی.

لەسەر پێشنیاری میرزا و بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، ڕێگای لەشکر گۆڕدرا و جەنگاوەرەکان قۆڵ قۆڵ لە بەرەبەیانی ڕۆژی ١٠ی حوزەیران، بەرەو باکووری ڕۆژهەڵات هەڵکشان. وەک جارانی پێشوو قۆڵەکانی مستەفا مێرۆزی و مامەند مەسیح ڕەپێش کەوتن و قۆڵەکەی ئەسعەد خۆشەویش لە دوای هەموویانەوە کەوتەڕێ.

وەک چۆن زمانی خەڵکی سەر ڕێگا لە گۆڕاندابوو، گۆڕانی سروشتی ناوچەکەش بە ڕوونی هەستی پێدەکرا، تا دەهات بەرزی و نزمییەکان کەمتر دەبوونەوە و ڕێگاکان زیاتر بەردەڵان و وشک دەچوونەوە، سڕ و سەقەم کەمتر ببووەوە و چیدیکە بەفر بە زەوییەوە نەدەبینرا، ئارامی و بێدەنگییەکی نامۆ ڕێگاکانی تەنیبوو و بەهیچ شێوەیەک هەست بە بوونی چەکدار و سەربازی حکومەت نەدەکرا و تەنانەت هاتوچۆی خەڵکیش زۆر بە دەگمەن دەبینرا. لەشکر خواردنێکی ئەوتۆی پێ نەمابوو و وردە وردە برسییەتی تینی بۆ جەنگاوەرەکان دەهێنا، پێشنەدەچوو بەم نزیکانە گوند یان ئاواییەک بکەوێتە سەر ڕێگایان.

کات نیوەڕۆی تێپەڕ کردبوو، هاوار هاواری نامۆی غەریبەیەک لەشکری وەستاند! دوای کەمێک، بەقالێکی تورک بە قورگی پڕ گریانەوە هێنرایە لای

بارزانی، وەک ئەوەی بە تورکی بۆ جەنگاوەرە شکاکەکانی دەگێڕایەوە، چەند جەنگاوەرێک کیسە تووتنێک و حەسیرە خورماییێکیان لێ کڕی بوو و پارەشیان پێنەدابوو، ئەویش داوای پارەکەی دەکرد. بارزانی کاتێک بەقالە تورکەکەی بەم شێوەیە بینی، فەرمانیکرد تەواوی لەشکر بوەستێت:

- کێ ئەم کارەی کردووە؟

شێخۆمەر هەستی بە تووڕەبوونی بارزانی کرد، بۆیە هەر زوو وەڵامی دایەوە:

- قوربان با خۆی بەنێو جەنگاوەرەکاندا بگەڕێ، دڵنیام دەیاندۆزێتەوە...

- خۆشت لەگەڵی بڕۆ، بزانە ئەمە کاری کێیە...

شێخ ئۆمەر بەقالەکەی بەنێو جەنگاوەرەکاندا گێڕا، بەڵام ئەوەندە حەپەسابوو کەسی بۆ دەستنیشان نەکرا، بۆیە بێ ئەنجام گەڕانەوە. بارزانی دوای چاوپۆشییەکەی جاری یەکەم، مەبەستی بوو ئەمجارەیان سەرپێچیکارەکان بدۆزێتەوە و سزایان بدات، بۆیە ڕووی لە میرحاج کرد:

- میرحاج، خۆت بۆیان بگەڕێ، بزانە کێ وای کردووە...

میرحاجیش ماوەیەک بەنێو جەنگاوەرەکاندا گەڕا و لە بابەتەکەی کۆڵییەوە و هەموو ئاماژەکان دەچوونە سەر جەنگاوەرێک پێیان دەگوت گورگۆ. چەند جەنگاوەرێک دەیانگوت گورگۆمان بینیوە خورمای دەخوارد و بەدەم خورما خواردنەوەش زیکر و حاڵ گرتوویەتی، (زیکر و حاڵ بەو موناجاتە ڕوحانییە دەگوترێت کە دەروێشەکان دەیکەن و بەقسەی خۆیان ئاگایان لەخۆیان و دەوروپشتیان نامێنێت). شێخ سلێمان خۆی چوو بەدوای

گورگۆدا و هێنای لەبەردەم بارزانی داینا، گورگـۆ پیـاوێکی چوارشـانەی بەسـام بوو و کابرای بەقال ناحەقی نەبوو نەوێری بیناسێنێ، ئەو هیچ پاسـاوێکی بـۆ کارەکەی نەهێنایەوە و گوتی: لەبرسان ئەم کارەم کردووە، پارەی خورماکەشـم نەبوو پێی بـدەم و ئامـادەی هەمـوو سـزایەکم. ئەمە جـاری دووەم بـوو ئەو دیـاردەیە دووبـارەببێتەوە و بـارزانی وا تووڕەکردبـوو ناچاربێـت دەسـت بـۆ گۆچـانەکەی ببـات، شـێخ سـلێمان کە ئەمەی بینــی کەوتە نێـوان بـارزانی و گورگۆوە و داوای لێخۆشبوونی بۆ کرد:

- قوربان جەنگاوەرەکان ئەوەندە بـرسی و مانـدوون ناحەقیـان مەگـرە ئەگەر زۆرێکیــان ئاگایــان لە هەڵســوکەوتیان نەمێنێــت، ئەگەرنە لە بــارودۆخێکی ئاساییدا کەی شتێکی وامان لـێ ڕوویـداوە کە ئەمە جـاری دووەمـمان بێـت، تکایە ئەمجارەش چاوپۆشی بکە، یان هیچ نەبێ سزادانەکەی بەمن بسپێرە...

ئەگەرچی ئەم قسانە هیچیان لە تووڕەبـوونەکەی بـارزانی کەم نەکـردەوە، بەڵام گۆچانەکەی دانایەوە:

- کەواتە خۆت سزای بدە، ئەمە شتێک نییە وا بەئاسانی بەسەریدا بازبدەین و وا بڕوا دەبێت چەند جارێکی دیـکەش بیـنەری دوبـارەبوونەوەی بـین. بـڕۆن کێ پارەی لاماوە کۆی بکەنەوە و بۆمی بهێنن...

بـارزانی خـۆی هەرچـی پـارەی لابـوو، جـاری پێشـووتر دایبـوو بە بەقـالە عەجەمەکەی جێرمـێ، فەقـێ حەسـەن بەنێـو جەنگاوەرەکانـدا گەڕا و سـێ دیناری عێراقی کۆکردەوە، توتن و خۆرمای بەقال دینارێکی تەواوی نەدەکـرد، لەگەڵ ئەوەشدا هەموو پـارەکەی پێـدرا و ڕۆیشـت، بـابەتی سـزادانەکەش بـۆ شێخ سلێمان لێگەڕان و کێشەکە بڕایەوە.



دوای چارەسەرکردنی کێشەی خورما و بەقال، لەشکر بەڕێگای خۆیدا کەوتەوەڕێ و بۆ ئێوارەیەکی درەنگ چووە نێو ناوچەیەک پێیان دەگوت سیاچەشمە. پێشڕەوانی لەشکر و قۆڵەکانی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی گەیشتنە یەکەم گوند بەناوی قەرە کلێسە، گوندەکە چۆڵکرابوو و کەسی تێدا نەمابوو! بۆیە نەوەستان و درێژەیان بە ڕێگادا، دوای ماوەیەکی کەم گەیشتنە گوندێکی دیکە پێیان دەگوت ئاغداش، ئێرەش بەهەمان شێوە چۆڵ و هۆڵ بوو، هێزێکی بچوکتر چوونە گوندی سەرووتر بەناوی داش ڤەشەل، بەڵام ئێرەش هەر چۆڵبوو!! هەرسێ گوند لە تەنیشت یەکترییەوە بوون و چەند کیلۆمەترێکی کەم نێوانیان بوو، جەنگاوەرانی لەشکر بەوپەڕی بێ ئومێدییەوە لە دەوروپشتی هەرسێ گوند وەستان و هیچ کاردانەوەیەکیان

نەبوو.

ئەوەی جێگــای ســەرنج بــوو، بەشــێکی زۆری خانووەکــان دەرگایــان دانەخرابوو، چەندێکیان هێشتا سفرە و خوانەکەیان نەپێچابووەوە و تەنانەت کوچـک و ئاگردانەکـان نەکوژێنـدرابوونەوە! ئەو خەڵـکە بـۆ دەبـێ بەو پەلە پەلە ڕابکەن؟!! ئاغاکان و حکومەت چیان بەو خەڵکە گوتووە کە تەنـانەت لە سەردەمی هۆلاکۆ و تەیمورلەنگی مەغۆل و گەزنەفۆنی یۆنانیش بەم شـێوەیە ڕایان نەکردووە!

بێ ئومێدی باڵی بەسەر لەشکردا کێشا، بەدرێژایی ئەو ڕۆژە کەس شتێکی نەخواردبوو و برسێتی جووڵەی لێ بڕیبوون، بارزانیش ڕێگای بەخـۆی نەدەدا لە پڕەنسـیپەکانی لەشـکر لابـدات و لەو بڕیـارانەی سـەرەتا داویەتی پاشـگەز ببێتەوە، بـۆیە فەرمـانیکرد هـیچ جەنگاوەرێـک نەچێـتە نێـو گونـدەکانەوە و تەنانەت دەست بۆ یەک مریشک و پەلەوەریش نەبردرێت. سێ دەستەی دە بۆ پازدە کەسی لەوانەی تەواو جێگای باوەڕیبوون پێکهێنران، ئەوانە فەرمانیان پێکــرا هەر دەســتەیەک بچــنە نێــو گونــدێک و لەنێــو ماڵەکــان ئەگەر دەسـتیانکەوت، تەنیـا نـان و ئـارد دەربهێـنن. هێشـتا ئاسـمان تەواو تاریـک دانەهــاتبوو دەســت بە گەڕان و کۆکردنەوەیــان کــرا و دوای نــزیکەی کاتژمێرێک، لە هەرسێ گونـد، بڕێکـی بـاشی نـان و ئـارد کـۆکرایەوە، بەسـەر قۆڵەکاندا دابەشکرا و دوای ئەوەی ئاردەکەش کرایە هەویر، هەرچۆنێک بێت نانی لێ دروستکرا و جەنگاوەرەکان ئەو شەوە لەو نانەیان خوارد.

شـەو درەنـگ داهـاتبوو و ڕێگاکـان چیـدیکە ئـێمن نەبـوون، بەفەرمـانی جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی لەشـکر لە چـۆلەواری گونـدەکان قۆناغیـان دانـا و بڕیاردرا شەو لێرە بمێننەوە.

بەو پێیەی قۆڵەکانی لەشکر بەسەر چەند گوندێکدا دابەشکرابوون، زیاد ئاگاداری یەکتری نەبوون، کات تێدەپەڕی و ئەسعەد خۆشەوی و جەنگاوەرەکانی لەهیچ شوێنێک نەدەبینران، ئەوەندەی چاوەڕێش کرا نە کەسێکیان دەرکەوت نە کەسێکیش سوراخێکی لێ دەزانی، ترسی ئەوەیان لێدەکرا ڕێگایان ونکردبێت و ئیتر نەدۆزرێنەوە. هەرچۆنێک بێت، دەبووایە تا بەیانی چاوەڕێ بکەن، بەهیوای ئەوەی لە شوێنێک دەربکەون، یان کەسێک سۆراخیان بزانێت.

## ڕۆژی بیست و یەکەم ...

# ١١ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١١ی حـوزەیرانی ١٩٤٧، لەشـکری بـارزان بە شـەڕ لە ئـابلۆقەی چەکـداری هۆزەکـان ڕزگـاری بـوو و لە دەشـتی شـووت ڕووبەڕووی سـوپای ئێران بووەوە.

لەشکر شەوی پێشتر لە چاوەڕوانی گەیشتنی قۆڵەکەی ئەسـعەد خۆشـەوی و وەرگرتنـی پشـوو، لە چـۆلەواری گونـدەکانی قەرەکلێسـە، ئاغـداش و داش ڤەشـەل مـایەوە، دوای نیـوە شـەو و لە تاریکـایی بەرەبەیـان، لەلایەن نۆبەتـدارانی گونـدی داش ڤەشـەل هەسـت بە جـووڵە و دەنگـی پێـی چەنـد دەوارێـک کـرا، کاتێـک زەینیـان دا، دوو سـوار بەرەو نێـو گونـد دەڕۆیشـتن، سوارەکان پێنەدەچوو ئاگاداری بوونی نۆبەتدارەکان بـن، بـۆیە زۆر بە ئاسـایی مامەڵەیان دەکرد و چەکەکانیان لە پشتی خۆیان نەکردبووەوە، کاتێـک تەواو نزیکبوونەوە، هەر ئەوەندەیان بینی چەند جەنگاوەرێک لەبەردەمیـان قیـت بوونەوە، هەستیانکرد کار لە کار تـرازاوە، بـۆیە هەوڵـی بەرەنگاربوونەوەیـان نەدا و دوای وەسـت لێکـردن، بە هێمنـی لە ئەسـپەکانیان هـاتنە خـوارەوە و خۆیان بەدەستەوە دا.

هەردوو سـوار بـرانە لای مامەنـد مەسـیح و مسـتەفا مێـرۆزی. دوای لێکۆڵینەوە، سوارەکان دانیان بەوەنا کە حکومەت عەقیدێکی سوپای بە نـاوی زەڵتاش تەبایی بە سەد و پەنجا پارچە چەکەوە ناردۆتە نێو عەشیرەتی مـلانی و عەقید سەردادەوریشـی بە هەمـان ڕێـژەی چەک نـاردووە بـۆ چەکـدارکردنی

هۆزە ئازەرییەکان، ئێستاش چەکداری هۆزەکان لە بناری بەرزاییەکانی سوکار کەمینیان داناوە و لەهەر چوار لاوە ئابلۆقەی ئەو گوندانەیان داوە کە لەشکریان تێدایە. بە فەرمانی سەر قۆڵەکان، سوارەکان گلدرانەوە و جەنگاوەرەکان خرانە ئامادەباشییەوە، هێشتا خۆری بەرەبەیان هەڵنەهاتبوو، تەتەر نێردرایە هەردوو گوندەکەی دیکە و قۆڵەکانی ئەوێش لە بوونی شەڕکەری هۆزەکان لە دەوروپشتیان و ئابلۆقەدرانیان ئاگادارکرانەوە. بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، تەواوی لەشکر تا بەرەبەیان خۆیان ڕێکخستەوە و لە چاوەڕوانی هێرشی چەکداری هۆزەکان مانەوە. بەپێی قسەی سوارە گیراوەکانبێت، چەکداری هۆزەکان و ئاغاکانیان ئەمجارە زۆر دڵنیابوون لەوەی بارزانییەکان کەوتوونەتە تەڵەوە، هەموویان بەدەست دەگرن و کەسیان ڕزگاری نابێت.

کاتژمێر نزیکەی شەشی بەیانی بوو، خۆری بەرەبەیان تازە هەڵدەهات و وردە وردە زەوی ڕووناک دەکردەوە، جەنگاوەرە بارزانییەکان وەک ئەوەی ئاگاداری هیچ شتێک نەبن جووڵەیەکیان نەبوو، ئەمەش جاشەکانی زیاتر لە پلانەکەیان دڵنیادەکردەوە. دنیا لەوپەڕی بێدەنگی دابوو، کاتێک زرمەی یەکەم گوللە، باڵندەی لە سەر لیس ڕاچڵکاند و پەرش و بڵاوی ئاسمانی کردن، تەپوتۆزی غارەی هێستر و ئەسپەکان بە ئاسماندا بەرزبووەوە و سوار و پیادەی جاشەکان بە فەرمانی عەقید زەڵتاش بە هۆیها هۆیها و تەقەی شەستیر لە چۆلەواری ئاغداش و یوموورداش بۆسەر بارزانییەکان هێرشیان هێنا، کاتێک تەواو نزیکبوونەوە، جەنگاوەرە پێشوەخت ئامادەکانی بارزانی لە جێگای خۆیان بۆیان دانیشتن و بێ ئەوەی گوللەیەک بەفیڕۆبدەن، سوار لەدوای سواریان لەسەر ئەسپەکانیان دەپێکا و بەریاندەدایە خوارەوە، کاتێک جاشەکان لەشکرێکی ئامادەیان لەبەردەم خۆدا بینی، ئەوەندە پەشۆکان

نەیانزانی بۆکام لا ڕابکەن، هات و هاواری هێرشکردن بە ماوەیەکی کورت، بۆ زیڕەی ڕاکردن گۆڕا، جاشەکان بەدەم ڕاکردنەوە لەچەند شوێنێک سەنگەریان دانا، بەڵام خۆیان نەگرت، ناچار بەرەو بانەکانی چیای سوکار کشانەوە و لەوێوە دەستیان بە بۆردومانی هەڕەمەکی مەیدانی شەڕ کرد.

دەوروبەری کاتژمێر هەشتی بەیانی، جاشە ئازەرییەکانیش بە فەرمانی عەقید سەردادوەر هێرشیان بۆ سەر چۆلەواری گوندی داش ڤەشەل دەسپێکرد، کاتێک ئەوان گەیشتن، جاشەکانی عەقید زەڵتاش شکابوون، بۆیە دوای ڕووبەڕووبوونەوەیەکی کورت لەگەڵ جەنگاوەرانی قۆڵەکەی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی، خۆیان نەگرت و لەگەڵ بینینی لاشەی یەکەم کوژراویان، مەیدانی شەڕیان جێهێشت و بە ناوچەکەدا پەرش و بڵاوبوونەوە. عەقید سەردادەوەر کاتێک ڕاکردنی چەکداری هۆزەکانی بینی، گەڕایەوە و لەگەڵ هێزە سەرەکییەکەی خۆی کە پێکهاتبوو لە دوو سریەی پیادە، سریەک ڕەشاشی گەورە، کەتیبەیەکی سوار و چوار دەبابە، بە پشتیوانی کەتیبەیەکی هاوەن و تۆپی ٧٥ملم بۆ پێشگرتنی بارزانییەکان بەرەو یەلی دەڕە کەوتەڕێ.

دوو قۆڵەکەی پێشەوەی لەشکر، بۆئەوەی زووتر دەست بەسەر بەرزاییەکاندابگرن، خێرا هەورازی چیا و بەرزاییەکانی سوکاریان گرتەبەر. لەوێش عەقید لەشکری لەگەڵ پەنجا جاشی عەجەم پارێزگارییان لە ڕێگای زنجیرە بەرزاییەکە دەکرد کە سوسز بەرزترینیان بوو، بە گەیشتنی بارزانییەکان شەڕ دەستی پێکرد و دەنگی تەقە ماوەیەکی زۆر نەبڕایەوە، پێدەچوو شەڕ لەوێ درێژە بکێشێت، بۆیە بە فەرمانی بارزانی، هێزەکەی حەمەدەمین میرخان بە هانایانەوە چوو و دوای شەڕێکی سەخت، جاشەکان لەبەردەم لەشکر هەڵگیران و ڕێگای سوسز کرایەوە. عەقید لەشکریش

بەناچاری گەڕایەوە لای هێزە سەرەکییەکەی و لە دوو بەرزاییەکەی تەنیشت سوسزەوە، خۆی بۆ تۆپباران ئامادەکرد.

هێشتا بەشێکی زۆری لەشکر بە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانییەوە مەیدانی شەڕیان بەرەو سوسز جێنەهێشتبوو، کاتێک جەنگاوەرە ونبووەکان بە ئەسعەد خۆشەوییەوە گەیشتنەوە لایان، جەنگاوەرەکان جەنازەیەکیان بەکۆڵ هەڵگرتبوو و بەشێکیان بەدوایەوە شێوەنیان دەگێڕا:

- ئەسعەد چی ڕوویداوە؟

- قوربان دوێنێ بەهۆی نەساخی چەند جەنگاوەرێکمان، درەنگ کەوتین، کاتێک کەوتینەڕێ هیچ قۆڵێکی لەشکرمان لێ دیار نەمابوو، دوای قسەی شارەزا کەوتین و تا تاریکداهاتن نە ئێوەمان دۆزییەوە نە ئاواییەکمان هاتە سەر ڕێگا، ناچار تا ڕۆژ بوویەوە لە دۆڵێک پەنامانگرت، بۆ بەیانی لە دەنگی تەقە زانیمان ئێوە لەکوێن، خێرا خۆمان کۆکردەوە و بۆلای دەنگی تەقەکە هاتین، چونکە پەلەمانبوو، ڕێگای بەردەمی خۆمان نەپشکنی و لە دۆڵێک کە پێیان دەگوت یەلی دەرە بەسەر کەمینێکی سوپای حکومەت هەڵبووین و ئەوانیش تەقەیان لێکردین، تا خۆمان کۆکردەوە شەهیدێکمان دا، دواتر لێیان هاتینە دەست و بۆسەکەمان ڕامالّی، زۆربەی سەربازەکانیشمان بەدیل گرت و دواتر بەڕەڵامان کردن، ئێستاش سوپاس بۆ خوا ئێوەمان دۆزیوەتەوە و ئەوە لێرەین...

بارزانی سەیرێکی جەنگاوەرەکانی کردەوە و داوایلێکردن جەنازەکە بهێننە پێشەوە. جەنازەکەیان هێنا و لەسەر زەوی دایاننا، بارزانی بەداخێکی زۆرەوە لەسەر سەری وەستا و فاتیحایەکی خوێند، دواتر فەرمانی بە جەنگاوەرەکان کرد، هەر لەوێ لەژێر کەڵەکەبەردێک دایبنێن، دەست لە ماتەم هەڵگرن و

خۆیان بۆ شەڕ ئامادەبکەن.

دوای کردنەوەی ڕێگا، بارزانی و تەواوی هێزەکەی ڕێگای سەر بەرزایی سوسزیان گرتە بەر. خۆری نیوەڕۆ بە ناوەندی ئاسمانەوە بوو کاتێک لەشکر لەسەر چیا یەکیانگرتەوە. چ یەکگرتنەوەیەک! لەو بەرزاییەوە کاتێک بۆ خوارەوەیان ڕوانی، دەشتی شوت لە خێوەتەکانی سوپا ڕەش دەچووەوە، تەپ و تۆزی قافڵەی دەبابە، زرێپۆش و بارهەڵگرە سەربازییەکانی ڕێگای شوت- ماکۆ، بە ئاسمانەوە بەری خۆریان گرتبوو. ڕیزی وشتر و وڵاخە بارکراوەکان، شێوەی کاروانی بازرگانی ڕێگای ئاوریشمی کۆنی دەدایەوە: تا ئێرە هاتووین، ئەم سوپایە چۆن تێبپەڕێنین!؟



سوپای حکومەت لە پۆلدەشتی سنووری یەکێتی سۆڤیەت تا گەلی بازرگان، دوا خاڵی سنووری تورکیا، ناوچەکەی بەتەواوی تەنیبوو و قایمی کردبوو. جەنەڕاڵ هومایونی و سوپای ئێران دوای شکستەکەیان لە گەڵی قتوور، دەستیان لە پلانی لەنێوبردنی بارزانییەکان هەڵنەگرتبوو و بگرە لەو ڕۆژەوە کەوتبوونە خۆ گورجکردن، پلانی تۆکمە و چاودێری کردنی لەشکر بۆئەوەی لە باشترین و لەبارترین شوێن گیریان بخەن و بە باشترین شێوە ڕووبەڕوویان ببنەوە.

ڕۆژێک دوای ئەوەی لەشکر لە قتوور پەڕیەوە، ئەو هێزانەی لەوێ دانرابوون کۆکرانەوە و بە تانک و تۆپ و تەواوی کەلوپەلی سەربازییەوە نێردرانە شاری شوت. ڕۆژی ٦ی حوزەیران، فەرماندەی هێز و فرقەی ٤ی ورمێ نێردرایە ماکۆ و لەوێ گیرسایەوە، دواتر عەقید ڕوکن غەفاریش لە شنۆوە نێردرایە ماکۆ و بە پلەی ئەرکانی ئۆپەراسیۆن لە ماکۆ دامەزرا.

ڕۆژی ٧ی حوزەیران، کاروانی سوپای قەرەزیائەددین نێردرایە چیای سوکار و کەتیبەیەکی سریەی ڕەشاش لە فەوجی سوپای کوردستان بەرەو چیای فەرهادخان جووڵەی پێکرا. فەرمان بە هێزی سیاچەشمە کرا بەرەو ماکۆ پێشڕەوی بکات و یەکە گەلی پاراستنی قتوور و کەتیبەکەی ڕائید زرێپۆش ئەوانیش بە لۆری نێردرانە ماکۆ. کەتیبەی ٢٧ی بەهادور و کەتیبەی ٣ی ئاسن بە سەرکردایەتی عەقید فولادوەند، ئەرکی بەدواکەوتنی بارزانییەکانی پێ سپێردرا. کەتیبەی ئەسفەهان و کەتیبەی ٢ی کرماشان و کەتیبەی ٢ی فەوجی ٢٧ نێردرانە باشکەند، کشمیش تەپە، موسا ئاقبلاغ، خندۆر و قولداغ. عەقید زەڵتاش بە سەد و پەنجا پارچە چەکەوە و ژمارەیەک ڕاوێژکاری شەڕ بۆ چەکداکردنی هۆزی ملانی نێردرا و عەقید زەنگەنەش نێردرایە لای لیوا

بایەزید لە گەلی بازرگان، تا خۆیی و تورکەکان لە هاتنی بارزانییەکان ئاگادار بکاتەوە.

حکومەت هەوڵیدا هێڵی بازرگان- ماکۆ- خندۆر- قزلداغ لە بارزانییەکان بگرێت و ڕێگاکەیان بەڕوودا دابخات و پلانەکەی وەها دانا: عەقید نەساری لەگەڵ دوو کەتیبەی پیادە و کەتیبەیەکی تۆپی ٧٥ملم، کەتیبەیەک سوار و یەکی ڕەشاش لە کەلێتی خوارووەوە دوای لەشکر بکەون و پشتیان لێ بگرن. عەقید لەشکری بە کەتیبەکەی خۆیەوە و کەتیبەیەکی سوار و دوو زرێپۆش لە زینووی سوکار دابنرێن. کەتیبەیەکی پیادە و سریەکی تۆپی ٧٥ملم و دوو زرێپۆش ببرێنە سیاچەشمە، کەتیبەیەکی پیادە، دوو زرێپۆشی جەنگی و سریەکی تۆپی ٧٥ملم لە هێڵی ساری ئۆچاغ- کشمش تەپە جێگیربکرێن، کەتیبەیەک لە بانی سنگەر و سریەک تۆپی ٧٥ملم لە چیای خندۆر دابمەزرێن و دوو کەتیبەی پیادە و تۆپێکی ٧٥ملم و دوو کەتیبەی پیادە و کەتیبەیەکی سوار و سێ زرێپۆشی جەنگی لەگەڵ عەقید سەردادوەر لە شوت بمێننەوە. بەم شێوەیە زیاتر لە پێنج هەزار سەربازی سوار و پیادە بە پاڵپشتی کەتیبە تۆپهاوێژەکان، بە دەیان تانک و زرێپۆشی جەنگی و دەیان بارهەڵگر و کاروانی وڵاخ و وشتری هەڵگری پێداویستی سوپا، بە پشتیوانی دەیان فڕۆکەی شەڕکەر نێردرانە مەیدانەکانی شەڕ و لە دەشتی شوت تا ماکۆ و لە خالی سنووری بازرگانی تورکیا تا پولدەشتی سەر سنووری سۆڤیەت، ئامادەی لەنێوبردنی بارزانییەکان کران.

لە ورمێ و نێو بارەگای ئەرکانی سوپا هەڵا و هۆسەیەکی گەورەبوو، قاسدی شا زوو زوو دەهات و هەواڵی شەڕ و چارەنووسی لەشکری بارزانییەکانی دەپرسی و مژدەی "زۆریان نەماوە لەنێویاندەبەین"ی بۆ شا

دەبردەوە.

جەنەڕاڵ هەمایونی بـۆئەوەی لە نـزیکەوە و بـاش ئاگـاداری ڕووداوەکـان بێت، ڕێـکەوتی ٧ی مانـگ خـۆی گەیانـدبووە شـاری مـاکۆ و بـۆ ڕۆژی دواتـر ئەرکـانی ئۆپەراسـیۆنی بە فەرمانـدەیی عەقیـد ڕوکـن غەفـاری دامەزرانـد. هومایونی هەستی دەکرد هەموو شتێک لەبەرژەوەندی خۆیـدایە و پێـدەچوو لە بارودۆخەکە ڕازیبێت و لە پلانەکەی دڵنیابێت، بـۆیە بە پێکەنیـنەوە ڕووی لە غەفاری و ژێردەستەکانی دەکرد و بە دەنگی بەرز دەیگوت:

- ئەمجارە چۆلەکەیەکیش ڕزگاری نابێت، چ بگات بە جەنگـاوەرێکی کـوردی پیسی دنیانەدیو. تۆڵەی ئەو سـێ مـانگی شـەڕەم وەک ئـاوێنە لەپـێش چـاوە، ئەمجارە بیـانگرم خـۆم دەزانـم چیـان لێـدەکەم، ئەم مەلا مسـتەفایە دەبێـت خـۆزگە بە چـارەنووسی قـازی مـحەمەدی هـاوڕێی بخوازێـت. هـیچ منـی نەکوشتووە، ئەو نەبێ کە هەمووشیان قازی، شێخ و مەلان، ئێوە چیتـان داوە لە شەڕ و شۆڕش! بڕۆن خەڵکی نەسیحەت بکەن و نووشتەکانتان بکەن، شەڕ و سیاسەت پیاوی خۆی دەوێت، خۆ سـاڵێک زیـاترە هەروا خەو و خۆراکیـان لێ بڕیوین، بەڵام دڵنیابن ئەمە کۆتایی هەموویانە و دەبێ بەسەر پشـتیانەوە بڕۆم تا دەگەمە خـزمەتی پـایەبەرز شـا، بەوپەڕی سـەربەرزییەوە لەبەردەمـی بوەستم و بەڕووی ڕەزمارادا پێبکەنم...

تـا نیـوەڕۆی ڕۆژی ١١ی مانـگ، تەواوی لەشـکر لەسـەر بەرزایـی سوسـز کۆبـــوونەوە، بە سەرســـامییەوە لەو ســـوپایەی خوارەوەیـــان دەڕوانی و ڕووبەڕووبوونەوەیەکی نادادپەروەرانە چـاوەڕێی دەکـردن، بەڕاسـتی ئەمە لە ئامادەکاریی شـەڕی دوو وڵات دەچـوو، نەک لەشـکرێکی پیـادەی پێنجسـەد کەسی. لەشـکر دوو ڕێگـا زیـاتری لەبەردەم نەبـوو، یـان هەڵبـژاردنی مەرگ و

شەڕکردن تا کۆتا جەنگاوەر، یانیش خۆبەدەستەوەدانی بێ شەڕ کە ئەمەیان مەحاڵ بوو.

جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی ترس و دڵەڕاوکێی لەنێو چاوی جەنگاوەرەکانی دەخوێندەوە، وەک ئەوەی قەدەر تا ئێرەی هێنابن و بیەوێت لێرە بەخراپترین شێوە خاڵ لەسەر دوا دێری چارەنووسیان دابنێت، بەڵام بۆ بارزانی وا نەبوو، ئەم مەیدانەشی تەنیا وەک ئالنگارییەکی نوێ سەیردەکرد و بڕوای تەواوی بەخۆیی و جەنگاوەرەکانی هەبوو.

بارزانی ماوەیەکی باش لە مەیدانی شەڕی ڕوانی، پێدەچوو سوپا و بارودۆخی ناوچەکە هەڵبسەنگێنێت، شێخ سلێمان و میرحاج لە تەنیشتییەوە وەستابوون و بانگی میرزا عەبدی شارەزاشی کرد:

- میرزا ئێرە ئەو شوێنەیە کە پێشبینیت کردبوو، باسێکی ئەم ناوچەیەم بۆبکە...

میرزا کە خۆیشی سەری لەو هەموو سوپا و سەربازە سوڕمابوو، زۆر بە لەسەرەخۆیی و بە وردی وەڵامی بارزانی دایەوە:

- قوربان، ئێرە دەشتی شووتی پێ دەڵێن، بە دەستی چەپمانەوە و کەمێک دوورتر بەرەو ڕۆژئاوا، شاری ماکۆی لێیە، دواتر دەگەین بە کشمش تەپە و بازرگان، لەوێوە خاکی تورکیایە و دڵنیام حکومەت هەمووی گرتووە، دەستی ڕاستیشمان بەرەو ڕۆژهەڵات، سنووری یەکێتی سۆڤیەتە، تا ساریسو و پولدەشتی سەر سنوور، ئاوایەکی ئەوتۆی لێ نییە و ڕێگاکە ئەوەندەی بڵێی سەخت، بەردەڵان و وشکە و هیچ مرۆڤێک زیاتر لە ڕۆژێک لەم ڕێگایە دەوام ناهێنێت. ئەم ڕووبارەی بەردەمان ڕووباری زەنگماری پێدەڵێن،

لەوپەڕی ڕۆژهەڵات تا ئەوپەڕی ڕۆژئاوا، خاکی ئێران لەت دەکات و تورکیا بە سۆڤیەتەوە دەبەستێتەوە، ڕووبارەکە لە دۆڵێکی قووڵ و سەخت دایە و لەم وەرزەدا ئاوێکی زۆری پێدا دەڕوات و بەهۆی بەخوڕی ئاوەکەی بەکەڵکی مەلەکردن نایەت، دوو پرد، ئەم بەری ڕووبار بەوبەرەوە دەبەستنەوە، یەکێکیان لە ماکۆیە، لە ناوەڕاستی شاردایە و ئێمە پێی ناگەین، ئەوەیدیکەیان ئەوەتا لە بەردەممانە لە قزڵداغ، بەدڵنیاییەوە حکومەتیش ئەمە باش دەزانێت، بۆیە تا ئێستا پردەکەی باش قایم کردووە. ئەگەر توانیمان پردی قزلداغ تێبپەڕێنین، دوای ماوەیەکی کورتی ڕۆیشتن بەرەو باکوور، دەگەین بە گوندی هاسوون، ئەوێ ئەو شوێنەیە کە هەوڵ دەدەین پێی بگەین و دەکەوێتە نێو هۆزی جەلالییەکان...

بارزانی بە وردی گوێی لە قسەکانی میرزا گرت و ئاوڕێکی لە لەشکرەکەی دایەوە، جەنگاوەرەکان دەنگ و جووڵەیەکی ئەوتۆیان نەبوو، بەشی هەرە زۆریان لە ژێر سێبەر یان لەسەر تاشە بەردەکان دانیشتبوون و پێدەچوو خەمی سوپا زۆرەکەی حکومەت، برسییێتی ئەو دوو ڕۆژەی لەبیر بردبنەوە. نە ڕێگای ڕۆیشتن هەبوو نە گەڕانەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نە گازندەیەک دەبیسترا، نە کەسیان پەشیمانی دەردەبڕی. بارزانییش ماوەیەک بەدەم بیرکردنەوەوە سەیری جەنگاوەرەکانی کرد و دواتر چووە سەر تاشەبەردێکی کەمێک بەرزتر و لە بەردەمیان وەستا:

- برایان، ئەمە ئەو ڕۆژەیە کە هەموومان چاوەڕێمان دەکرد، پێم وانەبێ کەستان وای بیرکردبێتەوە ئەم ڕێگا درێژە بێ شەڕ ببڕین، کەواتە هەموومان خۆمان بۆ ڕۆژێکی ئاوا ئامادەکردووە. دەزانم بینینی سوپایێک بەو گەورەییە و بەو هەمووو تانک و تۆپ و تەیارەیە، تووشی دڵەڕاوکێی کردوون، بەڵام

دڵنیاشم هەموو ئەمانە لە بەردەم ئامانج و ئیرادەی ئێمە سەرابێک زیاتر نین، دەشزانن ڕۆژێک لە ڕۆژان چەک ڕێگرنەبووە لەبەردەم هەوڵەکانمان بۆ گەیشتن بە ئامانج و دڵنیام ئەمڕۆش ناتوانێت ڕێگریمان لێ بکات. ئەوە زیاتر لە سێ مانگە شەڕی ئەم سوپایە دەکەین و سەرکەوتن هەر بەشی ئێمەبووە، بەچاوی خۆشتان بینیوتانە لە مەیدانی شەڕ، خۆش مێر و عەگیدەکان سەردەکەون، نەک تانک و تۆپ و سەربازی بەزۆر هێنراو. تا ئێرە بەرگەی هەموو سەختی، هیلاکی، سەرما، برسییەتی و بێ جلوبەرگیمان گرتووە و بەدەم ڕێگاوە چەندین هاوڕێی ئازیزمان لەدەست داوە، بەڵام هەرگیز کۆڵمان نەداوە و بۆساتێکیش گومانمان لە هەڵبژاردنی ئەم ڕێگایە نەکردووە، بە ئیمانەوە هەنگاومان بۆی ناوە و لەسەریش بەردەوام دەبین.

برایان، با خۆمان وشیار بکەینەوە، ئەمڕۆ ڕۆژی حەق و حسابە، حەقی ئەو هەموو ڕەنجەی پێیان چێشتووین، حەقی ئەو مافەی لێیان زەوت کردووین. ئێرە مەیدانی شەڕ نییە، مەیدانی تۆڵەیە، تۆڵەی خۆمان و هاوڕێ شەهیدەکانمان، تۆڵەی لاشەی ئەو منداڵە بێتاوانانەی لەنێو بەفر تا سەر سنوور بەکۆڵ هەڵمانگرتن، تۆڵەی خێزان و خۆشەویستەکانمان کە ئێستا لەو بەری سنوور کەس چارەنووسیان نازانێت، تۆڵەی ئەوانەی دوێنێ لە مەیدانی چوارچرا لە سێدارەدران، ئەو کۆمارەی بە خوێن گەورەمانکرد و زیندە بەچاڵ کرا. پشتیوان بە خوا نەک بۆ شەڕ، دەڕۆین تۆڵە بکەینەوە، دڵنیابن ئێمە لێرە تەنیا پێنجسەد جەنگاوەر نین، بەڵکو دوعای خێری میلەتێکمان لەپشتە و پارێزراو دەبین. ئێستاش هەستنەوە سەرپێ، هەستن با دوژمن ڕق و قینەتان ببینێت، با چۆن لە ناوی کورد تۆقیون، ئاواش بەبینینی ئیرادە و ویستی تۆڵەسەندنەوەمان چۆکیان بلەرزێت، ئەمە ئەو دەرفەتەیە کە خوا پێی داوین، بۆئەوەی نیشانی شا و تەواوی جیهانی بدەین، ئێمە کێین و چیمان

لەدەست دێت.

خۆتان ئامادەبکەن، باری خۆتان سوک بکەن و تەنیا چەک و کەلوپەلی زۆر پێویست هەڵگرن. نابێت چاوەڕێ بکەین جێ پێی خۆیان قایم بکەن و ئەو کاتەی خۆیان دەیانەوێ شەڕ دەست پێبکەن، کێ گورزی یەکەم قایمتر بوەشێنێت، ئەو سەردەکەوێت، بۆیە پەنا بەخوا ئێمە دەستی پێدەکەین و بەرەو دڵی دوژمن هێرش دەبەین.

هێزەکەمان دەکەین بە سێ بەش: مامەند و مستەفا، جەنگاوەرەکانتان ئامادە بکەن، یەکەم هێز ئێوە بە نهێنی بەرەو پردی قزلداغ دەکەونەڕێ، ئەوێ تاکە ڕێگای دەربازبوونمانە لە ڕووبار، بەهەر نرخێک بێت دەبێت پردەکە بگرن و تا گەیشتنی تەواوی لەشکر پارێزگاری لێبکەن. ئەسعەد و ولی بەگ بە هێزێکەوە لە باشووری چیا دەمێننەوە و پارێزگاری لە دواوەی لەشکر دەکەن، دڵنیام سوپا لەدواوە هێرش دەهێنێت و ئێوە بەهیچ شێوەیەک شوێنەکەتان چۆڵ ناکەن. هێزی سەرەکیش خۆم فەرماندەیی دەکەم، هەرکە مامەند و مستەفا کەوتنەڕێ، بۆئەوەی چاوی دوژمنیان لەسەر لابدەین، هێرشەکەمان بەرەو نێوجەرگەی سوپا لە دەشتی شوت دەستپێدەکەین، دڵنیام ئەوانە چاوەڕێی ئەوە لە هێزەکەمان ناکەن، بۆیە زوو دەشڵەژێن، هەوڵ دەدەین شەڕەکە درێژە نەکێشێت، ئەوان تەواوی هێزەکانیان بۆ دەشتەکە دەگوازنەوە و تا ئەوان بەتەواوەتی کۆدەبنەوە، ئێمە بەرەو لای پردەکە هەڵدەکشێین و لەگەڵ هێزی پێشەوە یەکدەگرینەوە. کاتی یەکگرتنەوەی هەرسێ هێز، کاتی مەغریب و دەمەو ڕۆژئاوابوونە، بۆیە هێزی پشتیوانیش تا ئەوکات دەبێت خۆی بگەیەنێتە سەر پرد و پێکەوە لە ڕووبار بپەڕینەوە. کەس دڵ لە دڵ نەدات، دڵنیابن سەردەکەوین و هەمووومان

پـێکەوە دەپەڕیـنەوە، تەنـانەت ئەگەر بە مردوییشـبێت، بەهەر هۆکارێـک نەمانتوانی لەسەر پرد یەکبگرینەوە، ئەوە ئامانجی دووەممان ئەوبەری ڕووبار گوندی هاسون دەبێت.

هەر کەسـێکمان بپێکرێـت، بە مردوویـی بێـت یـان بە بریـنداری نابێـت لە مەیدانی شەڕ جێبهێڵدرێت، بە کوڵ دەیانبەین تـا لەشـوێنێک دەگیرسـێینەوە. وەک دەبینن چەک و گوللەی کەممان لایە و بەدەستپێکردنی شـەڕ کەمـتریش دەبنەوە، لە هەر مەیدانێک سەرکەوتین، ئەوەندەی بۆمان کرا چەک و گـوللە لەگەڵ خۆمـان هەڵـدەگرین، هەر قـۆڵ و هێزێـک پێویسـتیان بە چەک و یارمەتی بوو، نێزیکترین قۆڵ لێیانەوە دەبێت یارمەتییان بدەن.

کاتێکی کەممان لەبەردەستە، وادەی جێبەجێکردنی پلانەکەمان کـاتژمێر دووی نیوەڕۆیە، بۆیە خۆتان کۆبکەنەوە و ئامادەبن، پەنا بەخوا لەسەر پرد یەکـتری دەبینینەوە...




دوای قسەکانی بارزانی، لەشکر تینی تازەی هاتەوە بەر، جەنگاوەرەکان گورج بوونەوە و هەریەکە و لە ڕاستەخۆی هەستایەوە سەر پێ، بەڕاستیش ئەو بێ ئۆمێدییەی دەمێک لەمەو پێش بە ڕوخساریانەوە دیاربوو، بۆ هەستی تۆڵەسەندنەوە گۆڕا. هەر سوچێکت سەیردەکرد، کۆم کۆم جەنگاوەر دەوریان لە یەکتری دابوو، برا باوەشی بە براکەیدا کردبوو و هاوڕێ بە هاوڕێیەکەی، ساتی ماڵئاوایی و گەردەن ئازایی بوو، چارەنووسێکی سەیرە، بەڵام چارە نییە و دەبێت بەپیرییەوە بڕۆن. چستۆش کەمێک دوورتر لەسەر بەردێک وەستابوو، ئاو لە چاوەکانی کۆببووەوە، وەک ئەوەی بیەوێت هاوار بکات و کەس دەنگی نەبیستێت، کاتێک مەجیدی بینی خێرا ڕایکرد، خۆی بۆ هەڵدا و هەمبێزی کرد، وەک ئەوەی بەتەما نەبێ جارێکی دیکە بیبینێتەوە...

جەنگاوەرەکان خەریکی خۆئامادەکردنبوون، کاتێک تۆپخانەکانی سوپا کەوتنەکار و ئاگربارانی سوسزیان دەستپێکرد، هەرسێ قۆڵی لەشکر لەژێر ئاگری بۆردومانی دوژمندا ڕێکخرانەوە.

لەو کاتەی بۆیان دیاریکرابوو، مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی بە هێزەکەیانەوە بەرەو پردی قزلداغ کەوتنەڕێ، نیوەی لێژاتییەکەی بەردەمی خۆیان نەبڕیبوو، بینییان هێزێکی سوپا بەرەو ڕوویان دێ. عەقید سەردادوەر بە هێزەکەیەوە گەیشتبووە یەلی دەڕە و دەیویست هێشتا بەرەو لوتکەی سوسز پێشڕەوی بکات، سەربازەکان بە سوار و پیادەوە بە بەرزاییەکەدا هەڵدەگەڕان و دەبابەکان کەمێک دوورتر لەپشتیانەوە وەستابوون، پێدەچوو لەنێو تاشەبەردەکان گیریان خواردبێ و لێی سەرنەکەوتبن. چەند کەلاوە کوخێک دەکەوتنە قەراغی ڕێگاکە و جەنگاوەرە بارزانییەکان بەخێرایی خۆیان تێدا مەڵاسدا و سەربازە ئێرانییەکان بێ ئاگا لە کەلاوەکان نزیک

کەوتنەوە، کاتێک تەواو نزیک بوونەوە، بە دەست بەرزکردنەوەیەکی مامەنـد مەسیح، هێرشیان کرایە سەر و جەنگـاوەر و سـەرباز تێکەڵـی یەکـتری بـوون، ڕووبەڕووبوونەوەکە بە شەڕی دەستە و یەخە و بە نەیزە و خەنجەر دەسـتی پێکرد و سەرەتا کەڵکـی تەقەی ڕاسـتەوخۆی نەبـوو، ناوەنـاوەش نارنجۆکێـک لەدواوە هەڵدەدرایە نێو سەربازەکان، تا خۆیان کۆکردەوە، ژمارەیەک سـەرباز کوژران، دواتر لەنێو کەلاوە و لەبن تاشەبەردەکان پەنایانگرت و شـەڕەکە بـۆ شـەڕی تەقە گـۆڕا، بەهـۆی تێکەڵاوبـوون و نزیکییـان لە یەکتریـیەوە شـوێنی شەڕەکە بۆردومان نەدەکرا، سـەربازەکان تەواو شـڵەژابوون و بەهـۆی ئەوەی دەکەوتنە لێژاتییەکەوە توانای پاشەکشێیان نەبوو، زۆری پێنەچـوو فڕۆکەکـان هــاتن، جەنگــاوەرە بارزانییەکــانیش ناچــاربوون پەنــابگرن، بە پەنــاگرتنی بارزانییەکان، سەربازەکان دەرفەتی ڕاکردنیان بۆ هاتە پێش و خێرا لە مەیـدانی شەڕ ڕایانکرد، هاوکات فڕۆکەکانیش دەستیان بە بۆردومانی هەڕەمەکی بنـاری چیاکرد و دوای ماوەیەک گەڕانەوە.





هێزە سەرەکییەکەی لەشکر بە فەرماندەیی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، بە نهێنی لە چیا بەرەو دەشتی شوت داکەوتبوونە خوارەوە و چاوەڕێی فەرمانی هێرشیان دەکرد. کاتێک تەواوی سەرنجەکانی سوپا کەوتە سەر شەڕەکەی باکووری ڕۆژئاوای بناری سوسز، لەناکاو بە فەرمانی بارزانی هەڵمەت برایە سەر سوپا لە دەشتی شووت، سەربازە سوار و پیادەکان ئەوەندە شڵەژان نەیاندەزانی چی ڕوودەدات، جەنگاوەرە بارزانییەکان بەهۆی خێرایی و کارامەییان لە شەڕی ڕووبەڕوو و پارتیزانی زۆر خێرا دەجووڵانەوە، دوای ئەوەی لە بەشێکی سوپایان دەدا خێرا دەگەڕانەوە، خۆیان ڕێکدەخستەوە و هێرشی سەر بەشێکی دیکەی سوپایان دەکرد، شەڕەکە ئەوەندە بە خێرایی و لە نزیکەوە دەکرا بە کەڵکی شەڕی دەبابەکان نەدەهات، بۆیە وەک بینەر لەمەیدانی شەڕ بێ سوود وەستابوون و ناوەناوەش دانەیەکیان ئاگری

تێبەردەدرا، تۆپخانەکان بەهۆی سوپای خۆییەوە مەیدانی شەڕیان بۆردومان نەدەکرد و گەڕانی فڕۆکەکانیش هیچ سوودێکی نەبوو. شەڕ بەم شێوەیە چەند کاتژمێرێکی خایەند و سوپا بە ڕادەیەکی باش پەکخرا، سوچ بە سووچی مەیدانی شەڕ بە کەلاکی کوژراو و برینداری سەربازەکان تەنرابوو، بۆنی خوێن و بارووت دەشتەکەی داگرتبوو و تەپوتۆز مەودای بینینی کەم کردبوو.

شەڕ لەوپەڕی گەرمیدابوو، دەنگی ناڵەی جەنگاوەرێک هاوڕێکانی تاساند و گەڕاندنیەوە، کاتێک سەیریان کرد حاجی گوزی لەسەر دەم کەوتبوو و جووڵەی لێ بڕابوو:

- حاجی چی بووە؟ حاجی چی بووە؟ حاجی هەستەوە...

تەیمەز و جەنگاوەرەکانی هاوڕێی بەسەر سەری حاجییەوە وەستان و هەوڵیان دا هەڵیستێننەوە، بەڵام کەڵکی نەبوو. چاوەکانی لەخوێن سوور هەڵگەڕابوون و زمانی بە حاڵ دەگەڕا:

- واز لەمن بێنن، شتێک نەبووە و برینێکی بچووکە، ئێوە بڕۆن خۆتان بەمنەوە سەرقاڵ مەکەن، دەبێت هەرچی زووە ئەو سوپایە بشکێنن، خەمی منتان نەبێت، دڵنیابن من نامرم، تا سەرکەوتنتان بەچاوی خۆم نەبینم، براکانتان پێویستیان پێتانە، دەبێت یارمەتییان بدەن...

هاوڕێکان حاجیان هەڵگرتەوە و لەسەر پشت پاڵیانخست، بەڵکو خوێنبەربوونەکەی کەمتر ببێتەوە:

- ناڕۆین و لێرە بەتەنیا جێت ناهێڵین، بەسەر پشتمانەوە هەڵتدەگرین تا دەتگەینین بە شوێنێکی ئێمن، تۆ تەنیا تاقەت بێنە، خەمی ئێمەت نەبێ...

- پێتان دەڵێم بڕۆن من باشم، بەڵێن بێ تا دەگەڕێنەوە بە زیندوویی لێرە چاوەڕێتان بکەم، ئێوەش بەڵێنم پێبدەن سەردەکەون و بە سەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە...

حاجی نیوەی ملی پەڕی بوو، نە کەڵکی هەڵگرتنی هەبوو نە جێهێشتن، ناچار جەنگاوەرەکانی هاوڕێی بەقسەیان کرد و تا گەڕانەوە، لەژێر تاشەبەردێک دایاننا.

درەنگانی ئێوارە، شەڕ وەستا و دەنگی تەقە زۆر بەکەمی دەبیسترا، جەنگاورەرەکان لەژێر دار و تاشەبەردەکان پەنایانگرت و سوپای حکومەت بەمەبەستی خۆ ڕێکخستنەوە بۆ دواوە پاشەکشەیانکرد، بەهۆی تاریک داهاتن، سەراسۆکردنی فڕۆکەکانیش سودی نەما، بۆیە چیدیکە دەنگیان نەدەبیسترا. تەیمەز و هاوڕێکانی بۆ سۆراخی حاجی گوزی گەڕانەوە، کاتێک گەیشتن، حاجی گیانی دەرچووبوو و شەهید ببوو، نازانم سەرکەوتنی هاوڕێکانی بینی بوو، یان نا، بەڵام ئەوان سەرکەوتبوون و بەڵێنەکەیان بەجێ گەیاندبوو. هاوڕێکانی لاشەی حاجیان لە کۆڵ کرد، بۆ لای لەشکر گەڕانەوە و خۆیان بۆ ڕۆیشتن بەرەو پردی قزلداغ ئامادەکرد.

هێزەکەی مامەند مەسیح و مستەفا مێرۆزی دوای شەڕێکی سەخت، بۆ ئێوارە گەیشتبوونە سەر پردی قزلداغ، سوپاش تەواوی قورسایی هێزی خۆی بردبووە دەشتی شوت، بۆیە پردەکە ئەوکات تەنیا هێزێکی بچووکی بەسەرەوە دانرابوو و ئەو هێزەش بە ئاسانی هەڵگیرا، دوای شەڕێکی کورت، مستەفا مێرۆزی بۆ چاودێری و پاراستنی ئەوبەر، لە پردەکە پەڕیەوە و مامەند مەسیح و جەنگاوەرەکانیشی لە چاوەڕوانی گەیشتنی هەردوو هێزەکەی دیکە لەشوێنی خۆیان مانەوە. گومانیش دەکرا حکومەت لە

ماکۆوە هێزی پشتیوانی زیاتر بنێرێتە شووت و پردی قزلداغ باش قایم بکات.

ئێـوارەیەکی درەنـگ کـاروانێکی چـوار وشـتری بـارکراو لەسـەر شـەقامی سەرەکی لە ماکۆوە بەرەو لای پـردەکە دەهـاتن، کاتێـک تەواو نزیکبـوونەوە، لەلایەن جەنگاوەراکانەوە دەسـتڕێژی گوللەیـان لێکـرا و ڕێگـای سـەرەکی بە کەلاکی وشترەکان گیرا.

شەڕ لە دەشـتی شـوت درێـژەی کێشـابوو و هێـزەکەی جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی و ئەسـعەد خۆشـەوی لەکـاتی خۆیـدا نەگەیشـتن، لە جـادەی مـاکۆوە دەنگی زنجیری دەبابە و بارهەڵگری سەربازی تا دەهات لە نزیکتر دەبیسـترا، هێشتا ئاسـمان تەواو تاریـک دانەهـاتبوو، ڕوونـاکی لایتەکـانی دەبـابەیەک و بارهەڵگرێکی سەربازی بەسەر شەقامەکەوە بینران، چەنـد کەلاوە خـانوویەک لە نزیکی کەلاکی وشترەکان دەکەوتنە لای ڕاستی شەقامی سـەرەکی، مامەنـد مەسیح و جەنگاوەرەکانی خێـرا چـوونە نێویـانەوە و خۆیـان حەشـاردا. ڕائیـد زرێپـۆش و چـل سـەرباز، سـواری بـارهەڵگرەکە بـوون و عەقیـد غەفـاریش بەسواری دەبابەکەوە لەپێشیانەوە دەڕۆیشت، کاتێک دەبابەکە گەیشتە سـەر کەلاکەکان، وەستا، دواتر لە شەقامی سەرەکی لایـدا و درێـژەی بە ڕۆیشـتندا، بارهەڵگرەکەش ویستی لە وشترەکان لابدات، بەڵام بـۆی نەکـرا و هەر لەسـەر شـــەقامەکە وەســـتا، دوای ئەوەی دەبـــابەکە تەواو دوورکەوتەوە، شـــوفێری بارهەڵگر بە گـوللەی جەنگاوەرێـک پێکـرا و سـەری کەوتە سـەر شـانی ڕائیـد زرێپۆش، تـا بەخەبەرهـاتن، بە نـارنجۆک هێـرش کـرایە سـەر بـارهەڵگرەکە و ئـاگری تێـبەردرا، سـەربازەکان بە برینـداری و بە سـوتاوی خۆیـان هەڵـدایە خـوارەوە و کەوتـنە بەر دەسـتڕێژی گـوللەی جەنگـاوەرە بارزانییەکـان. پێـنج سـەرباز کـوژران و شـازدەی دیکەیـان بە ڕائیـد زرێپۆشـەوە برینـداربوون و

لەگەڵ سەربازەکانی دیکە ڕایانکرد، بارزانییەکان ویستیان دوایان بکەون، لەناکاو دەبابەکە گەڕایەوە لایان و ڕووناکی لایەتی چەند دەبابەیەکی دیکەشیان لێ بەدەرکەوت، بۆیە خێرا بەرەو لای پردەکە ڕۆیشتن و تا ئەوان گەیشتن، سەر پردەکە بە تەواوەتی بە دەبابە تەنرا. ناچار بەرەو ژێری پردەکە ڕۆیشتن. ئاوی ڕووبار لەوێ مەند بوو و دەکرا بە مەلەوانی لێی بپەڕیتەوە، بەڵام سەربازێکی زۆری بۆ دەهات و هەندێکیان سەنگەریان دانابوو. دوای گەیشتنیان، جەنگاوەرەکان لە پشت سەری مامەند مەسیحەوە هەوڵیاندا بە مەلەوانی لە ڕووبار بپەڕنەوە و زیاتر لە نیوەی جەنگاوەرەکان لەنێو ڕووباردابوون و لەلایەن سوپاوە هێرشیان کرایەوە سەر، ئەو جەنگاوەرانەی لە قەراغی ڕووبار مابوونەوە، سەنگەریان لەبەرامبەر سوپا دانا و ئەوانەشی لەنێو ئاوەکەبوون لە ڕووبار پەڕینەوە، شەڕ لە قەراغی ڕووبار درێژەی کێشا و کاتێک جەنگاوەرەکان دەرفەتیان وەرگرت، لەنێو تاریکایی شەودا بە دۆڵەکەدا هەڵگەڕان و بەرەو ڕۆژهەڵات لە پردەکە دوورکەوتنەوە.

شەڕ لە دەشتی شوت وەستابوو و بارزانی بەهێزەکەیەوە و لەگەڵ ژمارەیەک دیلی شەڕ و دەستکەوتی سەربازی لە چەک و تەقەمەنی بەرەو سەر پرد بەڕێگەوەبوو، ئەو جەنگاوەرانەی لە هێزەکەی مامەند مەسیح مابوونەوە و لەنێو دۆڵێکدا پەنایانگرتبوو دووانیان چوونە نێزیک ڕێگا، تا بەگەیشتنیان بارزانی و هێزەکەی لە بوونی دەبابە و هێز لەسەر پرد ئاگادار بکەنەوە و بیانگێڕنەوە لای هێزەکەی خۆیان. ئاسمان تاریک داهاتبوو، بارزانی بە هێزەکەیەوە، لەکاتێکدا بەخێرایی بەرەو لای پردەکە بەڕێگەوەبوون لەدوورەوە بینران، جەنگاوەرەکان خێرا خۆیان گەیاندە لای و لە گرتنی پردی قزلداغ ئاگاداریانکردەوە، ئیتر بارزانیش بە هێزەکەیەوە هەر لەوێوە بەنێو دۆڵەکەدا شۆڕبوونەوە خوارەوە و لەسەر ڕووبار لەگەڵ پاشماوەی هێزەکەی

مامەند مەسیح یەکیان گرتەوە، ئەوەندەی چاوەڕێشیانکرد هێزەکەی ئەسعەد خۆشەوی نەگەیشت.

هێزەکانی سوپا لابەلا و بە شپرزەیی لە شوتەوە بۆسەر پردی قزلداغ دەڕۆیشتن و پردەکە بەتەواوی کۆنترۆڵکرا، لەشکر لەنێو دۆڵ گیری خواردبوو و ڕووباریش بەهۆی خوڕی ئاوەکەی بەکەڵکی پەڕینەوە نەدەهات، ڕێگایەکی دیکەش شک نەدەبرا، میرزا عەبدی خێرا خۆی گەیاندە لای بارزانی و پێی گوت:

- پێویست بە بێ ئومێدی ناکات، ڕووبار بڕێکی تێدایە بەکەلکی پەڕینەوە دێت، ئەگەر پێش حکومەت پێی بگەین، دەتوانین لێی بپەڕینەوە...

کاتژمێر، ١٢ی شەوی تێپەڕاندبوو، میرزا عەبدی پێشکەوت و جەنگاوەرەکان زۆر بەنهێنی لەنێو تاریکایی دۆڵەکەدا بەرەو بڕەکە کەوتنەڕێ، بڕەکە دەکەوتەوە نێزیک شووت، کەمێک سەرووتری ئەو شوێنەی شەڕە گەورەکەی ئێوارەی لێ ڕوودابوو، لە خوارەوە هەست دەکرا حکومەتیش وا پەیتا پەیتا بۆ گرتنی بڕەکە سەرباز بەسەر دۆڵەکەوە دادەنێت، بەڵام کارەکەیان خاو بوو، تا مەخفەرەکەی سوپا دامەزرا، تەواوی جەنگاوەرەکان لە ڕووبار پەڕینەوە و لەوبەری ڕووبار لەنێو گۆلە برنجەکان خۆیان شاردەوە.

هێزەکەی ئەسعەد خۆشەوی و ولی بەگ هێشتا نەگەیشتبوون و کەس سۆراغیانی نەدەزانی. وەک ئەوەی پلانی بۆدانرابوو، هێزەکە لە باشووری چیای سوسز بۆ پارێزگای لە دواوەی لەشکر هێڵدرابوونەوە و ئەوانیش سەنگەریان لەوێ قایم کردبوو. کاتژمێر نزیکی سێی ئێوارە، هێزێکی سوپا بە فەرماندەیی عەقید لەشکری لەگەڵ دوو سریەی پیادە، چوار ڕەشاشی گەورە، کەتیبەیەکی

سوار و هێزێک لە جاشی هۆزەکان بۆ گرتنەوەی چیای سوسز بە پشتیوانی و بۆمبارانی تۆپ و هاوەن هێرشیان هێنا، هێزەکەی ئەسعەد خۆشەوی و ولی بەگ تا درەنگانی ئێوارە بەرگریانکرد و خۆیان ڕاگرت، دواتر کاتێک دەنگی تەقە لە دەشتی شوت بڕایەوە، پێش خۆرئاوابوون سەنگەرەکانی خۆیان جێهێشت و بەرەو دەشتی شووت دابەزین، کاتێک گەیشتنە خوارەوە، هێزەکانی سوپا بەرەو پردی قزلداغ دەڕۆیشتن، بۆیە لەپشت تەپۆڵکەکان وەستان و بۆ ماوەیەک خۆیان شاردەوە و بەدەم ڕێگاشەوە چەند سەربازێکیان بەدیل کەوتبووە دەست، یەکێک لە سەربازە گیراوەکان کرمانجی دەوروپشتی ماکۆ بوو، پێی گوتبوون کە پردی قزلداغ بەتەواوەتی گیراوە و هەنووکە تەواوی ئەو هێزەی بەردەمتان بۆ ئەوێ دەچن، ئامۆژگاری کردبوون بەرەو پردەکە نەڕۆن و ڕێگای بڕەکەی سەر ڕوباری پێشان دابوون، ئەوانیش دوای ئەوەی بێ هیوابوون لەوەی بە پردەکە بگەن، چاوەڕێیان کردبوو تا شەو درەنگ دادێت و دەشت لە سەرباز چۆل دەبێت. لە کاتێکی لەباردا و دوای کاتژمێر دوازدەی شەو، جەنگاوەرەکان ڕێگای سەر بڕەکەیان گرتبووە بەر و کاتێک نزیک کەوتبوونەوە، لەناکاو لەلایەن مەخفەری سوپای سەر دۆڵەکە ئاگرباران کرابوون، ئەوانیش وەڵامی هێرشەکەیان نەدابووەوە و بە خێرایی بەنێو دۆڵەکەدا شۆڕببوونەوە خوارەوە و تاسەر ڕووبار نەوەستابوون. کاتێک گەیشتن، سەیرێکی خۆیان کرد محەمەدیان لەگەڵ نەبوو، محەمەد لەگەڵ دەستپێکردنی تەقەکە لەدواوە بە چەند گوللەیەکی دوژمن پێکرابوو و شەهید ببوو، ئەو لەگەڵ دوو برای دیکەی لە هێزەکەی میرزا ئاغا دابوون و تا نەگەیشتبوونە سەر ڕووبار، کەس ئاگاداری شەهید بوونی نەبوو، هەردوو برای و چەند جەنگاوەرێکی دیکە ویستیان بۆ سۆراخی بگەڕێنەوە، بەڵام لەلایەن هاوڕێکانیانەوە ڕێگریان لێکرا، چونکە نە

بۆیانــــدەکرا، نە بەو تاریکــــاییە بۆیــــان دەدۆزرایەوە، بــــۆیە بەناچــــاری پاشگەزبوونەوە و وازیان هێنا. کاتێـک جەنگاوەرەکـانی ئەسـعەد خۆشـەوی و ولی بەگ بــــۆ بــــڕەکە دەگەڕان، لەناکــــاو لەوبەری ڕووبــــار هەســــتیان بە جـووڵەیەکی نـا ئاسـایی کـرد، ڕاسـتەوخۆ دەسـتیان بە تەقە کـرد و لەوبەری ڕووباریش وەڵامیان درایەوە، تەقەی هەڕەمەکی بە تاریکاییەوە بەردەوام بوو تا ئەوکاتەی گوێیان لە دەنگێکی بەرز بوو هاواری دەکرد "تەقە مەکەن. تەقە مەکەن" ئەمە دەنگی بارزانی بوو و هەستی کردبوو جەنگاوەرەکان خـۆیین و لە تاریکاییدا گـوللە بەیەکتریـیەوە دەنـێن، دوای ئەوەی یەکتریـان ناسـییەوە، خێرا جەنگاوەرەکانی ئەسعەد خۆشەوی و ولی بەگیش لە بڕ پەڕینەوە و بەنێو کێڵگە و گـۆڵە برنجەکانـدا بـۆ مـاوەیەک لە ڕووبـار دوورکەوتـنەوە و خۆیـان لەنێو پەرێزە برنجەکان شاردەوە.

۲۸ رۆژ
تا ئاراس

## ڕۆژی بیست و دووەم ...

# ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٢ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان بە شەڕ لە ڕووباری زەنگمار پەڕییەوە و تەواوی قۆڵەکان لە گوندی هاسون یەکیان گرتەوە.

دوای شەڕە گەورەکەی دەشتی شوت، لە ڕێکەوتی ١١ی حوزەیران و سەرکەوتنی لەشکری بارزان بەسەر سوپای ئێران، بۆ شەوی ١١ لەسەر ١٢ی مانگ، تەواوی لەشکر لە ڕووباری زەنگمار (زەنگی) پەڕییەوە، بەڵام لەوبەری ڕووبار بوون بە سێ بەش و ئاگایان لە یەکتری نەما.

هێزەکەی مستەفا مێرۆزی و مامەند مەسیح دوای ئەوەی لە پردی قزلداغ بە جیا پەڕینەوە، بە هاتنی هێزی حکومەت و دەبابەکان، لەوبەری پرد گیریان خوارد و لە یەکتری دابڕان.

هێزەکەی مستەفا مێرۆزی دوای هاتنی سوپا بۆسەر پرد، ماوەیەکی باش شەڕیانکرد و دوای ئەوەی زانییان چیدیکە بەرگرییان پێناکرێ، لە تاریکایی شەودا؛ بەنێو پەرێزە برنجەکاندا و بە ئامانجی گەیشتن بە گوندی هاسون، بۆ باکوور هەڵکشان و تەواو لە ڕووباری زەنگی دوورکەوتنەوە. هێزەکەی مامەند مەسیحیش بەهەمان شێوە لە تاریکایی شەودا بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسی سوپا بە جیا ڕێگای باکووریان گرتبووە بەر.

ئامانج لە هەڵکشانی هێزەکان بۆ باکوور، گەیشتن بوو بە گوندی هاسون، جێبەجێکردنی پلانی لەشکر و دوورکەوتنەوە بوو لە مەترسی حکومەت.

هاسون کە بە (هاسونی گەورە)ش دەناسرا، دانیشتوانەکەی زۆربەی تورکی ئازەری بوون، دەکەوتە سەر سنووری هۆزی جەلالی کە ئەوانیش هۆزێکی گەورەی کوردن و لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران و سنووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا بڵاوبوونەتەوە. هاسون دەکەوێتە سەر بەرزاییەک و بەهۆی بوونی کانیاوە زۆرەکانی، قەدپاڵی بەرزاییەکانی گوند و پێدەشتەکانی، هەمووی بە باغ و بێستانی سێو، گوێز، گێلاس، قەیسی، هەرمێ و جۆرەها مێوەی دیکە داپۆشرابوو و یەکێک بوو لە گوندە هەرە خۆش و جوانەکانی ناوچەکە و لەوێ کات کاتی ڕنینی گێلاس بوو.

گوڵە برنجەکان بەهۆی بارانەوە پڕی ئاو ببوون و هێزەکەی مامەند مەسیح، گوڵ و پەرێزەکانیان بەسەختی تێپەڕاند، دواتر کەوتنە نێو دەشتاییەک کە هەمووی کرابووە گەنم و جۆ. هێشتا خۆری بەرەبەیان هەڵنەهاتبوو و لەنێو تاریکایدا، لە یەکێک لە بەرزاییەکانی دەوروبەریانەوە تەقەیان لێکرا، جەنگاوەرەکان لەنێو پەرێز و شۆڤەکان پەنایان گرت و خۆیان گرت تا ئاسمان ڕووناک بووەوە، بە نهێنی لە بەرزاییەکە سوڕانەوە، چەند جەنگاوەرێکیان بۆ پاراستنی ڕێگا لە خوارەوە جێهێشت و ئەوانی دیکە لە لای پشتەوە بەمەبەستی گرتنی چەکدارەکان بۆ سەر بەرزاییەکە سەرکەوتن، کاتێک نزیک کەوتنەوە، مامەند مەسیح چەند چەکدارێکی لێ ناسینەوە و دەرکەوت چەند جەنگاوەرێکی قۆڵەکەی مستەفا مێرۆزین و دەوری جەنگاوەرێکیان داوە کە لەسەر تاشە بەردێک پاڵ خرابوو. برینداره‌کە مەلکۆی برازای مامەند مەسیح خۆی بوو، لێی چووە پێشەوە و سەیرێکی برازا برینداره‌کەی کرد، ئەو زیاتر لە سێ ساچمە تۆپی بەرکەوتبوو و بەهۆی لێچوونی زۆری خوێنەوە، لەشی تەواو داهێزرابوو و دەبوایە بە کۆڵ هەڵبگیرێت، چەند جەنگاوەرێکی هاوڕێی گەیاندیانبووە سەر بەرزاییەکە

بۆئەوەی بیپارێزن و چاوەڕێی ئەوەیان دەکرد هێزەکەی مستەفا مێرۆزی کە بۆ پشکنین و کردنەوەی ڕێگای هاسون چووبوون بە سەلامەتی بگەڕێنەوە و ئەوانیش لەگەڵ خۆیان ببەنە گوندەکە.

مەلکۆ لێوەکانی سپی و وشک هەڵگەڕابوون، چاوی بە مامەندی مامی کەوت و داوای ئاوی لێکرد، بە هەموو جەنگاوەرەکان دڵۆپە ئاوێکیان پێ نەبوو لێوەکانی پێ تەڕبکەنەوە، بۆیە بەوپەڕی بێ هیواییەوە داوای جگەرەیەکی کرد، ئەوانیش جگەرەیەکیان بۆ پێچایەوە و دایانە دەستی، ئەویش ناوە ناوە بە حاڵە حاڵ قومێکی لێدەدا.

هێزەکەی مستەفا مێرۆزی لە شەڕەکەی دوێنێی سەر پرد، یازدە برینداریان هەبوو، دوو برازای مستەفا مێرۆزی عەلی و جادر کە براش بوون لەنێو بریندارەکاندابوون، بەڵام حاڵی مەلکۆ لە هەموویان خەراپتر بوو، بۆیە ئەویان بەچەند جەنگاوەرێکەوە لەسەر بەرزاییەکە جێهێشت و خۆیان بۆ کردنەوە و پشکنینی ڕێگای هاسون کەوتبوونەڕێ، ڕێگاکە بە دەشتاییەکدا بوو، هەمووی شۆڤی گەنم و جۆ بوو، تا نزیک هاسون، جگە لە برسییەتی و بێ خەوی، جەنگاوەرەکان کێشەیەکی ئەوتۆیان نەهاتبووەڕێ.

ناوچەکە ئەوەندە چۆڵ بوو، لە بەیانییەوە تا دوای نیوەڕۆ تەنانەت مرۆڤێکیش بەدەم ڕێگا و لە دوورەوەش نەبینرا. دوای ئەوەی گەیشتنە نێو باغ و بێستانەکانی قەدپاڵی هاسون، دوو قوللەی سەربازییان لەسەر بەرزاییەکان لێ بەدەرکەوت، ماوەیەکی دیکەش لە گوند نێزیک کەوتنەوە، لەناکاو لە قوللەکانەوە تەقەیان لێکرا، ئەوانیش وەڵامیان دانەوە، بە بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە، خەڵکی گوند لە گەیشتنی بارزانییەکان ئاگاداربوویەوە و بە گەورە و بچووک، ژن و پیاو، ماڵ و ژیانی خۆیان

جێهێشت و بەرەو شاری ماکۆ ڕایانکرد. دوای ماوەیەک شەڕ، قوللەکانیش تەقەیان تێدانەما و چەکدارەکانی ئەوێش دوای خەڵکە ڕاکردووەکە کەوتن. جەنگاوەرەکانی مستەفا مێرۆزی بە وشیاری و بە هێمنی خۆیان لە گوند نێزیک کردەوە، کاتێک گەیشتن، گوند تەنانەت مرۆڤێکیشی تێدا نەمابوو، دەرگای خانووەکان لەسەر پشت جێ هێڵدرابوون، سفرە و خوانەکان نەپێچرابوونەوە و ئاژەڵ و پەلەوەرەکان هاتوچۆیان بەسەرەوە دەکرد. بۆ دووەم ڕۆژ دەچوو جەنگاوەرەکان نە شتێکی ئەوتۆیان خواردبوو نە لە شوێنێک پشوویان دابوو، بۆیە چوونە نێو گوندەکەوە و لەو پێخۆرانەی دەستیان دەکەوت خواردیان.

نیوەڕۆیەکی درەنگ، هێزەکەی مامەند مەسیحیش بە مەلکۆی بریندارەوە گەیشتنە هاسون، ئەوانیش ڕێگای نێو ئاواییان گرتەبەر و لەگەڵ هێزەکەی مستەفا مێرۆزی یەکیان گرتەوە، بەپەلە جەنگاوەرێکیشیان بە سواری هێستر بۆ سۆراغی هێزەکەی جەنەراڵ مستەفا بارزانی ناردەوە.

هێزەکەی بارزانی بە قۆڵەکانی ئەسعەد خۆشەوی و ولی بەگ و ژمارەیەکی زۆری دیلی شەڕ، دوای ئەوەی شەوی ڕابردوو لە بڕەکەی ڕووباری زەنگی پەڕیبوونەوە، مەودایەکی باش لە ڕووبار دوور کەوتنبوونەوە، لەوێ دیلەکانیان بەڕەڵاکرد و تا خۆرهەڵهاتن لە چاوەڕوانی و سۆراخی هێزەکانی دیکە لەنێو دۆڵێکدا مانەوە، دوای بێهیوابوون لە دۆزینەوەیان، ئیتر ئەوانیش ڕێگای باکوور و گوندی هاسونیان گرتبووەبەر.

بارزانی و هێزەکەی جگە لەوەی لەشەڕدا سەرکەوتبوون، زیاتر لە دە باری وڵاخ، دەستکەوتی جەنگیشیان لە گولله، چەک و پێداویستی شەڕ دەستکەوتبوو و بە ئەسپ و هێسترەوە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، وڵاغەکان

بۆ گواستنەوەی شەهید و بریندارەکانیش سوودیان لێ وەردەگیرا، جەنازەی حاجی گوزیش لە یەکێک لە وڵاخەکان بارکرابوو، بریندارەکانیش ژمارەیان لە دە جەنگاوەر زیاتر بوو، حاڵی مەل و ساڵح لە هەموویان خراپتر بوو و بەهۆی سەختی برینەکەیانەوە و نەبوونی داودەرمان بارودۆخیان بەرەو خراپتر دەچوو.

لەشکر بە فەرمانی بارزانی ڕێگای گوندی هاسونی گرتەبەر، نیوەی ڕێگایان نەبڕیبوو بینیان لە دوورەوە خەڵکێکی زۆر بە پێچەوانەی ئاراستەی ئەوانەوە ڕادەکەن، سەرەتا وایانزانی سەربازی سوپان و ویستیان تەقەیان لێبکەن، دواتر کاتێک ژن و منداڵیان لەنێودا بینی، بۆیان دەرکەوت خەڵکی ئاساییِن، بۆیە خۆیان لە خەڵکەکە بوارد و درێژەیان بە ڕێگاکەیان دا. هەر لەو ئانوساتەدا تەتەرەکەی مستەفا مێرۆزیش گەیشتە لایان. دوای ئاگادارکردنەوە، بارزانی تەتەرەکەی بۆ هاسون گەڕاندەوە، بۆ ئەوەی لە هاتنی هێزی سەرەکی ئاگاداریان بکاتەوە و پێیان ڕابگەینێت، دەستکاری ماڵ و سامانی خەڵکی نەکەن و هیچ ئاژەڵ و پەلەوەرێک سەرنەبڕن.

ئێوارەی ڕۆژی ١٢ی مانگ، تەواوی لەشکر بە شەهید، ساغ و بریندارەوە، لە گوندی هاسون یەکیان گرتەوە. بڕیاردرا شەو لە گوند بمێننەوە و بۆ خۆ حەشاردان لە بۆردومانی فڕۆکەکان، بچنە نێو خانووەکانەوە. بۆ ڕەواندنەوەی برسێتییەکەیان سوود لە خواردنی ئامادە، نانی وشک و شیرەمەنییەکان وەربگرن و دەست لە هیچ ئاژەڵ و پەلەوەرێک نەدەن. بریندارەکانیش دوو دوو و سێ سێ بۆ چارەسەرکردن برانە نێو چەند خانوویەک.

ئێوارەیەکی درەنگ، هێشتا جەنگاوەرەکان تەواو دانەمەزرابوون و خەریکی ڕێکخستنەوەی خۆیان و بریندارەکان بوون، فڕۆکەکان بە ئاسمانەوە

دەرکەوتن، دیاربوو پێشوەختە ئاگاداری بوونی لەشکر لە هاسون بـوون، بـۆیە بێ ئەوەی خولێک بە ئاسمانەوە لێبدەن، بۆردومان و ڕشێنی هەڕەمەکـی نێـو گوندیان دەستپێکرد، خانووەکـان درانە بەر ئـاگر و ئەو خـانووەی مەل لێـڕی برینـداری تێـدابوو تـۆپێکی بەرکەوت، جەنگاوەرەکـانی هـاوڕێی پەنایـانگرت، بەڵام مەل کە توانای جووڵەی نەبوو بەچەنـد سـاچمەیەکی دیـکەش پێکـرا و هەر لەوێ دەست بەجێ شەهید بوو.

فڕۆکەکـان گەڕانەوە و وردە وردە جەنگاوەرەکـان لە نێـو مـۆڵگە و لەژێـر کەلاوەی خانووەکان هاتنە دەرەوە و سۆراغی بارودۆخی یەکتریان کرد، تەنیـا مەل شەهید ببوو و چەند جەنگاوەرێکی دیکەش بە سووکی بریندار ببوون.

هێشتا ڕۆژ ئاوا نەببوو، لاشەی مەل لەژێر داروبەردی خانووەکە دەرهێـنرا، ئەو یەکێـک لە گەورەتـرین قارەمانەکـانی شـەڕی شـووت بـوو و هاوڕێکـانی هەریەکە و بەسـەرهاتی ئەوی لە شـەڕەکە بـۆ جەنگاوەرەکـانی دیـکە دەگێـڕایەوە، جەنـازەی مەل بەدەم شـینی خـزم و هاوڕێکـانیەوە بـرایە لای جەنازەی حـاجی گـوزی لە گۆڕسـتانی گونـد، جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی، شـێخ سـلێمان، میرحـاج و تەواوی سـەرقۆڵ و جەنگـاوەرانی لەشـکر هـاتن و لەنێـو گۆڕستانەکە وەستان، چەند جەنگاوەرێک دەستیان بە هەڵکەنـدنی گـۆڕ کـرد، چەندێکیشـیان لاشـەی هەردوو شـەهیدیان شـۆرد و بە پـارچەیەکی سـپی دایانپۆشـین، نوێژیـان لەسـەر کـرا و لە غـوربەت و دوور لە کەسـوکاریان بـۆ هەمیشە لە گۆڕستانی هاسون بەخاک سپێردران.

سـوپای حکـومەت لە دەشـتی شـوت تـووشی شکسـتێکی گەورە بـوو، دیمەنەکـانی دوای شـەڕ، وێـنەی سـەردەمی هێـرشی ڕووسـەکانی دەدایەوە. نەخۆشـخانە و بـنکە تەندروسـتییەکان پڕببـوون لە لاشـەی کـوژرا و برینـدار،

ئاگری تۆپ و دەبابەکان هێشتا دانەمرکابوویەوە و بۆنی کەلاکی چوارپێ و دەواری تۆپیو دەشتەکەی هەڵگرتبوو. سوپاش وەها پەکی خرابوو کەڵکی دواکەوتنی لەشکری نەمابوو.



لە ماکۆ و لە بارەگای ئۆپەڕاسیۆن بێدەنگییەکی تەواو زاڵ بوو، جەنەڕاڵ هومایونی بەدەم جگارەکێشانەوە بە تەنیا لە ژووری پلانداڕان بەسەر مێزێکەوە وەستابوو، گلۆپێک مێزەکەی ڕووناک دەکردەوە و نەخشەیەک لەسەری ڕاخرابوو، ناوەناوە بەدەم سەیرکردنی نەخشەکەوە لێوەکانی دەکرۆشت، جار جاریش پێدەکەنی و چەند وشەیەکی لەژێر لێو دەدرکاند. دوای ماوەیەک، دەرگای ژوورەکە کرایەوە، عەقید ڕوکن غەفاری سڵاوی سەربازی بەجێگەیاند و هات لەبەردەمی وەستا:

- گەورەم پێویست بەو بێ ئومێدییە ناکات! هێشتا هیچ شتێک کۆتایی نەهاتووە، ئەوان تەنیا قۆناغێکی دیکە چوونەتە پێشەوە، ئەویش بە زیانێکی زۆر و کۆمەڵێک کوژرا و برینداراەوە، منیش پێش وەختە ئەم ئەگەرەم لەبەر چاو گرتووە و پلانی دوورترم بۆی داناوە، ئەوان هێشتا لەنێو سنووری ئێمەدان و لەژێر دەستی خۆمانن، دڵنیابە وەک خۆت دەتەوێ، کۆتایی بە سەرکێشییەکەیان دێنم...

هومایونی زۆر لەسەرەخۆ، بێ ئەوەی سەری بەرزبکاتەوە و چاوەکانی لەسەر نەخشەکە لابدات، دەستی بە قسەکرد:

- غەفاری دەمێکە سەیری ئەم نەخشەیە دەکەم، پلانەکەمان زۆر تۆکمەبوو، هێڵەکانمان باش قایم کردبوو، سەرم سوڕماوە ئەوانە بەکوێدا ڕۆیشتوون و ڕزگاریان بوو، ئەو هەموو سەربازەمان چۆن کوژرا! ئەو تانکانەمان چۆن سووتان و تێکشکێنران!! بۆچی ئەوەمان بەسەر دێت؟!. دەمەوێ دان بە شتێکدا بنێم، ڕاستیت دەوێ، هەست بە لاوازی دەکەم بەرامبەریان، غەفاری ئەمە جاری یەکەم و دوەمیان نییە ئەوەم بەسەر دێنن، سێ مانگی ڕێکە ئەمە حاڵی منە بەدەستیانەوە، خەریکە بگەم بەو قەناعەتەی کە ئەوان مرۆڤ نین، چەندین مەیدانی شەڕم تێپەڕاندووە، زۆرجار شکاوم و هەستاومەتەوە، تەنانەت بۆ جارێکیش هەستم نەکردووە دوژمن لەمن بەهێزتربێ، بەڵام ئەمجارەیان جیاوازە، هەست بە لاوازی دەکەم و خۆم وەک فەرماندەیەکی شکست خواردوو دێتە بەرچاو. با ڕاستگۆبم لەگەڵت، هەندێکجار بەخیلی بە بارزانی دەبەم، ئەو هەموو جەنگاوەرە دوای چی ئەو کەوتوون!! کوا موڵک و سامانی؟ کوا کێ پشتیوانی لێ دەکات؟ تەنانەت بستە خاکێکی نییە خۆی لەسەری پشوو بدات، بەڵام ئەو هەموو جەنگاوەرە خۆی

بۆ بەکوشت دەدەن و بۆ هەر مەیدانێک هەنگاودەنێن دەزانـن لەگەڵ ئەودا سـەردەکەون، دەزانی بـۆ؟ تەنیـا لەبەرئەوەی مـتمانە و بڕوایـان پێـی هەیە و دەزانن بێ هیوایـان ناکـات، بەڵام ئـێمە چـی؟ هەردەم چاومـان لە شـکاندنی یەکترییە، نـازانین لەپێنـاو چـی دەجەنگـین، پارەمـان پێـنەدەن یەک هەنگـاو لەمەیدانی شەڕ ناچینە پێشەوە...

- گەورەم ئەم قسـانە مەکە، ئەوە دەبینـی جەنـابی پـایەبەرز شـا و ڕەزمـارا خۆیان لێرەن و چاوەڕێی هەواڵی سـەرکەوتنی ئـێمەن، ئەگەر وانەبـا دڵنیـابە لێرە نەدەمانەوە، بۆیە دەبێت تەنیا بیر لە سەرکەوتن بکەینەوە، نەک شتێکی تر. لەو دوو سێ ڕۆژە هێزەکانمان باشـتر لە جـاران ڕێکـدەخەمەوە. ئەوانـیش مانـدوون و کۆڵێـک برینـداریان پێـیە، تـازە لە شـەڕێکی گەورە بـوونەتەوە و دڵنیابە ناتوانن لێمان دووربـکەونەوە، ئەوپەڕی تـا گونـدی هاسـون دەڕۆن و لەنێو جەلالییەکان پلانم بۆیـان هەیە، تـا خۆمـان ڕێکـدەخەینەوە فڕۆکەکـان وازیان لێ ناهێنن و دواتر هێڵی گەیشتن بە یەکێتی سۆڤیەتیان لـێ دەگـرین، هەوڵ دەدەم بەرەو ڕۆژئاوا بیانهاژۆم و لەوێ لەگەڵ تورکـان ڕێککەوتـووین. دڵنیابە شوێنێک نامێنێ بۆی بچن، یـان لەبرسـان یەکـتری دەخـۆنەوە، یـانیش بەسەر شۆڕی خۆیان دەدەن بەدەستەوە، ئەگەرنـا لە مەیـدانی شـەڕدا لەگەڵ تورکەکان وەک بەرداش دەیان هاڕین...

غەفاری بەردەوام بوو لە قسەکانی، بەڵام پێنەدەچوو هومـایونی گـوێی لـێ بگرێـت، هەر سـەیری نەخشـەکەی بەردەمـی خـۆی دەکـرد و جـگەرە کـوژاوەکەی دەسـتی هەڵـدەگێڕایەوە، تەنـانەت چـاوەڕێی نەکـرد غەفـاری قسـەکانی تەواو بکـات، جگەرەیەکـی دیـکەی داگیرسـاند و ژوورەکەی جێهێشت...

٢٨ رۆژ
تائاراس

## ڕۆژی بیست و سێیەم ...

# ١٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٣ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان لە گوندی هاسون مایەوە و عومەر ئاغای جەلالی بۆ دانووستان هاتە گوندەکە.

ئێوارەی ڕۆژی ١٢ی حوزەیران، لەشکری بارزان گەیشتە گوندی هاسون و لەوێ قۆناغیان دانا. دوای ئەوەی جەنگاوەرەکان لە ناشتنی تەرمەکان بوونەوە و لە گۆڕستان گەڕانەوە، دابەشی سەر خانووەکان کران. بەپێی پێشبینییەکان، ڕێکخستنەوەی سوپای حکومەت دوو سێ ڕۆژی دەخایاند، بۆیە لەلایەن لەشکرەوە هەست بە مەترسییەکی ئەوتۆ نەدەکرا و ئەو شەوە بێ ترس پشوویاندا. هاتن و سەراسۆی فڕۆکەکانیش لای جەنگاوەرەکان ببووە ڕۆتینێکی ڕۆژانە و لەگەڵی ڕاهاتبوون.

بۆ بەیانی ڕۆژی ١٣ی مانگ، لەلایەن نۆبەتدارانی لەشکرەوە کۆمەڵێک سوار هێنرانە لای میرحاج کە داوای بینینی بارزانییان دەکرد، سوارەکان لەلایەن عومەر ئاغای جەلالییەوە نێردرابوون و داوای کردبوو ئەگەر بارزانی ئامادەبێت، خۆی دێت بۆ هاسون و بۆ کارێکی گرنگ قسەی لەگەڵ دەکات. میرحاج هەواڵەکەی بە بارزانی گەیاند و ئەویش ڕازی بوو، ڕەزامەندی بارزانی بە سوارەکان گەیەنرا و گەڕانەوە.

بۆ دوای نیوەڕۆ، نۆبەتدارانی لەشکر، لە گەیشتنی عەمەر ئاغا ئاگادارکرانەوە و بارزانی بەخۆیی و بە ئەنجومەنی ڕێڕۆیشتنەوە بۆ پێشوازی عومەر ئاغا هاتنە دەروازەی هاسون.



عومەر ئاغا زیاتر لە پەنجا سواری چەکداری لەگەڵ بوو، دوای گەیشتنی، بە گەرمی لەلایەن بارزانییەوە بەخێر هێنرا و پێکەوە چوونە شوێنی حەوانەوەی بارزانی و لەژێر سێبەری دار گوێزەکان دانیشتن:

هێشتا کەسیان دانەنیشتبوو، عومەر ئاغا هەر زوو هاتە گۆ و بابەتەکەی کردەوە:

- تەفروتوناکردنی سوپا بەدەستی ئێوە لە هەموو سوچێکی ئێران دەنگی داوەتەوە، قارەمانییەکتان نواندووە زمان لە گێڕانەوەی عاجزە، کوردە ئازادیخوازەکان تینیان هاتۆتەوە بەر و بیری شۆڕش ناخی هەموومانی تەنیوە. زۆر دەمێکە چاوەڕێی ڕۆژێکی ئەوهاین بۆئەوەی ئێمەش دەستی پێبکەین..

بارزانیش هەر بەدەم دانیشتنەوە وەڵامی دایەوە:

- عومەر ئاغا، پشتیوانی خوا و قارەمانییەتی ئەم جەنگاوەرانە ئێمەی تا ئێرە سەرخستووە، وەک دەبینی تەواوی بەربەستەکانمان هەڵگرتوون و لە سنوور نزیک کەوتووینەتەوە، پەنا بەخوا زۆرمان نەماوە بەو ئامانجەش بگەین، لەوێشەوە چارەنووسی خۆمان دەدەینە دەست قەدەر، ئەو چۆنی قەڵەم لێدابێت هەر وا دەبێت...

- زۆرجار مرۆڤەکان خۆیان چارەنووسی خۆیان دەنووسنەوە، منیش ئەمڕۆ بۆ ئەوە لێرەم، دەمێکە ئامادەکارییەکانمان دەستپێکردووە و چاوەڕێین ڕێبەرێک بێت سەرکردایەتیمان بکات و لە ژێردەستەیی ڕزگارمان ببێت، کوردایەتی ئەرکە و دەوڵەتیش مافی هەمووومانە. لە کۆمار ئەمەمان بۆ نەچووە سەر، بەڵام دڵنیام ئەمە کۆتایی هیوا و ئاواتەکانمان نابێ، ئەمڕۆ خوا ئێوەی بۆ ناردووین تا پێشەوایەتیمان بکەن و هەوڵ و خەباتمان بخەینە پاڵ یەکتری، ئێوە شارەزای شەڕن و چەندین ساڵە ئەمە ئەرک و پیشەتانە، ئێمەش ئەوەندەی بیری لێبکەیتەوە هێزی مرۆیی و پێداویستی ژیان لە ئازووقە و دانەوێڵەمان هەیە، ئەوەندە مەڕ و ماڵاتمان هەیە بۆ دە ساڵ لە گۆشتەکەیان بخۆین بە زیادەوە بەشمان دەکات. هەڵکەوتەی شوێنەکەشمان وایە کەوتووینەتە سەر سنووری سۆڤیەت، ئەگەر بتوانین شۆڕش دەستپێبکەین و ماوەیەک خۆمان بگرین، دڵنیام ڕووسەکانیش لەوبەری سنوور یارمەتیمان دەدەن و دەمانپارێزن، ئەوەی لەسەر ئێمەیە ئەوەیە پێکەوە دەستهەڵبێنین و شۆڕش دەستپێبکەین...

بارزانی کە بە وردی گوێی لە قسەکانی عومەر ئاغا گرتبوو، بە سەرسوڕمانەوە وەڵامی دایەوە:

- عومەر ئاغا باسی شۆڕش دەکەیت و زۆر لەخۆت دڵنیایت، دەزانی دوولامـان ئێـران و تورکیـان و دوژمنـی سـوێند خـورادووی ئـێمەن؟ ڕووسـەکانیش هـی پشت پێ بەستن نین، ئەوەتا دوێنی لە مهاباد جێیان هێشـتین و پشـتیان تـێ کردین، ئێستاش کە بەرەو ئەوێ دەڕۆین، نازانین دەرگامان لێـدەکەنەوە، یـان لەگەڵ ئێرانییەکان لێمان دەدەن، لەگەڵ ئەوەشدا کوردایەتی سنوور نازانێت و ئێمەش بۆ کوردایەتی لێرەین، ئەگەر ئێوە پێتان باشە دەستی پێبکەین، لەپێناو گەلەکەم من لاریم نییە و شانی دەدەمە بەر، کێ چی دەزانێت! لەوانەیە ئێرە دەروازەی ئازادی و ڕزگاربوونمان بێت، خـۆ ئەگەر واش نەبێـت هـیچ بـاکمان پێی نییە، زۆر زۆر لەپێناو گەلەکەمان لەنێـو دەچـین! ئـێمە دەمـێکە خۆمـان یەکلاکردۆتەوە، سەرێکە، هێناومانە و نایبەینەوە...

پێدەچوو عومەرئاغا وەڵامەکەی بارزانی پێ خۆشـبێت، بـۆیە بە ڕژدییەکـی زیادترەوە دەستیپێکردەوە:

- گومـان لە دڵسـۆزی و خەمخـۆری ئێـوە بـۆ ئەم مـیللەتە ناکرێـت. ئـێمەش مــاوەیەکی زۆرە دەســتمان بە ئامادەکــاری کــردووە، نــزیکەی دە هەزار جەنگـاوەری ئامادەمـان هەیە و چەکـی باشـمان بەدەسـتەوەیە، حکـومەت لەمێژەیە ناوێرێت تخوبمان بکەوێت و دەمـێکە خۆمـان ناوچەکامنـان بەڕێـوە دەبەیـن. ئەگەر دەسـتوبردی لێـبکەین، سـوپا بەهـۆی شکسـتەکەی دوو ڕۆژ پێش تەواو لاوازبـووە و دەتـوانین بە ئاسـانی و لە مـاوەیەکی کەمـدا دەسـت بەسەر شاری ماکۆدا بگرین، ئەگەر شاری ماکۆمان گرت، واتا شـۆڕش دەسـتی پێکردووە و دەتوانین لەوێوە کار بۆ ئامانجەکامنان بکەیـن و بەردەوامـی پـێ بدەین.

دەمــزانی داواکــارییەکەم ڕەتنــاکەیتەوە، بــۆیە پێشــوەختە نــاوچەیەکم بــۆ

دەستنیشانکردوون لە بناری چیای (کەڕە)، نزیکەی چوار کاتژمێرێک بە پێ لێرەوە دوورە، بۆ ڕێنوێنی دوو لە پیاوەکانم لاتان جێدەهێڵم، بەیانی زوو لەگەڵیان بکەونەڕێ و وەرنە ئەوێ، ناوچەیەکی عاسێیە و لەوێ لە هێرش و بۆردومانی فڕۆکە پارێزراو دەبن، بۆ ئێوارە و پێش خۆرئاوابوون پێداویستی و خواردنتان پێ دەگەینین و لەوێ خۆتان ڕێکبخەنەوە. منیش دەگەڕێمەوە و بۆ بەیانی ڕۆژی دواتر، بە تەواوی هێزەکەمەوە دەگەمە لاتان و پشتیوان بەخوا بەرەو ماکۆ دەکەوینەڕێ...

دوای ماوەیەک دانیشتن، قسەکانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و عومەر ئاغا کۆتاییان هات، پێش ئەوەی بڕوات عومەر ئاغا دوو لە سوارەکانی لە هاسون جێهێشت و لەگەڵ پیاوەکانی دیکەی گەڕایەوە زۆزانەکانی هۆزەکەی.

میرحاج کە لە دیوانەکە دانیشتبوو، پێدەچوو عەقڵی قسەکانی عومەر ئاغای نەبڕیبێت، بۆیە هاتە پێشەوە و گوتی:

- قوربان با بڕوای پێنەکەین...

بارزانیش زەردەخەنەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە:

- جارێ پەلەمەکە، ئێستا ئێمە لە زەوییەکانی ئەواندایین و دەبینی چەند پێویستیمان بە یارمەتی ئەوانە، بۆ گەیشتن بە سنووری یەکێتی سۆڤیەت جگە لە چوونە نێو جەلالییەکان ڕێگایەکی دیکەمان نییە، بۆیە ئەگەر داواکەیان ڕەتبکەینەوە، دەڵێن بۆ کوردایەتی نەهاتووین و لەوانەیە یارمەتیمان نەدەن، ئەگەر بەڕاستیش مەبەستی شۆڕشیان هەبێت، خۆ ئێمەش هەر بۆ ئەوە لێرەین. دڵ لەدڵ مەدە، دڵنیابە ئاگام لێیە چی دەکەم...

عومەر ئاغا گەڕایەوە و بۆ ئێوارەیەکی درەنگ فڕۆکەکان بە ئاسمانەوە

دەرکەوتنەوە، بە بۆمبا و ڕەشاش نێو گوندیان شێلایەوە و دوای لەخۆبوونەوە گەڕانەوە، جەنگاوەرەکانیش باش پەنایان گرت و هیچ زیانێکیان نەبوو.

## ڕۆژی بیست و چوارەم ...

## ١٤ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٤ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان گوندی هاسونی جێهێشت و چووە نێو هۆزی جەلالی.

جەلالی، یەکێکن لە هۆزە کرمانجە کوردییە هەرە گەورەکان و لە دەوروپشتی چیای ئارارات (ئاگریداغ) لە دیوی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ لای ناوچەکانی ماکۆ، شوت و چاڵدێران و لە باکووری کوردستان تا شاری قەرسێ و دەوروبەری بڵاوبوونەتەوە و کۆچەرەکان بەشێکی گەورەی هۆزەکە پێکدێنن. لە چەندین ماوەی جیاوازدا بەشدارییان لە بزووتنەوە و شۆڕشە چەکدارییە کوردییەکاندا کردووە کە دواترینیان ساڵی ١٩٤٦ بوو لە کۆماری دیموکراتی کوردستان لە مهاباد. پێشتریش ساڵی ١٩٢٧، پشتیوانی شۆڕشی ئاگریداغی ئیحسان نووری پاشایان کرد و دوای دامەزراندنی کۆماری ئارارات، بوون بە بەشێک لەو کۆمارە، ساڵی ١٩٣٠ و دوای نزیکەی سێ ساڵ لە دامەزراندنی، لەلایەن دەوڵەتی تورکەوە بە دەیان هەزار سەرباز بۆ لەنێوبردنی کۆمارە کوردییەکە نێردران و لە بەرامبەردا شێخ ئەحمەد بارزانیش، مستەفا بارزانی بە زیاتر لە چوار سەد جەنگاوەری بارزانییەوە بۆ پاراستنی نارد، سەرەنجام تورکەکان بە یارمەتی ئێران لە کۆتاییەکانی هەمان ساڵ کۆتاییان بە کۆمارەکە هێنا. بە ڕووخانی کۆماری ئارارات، بارزانییەکان گەڕانەوە باشووری کوردستان و بە فەرمانی ڕەزا شای پەهلەوی ئێران، بەشێکی زۆری هۆزی جەلالی بە پاساوی یارمەتیدانی کۆماری ئارارات بۆ شارەکانی ناوەڕاستی ئێران

ڕاگوێزران و دوورخرانەوە.

بەرەبەیانی ڕۆژی ١٤ی حوزەیران، تەواوی لەشـکر لەنێـو ڕەز و باخچەکـانی گوندی هاسون کۆبوونەوە، جەنگاوەرەکـان لەنێـو قۆڵەکانیـان ڕێکخـرانەوە و برینداره‌کان سـواری ئەسـپ و هێسـترەکان کـران، کەمێـک نـان و پێخـۆریش لەگوند کـۆکرایەوە و لەپشـت سـەری ڕێنیشـاندەرەکان، ڕێگـای بنـاری چیـای کەڕەی نێو هۆزی جەلالییان گرتەبەر.

لەدوورەوە بینینـی هەیـبەت و گەورەیـی چیـای سـپی پـۆشی ئاگریـداغ، مژدەی کۆتایی مەینەتییەکان و هەڵکردنی شنە بای شەماڵ لە ئاراراتەوە، بـۆنی ئازادی دەدا.

جەنگـاوەرانی لەشـکر، یەک بەدوای یەک و بەهیـوای گەیشـتن بە دوا قۆنـاغی سـەفەری هـات و نەهـات، بەنێـو تەپـۆڵکە و زورگە پـڕ لە کەڤـر و تاشەبەردەکانەوە کەوتنەڕێ. ئەوەندەی ڕۆیشتن، لە دوور و نێزیک ئاوابییەکی ئەوتۆیـان نەکەوتە بەرچـاو، نـاوە نـاوە چەنـد ڕەشـماڵێک بە کەفتێکـی حەیـوانەوە دەبیـنران، ئەوانـیش ژمارەیـان ئەوەنـدە نەبـوو. دەمەو نیـوەڕۆ گەیشتنە بناری بەرزاییەک و فەرمان هات لێرە بوەسـتن، بەرزاییـەکە زیـاتر لە گردێکـی بەرز دەچـوو، نەک چیـا! شـوێنێکی وشـکی بـێ سـەوزایی، مشـتا و مشت لە تاشـەبەردی گەورە و بچـووک، نـاوە نـاوەش لە دووری یەکتریـیەوە، چەند خوڵپە دارێکی نێوی، بەدەم هەڵکردنی باوە دەلەرینەوە.

لەو شـوێنەی پیاوەکـانی عـومەر ئاغـا دەستنیشـانیانکرد، لەشـکر وەسـتا. جەنگاوەرەکان یەک یەک و کۆمەڵ کـۆمەڵ لەژێـر سـێبەری کـێلە بەردەکـان قۆناغیـان دانـا، نۆبەتـدارەکان بـۆ پاسـەوانی نێـردرانە سـەر بەرزاییەکـان و بریندارەکانیش بۆ چـاودێری لەنزیکـی یەکتریـیەوە دانـران. دوو چەکـدارەکە

گەڕانەوە و جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و لەشکرەکەی لە چاوەڕوانی گەیشتنی خواردن و یارمەتییەکانی عومەر ئاغا و جێبەجێکردنی پلانەکانی شۆڕش مانەوە.

ڕۆژ بەرەو ئاوابوون دەچوو، نە یارمەتی و خواردن گەیشت نە کەس سۆراغێکی لەشکری پرسی، بارزانی کەمێک کەوتە گومانەوە، ئەسعەد خۆشەوی بانگ کرد و داوای لێکرد چەند جەنگاوەرێک بۆ سەراسۆ بنێرێتە نێو زۆزان و ڕەشماڵەکانی عومەر ئاغا و سوراغێکی بارودۆخەکە بکات. ئەویش پێنج جەنگاوەری بۆ ئەم مەبەستە نارد.

بەدرێژایی ئەو ڕۆژە و لەسەر بەڵێنی عومەر ئاغا، کەس خواردنێکی نەخواردبوو، ناچار ئەو کەمە نان و پێخۆرەی لە هاسون لەگەڵ خۆیان هێنابوویان، لەنێو جەنگاوەرەکان دابەشکرا و هەر کەسەو دوو سێ پاروە نانی چەورکراو بە ڕۆنی حەیوانی بەرکەوت.

هێشتا ئاسمان تەواو تاریک دانەهاتبوو، لەلایەن نۆبەتدارەکانەوە دوور بە دوور هەست بە جووڵەی خەڵکانێک بەسواری وڵاخ و پیادە، بەرەو باشوور دەکرا، بەڵام بەهەندیان وەرنەگرتبوو و هەر بە هاتوچۆی خەڵکی ئاسایی تێگەیشتبوون. کاتێک نێردراوەکانی ئەسعەد خۆشەوی گەیشتنە نێو زۆزانی جەلالییەکان، بەتەواوی لەلایەن خەڵکییەوە چۆلکرابوون. نە لەشکرێکی دەهەزار کەسی دەبینرا، نە ئەو هەموو ئاژەڵ و حەیوانەی بەڵێن بوو شۆڕشێک بەخێو بکات! لە سەیرکردنی کوخ و ڕەشماڵەکان هەژاری و نەداری خەڵکی بێدادیی دەکرد!! نێردراوەکان تەنانەت کەسێکیان نەبینی پرسیاری لێبکەن ئەم خەڵکە لەکوێن و چیان بەسەر هاتووە، بۆیە بە پەلەپەل بەرەو لای لەشکر گەڕانەوە.

لەنێو تاریکایی شەودا، مێزەری سپی پیـرە پیاوێـک، بەسـواری وڵاخـێکەوە سەرنجی نۆبەتدارەکانی ڕاکێشا، دوای ئەوەی لێیان نزیـک کەوتەوە، داوایکـرد هەرچی زووە بیبەنە لای بارزانی! پیرە پیاوەکە بـرایە لای ئەسـعەد خۆشـەوی، ئەسعەد دەمێک خەریکی بوو و قسەی لەگەڵ کرد، بەڵام پیرە پیاو هیچـی لا نەدرکاند و پێداگری لەسەر بینینی بارزانی دەکرد، ناچار لەگەڵ خـۆی بـردی و تا لای بارزانی نەوەستان، پیاوەکە دوور بە دوور کاتێک بارزانی بینی بەدەنگـی بەرز گوتی:

- سوێند بەو قورئانە عومەر ئاغـا خیانەتـت لێـدەکات!! ئەگەر بـڕوا بە مـن و مێـزەری مەلایەتـیم نـاکەی بـڕوا بەو قورئـانە بـکە. هەرچـی زووە خۆتـان کۆبکەنەوە و لێرە بڕۆن، تکاتان لێدەکەم بڕۆن...

بارزانی بە سەرسوڕمانەوە لە مەلاکەی دەڕوانی و هـیچ قسـەیەکی نەکـرد، شێخ سلێمان، میرحاج، میرزا و سەرقۆڵەکان لە دەوروپشتی بارزانی لە یەکـتری خڕببوونەوە و هەریەکەیان لەبەر خۆیەوە قسەیەکی دەکـرد، لەو نێوەنـدەدا نێردراوەکـانی ئەسـعەد خۆشـەویش گەڕانەوە و قسـەکانی مەلایـان پشتڕاسـت کردەوە.

مەلا ڕاسـتی دەکـرد! عـومەر ئاغـا کە بەوە تاوانبـارکرابوو بەشـداری لە کۆماری مهاباد کردووە، لە دەرفەتێک دەگەڕا پەرێزی خـۆی لای حکـومەت و شـا پـاک بکـاتەوە، بـۆیە بڕیـاری خیـانەتی دا. ڕۆژی ١٢ی مانـگ کاتێـک زانی بـــارزانی لە ڕووبـــاری زەنگـــی پەڕیـــوەتەوە و ســـوپای ئێـــرانی شـــکاندووە، دەرفەتەکەی قۆسـتەوە و ڕاسـتەوخۆ چـووە شـاری مـاکۆ لای عەقیـد ڕوکـن غەفـــاری فەرمانـــدەی ئۆپەڕاســـیۆن و لەگەڵـــی کۆبـــووەوە. لە بەرامـــبەر لێخۆشـبوونی، پێشـنیاری یارمەتیـدانی حکـومەتی کـرد و غەفـارییش ڕازی بـوو.

عومەر ئاغا خۆی پلانەکەی بۆ حکومەت دانا، بەوەی بارزانییەکان بە بیانوی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش تا قووڵایی هۆزەکەی ڕابکێشێت و لە شوێنێکی دیاریکراو مۆڵگەیان بۆ دابنێت، حکومەتیش کە جارێ توانای جووڵاندنی سوپای نییە، بە فڕۆکە بێت، مۆڵگەکە بۆردومان بکات و لەنێویان ببات، خەڵکی هۆزەکەشی بەرەو سیاچەشمە و ماکۆ کۆچ پێبکات، بۆئەوەی لە هەر ئەگەرێکدا بارزانییەکان لە بۆردومان ڕزگاریان بوو، ئەوا کەس لە ناوچەکە نەمێنێ یارمەتییان بدات و تەنانەت پارچە نانێکیان بۆ خواردن پێنەگات.

عومەر ئاغا دوای ئەوەی هەستیکرد پلانەکەی سەری گرتووە، هەمان ڕۆژ واتا ١٤ی مانگ، بە پیاوە چەکدارەکانییەوە کە لە چەند سەد کەسێک تێنەدەپەڕین، ڕێگای سیاچەشمەیان گرتبووە بەر، بۆئەوەی لەوێ چەکەکانیان دابنێن و ڕادەستی حکومەتیان بکەنەوە.

حکومەتیش لەلای خۆیەوە پلانی دانا، بە درێژایی ڕووباری ئاراس لە ڕۆژهەڵاتەوە و لەسەر سنووری سۆڤیەت، هێزیان بۆ بگوازێتەوە و لە ئاغ گولەوە تا پوول دەشت جێگیریان بکات، بارزانییەکان بەرەو ڕۆژئاوا پاڵپێوەبنێ و نەهێڵێت لە سنووری یەکێتی سۆڤیەت نێزیک بکەونەوە، بۆ ئەم مەبەستەش، ڕۆژی ١٧ی حوزەیران دەستنیشانکرا، تا عەقید بێگلەری بە تەواوی ئەو هێزانەی لە ماکۆ بوون بەرەو ئاغ گول بکەوێتەڕێ و گەڕان و سەراسۆکردنی فڕۆکەکانیش ڕۆژانە بەدەوام بێت.

خیانەتەکەی عومەر ئاغا پێش جێبەجێکردنی بە یارمەتی مەلا و نێردراوانی لەشکر لای بارزانی ئاشکرابوو و پشێوییەکی زۆر کەوتە نێو جەنگاوەرەکانەوە، دوای ئەوەی کەمێک هێوربوونەوە، بارزانی فەرمانیکرد هەرچی زووە جەنگاوەرەکان خۆیان کۆبکەنەوە و بریندارەکان هەڵبگیرێن. داواشی لە میرزا

عەبدی کرد پێش لەشکر بکەوێت و بیانگەیەنێتە نێزیکترین خاڵی سنوور لەسەر ڕووباری ئاراس.

جەنگاوەرەکان خەریکی کۆکردنەوەی خۆیانبوون، هاوار هاواری (بگەنێ تەواو بوو، بگەنێ تەواو بوو) بارزانی و جەنگاوەرەکانی بۆ ئەو شوێنە برد کە برینداره‌کانی لێ دانرابوو، کاتێک گەیشتنە سەر سەری، ساڵح تەواو ببوو. ئەو بارودۆخی لە تەواوی بریندارەکانی دیکە خەراپتر بوو، بێ دەرمانی و بێ خۆراکیش ئەوەندەی دیکە حاڵی شڕتر کردبوو و چیتر بەرگەی ئازارەکانی نەگرتبوو.

کاتەکە درەنگ بوو و دەبوایە هەرچی زووە لەشکر شوێنەکەیان جێبهێڵن، بۆیە دەرفەتی هەڵکۆڵینی زەوی بۆ قەبرلێدان نەبوو، ئاوێکیش لەوێ نەبوو لاشەی ساڵحی پێ بشۆرنەوە، ناچار بە پشدێنەکەی پشتی پێچیانەوە و بۆ ناسینەوە، جامانەکەیان بەسەری دادا و لە نزیک ڕێگا و لەنێو کەڵەکە بەردێک دایاننا، بە ئومێدی ئەوەی خەڵکی ناوچەکە دوای گەڕانەوەیان بیدۆزنەوە و لەشوێنێک بینێژن.

## ڕۆژی بیست و پێنجەم ...

# ١٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٥ی حوزەیرانی ١٩٤٧، بارزانییەکان دوای ئەوەی لە خیانەتی عومەر ئاغای جەلالی ئاگاداربوونەوە، خۆیان گەیاندە گوندی ئاغ گولی سەر سنووری یەکێتی سۆڤیەت.

دوای ئاشکرابوونی پلان و خیانەتەکەی عومەر ئاغا، لەشکر بەدوای سەری ڕێنیشاندەرەکەیانەوە ڕێگای ڕۆژهەڵات و سەر ڕووباری ئاراسیان گرتەبەر و لە تاریکایی بەرەبەیانی ڕۆژی ١٥ی حوزەیران، دوای چەند کاتژمێرێک ڕێکردن، لە ئاواییەکی سەر ڕێگا نێزیک کەوتنەوە. بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، دوو جەنگاوەر بۆ وەرگرتنی زانیاری نێردران و لەشکر لە دوورەوە و لە چاوەڕوانی گەڕانەوەیان وەستا. زۆری پێنەچوو جەنگاوەرەکان گەڕانەوە، لەوێش هەر ئەوەیان بینی کە پێشتر بینیبوویان، ڕاکردنی خەڵک و چۆڵکردنی گوند و ئاواییەکانیان.

ئاغ گول نزیکەی چل ماڵێکی لێ دەبوو و ئەوانیش سەر بە هۆزی جەلالی بوون. گەورەکانی گوند، شێخ حەسەن، شێخ ڕەسوڵ و عەلی مستۆ بە تەواوی خەڵکی گوندەکەیانەوە ڕێگای سنووری تورکیایان گرتبووە بەر و هەر ئەو شەوەش لە سنوور پەڕیبوونەوە، فەرمانیشیان بە خەڵکەکەیان کردبوو، یەک پارچە نان لە ماڵەکانیاندا جێ نەهێڵن و وڵاغ و ماڵات و تەنانەت پەلەوەرەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هەڵگرن.

لەشکر بۆ پەناگرتن، ناچاربوو بچێتە نێو گوند و پێش کاتژمێر ٥ی

بەرەبەیـان، تەواوی جەنگاوەرەکـان لەنێـو کـوخ و خانووەکـان لە چـاوەڕوانی هەڵهاتنی خۆری بەرەبەیان و ڕوونبوونەوەی چارەنووسیان پەنایانگرت.

کـاتژمێر نزیکـی ٦ی بەیـانی، تـازە زەوی وردە وردە ڕوونـاک دەبـووەوە، دەنگی فڕۆکەکان بە ئاسمانی گوندەوە بیسترا، فڕۆکەکان کەمێک سـوڕانەوە و پێدەچوو بگەڕێنەوە، لەناکاو نزمتر سوڕانەوە و نێـو گونـدیان دایە بەر ئـاگری بۆمبا و ڕەشاش، ئەوەی پێیانبوو هەڵیانڕشت دواتر دەنگیان نەما.

فڕۆکەکان سەرەتا چووبوونە ئەو شوێنەی عومەر ئاغا لە بناری چیای کەڕە بۆیـانی دەستنیشـانکردبوو، مـاوەیەک سـوڕابوونەوە و کەسـیان لەوێ نەبینـی بوو، دەیانزانی بارزانییەکان ناتوانن بەو خێـراییە لە شـوێنەکە دووربـکەونەوە، بۆیە گەڕان بە دەوروبەری چیـای کەڕەیـان دەسـتپێکردبوو، کاتێـک گەیشـتنە بان گوندی ئـاغ گـول، لەوێـش هـیچ مرۆڤێکیـان نەبینـی بـوو و زانیاریشـیان لەسەر چۆلکردنی گونـد لەلایەن خەڵـکەکەیەوە هەبـوو، بـۆیە بـوونی دەوار و چوارپێ لە حەوشەی ماڵەکان سەرنجی ڕاکێشابون، بێ دوو دڵی نزم بـوونەوە و تا توانیان نێو گوندیان بۆردومانکرد.

بارزانی و جەنگاوەرەکانی لەو بۆردومـانەش بە سـەلامەتی دەرچـوون، تەنیـا چەندێکیان بە سووکی بریندار بوون، دوای گەڕانەوەی فڕۆکەکـان، وردە وردە جەنگاوەرەکـان لە مـاڵ و پەناگەکانیـان هـاتنە دەرەوە و سـۆراغی یەکتریـان پرسی، قۆناغیان لەنێو گوند دانا و نۆبەتدارێکی زۆریش بەدەوری گونـدەکەوە دانران. جەنگاوەرەکان بەهۆی ڕۆیشـتن لە تاریکـایی شـەودا، نەیانـدەزانی بـۆ کوێ هاتوون، بۆیە دوای جێگیربوون، پۆڵ پۆڵ بۆ بینین و پشکنینی ناوچەکە لە ئاوایی چوونە دەرەوە.

شـوێنەکە تەواو لەو ناوچـانەی پێشـتر بینیبوویـان جیـاواز بـوو، گونـدەکە

دەکەوتە سەر زۆنگاوێکی گەورەی قامیش و دەریاچەیەکی گەورەی ئاوی سوێر، پێنەدەچوو دەریاچەکە ئەوەندە قووڵ بێت و لەسەر سەری مرۆڤەکانی نەدەدایەوە، بەڵام بەکەڵکی خواردنەوە نەدەهات. وەرز، وەرزی بەچکە هەڵهێنانی باڵندەکان بوو و ژمارەیەکی زۆری قاز و مراوی کێوی و باڵندەی ئاوی لەنێو دەریاچەکە دەبینران. زەوی ناوچەکە بەهۆی سوێری خاکەکەی سەوزاییەکی ئەوتۆی لێ شین نەببوو و تا چاو بڕی دەکرد زەوییەکە وشک و سپی دەچووەوە. لە قەراغی گوند، برکێکی ئاوی کەمێک شیرین هەبوو و پێدەچوو خەڵکی گوند بۆ خواردنەوەی خۆیان و ئاژەڵەکانیان بەکاری بهێنن.

خاڵێکی سنووری یەکێتی سۆڤیەت لە دیوی ئێران دەکەوتە شوێنێک پێیان دەگوت قەرەقیون و کەمتر لە ١٠کم لە ئاغ گولەوە دوور بوو. کات بەخێرایی تێدەپەڕی و دەبوایە پێش گەیشتنی سوپای ئێران، هەرچی زووە ڕووسەکان لە گەیشتنی بارزانی و لەشکرەکەی ئاگادار بکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستە، بارزانی بانگی میرحاجی کرد و داوای لێکرد خۆی بگەیەنێتە سەر سنوور، لە ڕووبار بپەڕێتەوە و هەواڵی گەیشتنیان بە سنووروانەکان بدات، بە هیوای ئەوەی هەرچی زووە ڕوخسەتی پەڕینەوە لە سنووریان پێ بدرێت.

دەمەو ئێوارەی ڕۆژی ١٥ی مانگ، میرحاج لەگەڵ هەریەک لە حاجی حەیدەر، خەلیل ئیبراهیم و داود یوحانا کە زمانی ئازەری و کەمێک ڕووسی دەزانی، بەرەو سنووری سۆڤیەت کەوتنەڕێ و دوای چەند کاتژمێرێک ڕۆیشتن، گەیشتنە سەر ئاوی ڕووباری ئاراس. مەندە ڕووبارێکی قووڵ، پان و بەرین، وەک ئەوەی ئاوەکەی لەجێی خۆی نەجووڵێت، سنووری دوو جیهانی لەیەکتری جیادەکردەوە.

ڕووسەکان بۆئەوەی کەس بە ئاسانی توانای پەڕینەوەی نەبێ، خاڵی

سنووری خۆیان لەسەر بەرینترین شوێنی ڕووبار دانابوو و کەمێک لە دوورترەوە و بەدرێژایی ڕووبار، بورجەکانی چاودێری پاسەوانی سنوور، گڵۆپە سوورەکانیان پێدەبوون و دەکوژانەوە.



میرحاج و یاوەرانی دوای گەیشتنیان، ماوەیەک بەدیار ڕووبارەوە وەستان، لەوبەری سنوور جگە لە بورجەکانی چاودێری لە دوورەوە، هیچ مرۆڤێک نەدەبینرا، کات خەریک بوو درەنگ دادەهات و خۆ تاخیرکردن هیچ سوودێکی نەبوو:

- خۆتان ئامادەبکەن لە ڕووبار دەپەڕینەوە...

میرحاج و هەرسێ یاوەرەکەی مەلەوانی باش بوون، لەگەڵ ئەوەشدا بەزەحمەت لە ڕووبار پەڕینەوە. کاتێک گەیشتن، لە نزیکترین قوللەوە

وەستیان لێکرا و دوای ماوەیەک، ژمارەیەک سەربازی ڕووس لەوبەری تەلە دڕکاوییەکان، داوایانکرد لێیان نزیک بکەونەوە:

- ئێوە کێن؟ بۆ لە ڕووبار پەڕیونەتەوە؟

داود یوحەنا بە زمانی ڕووسی و ئازەرییەکی تێکەڵەوە، وەڵامی دانەوە:

- جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بە دەوروبەری پێنجسەد جەنگاوەرەوە بە شەڕ گەیشتۆتە ئێرە و داوای مۆڵەتی پەڕینەوە دەکات.

سنورەوانە ڕووسەکە پێدەچوو بە زەحمەت لە زمانی داود گەیشتبێ، بۆیە هەوڵیدا وەها وەڵامیان بداتەوە کە ئەوانیش تێبگەن:

- مۆڵەتی پەڕینەوە بەدەستی ئێمە نییە و دەبێت لە سەرەوە فەرمانمان پێبکرێت، بۆیە کاتی خۆتان بەفیڕۆ مەدەن و هەرچی زووە بگەڕێنەوە...

داود تێگەیشتنی زمانی ڕووسی لە پێ ئاخاوتن باشتربوو، بۆیە خێرا وەڵامی دایەوە:

- خۆدەبێت کەسێک هەبێت داواکارییەکە بەسەرەوە بگەیەنێت، تکایە ئەم کارەمان بۆ بکەن.

- ئێستا کات درەنگە و کەس وەڵامی نامە و تەلەگرافەکانمان ناداتەوە، هەر داواکارییەکمان هەبێت، دەبێت بۆ بەیانی لێ بگەڕێین، بۆیە بگەڕێنەوە و تا بەیانی چاوەڕێ بکەن، ئەگەر وەڵاممان درایەوە، ئێمەش وەڵامتان دەدەینەوە...

میرحاج و هاوڕێکانی وەڵامێکی ئەوتۆیان لە پاسەوانەکانی سنوور

دەستنەکەوت، بۆیە بە نائومێدی گەڕانەوە، ڕێگای گوندی ئاغ گولیان گـرتەوە بەر و بۆ درەنگانی شەو گەیشتنەوە لای هاوڕێکانیان.

وەڵامی ڕووسەکان گەیندرایە بـارزانی و بڕیـاردرا بە ناچـاری ئەو شـەوە تـا بەیانی، لە ئاغ گول و لە چاوەڕوانی وەڵامی ڕووسەکان بمێننەوە.

## ڕۆژی بیست و شەشەم ...

## ١٦ای حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٦ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان گەیشتە سەر ڕووباری ئاراس و دواتر گەڕایەوە گوندی ئاغ گول.

بەهۆی ئەو بێ خەوی و خۆراکییەی لەو دوو ڕۆژەدا توشی ببوون، جەنگاوەرەکان ڕووبەڕووی هیلاکی و زەحمەتییەکی زۆر ببوونەوە، ترس و دڵەڕاوکێی هێرشی حکومەتیش لە زەوی و ئاسمانەوە، ئەوەندەی دیکە بارودۆخەکەیانی دژوارتر کردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا دەبوایە تا هەڵهاتنی خۆری بەرەبەیان و گەیشتنی هەواڵ لەلایەن ڕووسەکانەوە، دان بەخۆیاندا بگرن.

بە هەڵهاتنی خۆر، مەترسی گەڕانەوە و هێرشی فڕۆکەکان زیادی دەکرد و ئەگەر بەدەم ڕێگاشەوە بۆردومانکرابان، زیانێکی زۆریان بەردەکەوت، بۆیە بە فەرمانی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی، لە تاریکایی شەودا جەنگاوەرەکان خۆیان ڕێکخستەوە و چەند کاتژمێرێک پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، ڕێگای سەر ئاوی ئاراسیان گرتە بەر.

هێشتا ئاسمان ڕووناک دانەهاتبوو، تەواوی لەشکر بە جەنەڕاڵ مستەفا بارزانییەوە گەیشتنە سەر ئاوی ئاراس، چەند نۆبەتدارێک لە قۆڵەکەی ئەسعەد خۆشەویش بۆ پارێزگاریکردن لە دواوەی لەشکر، لەسەر بەرزاییەکان دانران و قۆڵەکانی دیکەش بەدرێژایی ڕووبار، هەریەکە و لە شوێنێک کە وەک پەناگە سەیریان دەکرد، قۆناغیان دانا.

بە ڕووناکبوونەوەی زەوی، جەنگاوەرەکانیش لەوبەری ڕووبارەوە لە ڕووسەکان دەرکەوتن و لە چوارەم خاڵی سنوورەوە، ژمارەیەکی زۆری چەکداری ئامادە بینران! کریڤۆشینی بەرپرسی خاڵە سنوورییەکە، وەک ئەوەی دوێنێ بەڵێنی دابوو، هێشتا داواکاریی بارزانییەکانی بە سەرووی خۆی نەگەیاندبوو، دڵنیاش نەبوو لەوەی ئەم چەکدارانە خۆیانن. ناحەقیشی نەبوو، بارزانییەکان چاوەڕێی وەڵامی ئەویان نەکردبوو و زووتر گەڕابوونەوە.

نازاراڤ، بەرپرسی پاسەوانانی خاڵی سنووری مالۆی لوبیانگ، تازە دەگەیشتە ژووری کارەکەی و هێشتا لەپشت مێزەکەی دانەنیشتبوو، مەکینەی تەلەگرافەکەی کەوتە کار:

- کریڤۆشین لە چوارەم خاڵی سنوورەوە ڕاپۆرت دەدات: لەلای ڕاستی ڕووبار کۆمەڵێک چەکدار دەبینرێن، پێدەچێ تازە لەشەڕ بووبنەوە و لە سوپای ڕێکخراوی ئێرانییەکان ناچن، زۆربەی چەکدارەکان جلوبەرگی کۆن و دڕاویان لەبەرە، چەند کەسێکیان نەبێت بە جلوبەرگی سەربازی خۆڵەمێشییەوە دەبینرێن، خەڵکی بەساڵاچووشیان لەنێودایە و وەک دەردەکەوێت ژمارەیەکی زۆری بریندایان هەیە، گومانم هەیە ئەو کوردانەبن کە دوێنێ هاتبوون و داوای ڕێگەپێدانی پەڕینەوەیان دەکرد...

نازاراڤ خێرا وەڵامی دایەوە:

- کوردی چی!؟ پەڕینەوەی چی!؟ ئەگەر هەوڵی پەڕینەوەیان دا ڕێگایان لێ بگرن، بۆ چاودێریی هێزێکی زیاتر ببەنە سەر سنوور و سوود لە تەواوی چەک و پێداویستییەکانتان وەربگرن، لەکاتێکی نێزیکیش هێزی پشتیوانی زیاترتان بۆ دەنێرم. لەم ساتەوە، بەردەوام و بە خێرایی لە هەموو گۆڕانکارییەکان ئاگادارم بکەنەوە...

دوای ناردنی تەلەگراف، نازاراڤ تەلەفۆنەکەی هەڵگرت و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئاباکۆمۆڤی وەزیری پاراستنەوە کرد، بارودۆخەکەی بۆ شیکردەوە و ئەویش وەڵامی دایەوە:

- کێشە لەخاڵی سنووری ئێران؟ ئێمە پەیوەندیی باشمان لەگەڵ ئەواندا هەیە و ماوەیەکی زۆرە کێشەمان لەگەڵیاندا نەبووە! بە زووترین کات پەیوەندیی بە باڵیۆزی ئێران و نوێنەرمان لە تارانەوە بکەن و داوای زانیارییان لێبکەن، منیش ئاگدار بکەنەوە...



بارزانییەکان بۆ چەند کاتژمێرێک لەوبەری سنوور لە چاوەڕوانیدا مانەوە، بەڵام هیچ هەواڵێکیان پێ نەگەیشت، بە فەرمانی بارزانی هەریەک لە میرحاج ئەحمەد و داود یوحەنا جارێکی دیکە لە ڕووبار پەڕینەوە، لە دەرگای سنووریان دا و لەپشتی پەرژینە دڕکاوییەکە چاویان بە کریڤۆشین و سەربازە ڕووسەکان کەوت:

- ئێوە بەو هەموو چەکدارەوە بۆ گەڕاونەتەوە؟ خۆ پێم گوتبوون چاوەڕێی وەڵامی ئێمە بکەن! من داواکارییەکەتانم بۆ سەرووی خۆم ناردووە و چاوەڕێی وەڵام دەکەم، ئێوەش دەبێت چاوەڕێبکەن...


داود، ئاو لە جلەکانی دەچۆڕا و بەهۆی سوی ساردی بەیانییەوە، بەدەم لێوەلەرزەوە وەڵامی دایەوە:

- ئێرانییەکان بەدوامانەوەن و زۆری نەماوە بگەنە ئێرە، بۆیە ناتوانین لەمە زیاتر چاوەڕێ بکەین، هیوادارم زوو وەڵاممان بۆ بگەڕێننەوە و ناچارنەکرێین بێ ڕێگەپێدان بپەڕینەوە...!

- من و ئێوەش تەنیا دەتوانین چاوەڕێ بکەین، هیچی دیکەمان لەدەست نایەت. بوونی ئێوە بە چەکەوە لەسەر سنوور، بەپێی یاسا، وەک هەڕەشە بۆسەر خاکی سۆڤیەت لەقەڵەم دەدرێت، بۆیە تا هەواڵتان لێ دەگێڕینەوە لەسنوور دووربکەونەوە، ئەگەرنا ناچارین هێز بەکاربهێنین...

کریڤۆشین و داود، خەریکی قسەکردنبوون، دەنگی فڕۆکەکان بە ئاسمانەوە بیسترا، لەناکاو دوو فڕۆکە دەرکەوتن و بێ درەنگ هەر لە بەرزییەوە بە ڕەشاش ڕشێنێکی خەستی سەر ڕووباریان کرد، جەنگاوەرەکان هەریەکە و لە سوچێک پەنایانگرت و خۆیان لە تەقەی فڕۆکەوانەکان

پاراست، فڕۆکەکان هەوڵیاندا کەمێک نزمتر ببنەوە، بەڵام لوولەی تفەنگی ڕووسەکان پاشگەزی کردنەوە و لە سنوور دووری خستنەوە.



- هەر ئێستا ئێرە جێبهێڵن و چەند کیلۆمەترێک لەسنوور دووربکەونەوە، بگەڕێنەوە ئەو شوێنەی لێیەوە هاتوون و چاوەڕێ بکەن تا وەڵامتان دەدەینەوە، ئەگەرنا ناچارم فەرمانی تەقەکردن دەربکەم.

میرحاج و داود خێرا بە مەلەوانی گەڕانەوە، جەنگاوەرەکانیش وردە وردە لە پەناگەکانیان هاتنە دەرەوە و لەیەکتری کۆبوونەوە، پەیامی ڕووسەکان گەیەنرایەوە بارزانی و ئەویش فەرمانی گەڕانەوەی لەشکری بۆ گوندی ئاغ گول دەرکرد.

لەشکر گەڕایەوە و بۆ دەمەو نیوەڕۆ گەیشتنەوە دەورپشتی گونـدی ئـاغ گـــول، بەهـــۆی مەتـــرسی گەڕانەوەی فڕۆکەکـــان و بۆردومانکردنەوەیـــان، نەچوونەوە نێو گوند و جەنگاوەرەکان لە شێوەی چەند دەستەیەکی بچـووک بچـووک، بە چـۆلەواری دەوروپشـتی دەریـاچە و ئـاواییەکەدا بڵاوبـوونەوە و هەر کۆمەڵەیەک پەناگەیەکیان بۆخۆیـان دۆزیـیەوە و تێیـدا پەنایـانگرت، تـا دنیا تاریک داهات.

بە ئـــاوابوونی خـــۆر، کەش و هەوای بـــانەکە ئەونـــدە ســـارد دادەهـــات، جەنگاوەرەکـان بەو سـکە برسـییەوە بەرگەی سـەرماکەیان نەدەگـرت، بـۆیە فەرمـان دەرکـرا لەشـکر بچێـتەوە نێـو گونـد و لەنێـو کـوخ و خانووەکانـدا پەنابگرن.

نە هـیچ جەنگاوەرێـک خـواردنی پـێ مـابوو، نە لەنێـو گونـد شـتێک بـۆ خـواردن دەسـتدەکەوت، بـۆیە ئەو شـەوەش بەو حـاڵە تێپەڕێـنرا و ڕۆژکرایەوە.

# ١٧ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٧ی حـوزەیرانی ١٩٤٧، لەشـكری بـارزان لە گونـدی ئـاغ گـول و لە چاوەڕوانی وەڵامی ڕووسەكان مایەوە.

خۆری بەرەبەیـانی ڕۆژی ١٧ی مانـگ هەڵهـات و جەنگاوەرەكـان لە تـرسی گەڕانەوەی فڕۆكەكان، نێو ئاواییان جێهێشت و پۆل پـۆل لەنێـو پەناگەكانیـان پەنایـــان گـــرت، دەوروبەری كـــاتژمێر ١٠ی بەیـــانی، وەک نەریتـــی ڕۆژانە فڕۆكەكان گەڕانەوە و پشـكنینی وردی ناوچەكەیـان دەسـتپێكرد، پێنەدەچـوو كەسێكیان بینیبێت، لەگەڵ ئەوەشدا ڕشێنێكی نێو گوندیان كرد و گەڕانەوە.

جەنەڕاڵ مسـتەفا بـارزانی و جەنگاوەرەكـانی بـۆ ڕۆژی سـێیەم دەچـوو لە ئاوی سوێر بەم لاوە، شتێكیان بە گەدەدا نەچووبوو. برینـدارەكان خەریكبـوو بەتەواوەتی پەكیـان بكەوێـت و بەشـێكی زۆری جەنگاوەرەكـان لە برسـان پێیەكانیان ئیدی زەوییان نەدەگـرت. گەنجەكـان ئەوەی پێـی دەكـرا، كـون بە كـون لەنێـو گونـد و دەوروبەری بەدوای خواردنـدا دەگەڕان و شـتێكیان بـۆ نەدەدۆزرایەوە، لەو زەویە وشـک و سـوێرەش گـژ و گیـایەكی ئەوتـۆ شـین نەببـوو بەكەڵكـی خـواردن بێـت. تـاكە شـوێن كە هیوایەكیـان پێـی مـابوو، دەریـــاچەكە و باڵنـــدەكانی نێـــوی بـــوون. هەر جەنگـــاوەرە و ئەوەی لەخۆیڕادەبینی وەک ڕاوچی لە پشت لیلک و لەوەنكان خۆیان مەڵاس دابـوو و تەق و تـۆقی گـوللە، باڵنـدەكانی بـۆ ناوەڕاسـتی گۆمـاوەكە ڤەڕەڤانـدبوو و ئیدی دەستیان بەوانیش ڕانەدەگەیشت.



حسۆی مێرد منداڵ، برسیەتی ئەوەندە تینی بۆ هێنابوو، لەوەن لەوەن بەرەو ناوەڕاستی گۆماوەکە ملی نابوو، لە بەختی ئەو کۆمەڵێک بێچوە مراوی کە هێشتا بەتەواوەتی باڵیان نەگرتبوو بە بەردەمیدا تێپەڕین، میلی تفەنگەکەی لێ ڕاکێشا و چەندێکی لێ کوشتن، لێکی قایمکردن و بۆ دەراوی زۆنگاوەکە گەڕایەوە. هەر کە پێی دانایە سەر وشکانی، جەنگاوەرێکی لەبەردەم خۆی بینی، میلی تفەنگەکەی لێ ڕاکێشابوو:

- مراوییەکان دابنێ و بگەڕێوە لای هاوڕێکانت...

- مەگەر بەسەر لاشەی مندا بڕۆیت، ئەگەرنە دەستت بەیەکێکیشیان ناگات...

ئەحمەد لەبرسان هۆشی نەمابوو، هەستی کردبوو حسۆ منداڵە، بەم شێوەیە دەیترسێنێت و ڕاوەکەی لێ وەردەگرێ، بەڵام کاتێک بینی بەرگری لەخۆی دەکات و میلی چەکەکەی لێڕاکێشاوەتەوە، لە هەڕەشەکەی پاشگەزبووەوە و داوای لێکرد دانەیەکی پێ بدات، ئەویش لە ڕقان پێی نەدا و بە بێچووە مراوییەکانیەوە بۆلای هاوڕێکانی گەڕایەوە.

بارودۆخ هی ئەوەنەبوو بەرگەی بگیرێت. لەشکرێک، ئەوەی سوپای سێ وڵات بەرامبەریان پێیان نەکرابوو، خەریک بوو برسێتی پێیانی بکات و لەنێویان ببات، جەنگاوەرە بەتەمەن و سەرقۆڵەکان بۆ تەکبیر چوونە لای بارزانی و داوایان لێکرد ڕێگایان پێبدات بۆ ڕزگارکردنی لەشکر، ئەو ئەسپ و هێسترانەی چەک و برینداراەکانیان لێ بارکرابوو، سەر ببڕن و بەناچاری دەرخواردی جەنگاوەرەکانی بدەن، لەمە زیاتر هیچ چارەیەک شک نەدەبرا، بەڵام بارزانی ڕێگەی پێ نەدان:

- دەزانم بەرگەگرتنی زۆر سەختە و حاڵی کەسمان لەوەی دیکە باشتر نییە، بەڵام هێشتا ڕێگاکەمان کۆتایی نەهاتووە، با ئەمڕۆش بەرگە بگرین، ئەگەر بەیانی ڕووسەکان وەڵامیان نەدایەوە، ئەوکات ئازادن لەوەی دەوارەکان سەرببڕن...

کاتێک سەرقۆڵەکان لەلای بارزانی دەگەڕانەوە، ئەسعەد خۆشەوی بیری کەوتەوە کە یەکێک لە جەنگاوەرەکان تا ئاغ گول گامێشێکی لەگەڵ خۆی هێنابوو، لەناکاو بەدەنگێکی بەرز گوتی:

- سنی... سنی حەسەن، بدۆزنەوە، ئەو گامێشێکی پێبوو، بزانن چی لێکردووە...

سنی، ڕەشاشێکی گەورەی لە مەیدانارییەکەی شوت هەڵگرتبووەوە و تا نێو جەلالییەکان بەکۆڵ هێنابووی، لەوێ گامێشێکی بینی بوو بەو دەشت و دەرەدا بەرەڵا دەسوڕایەوە، گامێشەکەی گرتبووەوە و تا ئاغ گول ڕەشاشەکەی لێ بارکردبوو، گامێشەکەشی هێشتبووەوە تا ئەو بەیانییەی لەشکر بەرەو ڕووباری ئاراس کەوتبوونەڕێ، ئیتر وای هەستکردبوو ئەمە کۆتایی ڕێگایە و چیتر پێویست ناکات لای خۆی بیهێڵێتەوە و بەڕەڵای کردبوو.

جەنگاوەرەکان سنیان دۆزییەوە و سۆراغی گامێشەکەیان لێ پرسی، ئەویش لە برسان زمانی بەحاڵ دەگەڕا:

- دوێنێ شەو کاتێک بڕیاردرا بەرەو سەر سنوور بکەوینەڕێ، وام هەستکرد ڕێگاکەمان کۆتایی پێهاتووە و چیدیکە چەک و گامێشەکەمان بەکەلک نایێت، بۆیە بەڕەڵام کرد با لەبرسان نەمرێ، نابێت زۆر دوورکەوتبێتەوە و دڵنیام ماوەیەک لێی بگەڕێین دەیدۆزینەوە...

جەنگاوەرەکان بە زگی برسییەوە بەربوونە ئەو دەشت و دەرە و کون بە کون بەدوای گامێشەکەی سنیدا گەڕان، دوای نزیکەی کاتژمێرێک، لەنێو قامیشەڵانێکی نێو زۆنگاوەکە دۆزییانەوە و هێنایانەوە ناو گوند، وەک ئەوەی جەژنی قوربان بێت، جەنگاوەرەکان بە مەراقەوە چاوەڕێی لە زەویدانی گامێشەکەیان دەکرد، دوو سێ جەنگاوەری بە دەست و قام هاتن، خێرا دایان بە زەویدا، سەریان بڕی و کەوڵیان کرد. ئاگرێکی گەورەشیان کردەوە و خستیانە سەر ئاگر، تا ڕۆژئاوابوون چاوەڕێیان کرد، گایەکە ئەوەندە پیربوو نەدەکوڵا. جەنگاوەرەکان سەبریان لێ بڕا و بەناچاری لەسەر ئاگر هێنایانە خوارەوە، پارچە پارچەیان کرد و بەسەر خۆیاندا دابەشیانکرد. تا ئەوکات تاکە سکی تێر لەنێو لەشکر چستۆ بوو، ئەو لە برسان هەر لەدوای

سەربڕینی، پاشماوەی گامێشەکەی بە خاوی تێر لێ خواردبوو و لەسوچێک بۆخۆی وەرکەوتبوو و ئیتر تاقەتی نەمابوو هەر بەلای گۆشتە لێنراوەکەشدا بچێت.


غەفاری و هومایونی هێشتا وازیان لە پلانی گرتنی بارزانییەکان نەهێنابوو، وەک ئەوەی غەفاری پلانی بۆ دانابوو، تا ڕۆژی ١٧ی مانگ تەواوی ئەو هێزانەی بۆ گرتنی بارزانییەکان نێردرابوون و لە شەڕی شوت شکستیان خواردبوو، جارێکی دیکە ڕێکخرانەوە و لە شاری ماکۆ کۆکرانەوە.

بەرەبەیانی رۆژی ١٧ی حوزەیران، وادەی جێبەجێکردنی پلانی کۆتایی بوو، بەپێی پلانی نوێ و بەمەبەستی گەمارۆدانی یەکجارەکی بارزانییەکان، عەقید بێگلەری بە سەرکردایەتی چوار کەتیبەی سوار و پیادە و هێزێکی تانک و زرێپۆش، بە مەبەستی داخستنی ڕێگای سۆڤیەت لە بارزانییەکان، ئامادەی ڕۆیشتن بەرەو ڕۆژهەلات و گوندەکانی ئاغ گوڵ، دۆشان تەپەسی و شۆربلاغ کران. هێزێکی گەورەش بە سەرکردایەتی عەقید زەنگەنە نێردرا لە هاسون جێگیر بن، بۆئەوەی ڕێگە لە گەڕانەوە و دەربازبوونی بارزانییەکان بگرن. هەردوو هێزەکەی عەقید مزەفەری و ڕائید یاسایش وەک هێزی پشتیوان نێردرانە سیاچەشمە.

دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ١٧ی مانگ، هەردوو هێزەکەی عەقید بێگلەری و عەمید زەنگەنە لە ماکۆ-وە کەوتنەڕێ و پێش ڕۆژئاوابوون گەیشتنە گوندی هاسون. عەمید زەنگەنە بە هێزەکەیەوە لەوێ جێگیربوو و عەقید بێگلەریش لەترسی بۆسە و هێرشی لەناکاوی بارزانییەکان، ئەو شەوە بە هێزەکەیەوە لە هاسون مایەوە و بەرەو ئاغ گول نەڕۆیشت.

بارزانییەکان ئاگاداری جووڵەی هێزەکانی حکومەت نەبوون، بۆیە ئەو

شەوەش، لە چاوەڕوانی گەیشتنی هەواڵێک لەلایەن ڕووسـەکانەوە لە گونـدی ئاغ گول مانەوە و چاوەڕوانی ڕۆژی دواتریان کرد.



تورکیا
ئاگری داغ
ساری ئوجاغ
بازرگان
باشكەند
كشمش تەپە
چیای فەرهادخان
ماكۆ
خندۆر
قزل داغ
چۆمی زنگمار
دەشتی شوت
هاسون
چیای كەڕە
ئاغ گول
هۆزی جەلالی
قەرە قیون
ماڵویی لوبیانگ
ڕووباری ئاراس
یەكێتی سۆڤیەت
ساری سو
پولدەشت
داش فەشەل
بەرزاییەكانی سوكار
قەرە كلێسە
ئاغ داش
سیا چشمە
عەنبار
ئێران
مەلهەم
بلەڕەش
بلەسۆر
ئەلند
تودان
تورکیا
هێڵی سنوری
ڕووبار
ڕێڕۆیشتنی هەڤاڵان
بەرزایی و چیا
شوێ مانەوەی هەڤاڵان
بنكەی سەربازی حكومەت
ناوەندی نیشتەجێبوون
گوندەكانی سەر ڕێگا
پردی پەڕینەوە
سەربازی حكومەت
چەكداری هۆزەكان
بۆردومانی فڕۆكە
شەڕی ڕووبەڕوو

۲۸ رۆژ
تائاراس

# ڕۆژی بیست و هەشتەم ...

## ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧، لەشکری بارزان لە ڕووباری ئاراس پەڕیــیەوە و گەیشتە نێو خاکی یەکێتی سۆڤیەت.

دواکەوتنی وەڵامی ڕووسەکان، بەشێکی زۆری جەنگـاوەرانی لەشـکری بـێ هیواکردبوو، ناوە ناوە دەنگی ئەوەیان لێدەبیسترا کە چیدیکە بەرگە نـاگرن و خــۆ ڕادەســتکردنەوەیان بە تــورک و عەجەمــان پــێ باشــترە لەوەی لەو چۆڵەوانییە لە برسان بمرن، یان لەنێو پـاگ و کـوخی ئـاژەڵان بـبن بە خـۆراکی ڕشک و ئەسپێکان. کارەکەش لەوە ترازابوو بەنێویاندا بگەڕێی و بە قسەکردن ورەیان بەرزبکەیتەوە.

کات نیوەی شـەو بـوو و سـوێکی سـارد هەڵـی دەکـرد، جەنەڕاڵ مسـتەفا بارزانی لەنێو تاریکـایی شـەودا و لەژێـر هەیـوانی کەلاوە کـوخێکی لا ڕوخـاو، بەدەم جگەرەکێشانەوە سەیری ئاسمانی دەکـرد، لەشـکرێک هیوایـان لەسـەر ئەو هەڵچنــی بــوو و نەدەبــوو بــێ هیوایــان بکـات، ئەو هەمـوو ڕێگـایەش نەهاتوون، تا لێرە و بەم شێوەیە لەنێو بچن. لە ژوورەوەش کەس نەخەوتبـوو و دەنگــی قســەکردنی هاوڕێکـانی لە دەرەوە دەبیســت، ئـاوڕێکی لە ژورەوە دایەوە و بانگی میرحاج و شێخ سلێمانی کرد، ئەوانیش هاتنە دەرەوە:

- ئەم پیــاوانە چیــدیکە بەرگە نــاگرن و وا بــڕوات هەموویــان دەفەوتــێن، ناحەقیشـیان نـاگرم، بـارودۆخەکە هــی بەرگەگـرتن نیـیە. ڕووسـەکان وا زوو وەڵامــمان نـادەنەوە، حکـومەتیش وەهــا لـێمان نـاگەڕێ، هەر ئەوەنــدەیە

دەبابەکانمان لێ دەربکەون و تووشی شەڕێکی دیکە ببین. خۆمان دەبێت چارەیەک بدۆزینەوە، تا ئێرە نەهاتووین ئەمە چارەنووسمان بێت و ڕێگە نادەم لێرە لەنێو بچین. من بڕیاری خۆمم داوە، پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت بەرەو سنوور دەکەوینەوەڕێ و لەوێ کەمێک چاوەڕێیان دەکەین، ئەگەر ڕێگایان پێداین باشە، ئەگەر نا، تا ئێرە بە شەڕ هاتووین، لەوێش بە زەبری چەک دەپەڕینەوە...



هێشتا خۆری بەرەبەیانی ڕۆژی ١٨ی حوزەیران هەڵنەهاتبوو، فەرمانی ڕۆیشتن بەهەمووو لایەک گەیەنرا. جەنگاوەرەکان بە زەحمەت دەبزوین، دەوارەکان لە پاگ و کوخەکان هێنرانە دەرەوە و چەک و برینداەکانیان لێ بارکرا، چەند دارێکی گەورەش لەژێر سەڕاکەی کوخەکان دەرهێنران و لەگەڵ چەند پێستە ئاژەڵێکی وشک کراو، لە پشتی دەوارەکان قایمکران. هەمووان ئامادەی ڕۆیشتن بوون و لە نێو لێڵی بەرەبەیاندا، یەک بەدوای یەک، ڕێگای ڕۆژهەڵات و سەر سنووریان گرتەوە بەر.

دوای جێهێشتنی ئاغ گوڵ، محەمەدەمین میرخان بە نزیکەی حەفتا جەنگاوەرەوە، بە دیار گوندەکەوە و بۆ پارێزگاریکردن لە دواوەی لەشکر لەسەر تەپۆڵکەیەک جێ هێڵدران و باقی جەنگاوەرەکان بەرەو سەر سنوور درێژەیان بەڕێگادا. ڕووسەکان هەڕەشەیان کردبوو ئەگەر بێنەوە سەر ڕووبار، تەقەیان لێدەکەن، بۆیە چەند کیلۆمەترێک لە دووری ڕووباری ئاراسەوە وەستان و لەژێر تەڕاش و تاشەبەردەکان پەنایانگرت. میرحاج و داود یوحەننا نێردرانەوە سەر ڕووبار و ئەمجارە شێخ سلێمانیشیان لەگەڵدا نێردرا. تا گەیشتن بە ئاراس، کەمتر لە کاتژمێرێکی خایاند و بە گەیشتنیان خۆری بەرەبەیانیش هەڵهات، ماوەیەک چاوەڕێیان کرد و لەوبەری ڕووبارەوە کەس دەرنەکەوت، ناچار شێخ سلێمانیان جێهێشت و میرحاج و داود لە ڕووبار پەڕینەوە، بەڵام لەوێش کەس بەپیریانەوە نەهات.

بەرەبەیانی زوو و پێش ئەوەی خۆر هەڵبێت، عەقید بێگلەری فەرمانی جووڵەی بۆ هێزەکەی دەرکرد، تانکەکان پێش سوپا کەوتن و لە هاسونەوە بەرەو ئاغ گول کەوتنەڕێ. دوای چەند کاتژمێرێک، کاروانەکەی سوپا لە ئاغ گول نێزیک کەوتەوە و ڕیزی تانک و زرێپۆشەکان لەلایەن نۆبەتدارانی

لەشـــکرەوە لەســـەر تەپـــۆڵکەکەوە بیـــنرا، محەمەدەمـــین میرخـــان خێـــرا جەنگاوەرێکی نارد و هەواڵی گەیشتنی سوپای بە بارزانی گەیاند:

- قوربـــان، هێزێکـــی گەورەی حکـــومەت بە ژمـــارەیەکی زۆری تانـــک و زرێپۆشەوە گەیشتونەتە ئاغ گول. فەرمان چییە؟

- دیاربوو وازمان لێ ناهێنن، ڕووبەڕوویان دەبینەوە و دواتر بۆ سـەر سـنوور پاشەکشێ دەکەیـن، ئەوەی لەخۆیڕادەبینێـت، بـا بـۆ یـارمەتی محەمەدەمـین میرخـان و هێـزەکەی بـڕوات، شـەڕی لابەلا بـکەن و هێـزەکەی حکـومەت بخـافڵێنن، تـا تەواوی لەشـکر دەگـاتە سـەر ڕووبـار و ئامادەکـاری پەڕیـنەوە دەکات. بە محەمەدەمـین بڵـێ دوای ئەوەی سـوپا وەسـتا، خێـرا بەرەو سـەر ڕووبار و ئەو شوێنەی دوێنێ لێی وەستابووین پاشەکشێ بکـات و مـن لەوێ چاوەڕێتـان دەکەم. بـاقی جەنگاوەرەکـان خۆتـان کـۆبکەنەوە و کەس خـۆی گیرۆ نەکات، هەر ئێستا بەڕێدەکەوین...

نزیکەی پەنجا جەنگاوەر ئەوانەی هێشتا هێزیان بەبەردا مـابوو گەڕانەوە و خۆیان گەیاندە هێزەکەی محەمەدەمین میرخان و هەر لەسەر بەرزاییـیەکە هێڵێکی بەرگرییان دانا. باقی لەشـکریش لە پشـت سـەری بـارزانییەوە بەرەو سەر ڕووباری ئاراس کەوتنەڕێ.

کاتێک سوپا گەیشتە نێو ئاغ گول، هەستیانکرد لەشکر شەو لەوێ بـووە و لەمێژ نییە گوندەکەیان جێهێشتووە، کوچکەکان هێشتا گەرم بـوون و خـوێنی گامێشەکە هێشتا تەواو وشـک نەببـووەوە، بـۆیە بە فەرمـانی بـێگلەری لەوێ نەوەستان و ڕاستەوخۆ ئەوانیش ڕێگای سەر ڕووباریان گرتەبەر.

دەوروبەری نیوەڕۆ، لەشکر گەیشتە سەر ڕووبـاری ئـاراس و دەنگـی تەقە


لەدوورەوە بیستـرا، بە بەرزبـوونەوەی دەنگـی تەقە سـەربازە ڕووسـەکانیش خزانە نزیک ڕووبار و هێڵێکـی بەرگرییـان لە بەردەم خـاڵی سـنووری مـاڵۆی لوبیانــگ دانــا و ڕووی چەکەکانیــان لە ســنووری ئێــران کــرد. ئەمجــارە بارزانییەکـان لە دوو لاوە چەکیـان لـێ ڕاکێشــرابوو و گەمـارۆدرابوون، سـوڕ دەیـانزانی ئێـرە خـاڵی کۆتـاییە و ئێـدی لە خۆیـان زیـاتر کەس بەهانایـانەوە نــایەت. میرحــاج و داود لە دووری جەنگــاوەرە ڕووســەکان وەســتابوون و هاواریان دەکرد (تەقە مەکەن.. تەقە مەکەن، ئـێمە بـۆ شـەڕ نەهـاتووین...). بارزانیش بە نێزیکەی چوار سـەد جەنگـاوەرەوە لەسـەر ڕووبـار وەستابوو و چاوەڕێی میرحاج و داودی دەکرد هەواڵێکـی لـێ بگێـڕنەوە، بەڵام هەواڵەکە هەر نەهات. چاوەڕوانی سوودی نەبوو و کـات کـاتی بڕیـاردان بـوو، جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بە دەنگی بەرز چەند جارێک هاواری کرد:

- خۆتان ئامادەکەن دەپەڕینەوە، خۆتان ئامادەبکەن دەپەڕینەوە...

میرحــاج و داود لەوبەری ڕووبــارەوە گوێیــان لە دەنگــی بــارزانی بــوو و ئاوڕیان لە لەشـکر دایەوە، وەک ئەوەی بەچاوەکانیـان تکـابکەن، داوایـان لە بارزانی دەکرد ئەم کارە نەکات! ئەگەرنا ڕووسـەکان هەموویـان لەنێـو ڕووبـار کوللەباران دەکەن و دەیانکەن بە خۆراکی ماسییەکان...

فەرمـانی بـارزانی گەیشــت و کەس گـوێی بە هەڕەشـەی ڕووســەکان نەدا. بارزانی چەکەکەی دانا، بە هێمنی هەندێک وشەی بەزاریدا هێنا و بە دەستی بەتاڵ تا ئاو گەیشتە پشدێنەکەی بەنێو ڕووبارەکەدا چـووە پێشـەوە و ڕووەو سەربازگەی ڕووسەکان وەستا، مەلەوانە شـانەدەرییەکان هـاتنە سـەر دەراوی ڕووبار، چەکەکانیان لە پشتی خۆیان قایمکرد و قۆڵیان لێ هەڵکرد، ئەو قەدە دارانەی لەگونـد هێنرابـوون لەیەکـتری بەسـتران، پێسـتەی ئاژەڵەکـان وەک

مەشـک هەوایـان تێکـرا و فڕێـدرانە نێـو ڕووبـار. مسـتەفا و مامەنـد هـاتنە پێشەوە، تا ئێرە پێشڕەوی لەشکریان کردبوو، لێـرەش دەستپێشـخەرییان کـرد، لەدوای سەری بارزانییەوە وەک ئەوەی بۆ نێو ئاگر مل بنـێن، ئـاوی ئاراسـیان بڕی و بە مەلەوانی بەلای بارزانیدا تێپەڕین، تـا ناوەڕاسـتی ڕووبـار ڕۆیشـتن و کەس تەقەی نەکرد، سەربازە ڕووسەکان چاوەڕێی فەرمانی کریقۆشـین بـوون، ئەو لە پشـتیانەوە وشـک وەسـتابوو و چاوەکـانی لەسـەر جەنەڕاڵ بـارزانی هەڵنەدەگرت، هەر بەم شێوەیەش وەستا و دەمی خۆی نەکردەوە.



مستەفا و مامەند پەڕینەوە و لەلایەن ڕووسەکانەوە تەقە نەکرا، ئیدی ئەو جەنگاوەرەی کەمێکیش مەلەوانی دەزانی و لەخۆیڕادەبینی خۆی بەردایەوە نێو ڕووبار و دەستی بە پەڕینەوەکرد، مەلەوانە شانەدەرییەکان بریندار و ئەوانەی مەلەوانیان نەدەزانی، لە کەڵەکە دار و پێستە ئامادەکراوەکان سواردەکرد و دەیانگەیاندنە ئەوبەر، دواتر کەلەک و دارەکانیان دەهێنایەوە و ژمارەیەکی دیکەیان دەبردەوە، بەم شێوەیە بۆ چەند کاتژمێرێک کاری پەڕینەوە درێژەی کێشا. جەنگاوەرەکان پەڕینەوە و دەنگی تەقەش لە دوورەوە بڕایەوە!



محەمەدئەمین میرخان و هێزەکەی، لەسەر بەرزاییەک لە کەمینی سوپا خۆیان مەلاس دابوو، دەبابەکان پێش سوپا کەوتبوون و بەرەو سەر سنوور دەهاتن، کاتێک دەبابەکان بەلایاندا تێپەڕین و کەمێک دوور کەوتنەوە، لە بەرزاییەوە ئاگربارانی سوپایان دەستپێکرد، سەرباز ئێرانییەکان کە زیاتر لە سێ مانگ بوو کاریان ڕاکردن بوو لەبەردەم بارزانییەکان، ئەمجارەشیان پەرش و بڵاوبوونەوە و هەرکەسە و هەوڵی ڕزگارکردنی گیانی خۆی دا، بێگلەری لەنێو یەکێک لە دەبابەکان بوو، کاتێک هەستیان بە دواوەی خۆیان کرد، گەڕانەوە و لە گەڕانەوەیاندا لەلایەن بارزانییەکانەوە بە نارنجۆک هێرشیانکرایە سەر، دەبابە و زرێپۆشەکانیش هەوڵی دورکەوتنەوە لە میدانی شەڕیاندا و بە ڕەشاشەکانیان تەنیا ڕشێنی دەوروپشتی خۆیان کرد. سوپا شکا، کەمێک گەڕایەوە دواوە و لەوێ جارێکی دیکە خۆیان کۆکردەوە، تا ئەوان خۆیان ڕێکخستەوە، محەمەدەمین میرخان بە جەنگاوەرەکانییەوە مەیدانی شەڕیان جێهێشتبوو و ڕێگای سەر ڕووباریان گرتبووە بەر.

محەمەدەمین میرخان و هێزەکەی بێ زیان گەیشتن و بارزانی و چەند جەنگاوەرێکی کەم، لەسەر ڕووبار لە چاوەڕوای ئەوان مابوونەوە! بە گەیشتنیان، فەرمانی پێکردن ئەوانیش خێرا بپەڕنەوە، کاری پەڕینەوەی جەنگاوەرەکان جارێکی دیکە دەستی پێکرد و شانەدەرییەکان بۆ یارمەتیدانیان گەڕانەوە، جەنگاوەرەکان دەپەڕینەوە و دەنگی دەبابە و زرێپۆشەکانی سوپا، تا دەهات لە نێزیکتر دەبیسترا.

تەواوی لەشکر بەهەر زەحمەتییەک بێت، بێ زیان پەڕییەوە و کۆتا کەس بارزانی مابووەوە، ئەویش ویستی بپەڕێتەوە، جەنگاوەرێکی لەپشت سەری خۆی بینی!:

- بۆ نەڕۆیشتووی!! خۆ تۆ مەلە دەزانی، لەچی دەترسی، خێرا بپەڕەوە...

ئەحـمەد لەشـوێنی خـۆی وشـک وەسـتابوو و لەکاتێکـدا سـەیری نێـو چاوەکانی بارزانی دەکرد گوتی:

- قوربان تا جەنابت نە پەڕیتەوە من لێرە دەمێنمەوە..

- پێت دەڵێم بڕۆ، بەڵێنت پێدەدەم لەدوای تۆوە دێم..

- قوربـان قەت بـێ فەرمـانیم نەکـردووە، بەڵام ئەمجارەیـان نـاتوانم، بەڵێـنم بۆخۆم داوە هەرگیز پێشت نەکەوم، تەنیا بۆ مردن نەبێت...

- لەپشت سەری منەوە وەرە و لێم دوور نەکەوییەوە...

بارزانی ڕۆیشت و ئەحمەد لە دووای ئەوەوە دەستی بە مەلەوانی کـرد، لە ناوەڕاستی ڕووبار ئەحمەد لە مانـدوویەتیان پەکـی کەوت، بـارزانی ئـاوڕێکی دایەوە و ئەحـمەد وردە وردە خەریکبـوو نقـووم دەبـوو، خێـرا سـوڕایەوە و پشتی ملی گرت و تا دەراوی ڕووبار بە مەلەوانی لەدوای خۆی ڕایکێشا.

بـــۆ دەمەو ئێـــوارە، جەنەڕاڵ مســـتەفا بـــارزانی وەک دوا جەنگـــاوەری لەشکرەکەی، لە ئاوی ئـاراس پەڕیـیەوە و دەبابەکـانی سـوپای ئێـران لەوبەری ڕووبارەوە لەبەردەمی دەرکەوتن و لەسـەر تەپۆڵکەکە وەسـتان. بـێگلەری و سـەربازەکانی کەمێـک خۆیـان لە ڕووبـار نزیککـردەوە، بەڵام لە تـرسی تەقەی ڕووسەکان نەهاتنە سەر دەراوی ئاراس، ڕوخساری بـێگلەری لە ڕقـان وەهـای لێهـاتبوو حەزت دەکـرد دەمێـک بەدیـاریەوە دابنیشـــی، بەڵام تـازە تەواو و هەموو شتێک کۆتایی هات! باشـتروایە بۆخۆتـان بگەڕێـنەوە و ئیـتر هەرگیـز دەستتان پێیان ناگات...

لەکۆتاییدا بارزانییەکان پەڕینەوە، سنووری سێ وڵاتیان بڕی و لە چنگی دوژمنی دڕندە و تینوو بەخوێنیان ڕزگاریان بوو، لەوبەری سنوور لەیەکتری کۆبوونەوە و لە چاوەڕوانی بڕیاری ڕووسەکان بەهێمنی وەستان.

کریڤۆشین خێرا خۆی گەیاندە لای نازاراڤ و لەوێوە بە تەلەفۆن پەیوەندیی بە ئاباکۆمۆڤی وەزیرەوە کرا:

- کوردە بارزانییەکان لەمە زیاتر خۆیان بۆ نەگیرا و بەبێ ئیزنی ئێمە لە سنوور پەڕینەوە، ئەوەی ڕاستی بێت ئێمەش ڕێگریمان لێیان نەکرد، ئێستا لەلایەن پاسەوانانی سنوورەوە گەمارۆدراون و هیچ کاردانەوەیەکیان نییە، پێدەچێت هێشتا چاوەڕێی بڕیاری کۆتایی دەسەڵاتدارانی مۆسکۆ بکەن، زانیاریی باشمان لەبارەیانەوە کۆکردۆتەوە و بە تەلەگراف بۆمان ناردووی...

ئاباکۆمۆڤ هەستی بە بەرپرسیاریەتی و ئاڵۆزی بابەتەکە دەکرد، بۆیە بەزووترین کات داوای بینینی ستالینی کرد، هەر زووش داواکارییەکەی وەڵامدرایەوە و هەمان ئێوارە چاوی بە ستالین کەوت، بێریاش لە ژوورەوە دانیشتبوو. ئاباکۆمۆڤ بێ پێشەکی، بابەتەکەی کردەوە و ئەو زانیارییانەی لە سنوورەوە دەستی کەوتبوون و داواکاریی بارزانییەکانی بە ستالین گەیاند:

- بارزانی داوای مافی پەنابەرێتی بۆ خۆیی و یاوەرانی دەکات و داوا دەکات بێ ئەوەی لەچەک داماڵدرێن لە ناوچەی قەفقازیا شوێنێکیان بۆ دەستنیشان بکرێت و تا یەکلابوونەوەی بارودۆخیان لەوێ بمێننەوە...

بیریا پێش ستالین دەستی بە قسەکردن کرد:

- ئەوەی ئەوان چیان دەوێ، یان چۆنیان دەوێ، ئەوە کێشەی خۆیانە، ئەوە ئێمەین بڕیاردەدەین چیان لێ دەکەین...

ستالین بە دەنگێکی بەرزترەوە وەڵامی دایەوە:

- من کوردەکان باش دەناسم، لە جۆرجیا ژمارەیان زۆرە، خەڵکانێکی باشن، شەڕکەر و چاونەترسن و بۆ خۆبەختکردن هەردەم ئامادەن، بەڵام زیاد لە پێویست سەرەڕۆن و بەسەختی بەڕێوەدەبردرێن، ئەمانەش ژمارەیان کەم نییە، پێنجسەد چەکدارن، زانیاریی وردتان لەبارەیانەوە دەست کەوتووە؟

ئاباکۆم وەڵامی دایەوە:

- لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە یەک دەست نین و جۆراوجۆرن، لەنێویاندا سەربازی کۆن، جووتیار، کاسبکار، خوێندەوار و نەخوێندەوار هەن، نزیکەی دووسەدێکیان پێشتر مەشقی سەربازییان وەرگرتووە و لە سوپای وڵاتەکەیان خزمەتیان کردووە، بێجگە لەمانە، شێخ و مەلا و کەسایەتی ئاینیشیان تێدایە...

بیریا هەر زوو گوتی:

- ئەمانە دەبنە جێی سەرنجی باقیرۆڤ، ئەو هێشتا پشتگیری بیرۆکەی جیاکردنەوەی ئازەربایجان لە ئێران دەکات، ئەوانەش زۆر باش شارەزای جوگرافیای ئەوێن و بە شەڕ گەیشتۆنەتە ئێرە، گۆمانم نییە ئەگەر لەوێ بمێننەوە هەوڵدەدات بۆشەڕ بەکاریان بهێنێت و لەنێویان دەبات...

ستالین لە وەڵامدا گوتی:

- بەتەواوەتی لەچەک دایانبماڵن، بەشێوەیەکی کاتی با لە ئازەربایجان بمێننەوە و بە باقیرۆڤ بڵێن مۆسکۆ ڕاستەوخۆ چاودێریان دەکات، لەگەڵ ئەوەشدا ئازەربایجان و قەفقازیا بەکەلکی مانەوەی ئەوان نایەت، لە سیبیریاش لە سەرمان ڕەقدەبنەوە، باشتر وایە لە دەوروبەری ئاسیای ناوەڕاست بۆیان لە

شوێنێک بگەڕێن...

ستالین کۆتایی بە قسەکانی هێنا و لە مۆسکۆ-وە تا ئەندازەیەک بڕیار لە چارەنووسی بارزانییەکان درا.

بڕیارەکان لە مۆسکۆ-وە گەیشتنەوە خاڵی سنووری ماڵۆی لوبیانگ، جەنگاوەرە بارزانییەکان یەک یەک لە دەروازەی خاڵە سنووریەکە ناونووس کران، چەکەکانیان لێ وەرگیرا و لە گۆڕەپانی مەشقی سەربازی ڕاگیران، تەنانەت چستۆش ڕێگری لە چوونە ژوورەوەی نەکرا و لەگەڵ جەنگاوەرەکان چووە نێو گۆڕەپانەکە و لای هاوڕێکانی وەستا.

ژمارەی برینـدار و نەساغەکان بۆ نەخۆشخانەیەکی بچووکی خاڵێکی سنووری زۆربوون، بۆیە دوو چادری دیکەشیان بۆ هەڵدرا، بۆ خودی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی و فەرماندە و سەرقۆڵەکانیش چەند چادرێکی بچووک هەڵدران و جەنگاوەرەکانیش هەموویان بەتانی سەربازییان پێدرا.

بۆ دوای مەغریب، لێژنەیەکی بەڕێوەبەرایەتی سنوور بە سەرۆکایەتی کالینچینکۆ و بەڕێوەبەری ژووری سەربازی ناوچەکە ئێقلیقیم، بە چەند زیلێکی سەربازییەوە گەیشتن، پزیشک، چێشتلێنەر و وەرگێڕیشیان لەگەڵدا بوو و پێداویستی پزیشکی، جلوبەرگ و خواردنیشیان لەگەڵەخۆ هێنابوو.

تەواوی ئەو شەوە تا بەیانی ڕووناکی خێمەکەی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی نەکوژایەوە، ئێش و ئازار، تەواوی ناخی داگرتبوو و پێدەچوو خۆشی ڕزگاربوون، هیچی لەو خەم و ئازارەی کەم نەکردبێتەوە و بگرە زیاتریشی کردبوو، چاوەکانی لەسەر ڕووناکی چرا نەفتییەکە لانەدەچوو و زۆر بە هێواشی و لەسەرەخۆیی وەڵامی پرسیاری بەرپرسە ڕووسەکانی دەدایەوە...

# دەستپێکی کۆتاییەک...

خۆری بەرەبەیانی ڕۆژی ١٩ی حوزەیران، لە خۆری ڕۆژەکانی پێشەخۆی نەدەچوو، ئیدی پێویستی نەدەکرد بۆ ڕۆیشتن چاوەڕوانی ئاوابوونی بکەیت و بەدەرکەوتنی خۆت حەشار بدەی، چیدیکە فڕۆکەکان بەژێریەوە بە ئاسمانەوە نەدەبینران و ئاگری تۆپ و گوللەی دوژمنی بەتینتر نەدەکرد. ئەمە خۆری دەستپێکی ڕێگایەکی دیکەی پڕ سەختی و ئازارە. ڕاستە دەربازیان ببوو، بەڵام ئەو ئازادییەی چاوەڕوانی بوون، هەرگیز هەستی پێ نەدەکرا، نە ڕوخساری مرۆڤەکان لەوان دەچوو، نە زمانیان. هاڕەی ڕۆیشتنی ڤاڵگۆنەکان بەسەر هێڵی ئاسن و دەنگی هۆڕنەی لۆکۆمۆتیڤی شەمەندەفەر لە دوورەوە، ئاماژەی بە جیهانێکی تازە دەدا، "زیندانێکی نوێ". لەنێو چوار دیواری تەلبەندکراو، ئاسمان تاکە هێمای ئازادی بوو و بەژێر ئەم خۆرەوە ئەوەندەی بڵێی ڕوون دیاربوو، بەڵام هیچ هیوایەکی تێدا نەدەبینرا. چەندین خۆری وها هەڵهاتون و ئاوابوون، چارەنووسی ئێمە هەر نەگۆڕا! ئەوەتا خۆرێکی نوێ هەڵدێت، داخۆ چیمان بۆ لەگەڵە خۆی دێنێت، بۆ بینینی ئەویش سەبردەگرین. ئەمڕۆ دەستپێکێکی تازەیە بۆ کۆتاییەکەمان...

ئەم بەیانییە و لەم جیهانە نامۆ و تازەیەدا، جەنگاوەرە بارزانییەکان جلێکی خۆڵەمێشی یەکدەستیان بەبەردا کرا و بۆ وەرگرتنی خواردنی بەیانی ڕیزکران، هەرکەسە و پارچە نانێک و قاپێک شۆڕبایان پێدرا و هەر بەپێوە دەرخواردیان درا، زیلە سەربازییەکان هاتن و لەنێو گۆڕەپانی سەربازگەکە لەتەک یەکتریەوە وەستان، تا وادەی بەڕێکەوتن هات. سەربازێکی ڕووس بە دەنگێکی بەرز و بە ئاوازێکی نامۆ ناوەکانی دەخوێندەوە، ئەوەی دەهاتە

پێشەوە خەتێک بەلای ناوەکەیدا دەهێنرا و بۆ نێو زیلەکان سەردەخرا. خۆر بەرەو ئاوابوون دەڕۆیشت و وەک ئەوەی بە شەرمەوە چاو بەڕووی چارەنووسی ئەم مرۆڤانەدا بنوقێنێت لەپشتی بەرزاییەکانی خۆرئاوا خۆی حەشاردا. دەرگای سەربازگە سنوورییەکە کرایەوە، زیلە بارکراوەکان بەدوای یەکەوە ڕێگای ڕۆژئاوایان گرتەبەر و هێدی هێدی لەنێو تاریکایی شەودا، لەپێش چاو ون بوون. چستۆ ئەوەندەی بۆیکرا بەدوای زیلەکەی مەجید و هاوڕێکانیدا ڕایکرد، تا ئەوکاتەی هێزی بەبەردا نەما، لە ناوەڕاستی شەقام وشک وەستا و دوای کەمێک، ئەویش لە نێو تاریکایی چارەنووسی ڕەشی خۆیی و نەتەوەکەیدا ون بوو و چیدی دیار نەما.



بارزانی و یاوەرانی لەپێناو زیندوو هێشتنەوەی هیوای ئـازادی گەلەکەیـان، خاک و نیشتیمانی خۆیان جێهێشت. ئەگەرچـی خۆیـان لەبەر چـاو ون بـوون، بەڵام دەنگ و سەدای سەرکەوتنەکەیان تەواوی جیهانی تەنی و چـرای ئـازادی و سەربەخۆیی لە دڵی هەزاران لاوی کورد بە داگیرساوی هێشتەوە.

ئاراس گەورەتر لە ڕووبارێک، بوو بە بـاوترین وشـەی سـەر زار و هەزاران منداڵی کوردی پێ ناونرا. ڕێڕۆیشتنی جەنەڕاڵ مستەفا بارزانی بووە هەوێنـی سەدان چیرۆک و هۆنراوەی نووسـەر و شـاعیرانی کـورد و تـا ئەمـڕۆش نـاو و ناوبانگی بارزانی، گەلەکەمانی پێدەناسرێتەوە...

**کۆتایی**

ب کنج و زاراوێ کوردی لێخست ل دەرگێ میللەتان

ئەوێ دەرگە ب رویدا ڤەکر، گوت هین کینە؟

گوت: ئەم کوردن!

گوت: بارزانی؟

وێ چاخێ وەر من ژی زانی

ئەو گەلێ خودانەک نەبیت، کەسەک ناڤێ وا نزانی

# سەرنج و زانیاری

لە نووسینەوەی ئەم دەقەدەدا، جگە لە بەکارهێنانی دەیان چاوپێکەوتن، بەڵگەنامە و سەرچاوەی جۆراوجۆر، بەشێوەیەکی سەرەکی سود لەم سەرچاوانە وەرگیراوە:

- مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد، بەرگی یەکەم.

- شەوکەت شێخ یەزدین - وەرگێڕان، بارزانی لە مەهابادەوە بۆ ئاراس.

- کازم شانەدەری، ژیان و بەرخودان د پارزینکێ هەڤالێ بارزانی نەمر.

- حەسۆ میرخان ژاژوکی، چوونی بارزانی بۆ یەکێتی سۆڤیەت.

- سیامەند سێلکی، ڕێگای دژواری سەربەخۆیی لە بیرەوەرییەکانی تەیمەز ئارەب دا.

- غازی عادل گەردی، یاوەرێکی ونبووی ڕێڕۆیشتنە مێژووییەکەی بارزانی. (چاپنەکراو).

- ئەلیکساندەر کیسێلیۆڤ، ئەرکێکی نهێنی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەرگێران لە ڕووسییەوە: د. ئەمین ساڵح کەکشار – ڕەنجبەر شەوکەت پیرانی، (چاپنەکراو).

- ئەرشیڤ و چاوپێکەوتنەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای (پ.د.ک) لەگەڵ یاوەرانی بارزانی.

- لێکۆڵینەوە و ساخکردنەوەی نەخشەی ڕێڕەو: ڕەنجبەر پیرانی

- پێداچوونەوەی زمانەوانی: کەریم قادر – د. سەنگەر حاجی

- وێنەکێشان: د. مەریوان زەند

- شیعری کۆتایی: ڕەنجبەر پیرانی

- هێڵکاری نەخشە: دیار سەعید پیرانی

# ناسنامەی دەستە

پرۆژەی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان، لە پێناو ناساندن، کۆکردنەوە، بە دیکۆمێنتکردن و بڵاوکردنەوەی مێژووی پڕ لە سەروەریی کار و خەباتی پارتی دیموکراتی کوردستان، لەسەر پێشنیازی رێزدار مەسرور بارزانی، لەساڵی ٢٠١٤ دامەزراوە.

ئەم بەرهەمەی بەردەستی بەڕێزتان بەشێکە لە هەوڵ و ئامانجەکانی ئەم پڕۆژەیە.

P.D.K ENCYCLOPEDIA